# تورکیاناسی

گۆڤارێکی سیاسی و کولتووری گشتییە لەلایەن کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد- تورک (KTFA) دەردەچێ.. (ژمارەی متمانە: ٣٢١)








هەواڵنامەی کتێب








سەرۆکی کۆمەڵە و خاوەن ئیمتیاز:
فەلەکەددین کاکەیی

سەرۆکی ئەنجومەن و سەرنووسەر:
شوان تاڤینگ

دانانی سکێچ:
لوقمان رەشیدی

دیزاین و گرافیک:
شاخەوان جەعفەر

**ناونیشان:** هەرێمی کوردستان/ عێراق ـ هەولێر، دریم ستی، ژمارە (U4/779)
***Tel:*** *00964 66 451 4080 & 00964 770 235 6000* ***Email:*** *turkiyenasi@yahoo.com*

# درەنگە بۆ ئاشتی


فەلەکەددین کاکەیی

وەخت، بەنرخترین سامانی ژیانە، ئەگەر وریای نەبین بەئاسانی لەدەستمان دەردەچێت و بەفیڕۆدەڕوات.

ڕەنگە بتوانین هەر شتێک و هەر سامانێک، جارێکی دی بەدەستبهێنینەوە، بەڵام وەخت (کات) ناگەڕێتە دواوە، ئەگەر ڕەتبوو ئیدی ئەبەد دەرواو تێکەڵاوی ڕابردوو دەبێت.

لەکوردەواریدا دەڵێن: «کاری خێر، پەلەی لێبکەن».

ئەوە، کە پەندی ئەزموونکراوی پێشینانە، دروست و بەجێیە، وەکو یاسایەک لەیاساکانی ژیانە.

کەواتە، هەر خولەکێکی ژیان بۆ کاری خێرو چاکەو ئاسوودەیی گەلەکانمان بقۆزینەوە.

ئاشتی، لە گشت کردەوەیەکی دیکە، خێرترو سوودمەنترە. چونکە ژیان، بەهەتاوی ئاشتیدا شین دەبێ و گوڵدەکات.

پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی و ئاشتی خێرو بێری بۆ هەمووان هەیە، بۆ گەلانی کوردو تورک و گشت خەڵکانی تورکیا لەسەرێکەوەو، بۆ گەلی کورد لەگشت جێگەیەک و، بۆگەلی عێراق و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەسەرێکی دیکەوە، بگرە ئاشتی و ئاشتبوونەوە لەناو وڵاتی تورکیا سوود بەگشت جیهان دەگەیەنێت.

هەربۆیەش ئاشتیخوازان و ئازادیخوازانی ناوچەکە، هەریەکە لەڕوانگەی خۆیەوە، پشتگیری ئەو پرۆسە ئاشتییەیان کردووە، چاوەڕوانی وەگەڕخستنەوەی پرۆسەکەن.

گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێشەوەی پشتیوانانی ئەو بزاڤەنە.

وەلێ دەبینین ماوەیەکە دەنگی پرۆسەکە لاواز و نزم بووە، هەرچەندە لەبەرزترین دەزگای حکومەتی تورکیاوە ڕایانگەیاندووە کە پرۆسەکە بەردەوامە، دەبێت بە ئەنجام بگات.

جێگای خۆشحاڵیە کە ماوەیەکە دەنگی چەک کپ کراوەو تەقە نەماوە، ڕاگرتنی حاڵەتی ئاگربەست ئەرکێکی گرنگە، تا ئەو ڕۆژەی ئیتر دۆخی جەنگ بە ڕەسمی و بە ئێجگاری نامێنێت.

لەلایەکی دیکەوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و پارتی دادو گەشەپێدان و هێز و لایەنە ئاشتیخوازەکانی کوردو تورک، هەمیشە لەبزاڤدان بۆ پێشبردنی پرۆسەی کرانەوەی ئاشتیانە بەڕووی کورددا.

پێشنیارەکانی حکومەتی ئەردۆغان بۆ ڕیفۆرمسازی، کە لەگۆڕینی چەند ماددەیەکی دەستووری تورکیا بەرجەستە دەبێت، هەنگاوێکی گرنگی تازەیە، کە دڵنیاین پرۆسەی ئاشتی و دیموکراتی خێرا بەرەو پێش دەبات.

ئەردۆغان لەتێکۆشانی بێوچاندایە بۆ پاراستنی پرەنسیپ و ئامانجەکانی پرۆسەکە. بۆنموونە - کە نموونەیەکی زۆر گرنگە- ئەردۆغان پێی داگرتووە لەسەر ئەوەی کە ناوی کۆمەڵکوژی، لەتراژیدیای دەرسیم ساڵی ١٩٣٨ بنێت، بەرامبەر بەو حزبە تورکییە ناسیۆنالیستە توندڕەوانە کە ئەو کۆمەڵکوژیە بە (ڕەوا) دەزانن.

لە تراژیدیای دەرسیمیدا هەزاران منال و ئافرەت و پیرو گەنج، کە سڤیلی بێتاوان بوون، بە ناهەق کوژران.....

ناولێنانی ئەو تراژیدیایە بە (کۆمەڵکوژی) یارمەتیدەری پرۆسەی ئاشتییە، چونکە ئێش و ئازاری دەروونی گەلی کورد کەمدەکاتەوە، ڕێگە خۆشدەکات بۆ ئاشتبوونەوەی مکوم.

فەلسەفەی ئەردۆغان و AKP لەو بوارەدا بۆچوونێکی پێشکەوتنخوازانەو مرۆڤانەیە.

ئاوردانەوەی ڕەخنەگرانە لەڕابردوو خزمەتی پێشڤەچوونی ئەمڕۆمان دەکات.

ئێمە لەعێراق تووشی کارەساتی مەزنی جینۆساید بووینە، مەبەستم تاوانی ئەنفال و بەکارهێنانی

چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژی جۆربەجۆرە.
گەلی هەرێمی کوردستان، لەساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ بەدواوە، هەمیشە لەئازارێکی دەروونی دژوار دابوون و، چاوەڕوانی سەرکەوتنی دادو مرۆڤایەتی بوون. تاکو لەدوای نەمانی ڕژێمی پێشووی عێراق، دادگایەکی باڵای تاوانەکان دامەزرا و کەوتە لێکۆڵینەوەی قەزایی و یاسایی لەگشت ئەو تاوانانەو کۆمەڵێک لەتاوانباران کەوتنە بەر سزای دادپەروەرانە، لەپەرلەمان و حکومەتی عێراقدا، ئەو تاوانانە بە (جینۆساید) ناونرا.
ئەو وەختە بوو کە تۆزێک باری دەروونی خەڵکی کوردستان هاتەوە سەر جۆرە هاوسەنگیەک، بڕوایان هێنا کە دادو دادپەروەری هەیە، هەقی بەشخوراوان نافەوتێ و تاوانباران لە سزا دەرباز نابن.
ئەم هاوسەنگیە لە سایکۆلۆژیای خەڵکی کوردستان هۆیەکی سەرەکی ئارامی و ئاشتی هەرێمە، هاندەرێکە تا گەلی کورد ئیجابیانە لەپرۆسەی سیاسی عێڕاق بەشداربێت.
دەربڕینی ئەردۆغان لەمەڕ کارەساتی خەڵکی دەرسیم ١٩٣٨ بانگەوازێکی مێژوویی گرنگە بۆ سڕینەوەی سەلبیاتی کۆن و کەمکردنەوەی ئازارو دەروونی ئێستا.
ئەوە هەڵوێستێکی بوێرانە بوو، کە پارسەنگی ئاشتبوونەوەو داد گرانتر دەکات.
بەڵام لەعێراقدا سیاسەتوانانی عێراقی وەهامان هەیە کە هێشتا دان نانێن بەوەی کە ڕژێمی پێشووی عێراق ئەو تاوانە گەورانەی دەرهەق بە کوردو خەڵکانی دیکەی عێراق ئەنجامداوە.
هێشتاش سیاسەتوانانی وەهامان هەیە، ئەسڵەن، پاساو بۆ ئەو تاوانانە دەدۆزێتەوە، کە ئەوەش دڵی خەڵکی کوردستان بریندار دەکات.
بەڵێ! بەشێکی زۆر (واتە زۆرینە) پارت و هێزە سیاسییەکانی عێڕاق تاوانەکانیان مەحکووم کردووە، تەنانەت هەندێکیان دوای لێبوردنیان لەخەڵکی کوردستان خواستووە.
هەندێکی دیکە هێشتا چاو و گوێی خۆیان بەرامبەر بڕیارە یاساییەکانی دادگای باڵا داخستووە.
دیارە لەعێراقیش، وەک تورکیا، کەسانی دادپەروەر و هەقخوان هەن، بەرامبەر کەسانی بەرچاو تەنگ و شۆڤێنیست کە دان بە ڕاستیدا نانێن.
بەڵێ! داننان بەڕاستییەکان، یەکەمین هەنگاوی ئاشتبوونەوەیە، چ لەلایەن کوردەوە یان لایەنی تورکەوە. واتە: کوردیش هەڵەو خەتای هەیە، هەرچەندە کەمتربێ چونکە لەدەسەڵاتدا نەبووەو نییە، بەڵام هەڵەو خەتاکانی هەرچەندە بچووک بن، دەبێ ئەویش دانیان پێدابنێ و، ڕێبازی دروستتر بگرێتەبەر.
لەتورکیادا جموجوڵی گرنگ لەئارادایە بۆ فراوانکردنی ئازادی چالاکی حزبەکان و پێشڤەچوونی زمان و خوێندن و فێربوون، هەروەها خەریکی چاککردنەوەی یاسایەکن بۆ ئەوەی ئیتر هیچ منداڵێک، لەبەر چالاکی سیاسی، نەدرێتە دادگا، بەتابەتیش دادگای تاوانەکان کە هەقی نابێت دادگایی منداڵان بکات لەسەر بەشداربوون لەهەر چالاکییەکی سیاسی جەماوەری ئاشتیخوازانەدا.
لەم لاشەوە سەردانەکانی نێچیرڤان بارزانی و دیداری لەگەڵ سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوەی تورکیاو بەرپرسانی باڵای دیکە، ئومێدێکی دیکەیە بۆ پیشڤەچوونی دۆستایەتی و هاوکاریی بەرامبەری نێوان گەل و حکومەتی تورکیا لەلایەک، گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەکی دیکەوە، کە لەئەنجامدا دۆستایەتی و پەیوەندی هەردوو وڵاتی تورکیاو عێراق سەقامگیرو پتەو دەکات.
کردنەوەی کۆنسوڵگەری تورکیاش لەهەولێر هەر لەو ڕاستیەدایە کە دەوڵەتی تورکیا سوورە لەسەر ئەو دۆستایەتی و هاوکارییەی هەردوولا.
هەموو ئەوانە باش و ورە بەخشن.
وەلێ هێشتا دەمێنێتەوە بڵێم کە درەنگە بۆ ئاشتی...
هێشتاش پێویستە پرۆسەی ئاشتی و دیموکراتی لەتورکیا باشترو گەرمتر بخرێتەگەڕ، هێشتاش هاوکاری پتەوی کوردو تورک و گەلانی دیکە پێویستە تا ڕێگە بدرێت لەو کەس و هێزانە کە دەیانەوێ ئەم پرۆسەیە نەچێتە پێش، بەڵکو خوا نەخواستە بخنکێنرێت!

هەواڵنامەی کتێب

# بەکوردی؟



**بەهرۆز گەلاڵی***

لە تورکیا جۆرەها هەڵبژاردن هەیە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی گەورەی تورکیا، هەڵبژاردنی شارەوانییەکان. هەڵبژاردنی سەندیکاکان و...هتد. بەڵام ئەنجامی هەریەک لەمجۆرە هەڵبژاردنانە، هەریەکەی وەک خۆی هەڵدەسەنگێنرێت و تێکەڵاو بەیەکتری ناکرێن، هێزو توانای حزبەکان بەگوێرەی جۆری هەڵبژاردنەکان لێکدەدرێتەوە و توانای حزبەکان هەڵدەسەنگێنرێ. تەنانەت جەماوەری خەڵکەکەش بۆ پەرلەمان بەجۆرێک دەنگ دەدەن و بۆ شارەوانیەکانیش بەجۆرێکی تر دەنگ دەدەن. ڕەنگە خەڵکێک هەبێ لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا بۆ حزبێکی دیاریکراو دەنگ بدات! بەڵام لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان بۆهەمان حزب دەنگ نەداتەوە. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تێکەڵاو ناکرێ و بەپێی جۆری هەڵبژاردنەکە وەک خۆی هەڵسەنگاندنی بۆدەکرێ.. لەکوردستانی عێراق، ئێشتیبایە بویستری یەکێتی بەبچوکی سەیربکرێ؟ جێگای سەرسوڕمانە هەندێجار، ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان تێکەڵاو دەکرێ. بێئەوەی لێکبدرێتەوە کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق جۆرێکەو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش جۆرێکی ترەو، ئەویش گرنگی و بایەخێکی تری هەیە، بەداخەوە خوێندنەوەیەکی دروستیان بۆ ناکرێ. واتە دوو هەڵبژاردنی زۆر لەیەکتری جیاوازن، بۆیە نابێ ئەنجامەکانیشیان بەتێکەڵاوی سەیر بکرێ. هەمووکەس دەزانێ، یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ هاوپەیمانەکەی خۆیدا لەپەرلەمانی کوردستان نیوە بەنیوەیە. تەنانەت یەکێتی نیشتمانی لەئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، لەکۆی ٤١ چل و یەک کورسی، ئێستا ١٦ شانزە کورسی هەیە. برایانی پارتی ١٩ نۆزدە کورسی و دیارە کورسییەکانی تریش، هی حزب و هاوپەیمانەکانی ترن.

کەچی دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٧-٣ی پەرلەمانی عێراق، لێکدرایەوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تەواو بەرەو کۆتایی ڕۆیشت و بووە حزبێکی ژمارە دووی زۆر بچوک. لێرە بەدواوەش دەبێ خێری پێبکرێ. لەکاتێکدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو هەڵبژاردنەی ئەمدواییەشدا، نزیکەی (٦٥٠) شەش سەدو پەنجا هەزار دەنگی هێناوە.. ئەمە دەنگێکی کەم نییە کە یەکێتی هێناویەتی. بۆیە ئێشتیبایە ئەگەر بویستری یەکێتی نیشتمانی بەبچووکی سەیر بکرێ. هەر لەبەر ئەوەی ژمارەی کورسیەکانی زۆر نییە!!!

ئەوانەی دەیانەوێ یەکێتی وەک حزبێکی بچووک سەیر بکەن. مێژووی کورد و تاریخی یەکێتییان باش نەخوێندۆتەوە. یەکێتی لەبەغدا هەر مەسئولیەتێکی وەرگرتبێ، لەداهاتوشدا وەربگرێ! بەری ڕەنج و خەبات و ماندووبوونی خۆی و هاوپەیمانەکانی بووە دەبێ. کەس خێری پێنەکردووە. خودی شەخسی مام جەلال خۆی، بەتەنیا حزبێکە و خودی خۆی هێز دەبەخشێ بەکورسی سەرۆک کۆمار. جا چ جای هەوڵدان بۆ فەرامۆشکردنی ئەو یەکێتییەی کە دەریایەک خوێنی داوە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەپێناوی سەرکەوتنی هاوپەیمانەتی نێوان یەکێتی و پارتی، قوربانی زۆری داوە. یەکێتی لەپێناوی کوردو کوردایەتی و مسۆگەرکردنی فیدراڵی و داکۆکیکردن لەمافەکانی گەلی کورد، چۆتە بەغداو مام جەلال-ی ناردۆتە بەغدا. لەئەنجامی بۆشایی مام جەلال لەکوردستانیش، ڕەنگە یەکێتی وەک خودی یەکێتی بۆ ماوەیەکی کورت زەرەری کردبێ و تووشی کۆمەڵێک کێشەو گرفتی ناوخۆ بووە. بەڵام کورد بەگشتی لەبوونی مام جەلال لەبەغدا قازانجی کردووە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرژەوەندی کوردی بەلاوە گرنگتر بووە، وەک لەبەرژەوەندی حزبی و تایبەتی خۆی. لەوەشدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەشیمان نییە. کارێکی سیاسیانەی و ژیرانەو مەسئولانەو کوردانەی کردووە کە جەنابی مام جەلال وەک سەرۆکی کۆمار لە بەغدا خزمەتی عێراق و تەواوی گەلانی عێراق و گەلی کوردستان دەکات. ئەلبەتە هاوپەیمانەتی نێوان یەکێتی پارتی و پشتیوانی برایانی پارتیش ناشارینەوە و دیاربووە و جێگای سوپاسە. ئەوە وایەو هاوپەیمانیەتیەکی دوو تەرەفەیە.

ئەگەر تەماشای هەڵبژاردنی ئەمدواییش بکەین، دەبینین یەکێتی و بەگۆڕان لەسەرووی یەک ملیۆن و سەد هەزار دەنگیان زیاتر هێناوە.. ئێستاش یەکێتی بەتەنیا، نزیکەی شەش سەدو پەنجا هەزار دەنگی هێناوە. ئەم ژمارەیە، ژمارەیەکی کەم نیە! لەگەڵ ئەو بوومەلەرزەیەش کە لەیەکێتیدا، هێشتا یەکێتی زوو خۆی گرتەوەو هەڵساوەتەوە. ڕاستییەک هەیە بیزانین، ئەویش توانا و بوون و گەورەیی یەکێتی و جەماوەری یەکێتی و خۆشەویستی یەکێتی دەسەلمێنی. بۆیە بەتەنیا هەڵبژاردنێک نابێتە پێوەر بۆ لاوازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان؟ واتە ئەو ئەنجامەی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق، جگە لەوەی کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق بوو، هی کوردستان نەبوو. ئەمەشیان دیسان پێوەر نییە بۆ لاوازبوون و داڕمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. گرنگ ئەوەیە هاوپەیمانی کوردستان سەرکەوت، بەکوردی ئەوانەی دەیانەوێ درز بخەنە نێوان هاوپەیمانیەتی یەکێتی و پارتی، بڕواناکەم تا مام جەلال و کاک مەسعود مابن لەو هەوڵەیان سەرکەوتوبن. چونکە ئیرادەی گەلی کوردستان تەبایی و برایەتی نێوان یەکێتی و پارتی و هەموولایەنەکانی دەوێ. بەڵام ناشبێ چیتر سەرە نیزە بنرێ بە سینگ و هەست و سۆزی ئەندام و جەماوەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

# تورکیا و کوردەکانی عێراق.. مامەڵەکردنی ئەقڵانی



**ئیبراهیم کالین ***

دوای چەند ساڵێک لە گرژیی و ئاڵۆزی، خەریکە ئاشتەوایی و لێکنزیکبوونەوەیەکی خێرا لەنێوان تورکیا و کوردەکانی عێراق بەرجەستە دەبێت. ئەو سیاسەتە تازەیە بەشێکە لە دەستپێشخەریەکەی ئەو دواییەی پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی کۆتایی بۆ پرسی لەمێژینەی کوردی تورکیا. هەروەها درێژەدەری سیاسەتی بەبێ کێشەیە لەگەڵ دراوسێکان، ئەو سیاسەتەی تورکیا گرتوویەتیە بەر لەگەڵ گشت دراوسێکانی بە سوریا و یۆنان و ئەرمەنیاوە.

بەڵام لەکاتێکدا پەیوەندیی باشی نێوان تورکیا و کوردەکانی عێراق پێشڤەچوونێکی جێ ستایشە، لە هەمان کاتدا ژمارەیەک لە تەحەدا و دەرفەت دەخاتە بەردەم داهاتووی عێراق، پرسی کورد لە ناوچەکەدا و پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردنی تورکیا خۆی.

تورکیا لە کۆنەوە ئاگاداری پرسی کوردە لە عێراق. تورگوت ئۆزال هەشەمین سەرۆکی تورکیا یەکەم سەرکردەی تورکی پایەبەرز بوو کە بە ئاشکرا لەسەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ پێشوازیی لە سەرکردە کوردەکانی عێراق بۆ تورکیا کرد. وەک بەشێک لە سیاسەتی گرتنەباوەشی تەواوی کورد لە ناوچەکە، ئۆزال پەیوەندیەکی زۆر گەرمی لەگەڵ سەرکردە کوردەکان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی گەشەپێدا تا ئەو ڕادەیەی کاتێک سەدام حسێن هێرشەکانی بۆ سەر کورد لە عێراق چڕکردبووەوە پاسەپۆرتی تورکیای پێبەخشین. سەدان هەزار کوردی عێراق مافی پەنابەریان لە تورکیا وەرگرت کاتێک لەلایەن هێزەکانی سەدام حسێنەوە لە ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ هێرشیان دەکرایە سەر. ئۆزال بە ڕادەیەکی زۆر لە کردنی کوردەکانی عێراق، دووەم گەورەترین گروپی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە دەرفەتێک نەک هەڕەشەیەک بۆ سەر تورکیا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ خاڵێکی وەرچەرخان بوو. کوردەکانی عێراق لەکاتێکدا لە مامەڵەکردنیاندا هەستیان بە سەرکەوتن دەکرد و لە هەمان کاتیشدا بە نائارامی، هەڵوێستێکی دوژمنانەیان بەرامبەر تورکیا وەرگرت کە ڕازی نەبوو ببێت بە بەشێک لە جەنگی جۆرج بۆش بۆ سەر عێراق. هەندێ لایەنی کوردی نیگەرانیەکانی تورکیایان لەمەڕ یەکێتی خاکی عێراق وەک ڕەتکردنەوەی دانپیانان بە دەستکەوتەکانی کورد لە عێراق لێکدایەوە. ئیدارەکەی بوش سیاسەتگەلێکی پەیڕەوکرد کە پاڵپشتیی ئاواتەکانی کوردی عێراقی دەکرد بۆ سەربەخۆیی، بەڵام دەرکەوت ئەو سیاسەتانە ئەنجامگەلێکی کارەساتباری بۆ سەر عێراقیەکان هەبوو. بە پێچەوانەوە، تورکیا هەڵوەشانەوەی عێراق و لاوازبوونی حکومەتی ناوەندی بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر تەواوی گروپە عێراقیەکان دەزانێت بە کوردیشەوە. جگەلەوەش نیگەرانیە ئەمنیەکانی تورکیا لەمەڕ چالاکیە تیرۆریەکانی (PKK) و سیاسەتی هیچ نەکردنی هەولێر تا ئەو دواییەش زیاتر بێ بڕوایی لە نێوان تورکیا و کوردەکانی عێراق دروستکرد. دواتریش گرژیەکان لەسەر پێگەی شاری کەرکوکی بە نەوت دەوڵەمەند خاڵێکی تری ناکۆکیە لەنێوان تورکیا و کوردەکانی عێراق. بەڵام لەو دوو ساڵەی ڕابردوودا پرسی کەرکوک بۆشاییەکی گەورەی لەنێوان بەغدا و هەولێر دروستکردووە.

تورک و کوردی عێراق زۆر بە خێرایی دەچنە پێشەوە لە باسکردن و گفتوگۆکردنی ئەو پرسانە لەڕێگەی دیالۆگ و دیبلۆماسیی کراوە. دوای چەند لێدوانێک لەلایەن تاڵەبانی کە ئێستا سەرۆکی عێراقە و بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلو لەگەڵ وەزیری بازرگانی زەفەر چاغلەیان لە ٣١ی ئۆکتۆبەر سەردانی هەولێریان کرد. هەڵبژاردنی ئەو دوو وەزیرە هەڕەمەکیانە نەبوو، بەڵکو تورکیا دەیەوێت لەڕێگەی دیبلۆکاسی و بازرگانیەوە پەیوەندی لەگەڵ KRG دروستبکات. سەرکردە کوردەکانی عێراق تێگەیشتنێکی زیاتریان دەربڕی بەرامبەر نیگەرانیە ئەمنیەکانی تورکیا لەمەڕ بنکەدانانی PKK لە باکوری عێراق. هەروەها پەیمانیاندا یارمەتی تورکیا بدەن بۆ چۆڵکردنی کەمپی مەخمور، کەمپێکی پەنابەرانە و نزیکەی ١٢,٠٠٠ هەزار کوردی تورکیای تێدا نیشتەجێیە کە بەهۆی شەڕ و پێکدادانی خوێناوی نێوان PKK و هێزە سەربازیەکانی تورکیا لە ساڵانی ١٩٩٠ ئەو وڵاتەیان جێهێشتووە. بارودۆخی کۆتایی کەرکوک وەک خاڵی ناکۆکیەکان ماوەتەوە، بەڵام وادیارە هەولێر هەست بەوە دەکات کە هێنانە ناوەوەی کەرکوک بە تەواوی بۆ ناو سنووری هەرێمی کوردستان کێشەی زیاتر دروست دەکات وەک لەوەی سوودی بۆ کوردەکانی عێراق هەبێت.

داهاتووی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و کوردەکانی عێراق بەو چوار پرەنسیپە دیاری دەکرێت کە تورکیا بۆ پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ گشت دراوسێکانی دایڕشتووە. یەکەم پرەنسیپ بریتیە لە ئەمنیەت بۆ هەمووان. ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نائارام و ناسەقامگیر تەنها ماف پێشێلکردن و ناکۆکی لە ناوچەکە دەنێتەوە.

پرەنسیپی دووەم یەکێتی خاکی گشت وڵاتانی ناوچەکەیە. چەندین جار نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە و سێ بارە کێشراوە بۆ ئەوە بە ئەنجامێکی کۆتایی بگات. هەر گۆڕانکاریەک لە نەخشەی عێراق و تورکیا و سوریا و ئێران یان هەر وڵاتێکی تر ناکۆکیە هەرێمیەکان قووڵتر دەکاتەوە. بۆیە پێویستە عێراق بە پایتەختێکی سیاسیی کاراوە بەردەوامی بە یەکێتیی خاکەکەی بدات.

پرەنسیپی سێیەم هاریکاریی ئابووریە. هاریکاریی ئابووری توخمێکی گرنگە بۆ سەقامگیریی سیاسی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەماهەنگی و وابەستەبوونی ئابووری دەبێتە قەڵغانێکی ئەمنی لەبەردەم سیاسەتە خەیاڵاویەکان لە ناوچەکە. تورکیا چەند هەنگاوێک بەم ئاراستەیە چووەتە پێش. ئێستا زیاتر لە ٤٠٠ کۆمپانیای تورکی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و بەردەوام ڕێژەی بازرگانیش بەرەو هەڵکشان دەچێت.

پرەنسیپی چوارەمیش، کە شێوەی پەیوەندیەکانی تورکیا و کوردەکانی عێراق دەکێشێت بریتیە لە قووڵکردنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و کولتوریەکان لەنێوان هەردوو کۆمەڵگادا. پەیوەندیە ئایینی و کولتوری و مێژووییەکانی نێوان کوردەکانی تورکیا و عێراق و لەگەڵ خەڵکی گشتیی تورکیاش سیفەتێکی تری ئیجابی و گرنگە بۆ پەرەپێدانی وێنایەکی کۆمەڵایەتی نوێ لە ناوەچەکە. کەناڵی تەلەڤزیۆنی TRT 6 کە دەوڵەت خەرجیی دەکات هەر تەنها خزمەتی کوردەکانی تورکیا ناکات، بەڵکو کوردەکانی عێراقیش. مەلا مستەفا بارزانی، باوکی مەسعود بارزانی، ناوێکی ناودارە لەناو کوردەکانی تورکیا کە نەک هەر تەنها وەک سەرکردەیەکی کورد سەیری دەکەن بەڵکو بە مەرجەعێکی ڕۆحی دادەنێن. ئەو لێکنزیکبوونەوەیەی ئەنقەرە و هەولێر چەندین دەفەرت دەهێنێتە پێشەوە. عێراقێکی بەهێز و خۆشگوزەران کە کورد و ئەوانی تر مومارەسەی مافە کولتوری و سیاسیەکانی خۆیان تێدا بکەن زۆر جێگای گرنگیە بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە.

* مامۆستای زانکۆیە لە سەنتەری لێکتێگەیشتنی موسوڵمان و مەسیحی لە زانکۆی جۆرج تاون و ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی تورکیایە.
سەرچاوە: دەیلی ستاری تورکی

# سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ تـــ



نێچیرڤان بارزانی.. پیاوی دۆسیە ئاڵۆزەکان

# ـوركیا.. چەسپاندنی دیفاکتۆی هەرێم

## بەدواداچوونی تورکیاناسی بۆ رۆڵی نێچیرڤان بارزانی لەتوندوتۆڵکردنی پێوەندییەکانی ئەنقەرە- هەولێر



**نێچیرڤان بارزانی لەجیاتی هەڵدانەوەی مێژووی پڕ لەناسۆر و کێشەو کوشتاری کورد و تورک، بەدوای دیالۆگی بونیاتنەرانە و بەرژەوەندی هاوبەشدا دەگەڕا، لەجیاتی ڕەتکردنەوەی یەکترو سەنگەر لەیەکتر گرتن، دۆستایەتی و پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەشی بە بنەما گرت**

بارودۆخی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان (وەکو هەرێمێک کە دوای دەیان ساڵی دەسەڵاتی رژێمێکی داگیرکار هەوڵدەدات لەسەرجەم بوارەکان خۆی ببوژێنێتەوە و لەسەر پێی خۆی بوەستێ) لە چەندین لاوە جیاوازی لەگەڵ هەرێمە تازە ڕزگاربووەکانی وەک (کەرتی غەززە، تەیموری ڕۆژهەڵات) دا هەیە، چونکە ئەگەر هەریەکێک لەو هەرێمانە دوژمن و داگیرکارێکی هەبێ، بەڵام دەیان دۆست و پشتیوانیشی هەیە، کەچی ڕەوشەکە لەهەرێمی کوردستان تەواو جیاوازە، چونکە وڵاتانی دراوسێی هەرێم- بەهۆی هەبوونی کێشەی کورد لە وڵاتەکانیان- ئەزموونی هەرێم بە گەورەترین مەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکەکەیان دەزانن، ئەمە لەکاتێکدا کە سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان تەنیا خۆی بە نوێنەری هەرێمی کوردستان زانیوە و نەهاتووە خۆی بکاتە خاوەنی سەرجەم گەلی کوردستان و هەڕەشە بۆ سەر ئەو وڵاتانە دروستبکات، لێرەوە پەرەپێدانی دیالۆگ و تێگەیشتن لەگەڵ ئەو وڵاتانە، دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش کارێکی سەخت و دژوارە و بە ئاسانی ئەنجام نادرێ. لەسەرێک دەبێ بەرژەوەندی و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی هەرێمی کوردستان بپارێزرێ، لە سەرەکەی دیکەشەوە دەبێ کرانەوە بەڕووی دراوسێکان -کە هەڵوێستی نێگەتیڤی پێشوەختیان وەرگرتووە- ئەنجامبدرێ، ئەگەر مەحاڵ نەبێ، ئەوا ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگیە پێویستی بە پشووی درێژ و تیژبینی و لێهاتوویی و میانڕەوی زۆر هەیە، کە هەموو سیاسیەک ناتوانێ کۆی ئەمانە دەستەبەر بکات.

هەرێمی کوردستان، لەلایەک وەکو هەرێمێکی زۆرینە کوردنشین (کە لەڕووی نەتەوەیی) تورک و فارس و عەرەب بە مەترسی گەورەی دادەنێن، لەلایەکی دیکەشەوە هەرێمەکە دەیەوێ گەشە بە سیستمێکی دیموکراسی و عەلمانی بدات، ئەمەش لە واقیعی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوین بە ئاسانی هەرس ناکرێ، نەک هەر دەستی دۆستایەتی بۆ درێژ ناکرێ، بگرە لەچەندین لاوە دژایەتیش دەکرێ!

یەکێک لەو سەرکردە سیاسییە دیارانەی هەرێمی کوردستان کە بە شێوەیەکی بابەتی و لێهاتووانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم دۆسیە ئاڵۆزەدا کردووە و توانیویەتی گرێ کوێرەکان بکاتەوە و بەسەر کۆسپەکاندا سەربکەوێ و پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی، بەتایبەت لەگەڵ ئێران و تورکیا دروستبکات، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

تورکیا لەدوای ٢٠٠٣ ئامادە نەبوو بەهیچ شێوەیەک دان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان دا بنێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لەوەش زیاتر بەردەوام ناوچەی سنووریەکانی بۆردومان دەکرد، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەجیاتی نواندنی هەڵوێستێکی عاتیفیانە و ئاڵۆزکردنی زیاتری دۆخەکە، سەرەتا مەبدەئی هێورکردنەوەی بەبنەما گرت، دواتریش پەرەی بە ئەزموونی دیموکراتیانەی هەرێم دا، هەوڵی زۆریدا تا کارەکانی حکومەت بە دامەزراوەیی بکرێ و جۆرێک لەسەقامگیری ئیداری دروستبێ و یاسا لەکوردستان سەروەر بێت، لەگەڵ ئەمەشدا پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بوژاندنەوەی ئابووری هەرێم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشەی زیاتری بەخۆوە بینی و توانی ببێتە ئەندازیاری دارشتنی سیاسەتی وزە لەهەرێمی کوردستاندا، بەشێوەیەک توانی بەرژەوەندی زۆربەی وڵاتە سوپەرپاوەر و پێشکەوتووەکانی دنیا بهێنێتە کوردستان و سەرمایەگوزاری نەوت بەگەڕ بخرێ و پرۆژەی غازی هەرێمی کوردستان بەپرۆژەی هێڵی نابوکو ببەسترێتەوە، کە لەڕێی ئەم پرۆژەیە ٤٠٪ی غازی ئەوروپا دابین دەکرێت، بەمەش هەرێمی کوردستان دەبێتە ئاڵتەرناتیڤی رووسیا لەدابینکردنی وزە بۆ وڵاتانی ئەوروپا، هەموو ئەمانە ئەنجامدران بێ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە هەڕەشە و مەترسی بۆسەر ئاسایشی تورکیا. هەر لەبەر ئەم ئەدائە سەرکەوتووەش بووە کە نێچیرڤان بارزانی خەڵاتی دکتۆرای فەخری لەلایەن زانکۆی بەناوبانگی ئەمریکا (واشنتۆن- جیڤەرسۆن) پێبەخشرا.

نێچیرڤان بارزانی لەجیاتی هەڵدانەوەی مێژووی پڕ لەناسۆر و کێشەو کوشتاری کورد و تورک، بەدوای دیالۆگی بونیاتنەرانە و بەرژەوندی هاوبەشدا دەگەڕا، لەجیاتی ڕەتکردنەوەی یەکترو سەنگەر لەیەکتر گرتن، دۆستایەتی و پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش و پێوەندیی هاوسێیەتی دروست و مەندی بە بنەما گرت، ئەگەرچی سەرەتا ئەم شێواز و تەرزە نوێیەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەکاری دیپلۆماسی لەلایەن کاربەدەستانی تورکیا بەهەند وەرنەگیرا، جا لەبەرئەوە بێ کە هەرێمی کوردستان لەبەر لاوازی یان وەکو تاکتیک پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبات، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بۆ هەموو لایەک، بەتایبەتیش بۆ تورکیا ڕوونبۆوە کە حکومەتی هەرێم نە لاوازە و نە تاکتیک دەکات، بەڵکو لەپێناوی بەرژەوەندی هەردوولا ئەم شێوازە ستراتیژیک و دوورمەودایە پەیڕەو دەکات، بۆیە زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی هەرێم و تورکیا بە لێهاتووی و کۆششی بەردەوامی سەرۆکی کابینەی پێنجەم بەدیهات، کە بەدڵنیاییەوە کابینەی شەشەمین درێژە بەهەمان ڕەوت دەدا و لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوام دەبێ. تورکیا سەرەتا (موراد ئۆزجەلیک)ی نوێنەری خۆی ڕەوانەی بەغدا کرد، لەبەغداش چاویان بەسەرۆکی حکومەتی هەرێم کەوت، دواتر عەبدوڵڵا گویل سەردانی بەغدای کردو دیداری تایبەتی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی ئەنجامدا، پاشان لەسەرەتای مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩ ئەحمەد داود ئۆغڵو وەزیری کاروباری دەرەوەو زافەر چالخیان وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری بازرگانی هاوڕێ لەگەڵ سوپایەک لەکۆمپانیا و گەورە بیزنسمانانی تورکیا سەردانی هەولێریان کرد، بەهاتنی وەزیری دەرەوەی تورکیا ساین ئەحمەد داود ئۆغلو ئاستی پەیوەندییەکانی هەردوولا گەیشتە قۆناخێکی دراماتیک و باڵاتر، تا گەیشتە کردنەوەی کۆنسوڵخانەی تورکیا لەهەولێر.

لەساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ کاتێک سیاسەتی تورکیا بە ئاگری کوردان دەکوڵا و ژەنراڵە سەربازییەکانی تورک هەڕەشەی داگیرکردنی هەرێمی کوردستانیان دەکرد و زمانێکی زبر و توندیان بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەکاردەهێناو سوپای تورکیا پێنج هەزار سەربازی لەسەر سنووری هەرێم مۆڵ دابوو، ناوە ناوە لەشکرکێشیان دەکرد و ناوچە سنووریەکانیان بۆردومان دەکرد، هەندێ لایەنی کوردی پێیانوابوو کە حکومەتی هەرێم بێ هەڵوێستە و ناتوانێ وەڵامی تورکیا

و هەڕەشـــەکانی تورکیا بداتەوە! بەڵام سیاســەت و مەنتیقی نێچیرڤان بارزانی هەمیشــە پێداگری لەســەر ئەوە دەکرد، کە ڕێگای دیالۆگ و دیپلۆماسی دەتوانێ ڕێگایەکی درێژتر لەگوللە و باروت ببڕێت. لەڕاســتیدا ئەوکاتە هەریەک لەئێران و تورکیا بەپلەی یەکەم دەیانویست سەقامگیری هەرێم تێکبدەن و وەکو شــارەکانی دیکەی عێراق ئاسایش و ئۆقرەیی بەخۆوە نەبینێ، بۆیە خەریکی گەمەیەکی سیاســی بوون، کە نەدەبوو هەرێمی کوردســتان بخزێتە نێو گەمەیە. بەڕێــز نێچیرڤان بارزانی لەو کاتە هەســتیارانەدا بە پشــووی درێژو بەهەناســەیەکی سارد (دوور لــە هەڵچوون) ڕووبەڕووی ڕەوشــەکە بــۆوەو هەرێمی کوردستانی نەخستە نێو ئەو گەمەیەی وڵاتانی دراوسێ. ئەگەر هەرێمی کوردستانیش هەمان هەڵوێستی بزووتنەوەی حەماسی وەرگرتبا، ئەوا هەرێم دەبووە مەیدانی شەڕو کاولکاری و ئەوەی بە (١٠) ســاڵ بنیات نرابوو بە (١٠) ڕۆژ وێراندەکرا! کێ لەمە ســوودمەند دەبوو؟ تورکیا یان هەرێمی کوردستان؟ لەجیاتی ئەمە ســەرۆکی حکومەت ســەقامگیری هەرێمەکەی پاراست و هەوڵــی زۆریدا تــا وەبەرهێنان لە هەرێــم پەرەپێبدرێ و زیاتر تەشــویق بکا، بەتایبەتیش لەکەرتی نیشــتەجێکردن و گاز و نەوتدا، هەروەک لەتەقەللایەکی کرداریدا بوو بۆئەوەی ئەو دید و روانگە ئەمنیەی کە تورکیا بۆ هەرێمی کوردســتان هەیبوو، بگۆڕێت بۆ روانگەیەکی کولتووری و پۆلەتیک- ئیکۆنۆمی. بۆیە کاتێک تورکیا ئەو پێشکەوتنە خێرایەی هەرێمی کوردستانی بۆ ڕوونبۆوە و بینی دەیان کۆمپانیای بیانی ڕوو لە هەرێم دەکەن، نەیتوانــی درێژە بە مەنتیقی هێز بدات، لەجیاتی ئەمە هەوڵیدا هێزی مەنتیــق بگەڕێتــەوە، لەجیاتی دوژمنایەتی، دەســتی دۆستایەتی بۆ هەرێمی کوردستان درێژبکات.

ئــەو ئاســتەی ئەمــڕۆ لەپەیوەندییەکانی تورکیــاو هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی (٢٠٠٣- ٢٠٠٨) بەدیهاتووە، شــتێکی چاوەڕوان نەکرابوو، بەتایبەتیش کە لەسەرەتای ئەم مانگە (نیســان) بەڕێــز نێچیرڤان بارزانی ســەردانی تورکیای کــرد و لەلایەن وەزیری دەرەوە و ســەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە پێشــوازییەکی گەرمــی لێکرا، ســەردانەکەش وەکــو بارزانی بــۆ دەزگاکانــی راگەیاندنی روونکــردەوە بــۆ پتەوترکردنی پەیوەندییەکانــی هــەردوولا بــووە، ئاکامی باشــی هەبووە، ئومێدیش هەیە لەداهاتوو گەشــەکردنی زیاتر بەخۆوە ببینێ، ئەو ڕێگایە، ڕێگایەکی سەخت و پڕ لەهەوراز و نشێو بوو، بەڵام نێچیرڤان بارزانی بە دووربینی و لێهاتوویی خۆی توانی هەورازە سەختەکان ببڕێ، زەمینەیەکی لەبار بۆ پێوەندییەکانی هەردوولا دروســتبکات، کە لەمەودواش دەکرێ پەرەی زیاتر پێبدرێ تا ئاسۆی پێوەندییەکانی هەردوولا گەشتر و ڕووناکتر ببێ.


فۆتۆ: سەفین حەمید

نێچیرڤان بارزانی.. دەوڵەتمەدارێکی تێژبین

**لەساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ کاتێک سیاسەتی تورکیا بە ئاگری کوردان دەکولا و سوپا ناوە ناوە لەشکرکێشی دەکرد و ناوچە سنوورییەکانیان بۆردومان دەکرد، ئەگەر هەرێمی کوردستانیش هەمان هەڵوێستی بزووتنەوەی حەماسی وەرگرتبا، ئەوا هەرێم دەبووە مەیدانی شەڕو کاولکاری و ئەوەی بە (١٠) ساڵ بنیات نرابوو بە (١٠) ڕۆژ وێراندەکرا!**



# «لەتورکیا زۆر هەنگاونراون کە قابیلی گەڕانەوە نین»

## وتوێژی تورکیاناسی لەگەڵ سەفین دزەیی

سەفین دزەیی، جگە لەوەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی پێوەندییەکانی پێشووی پارتیی بوو لەئەنقەرە، هەروەها یەکێکیشە لەدیپلۆماتکار و شرۆڤەکەرە دیارەکانی کوردستان کە شارەزاییەکی زۆری لەبارەی دۆسێی تورکیاوە هەیە، هەروا کەسێکی ئاگادار و نزیکیشە لەڕووداو و پەرەسەندن و ئاڵۆگۆڕە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا.

دزەیی لەو دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری تورکیاناسی، گەشبینی خۆی لەبەرامبەر ئاسۆی پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان نەشاردەوە و روونیکردەوە، کە ئەو پێوەندییانە لەسەردەمی خوالێخۆشبوو تورگوت ئۆزاڵ دەستیان پێکردووە، لەسەردەمی حوکمڕانی پارتی داد و گەشەپێداندا گەیشتە لوتکە. بەشێوەیەک ئێستا هەرێمی کوردستان و تورکیا لەسەر بنەمای دیالۆگی بونیاتنەرانە و پێوەندی دراوسێیەتی دروست و مەند لێک نزیکدەبنەوە. ئەمەش دەقی وتوێژی نێوانمانە.



**❖ پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لەدوای بارودۆخی ساڵی ١٩٩١ دەستی پێکردووە، سەرنجدەدەین لەوساوە تائێستا ئەو پێوەندیانە هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە بینیووە. بەدیدی ئێوە سەرچاوەی ئەو هەڵکشان و داکشانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– وەکو دەزانن لەدوای ساڵی ١٩٩١ گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەو شەڕی کەنداو سەرهەڵدانی گەلی کوردستان و کۆچڕەوی گەلی کوردستان وایکرد جۆرێک لەپەیوەندی دروستبێت. خوالێخۆشبوو تورگوت ئۆزال سەرۆک کۆماری ئەوکاتی تورکیا بوو، تورگوت ئۆزال لەگەڵ حکومەتی فەڕەنساو بەریتانیا بۆ دابینکردنی ناوچەی ئارام (دژە فرین) و دانانی هێڵی ٣٦ کەوتە جموجوڵەوە. لەو کاتە بەدواوە پەیوەندی فەرمی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لەڕێگەی هەردوو هێزە سەرەکیەکەی (پ. د. ک) (ی. ن. ک) دروستبوو.

ئەو دوو هێزە نوێنەرایەتیان لە تورکیا کردەوە، من دەتوانم وەکو (پ. د. ک) بڵێیم ئەو پەیوەندیانە لەکاتێکی زۆر کەم و پێوانەییدا گەیشتە قۆناخێکی باش و توندوتۆڵ. لەبەرئەوەی ئەو باروودۆخەی کە لەئێراق و ناوچەکە ڕەخسابوو، ستاتۆیی هەرێمی کوردستانی کردە ئەمری واقیع، هەرچەندە هەندێ لەسیاسەتمەدارانی تورکیا وایان بیردەکردەوە، کە ئەو دیفاکتۆیەی هەرێمی کوردستان کۆتایی پێدێت و ڕۆژێک لەڕۆژان حکومەتی ناوەندی ئێراق دەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان، بەمەش بەغدا ڕاستەوخۆ دەبێتە بەرپرسی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو عێراق، لەبەرئەمەش پێویستە مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکرێت نەوەکو لەگەڵ هەولێر. هەروەک ئەوان بیروڕایان وابوو حکومەتی ناوەندی عێراق هەندێک ماف بەگەلی کورد دەدات بەڵام ئەو دیفاکتۆیە نامێنێ، بەڵام هەروەکو هەموو لایەک بینیمان ئەو دیفاکتۆیە لەدوای گۆڕانکاریەکانی ساڵی ٢٠٠٣ نەوەکو هەر وەکو خۆی مایەوە، بەڵکو لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا جێگیرتر و پەتوتربوو، هەروەها لەدوای گۆڕانکاریەکانی ساڵی ٢٠٠٣ تورکیا لەلایەن هێزە هاوپەیمانیەکان تا ڕادەیەک پەراوێزخرا لەبەرئەوەی تورکیا ڕێگای نەدا هێزەکانی ئەمریکا خاکی تورکیا بەکاربهێنێت، بۆ لێدانی سەدام، ئەمەش وایکرد پێگەی کورد قایمتر بێت.

تورکیا بەردەوام هەوڵی دەدا مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکات، بەڵام هەرکاتێک سەردانی بەغدایان دەکرد چ لەسەر ئاستی وەزیرەکان یاخود لەسەر ئاستی بەرزتر کوردێکی لێبوو، وەکو سەرۆک کۆمار و وەزیری دەرەوە، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو، سوپاسالاری عێراق و چەندین کوردی دیکە لەبەغدا بوونیان هەبوو.

هەرچەندە پێوەندییەکانی ساڵانی ١٩٩١ لەلایەن تورکیاوە بەشێکیان لەڕوانگەی ئەمنیەوە سەیردەکران، هەرچەندە هەوڵی بەستنی پەیوەندی سیاسی و ئابووری و...تد هەبوون بەڵام بەگشتی سەربازەکان باڵادەست بوون، بەتایبەتی هەڵایسانی شەڕ لەساڵانی (١٩٩٢– ١٩٩٤ — ١٩٩٥) وایکرد زیاتر لەڕوانگەی ئەمنیەوە سەیری باروودۆخی هەرێمی کوردستان بکەن، یاخود سەیری پێوەندیەکانیان لەگەڵ هەرێم بکەن.

بێگومان سەرکردایەتی کورد، بەتایبەتی (پ. د. ک) بە بایەخەوە سەیری ئەو پەیوەندیانەیان کردووە، لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەگشتی و بەتایبەت لەگەڵ تورکیا، لەبەرئەوەی تورکیا دەروازەیەکی زۆرگرنگ بوو بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەت بەشێکی زۆری هاتوچۆی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی مرۆڤدۆستەکان لەڕێگەی تورکیاوە بووە، بەتایبەت دیپلۆماتکاران و ڕۆژنامە نووسان لەڕێگەی تورکیاوە سەردانی هەرێمی کوردستانیان دەکرد.

سەرکردایەتی (پ. د. ک) بەردەوام دەیخواست پەرە بەو پێوەندیانە بدرێت، ئەو پێوەندیانە گرێدراوی بابەتگەلێکی دیکە بن و تەنها پەیوەندی بە باری ئەمنیەوە نەبێت، بەڵکو پەیوەندیەکان لەسەر بنەمای دوولایەنە بێت. بەڵام لایەنی تورکی بەم چاوە سەیری پەیوەندیەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەدەکرد.

**❖ تورکیا بەهۆی پێگە ستراتیژیەکەی لەناوچەکە، هەندێجار تووشی هەڵوێستی لەخۆباییانە بووە، سیاسەتی دوژمنکارانەی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بەڕێوەبردووە، بەڵام ئێستا سەرنجدەدەین پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و تا دەگاتە ناوچەکانی ئاسیای ناوین، قەفقاسیا، دەریای ڕەش، بەڵکان، ئەورووپا و دەریای سپی ناوین ئاسایی دەکاتەوە و دەستی بەکرانەوەیەک کردووە، ئایا دەتوانین بڵێین، ئەو سیاسەتەی کە ئێستا تورکیا پەیڕەوی دەکات تا چ ڕادەیەک بەرهەمی سیاسەتی خوالێخۆشبوو تورگوت ئۆزالە؟ هەر لەم سۆنگەیەوە پێتوایە تورکیا ئەو ڕوانگە ئەمنییەی خۆی گۆڕیووە بۆ ڕوانگەیەکی سیاسی، ئابووری و کولتووری لەسەر بنەمای پێوەندی دوولایەنە؟**

– ئەوەی تورگوت ئۆزال دەستپێکرد هەنگاوێکی زۆر بوێرانەو جێگای تەقدیرە، لەبەرئەوەی لەئاداری ساڵی ١٩٩١ بەڕێزان مام جەلال و موحسین دزەیی بەنوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی سەردانی تورکیایان کرد، لەگەڵ تورگوت ئۆزال کۆبونەوە، ئەوکات سولێمان دەمیرێل لەئۆزسیۆن بوو، ئۆزالیان بەخیانەتکار لەقەڵەمدا، لەبەرئەوەی دەیانگووت چۆن دەبێت لەکۆشکی کۆماری لەگەڵ کوردان کۆببێتەوە.

بەگشتی ئۆزال بیرۆکەی باشی هەبوو بۆ بەرەو پێشبردنی دیموکراسییەت لەتورکیاو چارەسەرکردنی پرسی کورد، بۆ زانیاری جەنابتان کەناڵی (TRT٦) کە ئێستا بەزمانی کوردی لەلایەن دەوڵەتەوە بەرنامەکانی پەخشدەکات پێشنیاری ئۆزال بووە، ئەمە بە گوێرەی لێدوان و قسەی کەسە نزیکەکانی ئۆزال. هەروەها ئۆزال بەرنامەیەکی زۆرباش و چاکی لەبەردەستبووە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بەڵام مەرگ دەرفەتی پێنەدا.

لەکۆتایی هەشتاکان بەدواوە، بەهۆی زۆری پارتە سیاسیەکان وایکردووە لەهەڵبژاردنەکان پارتە سیاسییەکان لەتورکیا دەنگەکانیان پەرتەوازە بێت، ئەمەش وایکردووە هیچ پارتێک بەتەنها نەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت لەبەر ئەمەش هەندێجار پێکهاتەی حکومەتەکە زۆر کۆمیدیائامێز بووە. بۆ نموونە، پارتێکی عەلمانی لەگەڵ پارتێکی ئایینی و پارتێکی نەتەوەیی بەشداریان لەدروستکردنی ئەو حکومەتە کردووە. بۆچی ئەو نموونەیەتان بۆ دەهێنمەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەو حکومەتانە نەیاندەتوانی ریفۆرم و گۆڕانکاری ئەنجامبدەن، تەنها وڵاتیان

**هەڵایسانی شەڕ لەساڵانی (١٩٩٢ - ١٩٩٤ - ١٩٩٥) وایکرد تورکیا زیاتر لەڕوانگەی ئەمنیەوە سەیری باروودۆخی هەرێمی کوردستان بکات**

بەڕێوە دەبرد، هەندێک لەو حکومەتانە تەنها دوو ساڵ حکومڕانیان کردووە دواتر لەنێو خۆیاندا ڕێکنەکەوتوون و بۆ جارێکی دیکە هەڵبژاردن ئەنجامدراوە. بەڵام ئەو حکومەتەی ئێستا، حکومەتی ئاک پارتی لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٢ ڕێژەی ٣٥٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. ئەمەش وایکرد بتوانێت بەتەنها حکومەت سازبکات، هەروەها لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧ ئەو ڕێژەیە بوو بە ٤٧٪. ئەوەی جێی سەرنجە ٥٢٪ی دەنگی ناوچە کوردنشینەکان بۆ ئاک پارتی بوو. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو پارتە، پارتی تەنها ناوچەیەک نییە بەڵکو پارتی سەرجەم تورکیایە بەتەواوی پێکهاتەکانییەوە. ئەمەش هێزی بەخشیە ئاک پارتی هەنگاوی گۆڕانکاری دەست پێبکات.

زۆر لەسەرکردەکانی تورکیا وەکو سولێمان دەمیرێل، تانسۆ چیللەر، مەسعود یلماز، ئەحمەد نەژدەت سیزەر باسی کێشەی کوردیان کردووە، هەروەک مەسعود یلماز گووتی ڕێگای ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا بە دیاربەکر تێدەپەڕێت، بەڵام ئەوانە تەنها قسە بوون، هەنگاوی پراکتیکی نەبوون، بەڵام ئەو حکومەتەی ئێستا بەپێچەوانەی ئەوان باسیکردووە و هەنگاویشی ناوە، ڕاستە ڕەنگە هەنگاوەکانی لەئاستی پێویست نەبن بەڵام هەنگاوی باشی ناوە.

**❖ زۆرجار لەهەندێ لایەنی نێو تورکیا گوێبیستی ئەوە دەبین، کە هەرێمی کوردستان مەترسییە بۆسەر وڵاتی دەوروبەرو بەتایبەت تورکیا، پێتوایە ئەم نیگەرانییەی تورکیا چەندە لەجێی خۆیدایە؟**

– تورکیا لەدوای گۆڕانکاریەکانی ساڵی ٢٠٠٣ لەئێراق ئەو پێگەیەی نەبوو وەکو خۆی دەیویست، تورکیا دەیگوت من نابمە بەشێک لەهێزی گۆڕانکاری لەعێراق، نابمە بەشێکی هێزی هاوپەیمانان و شەڕی هێزی ئێراق بکەم، بەڵام دەمەوێت لەپێداچوونەوەی دەستوور و ڕێکخستنەوەی پیکهاتەی دەوڵەتی ئێڕاق قسەم بڕوات، هەروەک دەیگووت دەمەوێ لەئێراق لە پڕۆژە ئابووریەکان بەشی شێرم بەرکەوێت، لەبەرئەوەی لەسەردەمی ئابلوقەی ئابووریدا زەرەرمەند بووم. بەکورتی تورکیا سەرجەم ئەو شتانەی دەویست،بەڵام نەیدەویست ڕۆڵێکی سیاسی بگێڕێت و لەسەنگەری هاوپەیمانان‌دا بێت، بێگومان ئەمەش وایکرد تورکیا لەهاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا پەراوێز بخرێت، ئەو پەراوێزخستنەی تورکیا وایکرد ناچاربن بەخۆداچوونەوەیەک بکەن.

هاوکات تورکیا حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە داڵدەی پەکەکە دەدات، بەداخەوە ئەوکات هەندێک جموجوڵی پەکەکەش هەبوو. ئەمەش وایکرد لەتورکیا ڕایەکی گشتی دروستببێت هەروەها بەشێکی زۆری دەزگاکانی میدیا لەتورکیا ڕۆڵێکی نێگەتیڤیان بینی لەبەرامبەر سەرکردایەتی کورد و ڕۆڵی کورد لەم پێڤاژۆیەدا، ئەمەش کەشێکی ناهەمواری دروستکرد، بەهەموو شێوەیەک میدیاکانی تورکیا پڕوپاگەندەو بوختانی سەیر سەیریان دەکرد. پێدەچێ هەندێکیان لەلایەن هەندێک لایەنەوە بەرنامەیان بۆ داڕێژرابێت، هەندێکیشیان بەم سیاسەتە نانیان پەیدا دەکرد. دواتر ڕوونبۆوە ئەو پڕۆپاگەندانە لەشوێنی خۆیدا نەبوون، بەپێچەوانە هەرێمی کوردستان هۆکارێکی یاریدەدەرە لەسیاسەتی ئێراق و ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە.

دەتوانین بڵێین، لوتکەی گرژیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لەساڵانی ٢٠٠٥- ٢٠٠٨ بەتایبەتی لەشوباتی ٢٠٠٨ دابوو، ئەوکاتەی پەڕلەمانی تورکیا مۆڵەتی بەخشیە سوپاکەی بۆ لەشکرکێشی بۆسەر هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ڕاوەدوونانی چەکدارانی پەکەکە، بەتایبەت (٥) هەزار سەربازی ڕەوانەی ناوچەی خواکورک و نێرەوە و ڕێکان کرد، هەروەها لەناوچەی بامەڕنی هەندێ ڕووداو ڕوویاندا، ئەمەش وایکرد هێزی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە بە بەرد و دار ڕێگەیان لەتانکەکان کرد، دوای هەفتەیەک ئەو هێزە تورکیانە پاشەکشەیان کرد، من لەو بڕوایەدام سەرکردایەتی سوپای تورکیا گەیشتە ئەو بڕوایەی کێشەی پەکەکە بەهێزی سەربازی چارەسەر نابێت، جگە لەوە، لەلایەکی دیکەوە دەستیان بەکرانەوەی دیموکراتی کرد، ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ هەنگاونان بە ئاراستەی پۆزەتیڤانە.

**❖ سیاسەتی کرانەوەی دیموکراتی ئەمڕۆ گەیشتۆتە قۆناخێکی بەستەڵەکی، بەتایبەتی کاتێک سەرنجدەدەین سیاسەتەکانی ئاک پارتی بۆ گۆڕینی دەستوور و چارەسەرکردنی پرسی کورد هەنگاوی ستراتیژیی نین، هەندێ لەچاودێران پێیانوایە ئاک پارتی مناوەرەی سیاسی دەکات بۆ بەدەستهێنانی چەند دەسکەوتێکی سیاسی بۆ خۆی، ئایا پێتوایە هەڵبژاردنی داهاتوو بتوانێ ئەو کێشانە چارەسەربکات؟**

– ئەگەر کەمێک فراوانتر وەڵامت بدەمەوە، هەوڵەکانی تورکیا بۆ ئەوەی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمەکە پەیوەندیەکی باشتریان هەبێت سەرکەوتوو بووە. تورکیا بەپێی فەلسەفەی تازەی بەتایبەتی هەروەکو بیرمەندیان ئەحمد داود ئۆغلۆ ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرو وەزیری دەرەوە و ئەندازیاری ئەو بیرۆکەیە دەخوازێت کێشەیان لەگەڵ دراوسێکان بگاتە خاڵی سفر، واتە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ دراوسێکان نەمێنێت، بە پێچەوانەوە ڕۆلێکی بونیادنەرانەیان هەبێت.

بێگومان تورکیا بۆ هەرێمەکە و بۆ ئێمەش وڵاتێکی گرنگە، بەلایەنی کەمەوە نیوەی هاونەژادی خۆمان لەسنووری تورکیا دەژین، دووەمیش تورکیا هاوپەیمانی پەیمانی ناتۆیە، پاڵێوراوە بۆ بەئەندامبوون لەیەکێتی ئەوروپا، هەروەها لەزۆربەی هاوپەیمانێتیە نێونەتەوەیەکان ئەندامە، ئابووری و پیشەسازییەکی پێشکەوتووی هەیە، لەهەمانکاتدا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر وڵاتێکی دیموکراتیی و عەلمانییە.

لەلایەکی دیکەوە، تورکیا ئەمڕۆ هەوڵدەدات لەهەرێمەکە ڕۆلی هەبێت، بۆ نموونە، ئێستا لە لوبنان هێزی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەیە، هەروەها لەئەفغانستان و کۆسۆڤۆ هێزی هەیە، هەروەها کەشتی مەزنی ناردۆتە ئاوەکانی سۆماڵ بۆ ڕاوەدوونانی چەتەکانی دەریا. جگە لەوەی هەندێجار هەوڵدەدات ڕۆڵی میانگیری ببینێت لەنێوان حەماس و حزبوڵڵا، هەروەها لەنێوان ئیسرائیل و فەڵەستین، ئیسرائیل و سوریا، ئێران و ئەمریکا.

تورکیا هەوڵدەدات لەجیهانی ئیسلامیدا پێگە و پایەی خۆی فراوانتر بکات. لەبەرئەوەی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، تورکیا لەلایەن جیهانی ئیسلامیەوە زۆر خۆشەویست نەبوو، خۆی دوورخستبووەوە لەجیهانی عەرەب و ئیسلامیدا، بەڵام

<<<

**بەڕای من، کاربەدەستانی تورکیا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کێشە نێوخۆیەکان چارەسەربکەن، هەوڵیشدەدەن و هەنگاویان بەم ئاراستەیە ناوە**



ئێستا دەخوازێ ڕوو لەڕۆژهەڵاتی ناوین بکات و جێگەی خۆی بەرامبەر ئەوروپا قایمتر بکات بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەنە یەکێتی ئەوروپا. لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوو دووجار پادشای سعودیە سەردانی تورکیای کرد، هەروەها زیاتر لە ٣٥ ساڵ لەگەڵ ئێراق هاتوچۆ لەئاستی سەرۆک کۆمار نەبوو بەڵام بەمدوایە ئەم کێشەیە کۆتاییهات و عەبدوڵڵا گویل ئەو ڕچەیەی شکاند، لەگەڵ سوریا ئێستا کلیلی ماڵی یەکتریان لەلایە، ڤیزا نەماوە، ماوەیەک لەمەوبەر ئەردۆغان ڕایگەیاند کە ئەوان دەیانەوێ لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڤیزایان نەمێنێت بۆ هاتوچۆکردن، بەکورتی تورکیا دەخوازێت ڕۆڵێکی ئاشتیخوازانە، ڕۆلێکی ناوبژیوانی بداتە خۆی. بەڵام خەڵک دەپرسن تورکیا ئەو مافە بەخۆی دەدات ئایا کێشە ناوخۆیەکانی چارەسەرکردووە؟ من پێموایە تورکیا بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لەو هەوڵانە، لەبەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری وڵاتەکەی پێویستدەکا کێشە نێوخۆییەکانی چارەسەربکات. بەڕای من، کاربەدەستانی تورکیا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەش کێشە نێوخۆیەکان چارەسەربکەن، هەوڵیشدەدەن و هەنگاویان بەم ئاراستەیە ناوە، ڕەنگە هەنکاوەکان لەئاستی پێویستدا نەبێت بەڵام هەنگاوەکان ستراتیژین، لەبەرئەوەی زۆشت کراوە قابیلی گەڕانەوە نییە، مەسەلەی گۆڕینی دەستوور لەسەرەتایی هاتنە سەر کورسی دەسەڵات دەستیانپێکرد، بەڵام لەشتی هەڵەوە دەستیانپێکرد. بۆ نموونە، داوایانکرد سەرپۆش لەزانکۆکان و لەکۆشکی چانکایا سەربەست بێت، بەڵام ئێستا خەریکی ئەوەن ڕیفۆرمەکان، هەنگاوەکانی گۆڕینی دەستوور ڕێکدەخەنەوە. بەهۆی ئەوەی ئاک پارتی بەگوێرەی ئەو ڕاپرسیانەی ئەنجامدراون دەنگی کەمیکردووە، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت هەڵبژاردن لەکۆتایی ئەمساڵدا پێش وادەی خۆی ئەنجامبدرێت.

**❖ چەمکی هاوڵاتیبوون و دەوڵەت و ناسیۆنالیزم لەتورکیا بەجۆرێک پێناسەکراوە، کە تێکڕایی هاوڵاتیانی تورکیا لە یەک نەتەوە پێکدێت، بەمەش تائێستا ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم لەسەر قاچەکانی وەستاوە، بە بڕوای ئێوە کاتی ئەوە نەهاتووە شێوازێکی دیکە پەیڕەو بکرێت بۆ چەمکی ناسیۆنالیزم و و دەوڵەت و هاوڵاتیبوون لە تورکیا، بەتایبەتی کە تورکیا وەک وڵاتێکی مۆزائیکی بناسرێت؟**

– ئەوەی من بزانم لەتورکیا ٢٦ نەتەوە دەژین، وەکو کورد، تورک، عەرەب، چەرکەز، لاز، فارس، ئازەری، ئەرمەن، بوشناق، یۆنانی و...تد. ئەو ماددانەی کە لەدەستووری تورکیادا هەیە دەستی هەموو حکومەتەکانی گرێداوە تا هەنگاو هەڵبگرن بۆ گۆڕنکاری. ئەگەر ئەو گۆڕانەش بەدەست و ئارەزووی خۆیان بێت، بەڵام ئەو دەستوورە دەستی ئەو حکومەتانەی گرێداوە.

وەکو لەڕابردوو بینیمان زۆرجار هەندێک لایەنەکان هەوڵیانداوە شتێک بوروژێنن بەڵام خودی ئەو لایەنە دۆزی لەبەرامبەر کراوەتەوە، هەروەکو خودی ئەردۆغان دەستگیرکرابوون، ئاک پارتیش بەجیاوازی یەک دەنگ دانەخرا لەلایەن دادگای بالاوە.

ڕەوشی تورکیا لەساڵانی بەر ١٩٩٠ لەگەڵ ئێستادا گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینیوە، من ئەوکاتەی بۆ ماوەی ١١ ساڵ نوێنەری (پ. د. ک) بووم لەئەنقەرە، هەستم بەو جیاوازیانە کردووە، لەسیاسەتی نکۆڵیکردن تا بگاتە ئەو سیاسەتەی باسیبکرێت، کە کورد هەیە، کێشەی کورد هەیە، ئەو کێشەیەش پێویستە بەڕێبازی دیموکراسیانە چارەسەر بکرێت. ئەمەش گۆڕانێکی زۆر مەزنە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئاستەنگ زۆرن، ئاستەنگەکان یەک و دوو نییە. بۆیە گۆڕانکاری لەدەستووردا پێویستە، لەبەرئەوەی چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگەی دەستوورەوە دەکرێت، لەڕێگەی پەرلەمان دەبێت، دوور لەتوندوتیژی و پشێوی.

بەڕای من، ئێستا دەرفەتێک هاتۆتە پێش بۆ تورکیاو کوردەکانی تورکیا، بەتایبەت لەدوای ساڵی ١٩٨٥ نزیکەی ٤٠ هەزار کەس بوونەتە قوربانی ئەو شەڕە نێوخۆییە، زیاتر لە ٣٠٠ هەزار دۆلار خەرجی ئەو شەڕە بووە، هەموو لایەک هەستیان پێکردووە ئەو ڕەوشە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، بەڵام چارەسەرکردن وا ئاسان نییە پێویستی بەکات هەیە، لەبەرئەوە ئەگەری ئەوە هەیە خەڵکانێک بپرسن ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەو دەستوورەدا دەکرێت، لەماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوو ئێمەتان پێی ڕاهێناوە کە ئێمە بەو شێوەیەن، پرسیاری خەڵکەکە ئەوەیە، ئایا ئێمە لەسەرەتاوە هەڵە بووین یاخود ئێستا هەڵەین، جگە لەوەی ڕای گشتی تورکیا لەدروستکردنی بڕیار ڕۆڵی هەیە، هەروەها لەشکریش خۆی وەکو پارێزەری دەوڵەت دەبینێت. خەڵک ئەوکاتەی کە ببینێت سوپاکەی وەکو سیمبۆل سەیری دەکات

و مێژووەکەی لەکەدار بێت، ئیهانە بکرێت، قەبووڵناکات. بەتایبەت ئێستا دۆزی ئەرگەنەکۆن لەگۆڕێدایە، ئەگەر سوپاش خۆی لەنێو ڕەوشەکە دەربخات بەڵام خەڵکانێک هەن دەپرسن ئەی سوپا تۆ کە ٧٠٠ هەزار سەرباز و چەندان تانک و تۆپ و فڕۆکەت هەیە، چیت کردووە؟!

**❖ بەڕێزت وەکو کارناسێکی سیاسی تورکیا، لەئێستا خاڵی هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لەچیدا دەبینیتەوە، بەتایبەت لەدوای پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی؟**

– لەنێو هەوڵەکانی تورکیا لەهەرێمەکەدا پێویستەکا ئاماژە بەخاڵێکی دیکە بکەین، ئەویش ئەو بارودۆخە ئەمنیە جێگیرەی هەرێمی کوردستانە، کە ئەو زەمینە لەبارەی بۆ پەیوەندییە ئابوورییەکان ڕەخساندووە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی لەگەڵ تورکیا، هەروەها ئەو قەبارە بازرگانییەی تورکیا لەگەڵ هەرێم هەیەتی، هەروەها تورکیا دەخوازێت بڕی قەبارەی بازرگانییەکان لەگەڵ ئێراق تا دوو ساڵی دیکە بگاتە ٢٠ ملیار دۆلار، بەشی هەرەزۆری ئەو پەیوەندیە بازرگانیەش یان لەگەڵ هەرێمی کوردستانە یاخود بەڕێگای هەرێمی کوردستانە. تورکیا ٣٣٠کم سنووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، سەرباری ئەمانە، هەبوون و دۆزینەوەی ئەو هەموو کێڵگە نەوتی و غازە سروشتیانەی هەرێمی کوردستان کە بەپێی دەستووری ئێراق ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەتوانێت خۆی بەڕێوەیببات بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ئێراقی فیدراڵ ئەمەش ئارەزووێکی لەلای تورکیا دروستکردووە بۆ ئەوەی سوود لەو هەموو دەرفەتانە وەربگرێت.

**❖ ئایا هەبوونی یەدەگێکی زۆری نەوت و غاز تا چەند دەتوانێت پردی پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا پتەوتر بکات، بەتایبەتی ئەو پرۆژەیەی ئێستا بەناوی هێڵی نابوکو لەگۆڕێدایە، کە هەرێمی کوردستانیش تێیدا بەشدارە؟**

– بەرژەوەندی هاوبەش بنەمایەکی زۆر چاکە بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان لەبواری ئەمنی، ئابووری، سیاسی و کولتووری. بۆیە ئێمەو تورکیا بەرژەوەندی هاوبەشمان هەیە، هەروەها ئەو جێگەو پێگەی کورد لەتورکیا وایکردووە دیدەکانی ڕابردوو بگۆڕێت، لەگەڵ وڵاتانی دیکەو تورکیاش.

هەبوونی ئەو سامانە سروشتیانە گرنگە لەپێناو باشترکردنی ئەو پەیوەندیانە، سەبارەت بە هێڵی نابوکو کە بەنێو خاکی تورکیادا تێدەپەڕێت، غازی سروشتی بۆ ئەورووپا دابیندەکات، بەهەمانشێوە بەو دیدە تەماشادەکەن لەداهاتوو هێڵی غازی سروشتی کوردستان بەهێڵی بۆڕییەکانی نابوکو گرێ بدەن، لەبەرئەوەی تورکیا دەبێتە خاڵی دابەشکردنی ئەو وزەیە، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ تورکیا.

**❖ تورکیا لەهەرێمەکە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر خۆی بەتاکە وڵاتێکی عەلمانی و دیموکراتی پێناسە دەکات، هەروەها هەرێمی کوردستانیش هەنگاو بەرەو پیادەکردنی سیستەمێکی دیموکراتیانە دەنێت، ئایا ئەو دوو تایبەتمەندییە تاچەند دەتوانێت هەردوولا کۆبکاتەوە، لێکیان نزیکبکاتەوە؟**

– بێگومان لەڕووی سیاسییەوە خاڵی هاوبەش پێویستە پەیدابێت، ناکرێت تەنها یەک ئایدۆلۆژیا بسەپێنیت یەکێکی دیکە قەبووڵنەکرێت. لەهەرێمی کوردستان دەتوانین سیستمی لیبرال لەجێی عەلمانی بەکاربهێنین، چونکە کوردستان زیاتر بە کۆمەڵگەیەکی لیبراڵ- دیموکرات دەچێت، هەرچەندە خەڵکەکەمان بەشی هەرە زۆری موسڵمانن و پابەندن بەئایین. هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرەو پێشچوونی تاک و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگایە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەبەرنامەو کاری لایەنە حکومدارەکانی کوردستان زۆر ڕوون و ئاشکرایە.

**❖ چەند مانگێک لەمەوبەر وەزیری دەرەوەو دواتر وەزیری ناوخۆ سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردو پەیوەندیەکانیان لەگەڵ خستە بەر باس، لێرەوە دەپرسم ئایا لەداهاتوێکی نزیکدا لایەنی کوردی بەنیازنین سەردانی تورکیا بکەن؟**

– لەدوای شوباتی ٢٠٠٨ بەردەوام پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیا هەبووە، من وەک نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لەو پەیوەندیانە بەشداربووم، بەتایبەت لەگەڵ موراد ئۆزجەلیک کە ئێستا باڵیۆزی تورکیایە لەئێراق. لەمارسی ٢٠٠٨ لەدهۆک یەکتریمان بینی و هەندێک بنەما دانران بۆ نەهێشتنی ئەو گرژیانە. هەروەها پەیوەندی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ ئەحەد داود ئۆغلو هەبوو، کە ئەوکات ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیران بوو. مەبەستم ئەوەیە، ئەو پەیوەندیەی ئێستا کاری زۆری بۆ کراوە لەکتوپڕێکدا دروستنەبووە، شەخسی کاک نێچیروان بارزانی و سەرکردایەتی پارتی هەوڵی خۆیاندا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان لەدۆخێکی ئاسایدا بێت، ڕەنگە زۆر شت ئاشکرا نەکرا بێت لەکاتی خۆیدا، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی شاندی تورکیا لەبەغدا، کە پێکهاتبوو لە ئەحمەد داود ئۆغلو و موراد ئۆزجەلیک لەگەڵ کاک نێچیرڤان یەکتریان بینی و لەگەڵ شاندێکی پارتی کۆبونەوە، دواتر عەبدوڵلا گوڵ سەردانی بەغدای کردو کاک نێچیروانی بینی، هەروەها لە سەرەتا مانگی ١١ی ٢٠٠٩ ئەحمەد داود ئۆغلو وەزیری دەرەوەو زافەر چاغلایان وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری بازرگانی، دواتریش بەشیر ئەتالای وەزیری کاروباری ناوخۆ سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو ئێستا کۆنسوڵی تورکیا لەهەرێمی کوردستان خەریکی کردنەوەی کۆنسوڵخانەیە لەهەولێر، هەروەها لەم نزیکانەش هێڵی ئاسمانی تورکیا گەشتی ئاسمانیەکان دەست پێدەکات.

*** لەکۆتاییدا دەخوازین، رای بەڕێزتان لەبەرامبەر کۆمەڵەو گۆڤارەکەمان وەربگرین؟**

– بەڕای من، خوێنەرانی کوردستان پێویستیان بەهەمەچەشنی لەڕاگەیاندنی نووسراو هەیە، چ گۆڤار و چ ڕۆژنامە و هەر بڵاوکراوەیەکی دیکە بێت، بەتایبەت ئەو بەرهەمانەی بایەخ بەتوێژینەوەی زانستی دەدەن، جگە لەوەرگرتنی ڕای خەڵکی دیکە وەکو ڕاپۆرت و دیدار و بەدواداچوون و...تد. ئەوەی ئێوە کارتان لەسەر کردووە ئەو سێ لایەنە لەخۆ دەگرێت، ئێوە هەوڵتانداوە ئەو پەیوەندیانە باشتر بێت، بەڕای من ئەو جۆرە گۆڤارانە پێویستن. هیوادارم لەداهاتوو بەشێکی لێکۆڵینەوەی زانستی لەخۆ بگرێت. دەستخۆشیتان لێدەکەم، هیوای بەردەوامیتان بۆ دەخوازم و هیواخوازم شتی باشتری لەدوابێت بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوە بۆ زۆر خەڵکی دیکە کە بتوانن لەو بوارەدا سوودی لێوەربگرن.

**>>> ئەو مادادانەی کە لەدەستووری تورکیادا هەیە دەستی هەموو حکومەتەکانی گرێداوە تا هەنگاو هەڵبگرن بۆ گۆڕنکاری**

### سەرکۆنسوڵی تورکیا لە هەولێر لەدیمانەیەکی تایبەتدا:

# بوونی تورکیا لێرە، تاکتیك نییە و پێویستییەکی ستراتیژییە



**پتەوکردنی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ هەرێمەکە ئەرکی ئێمەیە**

ئایدن ســـەلچین، یەکەم کۆنسوولی تورکیا لەهەولێر، رایگەیاند کـــە تورکیا نـــەک بە هەنگاوێکـــی تاکتیکـــی، بەڵکو بە هۆی پێویستیی ســـتراتیژیکی لە هەولێرە. ســـەلچین ئاماژەی بەوە دا کە چەند رۆژێکە لەگەڵ کاربەدەســـتانی حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان کۆ دەبنەوە و گفتوگۆ لەسەر کاروباری پەیوەست بـــە کردنەوەی کۆنســـوڵخانە دەکەن. سەرکۆنســـوولی تورکیا لە هەولێـــر روونی کردەوە کە هـــەم حکوومەتی هەرێم و هەم هاووڵاتیان، بە گەرمییەوە پێشـــوازیان لێ کردوون و لە بارەی ئەرکەکەیـــان گوتی «پتەوکردنی پەیوەندیـــی ئابووری لەگەڵ هەرێمەکە ئەرکی ئێمەیە».

ئایدن ســـەلچین لەیەکەم دیمانەی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن دا کـــە هاوکارمان عەلیخان حەســـەنئۆغلو لەگەڵی ســـازداوە، ئاشـــکرایکرد کە لە ماوەی دوو مانگدا، کۆنسوڵخانە بە تەواوی یەکەکانیەوە دەستبەکار دەبێت و رایگەیاند کە چالاکییەکانیان لـــە پارێزگایەکانـــی هەولێـــر، ســـلێمانی و دهۆک و شـــار و شـــارۆچکەکانیان دەبێت و گوتی «وەک هەر کۆنسوڵخانەیەکی دیکە، یەکەم ئامانجمان دۆزینەوەی شـــوێنێکی گونجاو دەبێت کە بتوانین کارەکانمانی تێدا راپەڕێنین. لەسەر هەندێک شوێن رێـــک کەوتووین، زانیاریمان بۆ ئەنقـــەرە و باڵیۆزمان ناردووە. لەماوەیەکـــی کورتدا رێککەوتننامەی کرێیەکەی واژۆ دەکەین و دەست بە کارەکانمان دەکەین».

سەرکۆنســـوولی تورکیـــا لـــە هەولێـــر ئاماژەی بـــەوە دا کە دەســـتبەکاربوونی باڵەخانـــەی کۆنســـوڵخانە و دامەزراندنی فەرمانبەر، ماوەی دوو مانگ دەخایەنێت و گوتی «هیوادارین لە ناوەڕاست یان کۆتایی مانگی مەیدا کۆنسوڵخانەی تورکیا دەست بە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بکات. هەروەها بۆ کورتکردنەوەی ئـــەم ماوەیەش، زۆر بە چڕی کار دەکەیـــن. ئەمەش هەنگاوی یەکەمە». هەروەها روونی کـــردەوە «تورکیا هەوڵ دەدات کە نوێنەرایەتییەکی شیاو بکاتەوە».

### «بە هۆی پێویستیی ستراتیژیکییەوە لێرەین»

ســـەلچین گوتی «لە شوێنێک کە لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم دەستنیشانی دەکەین، کۆنســـوڵخانەکەمان دەکەینەوە. دوای ئەوەی کە شـــوێنێکمان دۆزییەوە، یەکســـەر دەســـت بە دروســـتکردنی دەکەین. ئەو کاتەش دەگەینە ئەو ئاســـتەی کە شیاوی تورکیایە». سەرکۆنسوولی تورکیا لە هەولێر، جەختی لەســـەر ئەوە کردەوە کە بوونی تورکیا لە هەولێر، هەنگاوێکی تاکتیکی نییە، بەڵکوو پێویستییەکی ستراتیژیکییە.

### «ئامانجمان یەکگرتنەوەی ئابوورییە»

سەلچین وێڕای ئاماژە بەوەی کە ئامانجیان لە هاتن بۆ هەولێر، یەکگرتنەوەی ئابوورییە، گوتی «وەک بەڕێز سەرۆک وەزیرانمان لـــە ســـەردانە مێژووییەکەیدا بـــۆ بەغـــدا و دوای واژۆکردنی نزیکەی ٤٠ یادداشـــتنامەی رێککەوتن، ئاماژەی پێ دا، بنەمای ئامانجەکەمان، یەکخستنی ئابوورییە. هەروەها جەنابی وەزیری دەرەوەش فەرمانـــی بە من داوە کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەک ئابـــووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و پەروەردەیی، چالاک بین».

### «لە کوردستان ٤٠٠ کۆمپانیای تورکی کار دەکەن»

ســـەلچین وێـــڕای وەبیرهێنانەوەی بوونـــی قوتابخانەی تورکی لـــە هەرێمـــی کوردســـتان، گوتی «ژمـــارەی ئەوانـــە لەگەڵ زۆربوونـــی جۆرەکانیـــان و بەرفراوانبوونـــی بـــوارەکان، زیاد دەکات. لێـــرە زیاتر لە ٤٠٠ کۆمپانیـــای تورکی هەن. تەواوی ئەو هاووڵاتیانەشـــمان کێشـــەی تایبەتیان هەیـــە. لە حاڵەتی ئاساییشـــدا، کاروباری هاووڵاتیبوونیان دەبێ جێبەجێ بکەن. ئەرکی کۆنسوڵخانەکەشـــمان، جێبەجێکردنی کاروباری ڤیزا و رێگەنیشاندانیان دەبێت».

سەلچین بەم شـــێوەیە بەردەوام بوو «لە لایەکی دیکەوە و لە بواری ئابووریدا، بە مەبەستی پتەوکردنی پرۆژەکان و هاویشتنی کۆمەڵێک هەنگاوی دیکە و برەودان بە پرۆژەی هاوبەش، درێژە بە چالاکییەکانمان دەدەین. هەروەها پەیوەندیی رێکخراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنی و زانکۆکانمان زیاتر، قووڵتر و بەرفراوانتر دەکەین».

### تورکیا بەسوپایەک لەپیاوانی کار و کۆمپانیا ڕوو لەهەولێر دەکات

تورکیا بەپێچەوانەی رابردوو لەجیاتی تانک و فڕۆکە و زرێپۆش، ئەمجارە بە سوپایەک کۆمپانیای جۆراوجۆر و بیزنسمانی گەورە سەردانی هەرێم کوردستان دەکەن و ئەمجارەیان لەجێگای بۆنی باروت و گولله، گوڵ و قەرنەفل دابەشدەکەن.

پەیوەســـت بەم مژارە، شـــاندێکی باڵای بازرگانـــی تورکیا و بەرپرســـی پاشکۆی بازرگانی کۆنســـوڵخانەی موسڵ لەتورکیا دەنیز موســـا سەردانی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێریان کرد. لەکۆبوونەوەیەکدا وەفدەکەی تورکیـــا رایانگەیاند کە لەرۆژانی داهاتـــوودا وەفدێکی باڵای پیاوانی کار و پیشەســـازیی تورکیا هاوڕێ لەگەڵ زیاتر لە ٢٠٠ کۆمپانیای جۆراوجۆر بەسەرۆکایەتی زافەر چاگلایان وەزیری بازرگانی سەردانی کوردستان دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە کۆنســـوڵی تورکیا لەهەولێر، ئایدن سەلجین سەرکۆنسوڵی هەولێر و دەنیز موسا بەرپرسی پاشکۆی بازرگانی کۆنســـوڵخانەی موســـڵ بۆ ئەم ئامانجە پرێس کۆنفرانسێکیان لەهەولێـــر گرێدا و، رایانگەیاند کە حکومەتی تورکیا بڕیاریداوە بەم نزیکانە لەشـــاری زاخۆ لەسەر سنووری تورکیا و هەرێمی کوردســـتان ناوچەیەکی بازرگانی و پیشەسازی ئازاد بکاتەوە. هەروەک ئامادەیی وڵاتەکەشـــیان نیشـــاندا بۆ بەگەڕخســـتنی زیاتری ســـەرمایەگوزرایی و یارمەتیدانـــی ژێرخانی ئابووری و پیشەسازی هەرێمی کوردستان.

### «هەموو لایەنەکان پشتگیریمان لێ دەکەن»

ئایـــدن ســـەلچین، روونـــی کردەوە کـــە لە هەمـــوو لایەکەوە پشـــتگیرییان لێ دەکرێت بۆ ئەوەی بە زووترین کات دەست بە کارەکانیان. ســـەلچین وێڕای ئاماژە بەوەی کە زۆر پێشوازییان لێ کـــراوە، رایگەیاند کە خەڵکی ئێرە بە راســـتی چاوەڕوانی کرانەوەی کۆنسوڵخانەی تورکیا بوونە.

سەرکۆنســـوولی تورکیا ئاماژەی بـــەوە دا کە دوای هاتنیان، لەگەڵ تەواوی کاربەدەستانی هەرێم دیداریان کردووە و گوتی «لـــە رووی لۆجیســـتیکییەوە یارمەتییەکی تـــەواو لە هەرێم

>>>

**پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکوومەتی هەرێم، خێراییەکی زۆریان بەخۆوە بینیوە**



وەردەگرین. چووینە قەڵای هەولێر و لە بازاڕی قەیسەری سووڕاینەوە. یەکەم چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ کورد و تورکمانەکان و خەڵکی ناوچەکە ئەنجام دا. پێشوازییەکی زۆر گەرممان لێ کرا. لە راستیدا وا تێ گەیشتین کە خەڵکی ئێرە، چاوەڕێی کرانەوەی کۆنسوڵخانەی تورکیا بوونە. کاربەدەستانیش پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردووین. بەرلە ماوەیەک لەگەڵ سەرکردایەتیی هەرێم دیدارم کرد، هەموویان ئاماژەیان بەوە دا کە کرانەوەی کۆنسوڵخانەی تورکیا، هەنگاوێکی مێژووییە. ئەوانیش بەڵێنی هاوکارییان پێ دام. ئێمەش لە لایەن خۆمانەوە هەوڵ دەدەین ئەرکەکانمان بە باشترین شێوە بەجێ بگەیەنین».

### پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیا خێراتر دەبن

سەلچین وێڕای ئاماژە بەوەی کە پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق لە ئاستێکی زۆر بەرزدان، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێم، خێراییەکی زۆریان بەخۆوە بینیوە. هەروەها ئاماژەی بەوەش دا کە پێشتر کە لە باڵیۆزخانەی بەغدا کاری دەکرد، تەنانەت لە کاتە زۆر ناخۆشەکانیشدا دایان نەخست و گوتی «کاتێک کە رەوشی ئاسایشی موسڵ زۆر نالەبار بوو، لەوێ کۆنسوڵخانەمان کردەوە. دوای ئەویش لە بەسرە کردمانەوە. بە عێراقییەکانمان نیشان دا کە گرینگیی بە تەواوی عێراق دەدەین. ئێستاش کۆنسوڵخانەی هەولێر دەستی بە کارەکانی کردووە. بەم هەڵسوکەوتەمان، لەو بڕوایەداین کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان پتەوتر دەبن».

### «هیچ گرفتێکمان لەگەڵ ناوی هەرێمی کوردستان نییە»

زۆرجار بەکارهێنانی ناوی ستاتۆی «هەرێمی کوردستان» لەلایەن میدیا و دەسەڵاتدارانی تورکیا بە «باکووری عێراق» نیگەرانی لەلایەن هاوڵاتیانی کوردستان دروستدەکات، هەرچەندە کە لەم ماوانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر لەمیدیاکارانی تورک و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بە فەرمی ناوی هەرێمی کوردستانیان بەکارهێنا. ئەحمەد داود ئۆغڵو وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیاش لەهەولێر ئەو تابوەی شکاند و لەبەرچاو میدیاکان ئاماژەی بۆ ناوی هەرێمی کوردستان کرد و هەرێمەکەشی بەدەروازەیەکی گرنگ بۆ گرێدانی تورکیا بەناوچەکانی دیکەی عێراق و کەنداوی عەرەبی وەسفکرد. دواتریش لەدوایین کۆنفرانسی میدیاکارانی تورک و کورد لەئیستانبوڵ هەمان رەخنە ئاراستەی میدیاکارانی تورک کرا، بەڵام بەرپرسانی میدیاکانی تورکیا رایانگەیاند کە بەکارهێنانی دەستەواژەی «باکوری عێراق» شتێکی نائیرادییە و تەنها مەسەلەی لێڕاهاتنە. لەمبارەیەشەوە، سەرکۆنسوڵی تورکیا لەهەولێر دەڵێت: «ئەگەر ناوی عێراقی لەگەڵدا بێت ئەوا ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ناوی هەرێمی کوردستان نییە. ئێستا لەتورکیاش هەندێ سیاسەتمەدار هەن کە ناوی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنن و هەندێکیشیان باکووری عێراق بەکاردەهێنن، پێموایە ئەمە نابێتە کێشە لەنێوانماندا، گرنگ پێوەندی دوولایەنە و کاری هاوبەشە».

**لە ماوەی دوو مانگدا، کۆنسوڵخانە بە تەواوی یەکەکانیەوە دەستبەکار دەبێت کە چالاکییەکانیان لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک و شار و شارۆچکەکانیان دەبێت**



>>>
**جەنابی وەزیری دەرەوە فەرمانی بە من داوە کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەک ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و پەروەردەیی، چالاک بین**

# AKP سیستمی کەمالیزم بنکۆڵ دەکات



فۆتۆ: Day life

# سوپا دەستبەرداری هەژموون و کوێخایەتی ٨٦ ساڵەی خۆی دەبێ؟

دوای ٧ ساڵ لەفەرمانڕەوایی پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) سەرەڕای ئەو چاکسازیانەی لەبوارەکانی ئابووری، سیاسی و دەستووریدا بەدیهاتووە، کەچی هێشتا ریفۆرم و چاکسازیەکان ڕووبەڕووی واقیعێکی چەقبەستوو دەبێتەوە کە گۆڕینی کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، ڕاستە لەهەندێ دامەزراوەدا ڕۆڵی سوپا کە خۆی بە پارێزەری سیستمی عەلمانی کۆماری تورکیا دەزانێ کەم بۆتەوە، بەڵام لەڕێگەی چەند کەناڵێکی تایبەتەوە هێشتا سوپا سیاسەتەکانی پەیڕەو دەکات، ئەگەر ڕەوشی ئەمڕۆی تورکیا و جیهان وەکو ساڵانی (٦٠، ٧٠، ٨٠) بۆ ئەنجامدانی کودەتای سەربازی لەبار نەبێ، بەڵام لەڕێگەی هەندێ دامەزراوەی دیکە وەک دامەزراوەی دادوەری (قەزایی) کۆسپ دەخاتە بەردەم هەوڵەکانی حکومەتی AKP. لە٧ ساڵی ڕابردوودا AKP چەندین ریفۆرمی جێبەجێکردووە، کەچی هێشتا بایی پێویستیەکانی گەلانی تورکیا و پێوانە دیموکراسیەکانی یەکێتی ئەوروپا ناکات کە تورکیا هەوڵی بە ئەندامبوون دەدات لەو یەکێتیە.

وەکو دیار دەبێ گۆڕانکاری لە تورکیا بە پشتبەستن بە دینامیکیەتی ناوخۆ کاریکی سەختە، هەر کاتێک حکومەت و پەرلەمان هەوڵی لاوازکردن و بنکۆڵکردنی پایەکانی سیستمی کەمالیزم بدەن، سوپا و دامەزراوەی دادوەری کە خۆیان بە پارێزەری کۆماری عەلمانی تورکیا دەزانن هەوڵەکان لەنێو دەبەن، بێگومان ئەو پێگەیەی کە سوپا لە ٨٠ ساڵی ڕابردوو بە دەستیهێناوە ئامادە نییە بە ئاسانی لە دەستی بدات، بە تایبەتیش باگراواندی ئیسلامیانەی AKP دەکەنە پاساوێک تا ڕێگە لەڕیفۆرم و چاکسازیەکان بگرن.

AKP لەهەڵمەتی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ٢٠٠٧ هەموارکردنی دەستووری وڵاتەکەی کردبووە خاڵێکی سەرەکی لە بەرنامەکەی، بەمەش توانی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان بباتەوەو بەتەنیا بتوانێ حوکمەت پێکبێنێ، بەڵام دواتر نە لەهەموارکردنی دەستوور، نە لەچارەسەرکردنی کورد نەیتوانی هەنگاوی کۆنکرێتی بهاوێت، بۆیە لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە ئاداری ٢٠٠٩ نەیتوانی هەمان سەرکەوتنی ٢٠٠٧ دووبارە بکاتەوە، بەتایبەتیش لە باکووری کوردستان دەنگێکی زۆری لەدەستدا.

### ناکۆکی نێوان سوپا و حکوومەت بۆ جارێکتر تەشەنەدەستێنێ

تەشەنەسەندنی ناکۆکی نێوان سوپا و حکوومەتی مەدەنی تورکیا ماوەیەکە سەرەکیترین بابەتی ڕاگەیاندنەکانی ئەو وڵاتەیە. دوای ئەوەی لەماوەی رابردوودا نامەیەک لەلایەن کەسێکی نەناسراوە رەوانەی دادوەری باڵای ئەستەنبول کراوە کە تێیدا ئاماژە بەهەوڵی ڕووبەڕووبوونەوە دژی سەلەفییەت و پلانڕێژی لەکارلادانی حکوومەتی ئەردوگان لەلایەن سوپا کراوە، لەژێر نامەکەدا ئیمزای فەرماندەیەکی پایەبڵندی سوپا هەیە، کە ڕاستی ئیمزاکە پشتڕاست کراوەتەوە. لەمبارەیەوە رۆژنامەی تەرەف-ی تورکی نامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا نووسراوە «ژەنراڵ ئیلکەر باشبوگ سوپاسالاری تورکیا و هەشت فەرماندەی پایەبڵندی دیکە خەریکی داڕشتنی پلانێکن بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی لەو وڵاتەدا. زۆربەی چاودێرانی سیاسی تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکەن ژەنڕاڵ باشبوک لەگەڵ ژەنراڵ حەسەن ئیگسیز سەرۆکی یەکەمی سوپا و چەندین فەرماندەی دیکە هەوڵدەدەن حکوومەتی مەدەنی تورکیا لەکاربخەن و بەرگری لە چالاکی سیاسەتمەدارانی ئەو حکوومەتە بکەن.

ئەم مژارە بۆەتە هۆی کۆبوونەوەی چەند سەعاتی نێوان ژەنراڵ باشبوگ و سەرۆکوەزیر ئەردۆگان. سەرۆکوەزیر ئەردۆگان لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیە رایگەیاند «لەسەر بابەتی ئاسایشی نیشتمانی وتووێژ کرا و هەردوولا رەزامەندن کە بڕیار لەبارەی ئەم دۆسییە دەبێ لە لایان دادگای تورکیا بێت».

سەرباری ئەوەی نامەکە لەلایەن میدیاکانەوە بڵاوبووەتەوەو و ئیمزاکەشی ڕاستە، بەڵام ژەنراڵ باشبوگ ئەم نامە بە کاغەزێکی بێ کڵک وەسفدەکات.

ئەم هەواڵانە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی پارە بەفیرۆدانی و شێوازی ژیانی هاوسەری ژەنراڵ بیوکانیت بووە هۆی دروستبوونی ئەتمۆسفێرێکی ئەنتی سوپا لەنێو تورکیادا.

لەمبارەیەوە زۆربەی چاودێرانی سیاسی تورکیا پێیانوایە بێدەنگی سوپا لەبەرامبەر هەندێ لەکارەکانی حکومەتی تورکیا بەبۆنەی هەبوونی بەڵگەیە لەدژی سوپای تورکیا. بۆیە بەخشینی پۆستی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا

بەباشـــبوگ جورێک لەرێککەوتنی ســـوپا و حکوومەت بووە بۆ کونترۆڵکردنی بارودۆخی ناوخۆیی سوپا.

جێی باسە، لەئۆپەراسیۆنێکی دەستگیرکردندا کە پێشتر لەلایـــەن هێزەکانی پۆلیســـی حکومـــەت ئەنجامدرابوو ژمارەیەکـــی زۆر لەرۆژنامەنـــووس و سیاســـەتمەدار و فەرماندەی ســـوپا بەتۆمەتی هەوڵـــدان بۆ کودەتایەکی سەربازی دەســـتگیرکران، کە بە فایلی «ئەرگەنەکۆن» ناســـراوە، تائێستاش زۆربەی دەســـتگیراوەکان لەژێر لێکۆڵینەوەدان.

پێویســـتە بگوتـــرێ، تورکیا تـــا ســـاڵی ١٩٩٠ لەژێر کونترۆڵی پلەدارانی ســـەربازی بووە، کە لەسێ دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ و ١٩٨٠ کودەتایـــان دژی حکوومەتەکانی ئەو ســـەردەمە ئەنجامداوە. ئێســـتاش بەهاتنی AKP تورکیا رازی نییە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە تاریکانە. دوایین سەنگەری ســـوپای تورکیا باشووری رۆژهەڵاتی تورکیایە کە ســـوپا بەبیانـــووی رووبەڕووبوونەوە دژی تیرۆریزم لەو ناوچە کوردنشـــینانە چالاکە. حکوومەتی تورکیاش هەوڵدەدا بەجێبەجێکردنی پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی بەرووی کورد و پەرەپێدانی کاروانی ئاشتی و دیموکراتی دوایین سەنگەری سوپا لە تورکیا بڕووخێنێت. لەداهاتـــوودا واش چاوەڕواندەکرێ ســـوپا بۆ نێو بنکە ســـەربازییەکان پاشەکشە بکات، یان لەمودا خەلەکردنی لەکاروباری سیاســـی وڵات خـــۆی بپارێزێت کە خاڵێکی گرنگەو لەم کاتەدا کە تورکیـــا بەرەو خێزانی دەوڵەتە دیموکراسییەکانی رۆژئاوا دەڕوات لانیکەم لەم بارودۆخەدا شیمانە ناکرێت.

### چەند ژەنەڕاڵێک پلانی کودەتا دادەرێژن

لە ناوەڕاســـتی مانگی ٢٠١٠/١ رۆژنامـــەی (تەرەف)ی تورکـــی چەنـــد بەڵگەیەکی بڵاوکردەوەو باســـی لە پلانی کودەتایەکی ســـەربازی دەکـــەن کە بڕیاربوو بە سەرکردایەتی فەرماندارى پێشـــووی سوپای یەکەمی تورکیـــای ژەنـــەڕاڵ چەتیـــن دۆغان ئەنجـــام بدرێ. رۆژنامەکە ئەوەش دەخاتە روو کە دوای ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٢ پارتی داد و گەشـــە پێـــدان (AKP) حوکمڕانی تورکیای گرتە دەســـت، پلانی کودەتا داڕێژراوەو ناوی لێنراوە (باڵیۆز)، بەمەبەســـتی زەمینە خۆشکردن بۆ جێبەجێکردنی کودەتاکە ســـەرەتا هـــەردوو مزگەوتی گـــەورەی شـــاری ئەســـتەنبوڵ (بایەزید و ســـوڵتان ئەحمـــەد) بۆردومان بکـــرێ، دواتر لەڕێی شـــەڕ پێ فڕۆكـــەی ئاسمانی ئیرانێکی دژوار لەگەڵ یۆنان دروستبکرێ، ئەگەر پێویســـت بـــکات فڕۆکەیەکـــی جەنگی تورکی لەدەریای (ئیجە) بخرێتە خوارەوەو یۆنانی پێ تاوانبار بکرێ، لەناوخۆش رەوشێکی ئاڵۆز دروستبکرێ، هەموو ئەمانـــەش بۆ شـــەرمەزارکردنی حکومەتەکەی AKP، نیشـــانبدرێ کە AKP ناتوانێ حوکمڕانی وڵات بکات، رۆژنامەکـــە باس لەوەش دەکات کـــە ٥ هەزار لاپەڕەو چەندیـــن تۆماری دەنگـــی و فیلمی ڤیدیـــۆ و دەیان نەخشەی دەسکەوتووە، ئەمە جگە لە لیستێکی (١٧٣) کەسی ئەوانەی کە هاوکاری پلانەکە دەکەن، لیستێکی دیکـــەش بەناوی ئـــەو نووســـەر و رۆژنامەوانانەی کە پێویستە دەستگیربکرێن کە زۆربەیان لایەنگری رەوتی لیبراڵ و چەپی دیموکراتخوازن وەک (ئەحمەد ئاڵتان)



وێنە: Day life

سەرنووسەری ڕۆژنامەی (تەڕەف) جەنگیز چاندار، ئۆڕاڵ چاڵشلار، حەسەن جەمال، چەندین نووسەری ئیسلامی نزیک لەئەردۆگان.

## سوپا بە توندی هەواڵەکە ڕەتدەکاتەوە

ڕۆژی ٢٠١٠/١/٢٥ ئیلکەر باشبوگ سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا لەوەلامێکی هەڕەشەئامێزدا ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە سوپا مزگەوتەکان بکاتە ئامانج، گوتی «هەواڵی درۆ کارەسات و ئاژاوە دروستدەکات، ئەوڕۆ لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بەڕاستی هەیە، ئەو سوپایەی کە بەردەوام هاوار دەکات ئەڵلا..ئەڵلا.. ئەستەمە مزگەوتەکان بکاتە ئامانج»، گوتیشی «لەوانەیە ئەو بەڵگانەی دەست ڕۆژنامەوانەکان کەوتوون شێوێنرابن، ئێمە لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر دەکەین، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە ڕاست بن». لەلایەکی دیکەوە دوو ئەفسەر کە پێش تەواوکردنی ماوەی خزمەتی سەربازی لەلایەن ئەنجومەنی شواری سەربازی خانەنشینکراون قسەکانی (باشبوگ)یان بەدرۆخستەوە، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (وەقت) گەورە ئەفسەری خانەنشینکراو مستەفا حاجی مستەفا ئۆغلۆ گوتی «من ١٠٠٪ دڵنیام کە پلانی کودەتای (باڵیۆز) ناونراوە ڕاستە، چونکە لەچەند کۆبوونەوەیەک بەشداریم کردوەو قسە لەسەر پلانێکی بەو جۆرە کرا، کۆبوونەوەکان زۆر بەنهێنی ئەنجامدەدران»، حاجی مستەفا ئەوەش دەخاتەڕوو کە بەبێ پاڵپشتی هەردوو کۆمەڵەی نەتەوەیی و توندڕەو (بیری ئەتاتورک، ژیانی هاوچەرخ) کەس ناتوانێ لە سوپا ببێتە فەرمانبەر.

لەلایەکی دیکەشەوە شاهێدێکی نهێنی بەناوی (ئیفیە) لەدانپێدانانەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو کۆبوونەوانەی لەنێوان مانگی کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠٠٩ بەسەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ سالدیرای بیرک (سالدیرای بیرک فەرماندازی سوپای ٣ی تورکیایە و بە ئەندامێتی لەڕێکخراوی ئەرگەنەکۆن تاوانبار کراوە، بەڵام تا ئێستا دەستگیرنەکراوە و بەردەوامە لەسەر کارەکەی) سازکران، چەند بڕیارێکی گرنگی وەرگرت، لەوانە: دوای ٢ مانگ لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ٢٩ی ئادار کودەتا ئەنجامبدرێ، ئەگەر ئەم هەنگاوە سەرینەگرت، تەواوی لایەنگرانی فەتحوڵڵا گویلەن لەناو سوپا دەربکرێن. بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرا بووە کە ئەو کۆبوونەوانە لەشاری ئەززنجان بەستراون کە (ئیفیە) کاربەدەستێکی باڵای ئەو شارەیە. دەربارەی هەمان بابەت ڕۆژنامەی (زەمان)ی تورکی ئاماژەی بەوە کردووە کە لەکۆبوونەوەکانی دارشتنی پلانی کودەتا کە ١٦ دادوەر، ٢ داواکاری گشتی و چەند سەرکردەیەکی ژووری عەمەلیاتی سەرۆکایەتی ئەرکان بەشداریانکردووە، ئامادەبووان لەو بڕوایەدابوون کە سەرکەوتنی چاوەڕوانکراوی AKP لەو هەڵبژاردنە پەرلەمانیەی کە لەساڵی ٢٠١١ سازدەکرێ، هەڕەشەیەکی ناوخۆیە بۆ سەر سیستمی عەلمانی تورکیا، بۆیە دەبێ بەر لەمە بگیرێ، لەم چوارچێوەشدا گفتوگۆ لەسەر پلانی کودەتاکە کراوە.



Day life :وێنە



فۆتۆ: Day life

### سوپا چاودێریکردنی خەرجیەکانی ڕەتدەکاتەوە

سوپای تورکیا بەتوندی پڕۆژە یاساکەی حکومەتی AKP ڕەتدەکاتەوە کە داوادەکات دادگای باڵای تێهەڵچونە چاودێری سەرجەم خەرجیەکانی سوپا بکات.

سەرچاوەیەک لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا بەرۆژنامەی (رادیکال)ی ڕاگەیاند کە پڕۆژە یاساکەی حکومەتی AKP کە داوا دەکات دادگای باڵای تێهەڵچونەوە چاودێری خەرجیەکانی سوپا بکات، لەنێو دامەزراوەی سەربازیدا کاردانەوەی توندی لێکەتۆتەوە، بە پاساوە ئەوەی کە دادگای ناوبراو نابێ پلانە نهێنیەکانی سوپا بزانێ وەک کڕینی چەند کەشتیەکی ژێر ئاو، یان جێبەجێکردنی هەر پڕۆژەیەکی بەرگری.

### بەڵگەنامەی MGK. دەستووری دووەمی تورکیا!!

بوونی خاڵێکی یاسایی لەبەڵگەنامەی ئەمجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیادا، ناکۆکی و مقۆمقۆیەکی زۆری لەنێوەندە قانوونی و سیاسییەکانی تورکیا نایەوە، ئەم خاڵە ماف بەهێزە چەکدارەکان دەدات بەوەی هاوبەشێکی بنەڕەتی حکومەت بێت لەدەرکردنی بڕیارە سیاسییەکاندا، هەموو ئەم دەسەڵاتەش لەبەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەییدا هاتووە. ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەن سوپاوە ئامادەکراوە و ڕەجەب تەیب ئەردۆگان-ی سەرەکوەزیران ئیمزای لەسەر کردووە. ئەم بەڵگەنامەیە ستراکتۆری کۆڵەگەکانی سیستمی ڕەنگڕێژ کردووە و کەس بۆی نییە لێی لابدات، لەمبارەیەوە پرۆفیسۆر مستەفا ئەردۆگان لەزانکۆی هاجەتەپە پێیوایە ئەگەر پارتی داد و گەشەپێدان AKP ئارەزووی لێبووایە ئەوا ئەو ماددەیەی دەستووری لادەبرد، کە پێوەندی بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە. بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا کار لەکارترازە و حکومەتیش ڕەزامەندی لەسەر نیشانداوە. «ئیدی بەمشێوەیە حکومەتی مەدەنی پەتی سێدارەی خستووەتە ملی خۆی».

مستەفا ئەردۆگان ڕوونیدەکاتەوە، کە ئەم بەڵگەنامەیە زۆر هەمەگیرە و وەکو دەستووری دووەمی وڵات وایە. سوپا ئامادەی کردووە و پارتی داد و گەشەپێدانیش هەوڵدەدات ئەم هەقیقەتە لەڕای گشتی بشارێتەوە و هیچ شتێک نەکات پێچەوانەی بڕگەکانی ئەم بەڵگەنامەیە بێت. هیچ گۆڕانکارییەک لەیاساکاندا ناکات ئەگەر لەگەڵ بڕگەکانی بەڵگەنامەکەدا ناکۆک بن، بە پێچەوانەوە گۆڕانکاری لەهەر پێشنیارێک دەکات کە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە پێشکەشی ئەنجومەن کرابن گەر بێتوو پێشنیازەکان پێچەوانەی بڕگەکانی بەڵگەنامەکە بن و وایان ڕێکدەخەن کە لەگەڵ بڕگەکانی بەڵگەنامەکەدا کۆک بن. «بۆیە سەرنجدەدەین پارتی داد و گەشەپێدان لەجیاتی ئەوەی گۆڕانکاری ریشەیی لەدەستووردا بکات بۆئەوەی سیستمێکی ئازاد و دیموکراتیانەی باشتر لەتورکیا بنیاتبنرێت، دەچێت هەندێک دادوەر و پیاوانی یاسا لەدامەزراوەی دادوەری دەگۆڕێت لەپاڵ گۆڕینی هەندێک بیرۆکراتدا، ئەمەش پێچەوانەی داخوازییەکانی هاوڵاتیانی تورکیایە کە دوای کەمکردنەوەی ڕۆڵی سوپا لەژیانی سیاسی و ئیداری تورکیا دەکەن».



وێنە: Day life

## AKP و هەموارکردنی دەستوور

دەستووری ئێستای تورکیا دوای کودەتای سەربازی ١٩٨٠ دانراوەو لەساڵی ١٨٩٢ خراوەتە ڕاپرسییەوە، AKP لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەساڵی ٢٠٠٧ هەموارکردنی دەستووری کردبووە خاڵێکی سەرەکی لەبەرنامەکەی. تاڕادەیەک داهاتووی ئەو حزبەش بەندە بەو خاڵە کە تاچەند دەتوانێ لەگۆڕینی چەند بڕگەیەکی دەستوور سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، ئەگەر AKP بتوانێ تا پێش هەڵبژاردنی ٢٠١١ ئەمە بکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەتوانێ لەو هەڵبژاردنەش زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان بباتەوە. لەپەرلەمانی ئێستای تورکیا AKP ٣٣٧ ئەندامی هەیە بۆ تێپەڕکردنی پرۆژەی هەموارکردنی دەستووریش پێویستی بە سێ لەسەر چوار (٤/٣)ی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان هەیە کە دەکاتە ٣٦٧ دەنگ. بۆیە بەتەنیا ناتوانێ ئەمە بکات و پێویستی بەدەنگی حیزبەکانی دیکە هەیە.

هاوکات لەگەڵ چاوەڕوانیەکانی رای گشتی ناوخۆ و وڵاتانی ئەوروپا، هەوڵەکانی حکومەتەکەی AKP بۆ هەموارکرنەوەی ژمارەیەک لە مادده و بەندەکانی دەستوری تورکیا بەردەوامی هەیە.

بەمەبەستی گفتوگۆکردن بۆ وەرگرتنی پشتیوانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، هەرەیەکە لە جەمیل چیچەک، جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا و سەعدوڵڵا ئەرگین، وەزیری داد و بەکر بۆزداغ، سەرۆکی فراکسیۆنی AKP لەپەرلەمانی تورکیا سەردانی BDP و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تری تورکیای کرد.

دوای سەردانێکیشیان بۆ لای BDP، ئایلا ئەکات ئاتا، سەرۆکی فراکسیۆنی BDP لە پەرلەمانی تورکیا بەکەناڵەکانی راگەیاندنی راگەیاند: «پارتەکەیان پشتیوانی لە هەمواردنەوەی ئەو رەشنووسەی دەستوور دەکات، کە خۆی لە ٢٠ خاڵ و بەنددا دەبینێتەوە«.

ئاکا ئاماژەی بەوەشکرد: «لەبارەی هەموارکردنی دەستووری تورکیاوە، پارتەکەیان هێڵی سووری هەیە و لەچەند رۆژی داهاتودا تێگەیشتی خۆی لەوبارەیەوە ئاشکرادەکات». گوتیشی: «دەستووری تورکیا لەگەڵ داخوازییەکانی کۆمەڵگادا ناگونجێت و هەموارکردنی دەستووری تورکیا کارێکی گرنگە«.

جێی باسە، دوای کۆبوونەوەی سەرۆکوەزیر ئەردۆگان لەگەڵ راوێژکارە قانوونزانەکانی خۆی، جێگری گروپی ئاک پارتی بەکر بۆزداگ روونیکردەوە کە کارەکانی گۆڕینی دەستوور کۆتاییهاتووە، ئەوان ئەو کارە لەماوەیەکی نزیکدا، پەیوەست بەم مژارە، ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا بڵاویانکردەوە، رەشنووسی هەموارکردنی دەستووری وڵات کە خۆی لە ٢٠ خاڵدا دەبینێتەوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم: قورسکردنی مەرجەکانی داخستنی حزبە سیاسییەکان، بەشێوەیەک کە داواکاری گشتی مافی کردنەوەی دۆزی داخستنی هیچ پارتێکی نەبێ، بەڵکو مافی داخستن بدرێتە دادگای دەستووری، ئەویش بەو

مەرجەی ئەو حزبە بەشـــێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەنای بۆ توندوتیـــژی بردبێت. داخســـتنی هەر حزبێکیش پێویســـتی بە پەســـەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە دەبێت.

دووەم: ژمارەی ئەندامی دادگای دەســـتووری لە ١١ ئەندامـــەوە بکرێتە ١٧ ئەنـــدام و هەندێکیان لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری بکرێت.

ســـێیەم: ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی قەزا بکرێتە ٢١. بەشـــێوەیەک لیژنەی بـــاڵای دۆزگەر و دادوەران سەر لەنوێ ڕێکدەخرێتەوە. سەرۆک کۆمار و سەرۆکی حکومەتیـــش دەتوانن چەند ئەندامێـــک لەو لیژنەیە دابمەزرێنن.

چـــوارەم: ڕێگەدان بـــە پێداچوونـــەوەی بڕیارەکانی لیژنەی باڵای دادوەر و داواکاری گشتی و ئەنجومەنی باڵای سەربازی.

پێنجـــەم: دانانـــی بەندێکـــی دەســـتووری تایبەت بەدادگاییکردنـــی ســـەربازەکان لەلایـــەن دادگا مەدەنییەکان.

شەشەم: دووبارە دامەزراندنی سیستەمی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت.

حەوتەم: دانانی بەمافی فەرمانبەران بۆ دروستکردنی سەندیکا و ڕاگەیاندنی مانگرتن.

هەشـــتەم: ڕێگەدان بە داگاییکردنـــی ئەنجامدەرانی کودەتای سەربازی.

نۆیـــەم: دەزگای ئۆمبودســـمانی دەبێتە بە قانوونی دەکرێت.

دەیەم: بەشـــێکی تـــری ڕەشنوشـــی حکومەتەکەی ئەرۆدغان بۆ هەموارکردنی دەستور خۆی دەبینێتەوە لەکەمکردنەوەی جیاوازیە ڕەگەزییەکانی نێوان پیاو و ژن و گرنگیدان بە مافەکانی منداڵان.

جێـــی وەبیرهێنانەوەیـــە، کـــە یەکێتـــی ئەوروپـــا ئەنجامدانی ڕیفۆرمـــی لەدامەزراوەی دادوەری تورکیا کردۆتـــە مەرجێکی ســـەرەکی لەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتیەکـــە، بەپێی دوا ڕاپۆرتـــی ئەورووپا دادگای دەســـتووری و ئەنجومەنی دادوەری لەتورکیا بێلایەن نین و سەربەخۆ کارناکەن.

چاودێرانی سیاســـیش ئاماژە بەوەدەکـــەن، بەهۆی ئەوەی کە هەموارکردنی دەستووری تورکیا پێویستی بـــە ٣٦٧ دەنگ هەیە و ئەو ژمارەیەش زۆر زیاترە لە ڕێژەی کورســـییەکانی پارتی دادو گەشەپێدان لەناو پەرلەمانـــدا کە ٣٣٧ کورســـییە، بۆیە هەموارکردنی دەســـتوری تورکیا کارێکی ســـەخت دەبێت و تاکە ڕێگەی گۆڕانکاریشـــی لە دەســـتوردا، پەنابردنە بۆ سازکردنی ریفراندۆمی گشتی لەوڵاتدا.

### هەڵوێستی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن سەبارەت بەهەموارکردنی دەستوور

پارتـــی گەلی کۆماری (CHP) کـــە خۆی بەمیراتگری کەمالیزم دادەنێت، وەکو هەڵوێســـتی بەردەوامی دژی هەموارکردنی دەســـتوورە، پێیوایە گۆڕینی دەســـتوور زیـــان بە یەکپارچەیی وڵات و سیســـتمە عەلمانیەکەی دەگەیەنێت. لەم ســـەروبەندەدا دەنیز بایکاڵ سەرۆکی CHP، ڕەجـــەب تەیـــب ئەردۆغانی ســـەرۆکوەزیری تورکیای داوەتی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کرد.

بایـــکاڵ لە کۆنگرەی پارتەکەی لە شـــاری سامســـۆن داوای لە ســـەرۆکوەزیری تورکیا کرد، ئەگەر لە خۆی رادەبینێت بۆ تاوتوێکردن و باسکردنی گۆڕانکاریەکانی دەســـتوور با لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ڕووبەڕووی یەک ببینەوە.

دەنیز بایکاڵ کە بە یەکێک لە ڕەخنەگرانی ســـەرەکی حکومەتەکەی ئەردۆغان دادەنرێت، گوتیشی: «خەڵک پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی زیاترە لە سەر پێشنیارەکان بۆ گۆڕانکاری لە دەســـتوور دا». بایکاڵ ئاشکرایکرد: «ئەوان پشـــتگیری بۆ هەموارکردنی دەســـتوری وڵات لەلایەن پارتەکەی ئەردۆغانەوە دەرنابڕن».

جێی باســـە، ڕۆژی ٢ی نیسان لەشـــاری وان لەکاتی دەســـتپێکردنی کۆنگرەی پارتەکەیـــدا، دەنیز بایکاڵ لەلایـــەن ژمارەیـــەک هاوڵاتیەوە درایە بـــەر هێلکە و لەلایەن هاوڵاتیانی کوردەوە پرۆتستۆ کرا.

هەرچـــی پارتـــی بزووتنـــەوەی میللـــی (MHP)ی نەژادپەرستیشـــە، لەگـــەڵ ئەوەدایـــە هەموارکردنەکە لەســـەر دەســـتی پەرلەمانی داهاتـــوو ئەنجامبدرێ، نەک پەرلەمانی ئێســـتا. پارتی ئاشـــتی و دیموکراسی (BDP) کـــە نوێنەرایەتی کوردەکانی تورکیا دەکات و ٢٠ کورســـی لەپەرلەماندا هەیە، بەمەرجێک پشتگیری لەهەموارکردنەکە دەکات، ئەگەر ئەو بەربەســـتەی بۆ حزبەکان دانراوە تا بگەنە پەرلەمان کە ڕێژەی ١٠٪یە، لەلایـــەن پەرلەمان کـــەم نەکرێتەوە، ئـــەوا دەنگ بۆ پرۆژەکە نادەن. لێـــرەوە بەدیار دەکەوێ کە AKP لە زۆر لاوە ڕووبەڕووی کۆسـپ و تەگەرە بۆتەوە. لایەنی کـــوردی داوای گۆڕینی دەســـتوور و داننـــان بە مافە نەتەوەییـــەکان و خوێندن بە زمانـــی کوردی دەکات، لەبەرامبەردا دامەزراوەی ســـەربازی ئـــەم داواکاریانە بەمەترســـی بۆســـەر یەکپارچەیـــی خاکـــی تورکیا و ئایدۆلۆژیـــای کەمالیزم لەقەڵەمـــدەدات و ئەوەندە بە ئاسانی مل بۆ ئەم داواکاریانە کەچ ناکات، هەر ئەمەشە وایکردووە کە حکومەتەکەی AKP تووشی تەنگژەیەکی دژوار ببێتەوە و نازانێ چۆن چارەســـەری ئەم گرفتانە بکات!.

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

# پرسی کوردستان و سیاسەتی دەوڵەت

فەتاح کاراگۆز- ئەنقەرە



گۆتە، بیرمەندی بەناوبانگی ئەڵمانی، دەڵێ «کۆمەڵگەکان ئەگەر رابردووی خۆیان نەزانن، ناتوانن داهاتوویان بونیاتبنێن». لەبەر ئەمەش، ئەگەر ئێمە بمانەوێ کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانمان چارەسەر بکەین، دەبێ بە وردی قۆناخە پڕ لە نەهامەتی و چەرمەسەرییەکانی کورد هەڵبسەنگێنین. لێرەدا لێپرسینەوە و دادگەییکردنی هەندێک کەس ئامانج نییە، بەڵکو ئاشکراکردنی نادادوەری و سیاسەتە چەوتەکانە کە بە وەرگرتنی پەند و وانە لێیان، بتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین.

ئێمە، کۆنترین و دێرینترین خەڵکی ئەم جوگرافیا و خاکەین. باب و باپیرانمان لێرە ژیاون، هەر لەسەر ئەم خاکەش درێژە بە ژیانمان دەدەین. خاکی کەسی دیکەمان داگیر نەکرد و نەمانخستە سەر هی خۆمان، زمان و کولتووری کەسی دیکەمان ئینکار نەکرد، ناسنامە و مێژووی کەسی دیکەمان رەت نەکردەوە و لە هەمووی گرینگتر، مافی خەڵکی دیکەمان زەوت نەکرد، دابەشمان نەکردن و بەڕێوەمان نەبردن. دەوڵەتەکانی ناوچەکە بە یارمەتی هێزە رۆژئاواییەکان، زۆر بە سانایی زمان، کولتوور و مێژووی منیان رەت کردەوە، بەوەش نەوەستان و لەسەر خاکی خۆم، پارچە پارچەیان کردم و مافی ژیانیان لێ سەندم. پێویستە ئەوە پرسیار بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

دەوڵەتە رۆژئاواییەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا زۆر لە نزیکەوە پەیوەندییان لەگەڵ کورد هەبوو. لێکۆڵینەوەی گەشتیارە رۆژئاواییەکان زۆر بە روونی دەربڕی ئەوەن. سەرەڕای ئەوەی زۆر بە باشی کوردیان دەناسی، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، ئینگیلتەرا، فەرەنسا، رووسیا و ئیتالیا، لە نێوان خۆیاندا بە شاراوەیی کۆمەڵێک رێککەوتنیان لەسەر کورد کرد. نەتەوەیەکگرتووەکان کە بەرگریی لە مافی چارەی خۆنووسیی گەلان دەکات، لە ئاست کورددا چاوی لە سەرکوتکاریی دەوڵەتانی رۆژئاوا پۆشی. بەرچاوترین نیشانەی ئەمەش، پەیمانی لۆزانە کە تێیدا کوردستان کرایە چوار پارچە و پرسەکە، بووە کێشەیەکی سیاسیی نێودەوڵەتی.

کەمالیستەکان کە لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری تورکیا دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، لە چوارچێوەی بەتورککردنی ئاناتۆلیدا، بوونی کورد رەت دەکەنەوە و تاکلایەنانە بیر دەکەنەوە. لە هەمان کاتدا رژێمی بەعسیی عێراق و سووریاش، لە روانگەیەکی رەگەزپەرست و شۆڤێنانەوە لە کێشەی کوردیان روانیوە. بەم شێوەیەش سیاسەتی ٩٠ساڵەی تورکیا و دەوڵەتانی ناوچەکە لەسەر بنەمای ئینکار و رەتکردنەوەی گەلی کورد بووە. بە هۆی رەتکردنەوەی لایەنی بەرامبەر و دروستکردنی ئاستەنگی سەربازی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەروەها خواستی دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوە، خەباتی کورد و دیموکراسی، زۆر ئەستەم و خوێناوی بووە.

بە داخەوە تورکیا و دەوڵەتانی ناوچەکە هێشتا لە راستای بەردەوامیی ئەم رەوشە، سیاسەتی خۆیان دادەڕێژن. بەتایبەتی لە سیاسەتی تورکدا رێسایەکی نەگۆڕ هەیە؛ لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ خاکی تورکیا، حاشا لەو گفتانەیان دەکەن کە لە گەشتە سیاسییەکانیاندا بەپێی هەلومەرجی رۆژ لە زەوی یان لە ئاسمان داویانە. لەبەر ئەمەشە کە جێگەی بڕوا نین. لە رابردووشدا بەم شێوەیە بوونە، ئێستاش نیشانەیەکی گۆڕانکارییان پێوە دیار نییە. سەرەڕای ئەوەی ساڵێک بەسەر گوتەکەی عەبدوڵڵا گویلی سەرۆک کۆماردا کە لە ئێران گوتبووی «لە مەسەلەی کورددا شتی باش روو دەدات»، تێپەڕیوە، هێشتا هیچ هەنگاوێک نەنراوە و ئەمەش لای کوردەکان، رەشبینی و بێ بڕوایی دروست کردووە.

لە هەمان کاتدا، سەرەداوی ئەوەیان داوەتە دەست کە بە چ شێوەیەک دەیانەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکەن. دووبارە لە سەردانەکەی ساڵی رابردووی عێراقدا، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ تورکیا، رەتکردنەوەی دەستەواژەی کوردستان و هەر لە فڕۆکەدا وەک هەڕەشەیەک بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتنی «ئەگەر قەندیل لە پەکەکە پاک نەکەنەوە، ئێمە وەک ناوچەی بەتاڵ لە ژیان رایدەگەیەنین و ئەوەی پێمان بکرێ دەیکەین»، دەربڕی روانگەکەیانە. دەوڵەت بە ئەنقەست کێشەی کورد و کوردستان بە پەکەکەوە سنووردار دەکات و ناوەڕۆکەکەی پووچەڵ دەکات. سنووردارکردنی کێشەکە بە مەسەلەی تیرۆر، نیشاندەری ئەوەیە.

دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، کێشەی نەتەوەیی پارچەی باشووری کوردستان بۆ یەکەم جار لە مێژوودا گەیشتە چارەسەرێک و سیستەمێکی فیدراڵیی نوێ هاتە ئاراوە. لە کوردستانی فیدراڵدا، بەتایبەت لە چەند ساڵی دواییدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی زۆر گرینگ روویانداوە. بێگومان ئەم پێشکەوتنانە، کاریگەریی گەورەیان لەسەر دیموکراسیی وڵاتانی ناوچەکە دەبێت. هێڵە سوورەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە، بە هەوڵە دیموکراتیکەکانی حکوومەتی کوردی لەم پارچەیەدا، پووچەڵ بوونەتەوە. سیاسەتی ٩٠ ساڵەی لەناوبردن، رەتکردنەوە و ئاسیملەکردن، برەوی نەماوە و ترسی «ئێمەش دەگرێتەوە»، ئەوانی خستووەتە حاڵەتی بەرگریکردن.

ئەو سیستەمە دیکتاتۆرانەی خوازیاری مانەوەی رەوشی هەنووکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق بە داگیرکاری ناو دەبەن. لە کاتێکدا کە تەواوی گەلانی دنیا مافی بەدەوڵەتبوونیان هەیە، کەچی بە بیانووی ئەوەی کە ئیسرائیلی دووەم دروست نەبێت، ئەوە بۆ کورد بە مەترسی دەزانرێت، وا بزانم ئیتر ئەو کەسانەی بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە، لای هەموو کەس ئاشکرا بوونە. ئامانجیشیان ئەوەیە کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەناو ببەن.

ئەم بیرۆکانە، لە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی ناوچەکەدان. پەکەکە لەگەڵ ئەوە نییە کە پرسی کورد لەسەر بنەمای نەتەوەیی چارەسەر بکرێت. عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پەکەکە کە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدایە، لایەنگری بیرۆکەی کەمالیزم و کۆماری دیموکرات و کۆنفیدرالیزمی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە ئەوەش لە بەرژەوەندیی گەلی کورددا نییە. دەوڵەت و راگەیاندنی تورکی، نایانەوێ جگە لە پەکەکە، هیچ کوردێکی تر بە بەرامبەر وەربگرن، چونکە بەهێزبوونی هەر لایەنێکی کوردی دیکە، لە بەرژەوەندیی دەوڵەتدا نییە.

کورد، خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەندە، گرینگ ئەوەیە کە وانە لەو مێژوویە وەربگیرێت و بڕیاری سیاسیی راست بدرێت.

## وتووێژی تورکیاناسی لەگەڵ حوسێن چەلیک، جێگری سەرۆکی AKP

# «تۆمەتبارکردنی تەواوی سوپای تـ
# پیلانی کودەتای باڵیۆز، راست



# ـوركيا به هۆى
# نييه»



**لە تورکیا ڕێکخراوی ئەرگەنەکۆن و ئۆپەراسیۆنەکانی دژی ئەو ڕێکخراوە لە ڕۆژەڤی سیاسی نایەتە دەرەوە. لە بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنەکاندا باڵی جیاوازی ڕێکخراوەکە ئاشکرا دەبن و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی دادگەیی دەکرێن. لە ماوەی کۆتاییشدا، پیلانی کودەتای باڵیۆز، وەک یەکێکی دیکە لە پلانەکانی ئەو ڕێکخراوە خرایە ڕۆژەڤەوە. لە بارەی پیلانی کودەتای باڵیۆز و کۆمەڵێک خاڵی پەیوەست بە ڕەوشی تورکیا، پرسیارەکانمان ئاراستەی دکتۆر حوسێن چەلیک، وەزیری پەروەردەی تورکیا و جێگری سەرۆک ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لەپارتی داد و گەشەپێدان کرد.**

پرۆفیسۆری یاریدەدەر، دکتۆر حوسێن چەلیک ساڵی ١٩٥٩ لە شارۆچکەی گورپناری سەر بە وان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٨٣ لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی ئیستانبوڵ دەرچووە. لە هەمان ساڵدا، لە زانکۆی Yüzüncü Yıl (سەدەمین ساڵ) وەک یاریدەدەر دامەزرا. ساڵی ١٩٨٧ بوو بە کادیری زانکۆی ئیستانبۆل. ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩١ بە مەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانی دکتۆرا، لە بەریتانیا بوو. هەر لەو ساڵانەدا، لە School of Oriental and African Studies سەر بە زانکۆی لەندەن، لە بەشی سیاسەتی تورکیا، درێژەی بە خوێندنی ماستەر دا. هەروەها لەو ساڵانەدا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵەی عوسمانییە نوێیەکان کە لەو ساڵانەدا وەک یەکەمین ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی لە تورکیا دەرکەوتبوو، سەردانی بەلجیکا، هۆڵەند، ئەڵمانیا، نەمسا، سویسرا، ئیتاڵیا و فەرەنسای کرد. ساڵی ١٩٩١ دکتۆرا، ساڵی ١٩٩٢ یاریدەدەری مامۆستا و ساڵی ١٩٩٧یش پلەی یاریدەدەری پرۆفیسۆری وەرگرت. دواتریش لە زانکۆی Yüzüncü Yıl بوو بە ستافی وانەوتنەوە و کاتێک کە سەرۆکی بەش بوو، لە هەڵبژاردنی ١٨ی نیسانی ١٩٩٩، وەک نوێنەری وان لە هەڵبژاردنەکاندا دەرچوو. چەلیک ١٠ کتێبی لەبارەی مێژوو، کولتوور و ئەدەبیاتی تورکیا نووسیوە و ژمارەیەکی زۆر وتاریشی لە بارەی مەسەلە واقعییەکانی وڵاتدا بڵاو کراوەتەوە.

ئەندامی دامەزرێنەری پارتی داد و گەشەپێدانە. لە خولی ٢١ و ٢٢ی پەرلەماندا، نوێنەری وان بووە. لە خولی ٢١ەمی پەرلەماندا ئەنجامی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بوو. لە ٥٨ەمین حکوومەتدا وەزیری ڕۆشنبیری و لە ٥٩یەمین حکوومەتیشدا، وەزیری پەروەردە بووە. لە ٦٠ەمین حکوومەتیشدا دووبارە کرایەوە وەزیری پەروەردە. حوسێن چەلیک، لە ئاستێکی بەرزدا ئینگلیزی دەزانێت و خێزاندارە و سێ منداڵی هەیە.

<<<

**لە هەموو دامەزراوێکدا، کەسانێک هەن کاری هەڵە دەکەن. ئەو کەسانە دەبێ بدۆزرێنەوە و سزا بدرێن، جیا لە کودەتای باڵیۆز، زۆر کردەوەی نایاسایی هەندێک لە کاربەدەستانی سوپا لەم ماوانەی دواییدا ئاشکرا بووە**

**❖ ماوەیەکی درێژە پلانڕێژی «کودەتای باڵیۆز» ڕۆژەڤی تورکیای داگرتووە. بەتێڕوانینی ئێوە باڵی سەربازی لەتورکیا هیچ پلانێکی لەمجۆرەی هەبووە؟**

– پیلانی کودەتای باڵیۆز، وەک ئەو شێوەیەی دەزانرێت دوای ئەوەی لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاو کرایەوە، ئاشکرا بوو. دوای ئەوەش لە دادگەی سەربازیدا کۆمەڵێک بەڵگەی پەیوەندیدار بە کودەتا ئاشکرا کران. بە داخەوە لە ماوەی شەست ساڵی رابردوودا، کۆمەڵێک کودەتا هەبوونە کە بەشێکیان بە ئەنجام گەیەندراون و بەشێکیشیان لە ئاستی پلانڕێژیدا ماونەتەوە.

کودەتا، نیشانەیەکی پاشکەوتوویيە. لەو وڵاتانەدا کە سیستەمی دیموکراسی و یاسا سەقامگیر بوونە، کودەتا ئەنجام نادرێت. کودەتا، زیاتر لە وڵاتە زۆر پاشکەوتووەکانی جیهانی سێیەمدا ئەنجام دەدرێت.

ڕێکخراوترین کودەتا کە لە نێو فەرماندەیی سوپای تورکیادا ئەنجام دراوە، کودەتای ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ بوو. هەندێک گرووپی دیکەش لە پشتەوەی ئەو کودەتایانەی دیکەوە بوونە کە ئەنجام دراون یان لە ئاستی پیلاندا ماونەتەوە.

تۆمەتبارکردنی تەواوی سوپای تورکیا بە هۆی پیلانی کودەتای باڵیۆز، ڕاست نییە. هەم ساڵی ٢٠٠٣ و هەم لە کاتی ئاشکرابوونی پیلانەکەدا، بەرپرسەکانی حاشایان لێ کرد و پشتگیریان لە ئەنجامدەرەکانی نەکردووە.

لە هەموو دامەزراوێکدا، کەسانێک هەن کە کاری هەڵە دەکەن. ئەو کەسانە دەبێ بدۆزرێنەوە و سزا بدرێن. جیا لە کودەتای باڵیۆز، زۆر کردەوەی نایاسایی هەندێک لە کاربەدەستانی سوپا لەم ماوانەی دواییدا ئاشکرا بووە. بکەرانی ئەمانە، ئێستا لە بەردەم دادگە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. ڕەشکردنی کەسایەتیی یاسایی سوپا بە هۆی ئەمانەوە، ڕاست نییە.

**❖ دادگای باڵای دەستووری تورکیا بۆ ئەوەی سەربازەکان لەحوکمی دادگای مەدەنی ڕزگار بکات قەبووڵی نەکرد ئەندامانی سوپا لەدادگا مەدەنییەکان دادگایی بکرێن، ئایا بارودۆخەکە بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئایا پێتوایە دادگای دەستووری ئەو بڕیارەی لەبەر مەترسی هەژموون و دەسەڵاتدارێتی AKP وەگرت؟**

– وەک دەزانرێ، ئەم مەسەلەیە، یەکێک لە بابەتەکانی گۆڕینی دەستوورە کە خراوەتە ڕۆژەڤەوە. بەداخەوە، دادگەی دەستووری کۆمەڵێک بڕیاری هەڵەی داوە کە یەکێک لە گرینگترینەکەیان، بە هۆی داوای پارتی کۆماریی گەلەوە بوو کە لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا بە ژمارە ٣٦٧ دەری کرد.

بڕیاری ٣٦٧ی دادگەی دەستووری کە بە ناوی گەلی تورکەوە دەرکرا، ئەنجامی ئەو ریفراندۆمەی ڕەت کردەوە کە لەلایەن سەدا ٧٠ی گەلی تورکیاوە ئەنجامدرابوو.

تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە کە هەر وەک لە دەستوورەکەیدا دەستنیشان کراوە، لە کۆمارێکی بیرۆکراتییەوە، بەرەو وڵاتێکی دیموکرات بڕوات. لەم قۆناخەدا، هەندێک لە دامەزراوەکان نایانەوێ واز لە سیاسەتە کۆنەکانیان بهێنن.

هەر وەک بەرچاوە، لە کۆمارە بڕۆکراتەکاندا، وا دەزانرێ کە خەڵک خاوەن ئیرادەی خۆیانن. پەرلەمانی نوێ هەیە و هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام دەدرێت. بەڵام خەڵک لە ئیدارەی وڵاتدا کاریگەرییان نییە. لە دەستووری ١٩٢٤دا هاتووە «دەسەڵات بەبێ هیچ مەرجێک هی میللەتە»، واتە گوتراوە کە دەسەڵات بەبێ هیچ مەرجێک لە دەست خەڵکدایە. لە دەستووری ١٩٦١دا، بۆ «دەسەڵات بەبێ هیچ مەرجێک هی خەڵکە، خەڵک مافی دەسەڵاتدارێتیی خۆیان، لە ڕێگەی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە بەکار دەهێنن» گۆڕا. واتە مافی دەسەڵاتدارێتیی خەڵک، درایە دەستی دادگەی دەستووری، ئەنجوومەنی دەوڵەت، دادگەی باڵا و ئەم و ئەو دامەزراو. هەڵبەتە یەکێک لەو دامەزراوانەش، پەرلەمانی تورکیایە، بەڵام هەموومان دەزانین کە چی بەسەر بڕیارەکانی پەرلەمان هاتووە.

**❖ بەگوێرەی پلانسازی کودەتاکە هەوڵدراوە ناکۆکییەکانی نێوان تورکیا و یۆنان بقۆزنەوە، هەروەها لەدوو مزگەوتی ئیستانبوڵ تەقینەوە ئەنجامبدەن یان بەفڕۆکە ئەو دوو مزگەوتە بۆردومان بکەن، ئایا پێتوایە دروستکردنی ئەو کەشە ئاڵۆزە لەتورکیا تەنها بۆ ئەوە بووە کە حکومەتی AKP لەدەسەڵات دووربخەنەوە بەو بەهانەیەی کە ئیدارەی وڵاتی پێناکرێت؟**

– بەر لە کودەتای ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠، کۆڵانەکان بۆ تیرۆریستە ڕاست و چەپەکان چۆڵ کران. بۆ ئەوەی کە ڕای گشتی بۆ کودەتاکە ئامادە بکرێت، ڕووداوەکانی قارەمان مەرعەش و چۆروم خرانە

>>>

**تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە کە هەر وەک لە دەستوورەکەیدا دەستنیشانکراوە، لە کۆمارێکی بیرۆکراتییەوە، بەرەو وڵاتێکی دیموکرات بڕوات. لەم قۆناخەدا، هەندێک لە دامەزراوەکان نایانەوێ واز لە سیاسەتە کۆنەکانیان بهێنن**

رۆژهەڤەوە. لە هەردوو شاریش، بە درۆ بڵاو کرایەوە کە «مزگەوتەکان تەقێنراونەتەوە» و بەم شێوەیە خەڵکی وروورژێندران. تەنانەت سەرۆکی کودەتاکە گوتی «ساڵێک چاوەڕێ بووین هەتا دەسەڵات پێڕابگات».

بەداخەوە لەگەڵ پیلانی کودەتای باڵیۆزیش دووبارە بە هەمان شێوە راگەیاندنی درۆ بڵاو کرانەوە. ئەگەر کودەتا لە کەشێکی ئاساییدا ئەنجام بدرێت، خەڵک دژایەتی دەکەن. بۆ ئەوەش رەوشەکە ئاڵۆز دەکرێت کە وا نیشان بدرێت حکوومەت لاوازە و دەبێتە هۆی دروستبوونی قەیرانی نێودەوڵەتی، بەم شێوەیەش بە بڕوای خۆیان لە نێو خەڵکدا زەمینە خۆش دەکرێت.

**❖ ئایا ئەوانەی پلانسازی کودەتای باڵیۆزیان کردووە، لێرە بەدواوە بەردەوام دادگایی دەکرێن یان بەو بڕیارەی دادگا تووشی لێپرسینەوە نابن؟**

– ئەگەر تورکیا بە راستی ببێتە کۆمارێکی دیموکرات، ئەو کات ئیرادەی خەڵک کاریگەریی لەسەر بڕیاردان و دەسەڵات دەبێت. هەوڵی هەندێک کەسیش لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

**❖ ئەوانەی بەڵگەنامەکەیان دەرخستووە لەلایەن سەرفەرماندارێتی سوپاوە بە خائین تاوانبار دەکرێن، ئایا بەڕاستی ئەوانەی بەڵگەیان دەرخستووە خائینن؟!**

– ئەوە ئاشکراکردنی پیلانی کودەتا نییە، ئەوپەڕەکەی راکێشانی وڵات بەرەو قەیرانە، لەم رەوشەشدا زەمینە بۆ مەشرووعییەتدان بە کودەتا خۆش دەکرێت و هەوڵدان بۆ کودەتا، خیانەت بە سوپا و وڵاتە.

**❖ بەگوێرەی پلانی کودەتای باڵیۆز حکومەتی پاش کودەتاش ئامادەکراوە، لەو نێوانەدا ناوی ریفات هیسارجکئۆغلۆ سەرۆکی (TOBB) دێت، ئەمە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

– دەرخستنی رۆڵ لە پشتەوەی مرۆڤەکان بە شتێکی ئەخلاقی نازانم، بەتایبەت ئەگەر ئەو رۆڵانە نایاسایی بن. بەڕێز هیسارجکئۆغلۆ وەڵامی ئەوەی دایەوە و کودەتای بە خیانەت لەقەڵەم دا. بەڵام لە کابینەی کودەتادا ناوی زۆر وەزیر هەن کە زۆر لەوێ دێنەوە!

**❖ ئایا لەتورکیایەکەی وەهادا، کورد تاچەند نزیکی ئاشتی و سەقامگیرین؟**

– پارتی داد و گەشەپێدان بە شێوەیەکی زۆر دڵسۆزانە دەیەوێ کێشەی خوێن و شەڕی براکوژی بوەستێنێت. قۆناخی کرانەوەی دیموکراتیک، لە ئەنجامی ئەو سەمیمییەت و ئیرادە سیاسییەوە کەوتووەتە رۆژهەڤەوە.



لە بیرکردنەوەی «کورد نییە، زمانێک بە ناوی کوردی بوونی نییە» کە پێشتر لە تورکیا هەبوو، ئێستا ٢٤ سەعات پەخشی تەلەڤزیۆنی بە زمانی کوردی هەیە. ئەمەش پێشکەوتنێکی زۆر گرینگ و بەواتایە.

پارتی بزووتنەوەی رەگەزپەرست و پارتی ئاشتی و دیموکراسی کە هەردووکیان لەسەر بنەمای ئەتنیکی سیاسەت بەڕێوە دەبەن، بە هەوڵدان بۆ بێنرخکردنی یەکتری، زیان بە رەوشەکە دەگەیەنن. لە کاتێکدا کە بەتایبەتی پارتی ئاشتی و دیموکراسی دەبێ هەوڵێکی زۆر لە پێناو ئەو قۆناخەدا بدات. پارتی کۆماریی گەلیش دیارە، خۆی بە پارێزەری رەوشەکە دەزانێت.

پارتی داد و گەشەپێدان کە هەم لەلایەن کوردەوە و هەم لەلایەن تورکەکانەوە پشتگیری لێدەکرێت، لە ٧ هەرێمی وڵات بە یەکەم دەرچووە کە ئەمەش لە چارەسەرکردنی ئەو پرسانەدا بەختێکی زۆر گەورەیە.

هەموو کەس دەبێ پشتگیریی لەو هەنگاوانە بکات کە بە نییەتێکی باشەوە دەهاویشترێن. بە پێچەوانەشەوە، دایکەکان لە گریان بەردەوام دەبن و منداڵەکانیش بە بۆنی خوێن و بارووت گەورە دەبن. ئەگەر لەو مەسەلەیە خۆمان بە دوور نەگرین، کوردەکان کە تا ئێستا زیانبەرکەوتووی یەکەمی ئەو شەڕ و پێکدانانەن، هەر بەم شێوەیە دەمێننەوە.

ئەگەر شەڕ و پێکدادان وەک بەشێک لە ژیانی لێ بێت، ئەو کەسانەی نان لەو رەوشە دەخۆن، نایانەوێ شەڕ و پێکدادانەکان تەواو بن. پێموایە ئێمە بە لانی کەمەوە خۆمان لە چارەسەری، ئاشتی و سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی برایەتی بەدوور نەگرتووە.

<<<

**پارتی بزووتنەوەی رەگەزپەرست و پارتی ئاشتی و دیموکراسی کە هەردووکیان لەسەر بنەمای ئەتنیکی سیاسەت بەڕێوە دەبەن، بە هەوڵدان بۆ بێنرخکردنی یەکتری، زیان بە رەوشەکە دەگەیەنن**

# «دەبێت کێشەی کورد لەتورکیا لەمەسەلەی ئاسـ

## وتوێژی تورکیاناسی لەگەڵ پرۆفیسۆر بیل پارک کارناسی سیاسی تورکیا و وانەبێژی پێشکـ



# ...ایش جیابکرێتەوە»

## ...ەوتوو لەزانکۆی کینگ-ی بەریتانی

**پرۆفیسۆر بیل پارک، وانەبێژێکی پێشکەوتووە لەبەشی لێکۆڵینەوە بەرگرییەکان لەزانکۆی کینگی بەریتانی. پێشتر وانەبێژ بووە لەکۆلیژی دەریایی شاهانە. لەساڵانی ١٩٨١ تاکو ١٩٩١ مامۆستا بووە لەزانکۆی سیتی لە لەندەن و لەساڵانی ١٩٧٥ تاوەکو ١٩٧٨ لەبەشی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەزانکۆی هونەرەکانی لیڤەرپول وانەبێژ بووە. چەندین پەرتووک و بڵاوکراوە و وتاری دەربارەی تورکیا و کوردەکانی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی عێراق و کوردستانی عێراق نووسیوە و گرنگی زۆری بە پرسی کورد لە ناوچەکە داوە. لەوانەش:**

- **پێگەی ستراتیژی، سەرکەردانبوونی سیاسی: تورکیا، ولایەتە یەککرتووەکانی ئەمریکا و باکووری عێراق (٢٠٠٣).**
- **کوردەکانی عێراق و تورکیا، تەحەدداکانی بەردەم سیاسەتی ئەمریکا (پایزی ٢٠٠٤).**
- **پەیوەندیەکانی ئەمریکا و تورکیا: ئایا داهاتوو لە ڕابردوو دەچێت؟ (٢٠٠٧).**
- **سیاسەتی تورکیا بەرامبەر باکوری عێراق: کێشە و هیواکان. (لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٥)، لەندەن.**
- **بزووتنەوەی فەتحوڵلا کویلەن لەتورکیا.**

**پارک ناوبەناو وەک شارەزایەک لەبارودۆخ و کێشەکانی ناو تورکیا بۆ ڕۆژنامەکانی *The World Today* و *Jane>s Intelligence Review* دەنووسێت و لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان دیمانەی لەگەڵدا سازدەکرێت. ئێمە لەمیانەی ئاگاداربوون لەدید و تێڕوانینەکانی پرۆفیسۆر پارک، بەچاکمانزانی ئەو دیمانەیە لەسەر دوا پەرەسەندنە سیاسییەکانی سەرگۆڕەپانی سیاسی تورکیا و پرسی کورد لەگەڵیدا ساز بکەین، کە باری سەرنجەکانی زۆر وردتر و واقعیانەتر بوو.**

❖ **زۆرجار هەڵوێستەکانی پارتی داد و گەشەپێدان AKP لەبەرامبەر کێشە و ئاریشەکانی تورکیا تەمومژاوی و ناجێگیرن، سەرنجدەدەین سەرەتا زۆر ڕژد و سەرکێشانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا دەکات، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت دەست بە پاشەکشێ دەکات و مەسەلەکان بە نیوەچڵی بەجێدەهێڵێ، بگرە هەندێجار ئەو پرسانە لەئەژێندای خۆی دەردەهێنێ و دەیانخاتە پەراوێزەوە، ئایا لەو ١٥ مانگەی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتوو ماوە، AKP تاچەند دەتوانێ پرسە هەڵواسراوەکانی وڵات، وەک دەستپێشخەری دیموکراتی و چارەسەری کێشەی کورد و گۆڕینی دەستوور ئەنجامگیر بکات؟**

– من لەگەڵ ئەو بۆچوون و وەسفەی تۆدام سەبارەت بە ئاک پارتی، بەڵام پێشموایە گرنگە لە نرخی ئەو ناخۆشی و کۆسپ و تەگەرانەی ئێستا ئەوان دەیچێژن کەم نەکەینەوە. دام و دەزگاکانی حکومەت و زۆرینەی میدیا و بێگومان CHP و MHP هەوڵی کۆسپ دروستکردن لەبەردەم هەر شتێک دەدەن کە ئاک پارتی پێی هەڵدەستێت. جگە لەوەش باروdۆخەکە لە سیاسەتی تورکیادا هەڕەشەلێکەر و مەترسیدارە — لەبیرمان بێت CHP خەریک بوو بڕیاری قەدەخەکردنی ئاک پارتی لە دادگەی دەسووری تێپەڕێنێت، هەروەها جگە لەو خۆپیشاندانانەی بەدوایداهات. هەروا دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە ئەو جۆرە «ڕووکەشییە» سیفەتێکی نیگەرانکەری سیاسەتی تورکیە بە گشتی. کەمالیستەکان چەندین ساڵیان بە هەوڵدان بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا بەسەربەرد بەڵام وەک کردار شتێکیان ئەنجامگیر نەکرد. سەرەڕای هەموو هەڵەکانی، قەبارەی پێشکەوتنەکان لەسەردەمی حوکمی ئاک پارتی گەورە بووە، ئەمەش بەپێی ستانداردە تورکیەکان.

تایبەت بە پرسی کرانەوە بەڕووی کوردا، ئەو کێشەیە لە ماوەی ١٥ مانگدا چارەسەرناکرێت. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئەوەیە دەبێت ئەو کێشەیە لە مەسەلەی ئاسایش جیابکرێتەوە. پێویست بەوە دەکات دووبارە وەک بابەتێک بۆ گفتوگۆی سیاسی لە تورکیا بهێنرێتەوە مەیدانەکە و لەگەڵ پرسی ئاسایش تیکەڵ نەکرێت. هەردوولایەن (ئاک پارتی و بزووتنەوەی سیاسی کوردی) دەبێت بە هۆشیاریەوە هەنگاو هەڵبێنن و شتەکان لەبەردەم یەکتر مەحاڵ نەکەن. سەرکردایەتی کوردی لە تورکیا دەبوو پۆزەتیڤانەتر و هاندەرانە وەڵامی پێشڤەچوونەکان بداتەوە و ئەو ئاهەنگی پێشوازیەی لە لێبووردنەکە کرا — هەرچەندە

ڕوونە — بەڵام کێشەی بۆ سەرکردایەتی ئاک پارتی و تەنانەت لایەنگرانی پارتەکەش دروستکرد. ناسیۆنالیزمی تورکی هێزێکی بەهێزە و ئاک پارتی ناتوانێت هەروا بە ئاسانی پشتگوێی بخات.

**❖ چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە، تائێستا AKP هەوڵدەدات بەسیاسەتێکی ڕۆژانە و کورت مەودا پێشەنگایەتی تورکیا بکات و خۆی لەکێشە و ئاریشەکانی وڵات بدزێتەوە بۆئەوەی چارەنووسی حکومەتەکەی نەکەوێتە مەترسییەوە، ئایا ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەو دید و تێڕوانینەی AKP نابێتە هۆی تولبوونەوە و کەڵەکەبوون و بنبەستبوونی پرسە ستراتیژییەکان؟**

– دووبارە لەگەڵ بۆچوونەکەی تۆ دام کە سیاسەتی تورکیا کورت مەوداییەکی تێدایە و هەندێجاریش ئاک پارتی خۆی بەرپرسیارە. بەڵام بەرەوپێشچوونی ریفۆرم بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا بە بەراورد بە رابردووی تورکیا زۆر سەرنجراکێش و جێگای پەسەند بووە. هەڵوێستی ئاک پارتی سەبارەت بە قوبرس بوێر و چاوتەرسانە بوو. هەروەها تەحەددای ڕۆڵی سوپایان لە سیاسەتدا کردووە. جگە لەوەش بانگەشەی پرسی کورد و پێویستیی گۆڕینی دەستووریان کردووە یان ئێستا دەیکەن. بەڵێ، حکومەتی ئاک پارتی خەریکە بێزاری دروستدەکات، بەڵام لە حکومەتەکانی تری پێشووی تورکیا زیاتر کاری کردووە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە و لە ئەڵتەرناتیڤەکانی تر باشترە. من پێموایە باشترە زۆر بەجددی پاڵپشتی بکرێت نەک هەروا دژایەتی بکرێت. لەبەرئەوەی ئۆپۆزیسیۆنێکی ویرانکەر و کەللە ڕەق هەیە لە تورکیا جێگایان بگرێتەوە.

**❖ با بێینە سەر مامەڵەکردنی AKP لەگەڵ پرسی کورد، سەرنجدەدەین ئێستا کرانەوەی دیموکراتی لەتورکیا لەڕەوشێکی قەیراناوی و بنبەستبوون و لەبیرچوونەوەدا دەژی، ئێوە لەمبارەیەوە چی دەڵێن؟ ئایا AKP تاچەند دەیەوێ ختووکەی پرسی کورد بدات هەروەک چۆن ختووکەی پرسی باڵادەستی سوپا بەسەر دەسەڵاتی مەدەنییەوە دەدات؟**

– من پێموا نییە ئاک پارتی هەر تەنها ختووکەی پرسی ڕۆڵی سوپای دابێت، بەڵکو لەمبارەیەوە پێشڤەچوونیان کردووە. سەبارەت بە پرسی کوردیش، لە شەو و ڕۆژێکدا گۆڕان ئەنجامگیر نابێت و بە شێوەیەکی واقیعانە پێویستە حکومەت هۆشیار بێت. هەروەها پێشموانییە پرسی کرانەوەی دیموکراتی و کورد لە ڕەوشێکی لەبیرچوونەوەدا بێت، بەڵکو بە ساتەوەختێکی هەستیار و ناخۆش



<<< **سیاسەتی تورکیا کورت مەوداییەکی تێدایە و هەندێجاریش ئاک پارتی خۆی بەرپرسیارە**

و زەحمەتدا تێدەپەڕێت و بەگوێرەی قەیران و ڕووداوەکانی تر سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و، ئەمەش نە هەر تەنها ئاک پارتی بەڵکو یاریکەرە سیاسیەکانی تریشی لە تورکیا سەرقاڵ و خەریک کردووە. هەندێجار ئەو هەستەم لەلا دروستدەبێت کە چاودێریکردنی سیاسەتی تورکیا لەو چەند ساڵەی دواییدا وەک چاودێریی کردنی هەرزەکارێک وایە — پڕە لە شێتگیری و ووڕک گرتن، قەیران و هەڵچوونی سۆزداری و، لەناکاوێک حەماسیەتی زیاد دەکات و لە پڕێک دادەبەزێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاراستەکە بەرەو کامڵ بوونە و بەرەو پێش دەڕوات نەک بۆ دواوە.

**❖ هەندێ لەچاودێرانی سیاسیی پێیانوایە، AKP زۆر بێباکانە دەیەوێ بێ بەشداری پارتە سیاسییەکانی دیکە، لەسەروویانەوە بەبێ موخاتەبی کوردی مامەڵە لەگەڵ پرسی کورددا بکات، ئایا AKP بەبێ بەشداری پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP سەرکەوتوو دەبێت؟ یان AKP دەیەوێ ئەم پرسە پتر وەک کارتێکی گوشار و بۆ دەسکەوتی سیاسیی بەکاربهێنێت؟**

– شتێکی مەحاڵ و نابەجێیە کە پاڵپشتی یان دەست هەبوونی CHP و MHP حسابی بۆ بکرێت و بخرێتە لیستەوە، لەبەرئەوەی لەژێر سایەی سەرکردایەتیی ئێستایان و هەوەسی ئێستایان، تەنانەت لەڕووی ئایدیۆلۆژیشەوە، ئەوان دەتوانن شتێکی زۆر کەم پێشکەش بکەن کە جێگای سوود بێت و یارمەتی بارودۆخەکە بدات. هەروەها پێم وایە بەشێک لەو پەرۆشی و جۆش و خرۆشەی ئاک پارتی بەهۆی پێشبرکێی هەڵبژاردن و ڕکابەریەتی لەگەڵ سەرکردە سیاسیە کوردەکان لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا. بۆیە بەڵێ، هەندێ جار وا دەردەکەوێت حکومەت دەیەوێت بە تەنها دەستپێشخەریەکە بەڕێوەببات. هەرچەندە هەوڵی داوە لایەنی تریش دەستیان تێدا هەبێت و مەوداکە فراوان بکات، هەرچەندە ئەگەر بە نادڵیشەوە بوبێت. لە بەرامبەریشدا وەڵام و بە پیرهاتنی هێزە ناسیۆنالیزمەکانی تورکی هەمیشە هیوابەخش و هاندەرانە نەبووە، بە سەرکردایەتی سیاسیی کوردیشەوە. غیابێکی زۆر خراپی کاری سیاسیی دوو حزبی لە کولتوری سیاسیی تورکیادا هەیە و کەم ڕێز لە یەکێتی و یەکگرتوویی بیروباوەڕەکان دەگیرێت، بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش پێویست بە سازش کردنی گشت لایەنەکان دەکات لەبەرامبەر یەکتردا. هەروەها بەشێوەیەکی واقیع بینانە ناکرێت

هەواڵنامەی کتێب

چاوەڕوانی لە حکومەتێکی هەڵبژێردراو بکرێت کە خۆی تووشی مەترسیی سیاسیی خۆکوژانە بکات. سەرەڕای ئەمەش، کارێکی نائاسایی یان غەریب نییە ئەگەر حکومەتێک خۆی کار لەسەر دەستپێشخەریەکانی خۆی بکات، بەتایبەتی بۆ حکومەتێک کە ئەو پاڵپشتیە زۆرەی دەنگدەرانی هەبێت.

**❖ پێشتر AKP تاقیکردۆتەوە، کە بێ بەشداری موخاتەبی کوردی ناتوانێ هەوڵەکانی چارەسەری پرسی کورد بەئاکام بگەیەنێت، ئایا ئەم هەڵوێستەی AKP دەریناخات کە ئامانجی ئەوان لەم هەوڵانەدا چارەسەرکردن نییە بەڵکو ئاسمیلەکردنی کوردە لەبۆتەی خۆیدا، واتە کوردان بکاتە سێبەر و پاشکۆی خۆیان تا لەڕێی ئەوانەوە ئەنتیگرەی سیستمی دەوڵەتی تورکیا ببێت؟**

– ئاک پارتی نوێنەرایەتی دەنگدەرانی کوردیش دەکات و ئەندامی کوردی لە پەرلەماندا هەیە، بۆیە کەس ناتوانێت بڵێت ئاک پارتی لە نوێنەرایەتی کردنی کورد یان بەشداری پێکردنیان شکستیهێناوە. هەروەک پێشتر ئاماژەم دا من لەگەڵ ئەوەدام کە بەشێک لە جۆش و خرۆشی ئاک پارتی بەهۆی ئەو ئیرادەیەتی کە پاڵپشتی دەنگدەران لەناو کوردەکان بۆ خۆی زیاد بکات. لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەوەدام کە سەرکردایەتیەکی دیاریکراوی سیاسیی کورد دەبێت تێکەڵی پرۆسەکە بکرێت— لەبەرئەوەی ڕاستیەکی ئاشکرایە کە ناسنامەیەکی کوردی بوونی هەیە و هەر ئەمەش ڕەگی کێشەکەیە. بۆیە دەکرێت یان پێویستە کاری زیاتر بکرێت تاوەکو کورد لە دیالۆگ و گفتوگۆکاندا بەشداری پێبکرێت. بەڵام کوردەکانیش پێویستە هەست بەوە بکەن کە ڕەنگە ئەمە دەرفەتێکی مێژوویی بێت بۆیان و دەبێت ڕۆڵێکی بەسوود و پۆزەتیڤانە بگێڕن. هەروەها دەبێت بزانن ئەو کارە تێکدەرە بەردەوامانەی دەیکەن جگە لە کۆسپ دروستکردن یان تەنانەت دواخستنی پرۆسەی دیالۆگ هیچ سوودێکی بۆیان نییە.

**❖ لەتورکیا چەمکی هاووڵاتیبوون و چەمکی دەوڵەت و ناسیۆنالیزم لە تێکستەکانی دەستووردا بە تورکی پێناسەکراون و وەک ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیا تەنها لەتورکەکان پێکدێت و لەو وڵاتەدا «یەک ئاڵا و یەک نەتەوە و یەک زمان و یەک خاک و یەک ...تد» سەروەرە، واتە تائێستا ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەتی تورکیا لەسەر قاچەکانی خۆی وەستاوە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە شێوازێکی دیکە بۆ پێناسەکردنی دەوڵەت و نەتەوە و چەمکی هاوڵاتیبوون لەتورکیا بدۆزرێتەوە، بەشێوەیەک دان بەوەدا بنرێت کە کۆماری تورکیا دەوڵەتێکە بۆ گشت پێکهاتەکانی بەبێ جیاوازی؟**



– بێگومان وایە. من پێموایە ئەو پێناسەکردنەی تورکیا بە «تورکی» هەڵەیەکی مێژوویی بوو، هەڵەیەکی ناپێویست. لەسەرەتای ساڵانی دروستبوونی ئەو کۆمارەدا، دەرفەتێک لەبەردەستدا بوو بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی لێبووردە و فرەئیتنیک و گشتگیر، بەڵام بەداخەوە نەقۆسترایەوە. جگەلەوەش، ئەو دڕندەیی و نابەجێییە سیاسیانەی کە شێوازی مامەڵەکردنی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە پرسی کورد جیادەکاتەوە، زیاتری خستە سەر هەڵەکانی سەرەتا. بۆیە ئێستا لەو بارودۆخەداین. لێرەدا دەکرێت سوود لە مۆدێلی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا و ئیسپانیا وەربگیرێت. هەردووکیان کۆمەڵگای فرە ئیتنیکین و تا ڕادەیەک نامەرکەزیی سیاسی و قەبوڵکردنی جیاوازیی زمانەوانی و کولتوریان تێدا بەدیدەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو دوو مۆدێلەدا تەنها گەیشتووینەتە ئاستێک و تا ئێستا کێشەی توندوتیژیی باسکەکان لە ئیسپانیادا هەیە و سکۆتەکانیش داوای سەربەخۆیی تەواو دەکەن لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا. ئەوە ئەگەر باس لە کێشەی ئێرلەندای باکور یان کۆسپەکانی بەردەم حوکمڕانی لە بەلجیکا بەهۆی دابەشبوونی ئیتنیکیەوە نەکەین. سەرەڕای ئەوەش شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا و ئیسپانیا کەوتوونەتە ناوچەیەکی باش و ئارامەوە کە دراوسێکان جێگیرن و هەوڵی قۆستنەوەی سەختی و کێشەکانی یەکتر بۆ سوودی خۆ نادەن. بەڵام حاڵەتەکە بۆ تورکیا بەم شێوەیە نییە، کۆماری تورکیا لە دروستکردنی ناسیۆنالیزمێکی تورکی بەهێز سەرکەوتوو بووە. هەرچەندە ناشیرین و بێ سوودیشە، بەڵام ئەوە ڕاستیەکی سیاسیە کە حکومەتەکانی ئەنقەرە ناچارن لەگەڵ ئەو ناسیۆنالیزمە مامەڵە بکەن و تەنانەت خۆشیان پەیڕەوی بکەن. بۆیە توندوتیژیی کورد تەنها ئاگری ئەو ناسیۆنالیزمە خۆشدەکات و ئەو هەوڵانەی لە گفتوگۆکان دەدرێت دەخاتە ژێر گڵەوە. بەکورتی هیچ ڕێگەیەکی ئاسان و کورت بۆ بەرەو کۆمەڵگایەکی تورکی گشتگر نییە و کەس ناتوانێت گرەنتی بدات پرۆسەی دیالۆگ و کرانەوە ئەنجامی باشی دەبێت. لەکۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم پێویستە کورد لە ترس و دڵەڕاوکێکانی تورک تێبگات و تورکیش پێویستە باشتر لە نیگەرانی و نائومێدیەکانی کورد بگات.

<<< **کۆماری تورکیا لە دروستکردنی ناسیۆنالیزمێکی تورکی بەهێز سەرکەوتوو بووە. بۆیە توندوتیژیی کورد تەنها ئاگری ئەو ناسیۆنالیزمە خۆشدەکات و ئەو هەوڵانەی لە گفتوگۆکان دەدرێت دەخاتە ژێر گڵەوە**

هەواڵنامەی کێتێب



وتووێژی تورکیاناسی لەگەڵ پەرلەمانتار و جێگری سەرۆکی CHP مەسعود دەیەر

# «پارتی داد و گەشەپێدان تورکیا بەرەو تیۆکراسی دەبات»

هەتاکو تورکیا کێشەی کوردەکانی ناوخۆی و کوردەکانی ناوچەکە چارەسەرنەکات زۆر ئەستەمە بەدوای سەرکردایەتیی ناوچەکەوە بێت




## دەیەر: ناونیشانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، پارتی کۆماریی گەلە

پارێزەر مەسعود دەیەر، پەرلەمانتاری پێشوو و جێگری سەرۆکی پارتی کۆماریی گەل (CHP) کە بە یەکێک لە سەرەکیترین پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان دادەنرێت، ئاماژەی بەوە دا کە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، دەبێ پارتی ئاشتی و دیموکراسی بخرێتە رۆژەڤەوە و رایگەیاند «یەکێکی دیکە لە لایەنە گرینگەکان لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا، پارتی کۆماریی گەلە و بەبێ ئەو، کێشەکە چارەسەر ناکرێت. چونکە CHP تەنیا لە رووی ئەتنیکییەوە لە مەسەلەکە ناڕوانێت و دەیەوێ چارەسەری میللی بۆ بدۆزێتەوە نەک ناوچەیی. لەبەر ئەمەش، ناونیشانی راستیی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، CHPیە».

دەیەر ئاماژەی بەوە دا کە لە دروستبوونی پێکدادانێکی کورد-تورک نیگەرانە و روونیکردەوە کە دەترسێت هاوشێوەی رووداوەکەی قارەمان مەرعەش کە بەسەر عەلەوییەکان هات، بەسەر کوردەکانیش بێت. دەیەر هەوڵەکانی پارتی داد و گەشەپێدانی بۆ گۆڕینی دەستووری بە «هەنگاوی تاکتیکی بۆ بەدەستهێنانی دەنگ» هەڵسەنگاند و رایگەیاند «لەلایەن ئێمەوە زۆر ئاشکرایە ئەوان کە خۆیان وەک نوێنەری دیموکراسی لە قەڵەمدەدەن، تورکیا بەرەو سیستەمێکی تیۆکراسی و ئایینی دەبەن».

ئەو پرسیارانەی لەگۆڤاری تورکیاناسی ئاراستەی مەسعود دەیەرمان کردن و وەڵامەکانیان، بەمشێوەیەن:

هەواڵنامەی کتێب

**❖ ڕاگەیاندنەکانی کاربەدەستانی پارتی داد و گەشەپێدان لەبارەی گۆڕینی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشەی کورد، سەرەتا لە لایەن رای گشتییەوە پێشوازی لێ کرا. بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا هیچ هەنگاوێک نەنرا و کرانەوەی دیموکراتیک بەرەو ڕەوشێکی نادیار دەچێت. ئێوە قۆناخی کرانەوەی دیموکراتیک بە ڕووی کورددا چۆن لێکدەدەنەوە، پێتانوایە لەداهاتوودا چی ڕوو دەدات؟**

– کرانەوە بەرەو کورد و دواتریش کرانەوەی دیموکراتیک کە لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە دەستیان پێکرد و دوای ئەوانیش کرانەوەی برایەتی و یەکیەتیی میللی و چەندین کرانەوەی دیکە، کێشەی کوردیان بەرەو ئاقارێکی دیکە برد. لەگەڵ هەندێک گۆڕانکاریی دیکە، لە چارەسەرییەوە بەرەو بێ چارەیی ڕۆیشتووە. لە کرانەوە بە ڕووی کورددا، پارتی داد و گەشەپێدان لە سەرەتادا پرۆگرامێکی خستە ڕۆژەڤەوە. کاتێک قۆناخی «کرانەوە بە ڕووی کورد» دەستی پێ کرد، دەیانگوت «ئێمە ئەو پرۆژەیەمان دەست پێ کردووە». سەرەتا داوای یارمەتی لە تەواوی پارتەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرا و ڕێگە دەدرا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، دواتریش تەواوی بیرکردنەوەکان لە گوڵدانێکدا توێنرانەوە و زەمینە بۆ سازش خۆش کرا. بەڵام حکوومەت ئەمەی نەکرد.

چارەسەرکردنی پرسی کورد، کێشەیەکی گرینگی تورکیایە. لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا، هەنگاوە یاساییی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان پێکەوە دەبێ بهاویشترێن. لایەنی بەرامبەری چارەسەرکردنی کێشەکە، پەرلەمانی تورکیایە.

**❖ لەبەر چی قۆناخی کرانەوە سەرکەوتوو نەبوو؟**

– ئەگەر هۆکارەکانی ریز بکەین، ئەمانە دەتوانین بڵێین؛ یەک، پارتی داد و گەشەپێدانەوە سەرەڕای ئەو کەشە گونجاوەی لە نێو رای گشتیدا لە کاتی دەستپێکردنی پرۆسەکەدا هەبوو، بە هۆی هەندێک دژایەتییەوە، پاشەکشەی کرد. دوو، هەروەک ئاماژەم پێدا، پرۆگرام و پرۆژەیەک ئەگەر بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بخرێنە ڕوو و کەشێکی گونجاو بۆ گفتوگۆکردن لەسەری برەخسێنرێت، ناگاتە ئەم ئاستە. سێ، پارتی داد و گەشەپێدان بەر لەوەی کە لە نێو خۆیدا بگاتە یەکڕایی و هاوهەڵوێستییەکی سیاسی، دەستبەکار بوو کە ئەمەش کەموکوڕییە. چوار، لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، باوی قسەکردن نەماوە. لە ڕابردووشدا زۆر نموونەی ئەوەمان بینی. ساڵی ١٩٩١ سولەیمان دێمیرێل گوتی «ڕاستیی کورد دەناسین»، ١٩٩٥ جەم بۆینەر گوتی «تیرۆر نییە و جەنگە»، ساڵی ١٩٩٧ مەسعود یڵماز گوتی «ڕێگەی یەکیەتیی ئەورووپا لە دیاربەکرەوە تێدەپەڕێ»، ساڵی ٢٠٠٤ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گوتی «کێشەی کورد، کێشەی منە»، ساڵی ٢٠٠٦ محەمەد ئاغار گوتی «لە چیا دابەزن با بە سانایی سیاسەت بکرێت». نەک قسە، لەم بوارەدا هەنگاو پێویستە. پێنج، سەرەتا کە پارتی داد و گەشەپێدان دروشمی کرانەوە بە ڕووی کوردی دەست پێکرد، گومانی ئەوەم هەبوو کە ئەوە قسەیە یان بە ڕاستی چارەسەرە. لە ساڵی ٢٠٠٢وەوە هەتا ٢٠٠٧ کە نوێنەری دیاربەکر بووم، بە هەندێک کار کە کردم و هەندێک ئاستەنگ کە هاتە پێشم، تا ئەو جێیەی پارتی داد و گەشەپێدانم ناسی، بۆم دەرکەوت کە ئەوەندەش لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد سوور نییە.

**❖ کاتێک پەرلەمانتار بوون چ ئاستەنگێک هاتە ڕێتان؟**

– دووبارە لە یاسای سزاکاندا، تەواوی پێشنیارەکانم بۆ ناوچەکانی ڕەوشی نائاسایی، پێشنیارەکانم بۆ کۆمیسیۆنەکانی لێکۆڵینەوەی پەرلەمان، تاوانەکانی بکەری نادیار، چۆڵکردنی گوندەکان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، باڵادەستیی یاسا، ڕووداوەکانی شەمزینان و لە زۆر بابەتی دیکەدا لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و دامەزراوە گشتییەکاندا ئاستەنگم بۆ دروست بوو و زۆر هەڕەشەی کوشتنم لێ کرا. بەتایبەتی پێشنیارەکانم لە بارەی لێکۆڵینەوە لە تەواوی ڕووداوەکان کە لە ماوەی ڕاگەیاندنی ڕەوشی نائاسایی لەساڵەکانی ١٩٨٧ەوە تا ٢٠٠٢دا ڕوویاندا و هەروەها سزادانی تاوانباران و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان و چەندین بابەتی دیکە، لە ماوەی پێنج ساڵی پەرلەمانتاریمدا بەردەوام لە ڕیزی دووەمی ڕۆژەڤی پەرلەماندا بوو و ڕیزی یەکەمیش هەمیشە لەلایەن باسەکانی ئەڵماسی ئاماسیا و ئاستی خوێی دەریاچەی خوێ داگیر کرابوو و مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەمیشە پەڕاوێز دەخرا. هیچ پێشنیارێکی من لەم بوارەدا گرینگی پێ نەدرا.

ئەم مەسەلەیەم وەک نموونەیەک بۆ ناساندنی پارتی داد و گەشەپێدان باس کرد. ئەو پارتە بنەما ئەتنیکییەکان و بیر و باوەڕی تاکەکان وەک ئامرازێک بۆ هەڵبژاردنەکان بەکار دەهێنێت. لەجیاتی ئەوەی دیاردەکە دەستنیشان بکەن و چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، تەنیا برینەکەیان پێچاوە و ویستوویانە چاکی بکەنەوە، بەم شێوەیەش برینەکە ڕزیوە. پەرلەمانی نوێ دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەبێ گرنگیی بەو مەسەلەیە بدات و پارتە سیاسییەکان دەبێ بگەنە چارەسەرێک. لەو بڕوایەدام کە لەو قۆناخەدا گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتی کرانەوە بە ڕووی کورددا بکرێت کە ساڵی ٢٠٠٩ لە ٤٢ لاپەڕەدا ئامادەم کرد.

**❖ ئایا لەگەڵ ئەو ڕەخنانەن کە پارتی داد و گەشەپێدان لە مەسەلەی دیموکراسیدا بە شێوەیەکی ستراتیژیک هەڵسوکەوتی نەکردووە و تەنیا لە بەرژەوەندی خۆیدا و بۆ بەدەستهێنانی هەندێک خاڵ هەندێک هەنگاوی تاکتیکی هاویشتووە؟**

– پارتی داد و گەشەپێدان بۆ ئەوەی لەم قۆناخەدا بۆ بەرژەوەندیی خۆی هەندێک هەنگاوی تاکتیکی هاویشتووە. بە نیشاندانی خۆی وەک پارێزەری دیموکراسی هاتووەتە سەر دەسەڵات و بە بەکارهێنانی دیموکراسی وەک ئامرازێک،

**AKP لەجیاتی ئەوەی دیاردەکە دەستنیشان بکا و چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، تەنیا برینەکەیان پێچاوە و ویستوویانە چاکی بکەنەوە، بەمشێوەیەش برینەکە ڕزیوە**

وڵات بەرەو تیۆکراسی دەبات، ئەوەش لە لایەن ئێمەوە زۆر بە روونی بەرچاوە. گەلی کوردیش تا ئەو رادەیە وشیارە کە لەو مەسەلانەدا رۆڵی خۆیان بگێڕن.

**❖ لەم مەسەلەیەدا ئایا پارتی داد و گەشەپێدان بەبێ بەرامبەر وەرگرتنی پارتی ئاشتی و دیموکراسی دەتوانێ بکاتە چارەسەر؟**

– وەک پێشتریش باسم کرد، پارتی داد و گەشەپێدان جگەلە بەرامبەر وەرگرتنی پارتی ئاشتی و دیموکراسی، دەبێ تەواوی پارتەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، زانکۆکان و تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرێت. ئەم قۆناخە، قۆناخێکی بەئازارە و بۆ ئەوەی بەبێ هیچ زیانێک لێی دەرباز بین، دەبێ هەموو کەس بە بەرامبەر وەربگیرێت. ئەوە راست نییە کە بە پارتی ئاشتی و دیموکراسی بگوترێ «باخچەی پشتەوەی پەکەکە» و بە بەرامبەر وەرنەگیرێت. تەواوی لایەنەکانی نێو پەرلەمان لەو بابەتەدا خاوەن بیرکردنەوەی خۆیانن، بۆیەش دەبێ لە پرۆسەکەدا بەشدار بن.

یەکێکی دیکە لە لایەنە گرینگەکانی ئەم مەسەلەیە، پارتی کۆماریی گەلە کە بێ بوونی ئەو، کێشەکە چارەسەر ناکرێت. چونکە پارتی کۆماریی گەل تەنیا لە روانگەی نەتەوایەتییەوە لە مەسەلەکە دەڕوانێت و دەیەوێ چارەسەرێکی میللی بۆ بدۆزێتەوە نەک هەرێمی. لەبەر ئەمەش، ناونیشانی سەرەکیی چارەسەرکردنی کێشەکە، پارتی کۆماریی گەلە.

**❖ بە هۆی شەڕ و پێکدادانەکان و بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانەوە، گەلی کورد و تورک بەرەو دابڕان رۆیشتن، بەلانی کەمەوە کۆمەڵێک رووداوی هەستبزوێن روویاندا. پێتانوایە کە ئەم پرۆسەیە ئەو دوو گەلە بەرەو دابڕان یان پێکدادانێکی دووبارە دەباتەوە؟**

– ئەمە یەکێک لە گرینگترین بابەتەکانە. کورد و تورک لێک دابڕان. ئەم دابڕانە لە رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی ئاناتۆلی زۆر رووی نەداوە. بەڵام لە کارادێنیز، ئێگە، ئاکدێنیز تراکیا و ئاناتۆڵی ناوین، ئاسەوارەکانی ئەم دابڕانە زۆر بەرچاون. ئەو کوردانەی لە ناوچەکانی وەک ئەنتالیا، ئیزمیر، تراکیا و کارادێنیز دەژین، لە کرێی خانووەوە بگرە تا شت کڕینیان لە دووکانەکان، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەک هاووڵاتیی پلە دوو دانراون. هێرشی سەر نووسینگەی ئیزمیری پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک و ئەو دروشمانەی لە خولی تۆپی پێدا لە یارییەکەی دیاربەکرسپۆر دەدران، نموونەی بەرچاوی ئەو مەسەلەیەن. تەنانەت ئەگەری زیادبوونیشیان هەیە.

لەوە نیگەرانم کە ئەوە ببێتە هۆی دابڕان و پێکدادانی نێوان گەلی کورد و تورک و تەنانەت لەو ناوچانەدا رێگە بۆ کوشتاری گەلی کوردیش (وەک رووداوەکەی قارەمان مەرعەش) خۆش بکات. لەبەر ئەمەش، پارتی کۆماریی گەل بەردەوام گەلی تورک ئاگادار دەکاتەوە. روونکردنەوەی دێنیز بایکاڵ، سەرۆکی پارتی کۆماریی گەل، لەمەڕ ئەو هێرشەی ٢ی نیسانی ٢٠١٠ لە گەشتەکەیدا بۆ شاری وان کرایە سەری کە گوتی «پارتی ئاشتی و دیموکراسی ئەوەی نەکردووە. خەڵکی وان لە دەرەوەی ئەو رووداوەن»، لەو نیگەرانییەوە سەرچاوە دەگرن.

**❖ پارتی کۆماریی گەل وەک ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی چۆن لە کێشەی کورد دەڕوانێت و چ جۆرە چارەسەرێک پێشنیار دەکات؟**

– لە راپۆرتەکەی ساڵی ١٩٨٩یدا، لە راپۆرتی ساڵی ١٩٩٩دا کە منیش لە ئامادەکردنیدا بەشدار بووم و لەو راپۆرتانەدا کە ساڵی ٢٠٠٩ نووسیم، پارتی کۆماریی گەل، کێشەکەی بە کێشەی کورد ناو بردووە و چەندین پێشنیاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە خستووەتە روو. لە راپۆرتەکاندا گوتراوە کە ناسنامە پیرۆزە و پێشنیارەکانمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا نووسراون. لەکاتێکدا لە پرۆگرامی پارتی داد و گەشەپێدان و پارتی بزووتنەوەی رەگەزپەرستدا، ئەو کێشەیە تەنیا لە چەند دێڕێکدا ئاماژەی پێ دراوە.

**❖ هەڵوێستی ئێوە لە دەستوورێکی نوێدا چییە؟ مەسەلەی گۆڕینی دەستوور کە ئێستا بۆتە رۆژەڤی پەرلەمان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– لە پێشنیاری گۆڕینی دەستووردا، جگەلە HSYK، دادگەی دەستووری و داخستنی پارتە سیاسییەکان، پارتی کۆماریی گەل، پشتگیریی لە تەواوی ماددەکانی دەکات. پێشنیارەکە لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە با بخرێتە دەنگدانەوە و با خەڵک بڕیار لەسەر ئەو سێ ماددەیە بدەن و ماددەکانی دیکەش قبووڵ بکرێن. بەڵام ئەگەر هەمووی پێکەوە بخرێتە دەنگدانەوە، لە دژی دەوەستینەوە.

گۆڕانکارییە پەیوەستەکانی سیستەمی دادوەری، دەستکاریکردنی بنەمای دادوەرییە. دەستکاریکردنی جودایی هێزەکانە. دەستکاریکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە. بەسیاسیکردنی دەسەڵاتی دادوەرییە. لە داخستنی پارتە سیاسییەکاندا تێکەڵکردنی پەرلەمان، راست نییە. لەو دەستوورە نوێیەدا، هیچ مافێک بۆ کورد دانەنراوە. هیچ شتێکی پەیوەست بە کرانەوە بە رووی کوردی تێدا نییە. کرانەوەی دیموکراتیشی تێدا نییە. پارتی ئاشتی و دیموکراسیش پێشنیاری خۆی هەبوو و ئەو پێشنیارانەش مافی دیموکراتین. بەڵام هیچ یەک لەو پێشنیارانە لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە نەخرانە رۆژەڤەوە. پێویستە سیستمی بەربەستی هەڵبژاردن (١٠٪) کەم بکرێنەوە. یارمەتیی ماددی بۆ پارتە سیاسییەکان، دەبێ بە پارتی ئاشتی و دیموکراسیش بدرێت. لەکاتێکدا تەواوی ئەمانە، لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە پشتگوێ خراون. بۆیە ئەگەر بخرێتە ریفراندۆمەوە، کوردەکان دەبێ بەرەیەکی دیموکراتی پێکبهێنن و بۆ ئەو دەستوورە، بڵێن «نەخێر».

<<<

**لەچارەسەرکردنی کێشەی کورددا، باوی قسەکردن نەماوە. لە رابردووشدا زۆر نموونەی ئەوەمان بینی، سەرەتا کە پارتی داد و گەشەپێدان دروشمی کرانەوە بەرووی کوردی دەستپێکرد، گومانی ئەوەم هەبوو کە ئەوە قسەیە یان بەراستی چارەسەرە**

## وتوێژی تورکیاناسی لەگەڵ پەلەمانتاری BDP عوسمان ئۆزچەلیک

# «دەوڵەت هێشتا بۆ چارەسەری ئامادە نییە»



**عوسمان ئۆزچەلیک، نوێنەری شاری سێرت لە پەرلەمان لەسەر لیستی پارتی ئاشتی و دیموکراسی، وێڕای ئاماژەکردن بەوەی کە دەوڵەت و حکوومەتی تورکیا هێشتا بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئامادە نییە، گوتی «یەکەم مەرجی دەستپێکردن و بەڕێوەچوونی گفتوگۆکانی چارەسەری بە شێوەیەکی تەندروست، بڕواکردنی دەوڵەت بە چارەسەری و ئامادەبوونی بۆ دەستپێکردنی قۆناخی چارەسەرییەکەیە». هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سەرەتا دەبێ شەڕ و پێکدادانەکان رابگیرێن و بە دووری زانی کە بە گفتوگۆی ناڕاستەوخۆ و پەراوێزخستنی یەکەکە و ئۆجەلان بگەنە هیچ چارەسەرێک. ئۆزچەلیک هەروەها نیگەرانیی خۆی لە ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستان دەربڕی و گوتی «لە دژی ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی سنوور، لە ناوچەکانی پێکدادان تەڵفانی مرۆیی و هەموو رێگە دیموکراتیکەکان دەگرێنە بەر». عوسمان ئۆزچەلیک بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە:**



❖ **کاربەدەستەکانی پارتی داد و گەشەپێدان، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، «کرانەوە بە رووی کورد»یان خستەڕوو و لە رای گشتیدا، گەشبینییەکیان دروستکرد. بەڵام ئەو هەنگاوانەی چاوەڕێ دەکران، نەهاوێشتران. ئایا بە بڕوای ئێوە ئەو قۆناخە کۆتایی پێ هاتوە؟ ئێوە چۆن لە داهاتووی ئەو کرانەوەیە دەڕوانن؟**

– دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەین کە پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) بە شێوەیەکی جیا لە تەواوی پارتەکانی نێو پەرلەمان و ئەو پارتانەی تا ئێستا حکوومەتیان بەدەستهێناوە، لە کێشەکان دەڕوانێت و بە شێوەیەکی زۆر راستیانەتر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات. ئەو پارتە لەگەڵ سیاسەتی هەشتا ساڵەی دەوڵەت و هەروەها راستییە مێژوویی و ئایدیۆلۆژییەکان سازشی نەکردووە، هەروەها ئاگاداری ئەوەیە کە ئەم سیاسەتە وڵات ناگاتە ئاشتی و سەقامگیری، بە ئینکار، ئاسیملە، رەتکردنەوە و لەناوبردن، هیچ کێشەیەک چارەسەر نابێت.

لەبەر ئەمانەش ئاشکرایە کە لە رێگەچارەیەک دەگەڕێت. ئەو ئایدیۆلۆژیایەی ماوەی ٨٠ ساڵە لەسەر دەسەڵاتە، داب و نەریتێکی دروستکردووە. ئەو نەریتە، بە بڕوایەکی قووڵ و لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێک مەترسی، قابیلی گۆڕانە. بەڵام کەموکوڕیی پارتی داد و گەشەپێدانیش ئەمەیە. کادیرەکانی کە بە تەواوی نەیانتوانیوە لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای فەرمیی دەرباز بن، ئیرادەی خۆیان بۆ وازهێنان لە کورسیی دەسەڵات نیشان نەداوە و لە بەرامبەر بەرگری و رەخنەی ئۆپۆزیسیۆن، بڕیاری بەپەلە، ناڕوون و ناسەقامگیر دەدەن.

گۆڕانکارییەکانی دنیا، ئەندامێتیی تورکیا لە یەکیەتیی ئەوروپادا، خواستەکان بۆ بەدیموکراتبوون، بێزاربوون لە جەنگی ٣٠ ساڵە و هەروەها لە هەموویان گرینگتر، ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتی کورد، کرانەوەی دیموکراتیان کردووە بە زەروورەت. قۆناخەکە ئەگەر پچڕانیشی تێ بکەوێت، ناچارە بەردەوام بێت. پارتی داد و گەشەپێدان کە چارەنووسی ئەو پارتانەی دەیانەوێ لەو قۆناخە هەڵبێن دەزانێت، رێگەیەکی دیکەی بۆ درێژەدان بە ژیانی سیاسی نییە.

❖ **ئایا پارتی داد و گەشەپێدان بە موخاتەب وەرنەگرتنی لایەنە سیاسییە کوردییەکان و پارتی ئاشتی و دیموکراسی دەتوانێ بە هیچ ئەنجامێک بگات؟ ئەو ئیدعایەی کاربەدەستانی دەوڵەت کە دەڵێن خودی پارتی ئاشتی و دیموکراسی خۆی لە مەسەلەکە دەدزێتەوە، تا چەند راستە؟ ئێوە لە مەسەلەی**

<<<

**قۆناخی گۆڕانکاریی دەستوور هێشتا تەواو نەبووە، ئێمە لەسەر داواکارییەکانمان سوورین و هێشتا لەم مەسەلەیەدا بێ هیوا نەبووینە**

**بەموخاتەب وەرگیراندا چۆن بیر دەکەنەوە؟**

– پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP)، میراتگرەوەی بەها و ئەزموونەکانی پارتی رەنجی خەڵک (HEP)ە، کە ساڵی ١٩٩٠ دامەزرا، پارتی دیموکراسی (DEP)، پارتی دیموکراسیی خەڵک (HDAP)، پارتی خەڵکی دیموکراتی (DAHP) و پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (DTP)یە.

وەک کەسێک کە لەتەواوی ئەم قۆناخانەدا زۆر چالاک بوومە و لە ئاستی بەرز رۆڵم هەبووە، دەتوانم بڵێم کە بزووتنەوەکەمان دەستی بە بەدەستهێنانی بڕوای حزبەکانی دیکەیە و ئامادەی ئەوەیە کە لە چارەسەریی کێشەکاندا رۆڵی گرینگ بگێڕێت. پارتی ئاشتی و دیموکراسی دەنگی نزیکەی دوو ملیۆن و نیو کەسی بەدەستهێناوە، ٢٢ پەرلەمانتاری هەیە، ٩٩ سەرۆک شارەوانی بە دەستەوەیە و هەزاران ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی هەیە. بە دڵنیاییەوە لایەنی سیاسیی دیکەش هەن کە لە پێناو چارەسەریکردنی کێشەی کورددا خاوەن سیاسەت و بیرکردنەوەی خۆیانن. لەم بوارەدا، کوردەکان کێشەی نوێنەرایەتییان نییە.

کێشەی بە موخاتەب وەرگرتن، لە ئاستی دەوڵەتدایە. لایەنە موخاتەبەکان دەبێ خۆیان بزانن کە ئامادەن لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا بەشداری بکەن. لەم بوارەدا نە کادیرەکانی دەوڵەت و نە حکوومەت پرۆژەیەکیان نییە. جگە لە نەریتی دەوڵەت کە دەڵێ قۆناخەکە بڵاو بکەنەوە هەتا برزێت و هەڵبژاردنی بێچارەیی لەجیاتی چارەسەر، هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆم نەبینیوە. «موخاتەبمان دەستناکەوێت»، قسەیەکی بەدوور لە راستییە.

یەکەم مەرجی دەستپێکردن و بەڕێوەچوونی گفتوگۆکانی چارەسەری بە شێوەیەکی تەندروست، بڕواکردنی دەوڵەت بە چارەسەری و ئامادەبوونی بۆ دەستپێکردنی قۆناخی چارەسەرییەکەیە.

بۆ ئەمەش پێویستە لە یەکەم هەنگاودا شەڕ و پێکدادانەکان کۆتاییان پێبهێنردێت. دەکرێت کە ناوبڕێک بە شەڕ بدرێت و لایەنەکانی شەڕەکە، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گفتوگۆ بکەن. ئێمە ئەو راستیانە دەهێنینە زمان و پێمانوایە بە پەراوێزخستنی پەکەکە و عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هیچ ئەنجامێکی نابێت.

❖ **رەخنەی ئەوە دەگیرێت کە پارتی داد و گەشەپێدان تا ئێستا وەک کێشەی ناسنامە لە پرسی کوردی نەڕوانیوە، بەڵکو زیاتر وەک کێشەی ئاسایش، ئابووری و برایەتیی ئایینی سەیری دەکات. ئێوەش لەسەر ئەو بڕوایەن، ستراتیژییەکی لەمشێوەیە ئەگەری سەرکەوتنی هەیە؟**

– کێشەی کورد، کێشەیەکی ناسنامە و ئازادییە. سیاسەتەکانی ئینکار، ئاسیملاسیۆن و لەناوبردن، هێرشکردن بۆ سەر بوون، شانازی و مافی ژیانی مرۆڤانەی کوردە. ئەم دیاردەیە لە روانگەی مافی مرۆڤەوە، تاوانی مرۆییە.

بێکاری، نەبوونی ئاسایش و پەروەردە بۆ کوردەکان لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی خۆیاندا، ئەنجامی سیاسەتەکانی دەوڵەتە. پێناسکردنی کێشەکە بە پاشکەوتوویی ئابووری، تەنیا یەکێک لە سیاسەتەکانی چەواشەکردنی رای گشتییە. مەسەلەی برایەتیی ئایینیش شێوازێکی دیکەی چەواشەکردنە. موسڵمانێتیی بەشێکی زۆر لە کوردەکان، وەک چەکێک لە دژی خۆیان بەکار دەهێنرێت کە ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو سیاسەتانەی کە پێڕەو دەکرێت.

❖ **ساڵی ٢٠٠٧ پارتی داد و گەشەپێدان بە ئیدعای دەستوورێکی نوێوە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری کرد، بەڵام دواتر هەوڵەکانی گۆڕینی دەستووری راگرت و ئێستاش دەیەوێ گۆڕانکارییەکی کەم بکات. ئەو گۆڕانکارییە چۆن هەڵدەسەنگێنن، حکوومەت ئامانجی لەو گۆڕانکارییە چییە و هەڵوێستتان لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکە چییە؟**

– پارتی داد و گەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢دا، بە بەڵێنی ئەندامێتیی لە یەکێتیی ئەورووپادا، لە نێو خەڵکیدا هیوای دیموکراسی و بووژانەوەی ئابووری دروستکرد و توانی سەربکەوێت. لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٧دا، بە بەڵێنەکانی راگرتنی شەڕ، ئەنجامنەدانی لەشکرکێشی و ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور، لە مەسەلەی چارەسەرکردنی پرسی کورددا وێڕای قبووڵکردنی هەڵەکانی دەوڵەت، پەرەدان بە رێگەچارە دیموکراتیەکان و هەروەها دەستوورێکی دیموکراتیی سڤیل، توانی ٤٧٪ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت.

بەڵام هیچ یەک لە بەڵێنەکانی بەجێ نەگەیاند و ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور بەڕێوە چوون، قۆناخی یەکێتیی ئەورووپا شکستی بەخۆیەوە بینی، وازی لە دەستووری نوێ هێنا و بەکارهێنانی مافی دیموکراتیی سنووردار کرد. بە توندوتیژی وەڵامی ئەو خۆپیشاندانانەی دایەوە کە داوای دیموکراسییان دەکرد. لە خۆڕا بەڕێوەبەرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیی دەگرت و لە بەرامبەر داخستنی ئەو پارتەدا، تەنیا لە ئاستی تەماشاکەردا مایەوە.

ئەو پارتە کە وازی لە گۆڕینی دەستوور هێنا، ئێستا سەرقاڵی چاکسازیی دەزگای دادوەرییە و ئامادەکاریی

>>>

**لە دژی ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی سنوور، لە ناوچەکانی پێکدادان قەڵغانی مرۆیی و هەموو رێگە دیموکراتیکەکان دەگرینە بەر**

ریفراندۆم دەکات. سەرەڕای ئەوەی رامانگەیاند کە لە بەدیموکراسیبووندا یارمەتی دەدەین و وەک پارتەکانی دیکە دژایەتی ناکەین، کەچی پارتی داد و گەشەپێدان خۆی لە گفتوگۆ دەدزێتەوە. سەرەڕای ئەمەش لە سێ فایلدا پێشنیارەکانمان لەمەڕ رای خۆمان بۆ هەوڵی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ گۆڕینی دەستوور، ئەو گۆڕانکارییانەی بە پێویستیان دەزانین و ئەو گۆڕانکارییە یاساییانەی پێویست نین، دایە ئەو پارتە، بەڵام لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو داواکارییانەماندا، هیچ شتێکمان نەبیست.

پارتی داد و گەشەپێدان بۆ پارێزگاریی لە مانەوەی دەسەڵاتی خۆی، بە نیازی هەندێک گۆڕانکاریی سیستەمی دادوەرییە و ئەو خاڵانەی دەستووری ئێستا کە بەرهەمی کودەتایە بۆ دەسەڵاتی داناوە، بە شێوەیەکی زۆر هەلپەرستانە بەکار دەهێنێت.

قۆناخی گۆڕانکاریی دەستوور هێشتا تەواو نەبووە، ئێمە لەسەر داواکارییەکانمان سوورین و هێشتا لەم مەسەلەیەدا بێ هیوا نەبووینە.

*** سەلاحەددین دەمیرتاشی سەرۆکتان، رایگەیاند کە تورکیا بەنیازە ئۆپەراسیۆنێک بۆ سنووری عێراق بکات، ئەگەر ئەوەش روو بدات رێگە لە تانگەکان دەگرێت و پێکدادانەکە دەوەستێنێت. نیگەرانیتان لە ئۆپەراسیۆن لە کوێوە سەریهەڵدا و ئەگەر رووی دابا، ئێوە چیتان دەکرد؟**

- لەم چەند رۆژەی دواییدا جموجۆڵی سەربازیی زۆر دەبینین. هەست دەکرا کە بەنیازی ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور بن. هاتنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و دیدارەکانی، لە راگەیاندنەکاندا بە ئامادەکاریی ئۆپەراسیۆن رەنگیدایەوە. وەک پارتی، هەڵوێستمان بۆ شەڕ و ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور نەگۆڕە. بەڕێز سەرۆکمان روونی کردووەتەوە کە لەدژی ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور، لە ناوچەکانی شەڕەکەدا هەموو مافە دیموکراتیەکانی خۆمان و تەنانەت دروستکردنی قەڵغانی مرۆیی بۆ وەستانی شەڕ دەگرێنە بەر.



# تورکیا پێویستی بە ڕێکەوتن و گرێبەندێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ هەیە



ئەبو بەکر عەلی

لەوتاری پێشوماندا (لە ڕاستکردنەوەی وێنەکانەوە بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی هاوبەش) لەسەر شێوازو جۆری دروستکردنی وێنەکان و بایەخی گۆڕانی ئەو وێنانە وەستاین، وەک میکانیزمێ بۆ دەرچوون لە جەیرەکانی ڕابردوو بنیاتنانی ئایندەیەکی هاوبەش بۆ پێکهاتەکانی گەلی تورکیا، بە تایبەتیش کوردو تورک، چونکە وێنەکان جۆرێکی دیاریکراو لە دیدگاو تێڕوانین و هەڵوێستگرتنی ئایدۆلۆژی و سیاسی و یاسایی بە دوای خۆیاندا دەهێنن .لەم وتارەشدا لەسەر پێویستی گرێبەستێکی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەدوێین بۆ ئەمڕۆی تورکیا و ئایندەی ئەم وڵاتە گرنگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و تێکڕای ناوچەکە، چونکە کارێکی لەم جۆرە لە توانایدایە یارمەتیەکی زۆرمان بدات بۆ ڕاستکردنەوەیەکی بنچینەیی وێنە شێواوەکان، دەرچوون لە ژێر باری تەفسیرە بەزۆر سەپێنراوەکان، ڕەچاوکردنی هەموو ئەو گۆڕانە ناوخۆیی و دەرەکیانەی ڕویانداوە، کە ئەگەر بەشێوەیەکی عەقڵانی و دڵسۆزانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، شانسی نوێ دەخەنە بەردەم تورکیاو گەلەکەی، ئەو هێزو دیدگاو توانایەی پێ دەبەخشن بەسەر گیروگرفتەکانیدا زاڵ بێت.بۆ ئەوەی دەستکراوەترو پشت ئەستور بە واقعێکی گۆیاتر بەشدار بێت لە چارەسەر کردنی کێشەکانی ناوچەکەو ئەندامێکی چالاک و بەهێزی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیش بێت .هەڵبەت وروژاندنی مەسەلەی ئایندەی هاوبەش و خودی چەمکی هاوبەشێتی، گرنگی خۆی هەیە، ئاماژەیە بە کولتوورێکی سیاسی کراوەترو لێبوردەترو واقیعی تر، کولتوورێک خوێندنەوەیەکی ڕەخنە گرانەی بۆ ڕابردووی خۆی هەیە، چاوی بڕیوەتە ئایندەیەکی شکۆدارتریش بۆ وڵات و گەلەکەی، چونکە ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین ئایندەیەکی هاوبەش بنیاتبنێین دەبێت خاوەنی هەست و دیدگای هاوبەش بین، نەک تەنها ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی و پاسپۆرتی هاوبەش. واتە لێرەدا هاوبەشبوون هاوشێوەکردنێکی بەزۆر جیا دەکەینەوە، کە پرس بە هەموو لایەنەکان نەکراوە لە دروستکردنیدا. لەو سۆنگەوە کە هاوبەشیەتی لە فکری سیاسی دیموکراسی و فەرهەنگی نوێی سیاسی و فەلسەفەی ئەخلاقیشدا شتێ نیە بسپەپێنرێت، بەڵکو بەرهەمی دیدگاو ئیرادەی بەیەکەوە ژیانی هاوبەش و ڕازی بوونە بەکارکردن و ژیان لە چوارچێوەو لەسایەی دۆخێکی سیاسی و یاسایی وادا، کە سەرجەم مرۆڤ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگاکان هەست بە کەرامەت و ماف و پێگەی شایستە بۆ خۆیان بکەن، هەست بکەن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگاکەیاندا بەشدارن و لە دەرەوەی خواست و بەرژەوەندی ئەوانەوە شتێکیان بەسەردا ناسەپێنرێت. ئەگەر ئیرادەیەکی ڕاستەقینە بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی هاوبەش لە گۆڕێدا بێت، ئەو ئایندەیە بە پێویستیەکی ئەخلاقی و ئابوری و سیاسی و نەتەوەیی بزانرێت، بۆ دەرگاکردنەوە بە ڕووی گەشە کردنێکی فراوانترو ڕۆڵبینینێکی بەهێزترو خۆشگوزەرانیەکی زۆر تردا، ئەوا دەبێت هەموو ئەو بنەما و بناغە سایکۆلۆژی و یاسایی و سیاسی و دەوڵەتی و مەدەنی و کۆمەڵگاییانەش فەراهەم بکرێن، کە ئەو هاوبەشیەتەی لەسەر بەندە، هەروەها دەبێت دۆخێ بێتە کایەوە کە پێکهاتەکان و هاووڵاتیانی کۆمەڵگا هەست کەن لە نیشتمان و دەسەڵات و بڕیاری سیاسی و سود وەرگرتن لە خێرو بێرەکانی وڵاتدا بەکردەوە هاوبەشن .

پێش ئەوەش دەبێت گوێ لەو پێکهاتەو توێژانە بگیرێت کە لە ڕووی مێژووییەوە بەدەست پەراوێز خستن و دورخستنەوە و پرس پێ نەکردن و فشار خستنە سەر ناسنامە دەناڵێنن و هەست بەوە ناکەن وەک هاوبەشێکی ڕاستەقینە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوەو دەکرێت.چونکە هاوبەشی خۆی لەخۆیدا لەسایەی نکوڵی کردن لە فرە ناسنامەیی لە کۆمەڵگایەکی فرە ناسنامەدا واتایەکی وای بۆ نامێنێتەوە. ئاستی ئامادەگی نوخبەی سیاسی و سەربازی و ئابووری و زانستی بۆ ئەم هاوارە دەرخەری ئاستی نوێ بوونەوەو ڕیفۆرمی سیاسی و بوونی ئیرادەیەکی ڕاستەقینە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لەوانەش کێشەی کورد دەگەیەنێت. ڕووی دووەمی ئەم قسە یاخود خوێندنەوەش داننانە بە کێشەکاندا، وەک ئەوەی هەن و مێژوو بەشداربووە لە دروستکردنیان و ڕەنگدانەوەکانیشیان بەسەر ژیان و کۆمەڵگاوە دیارە. قوڵایی و قەبارەی کێشەکانیش لە ڕوانگەی دەستنیشانکردنی ڕەگە مێژویی یەکانیان و کاریگەریان بەسەر کۆمەڵگاوە دیاری دەکرێت . ئەمەش داننان بە هەڵەکاندا بەدوای خۆیدا دەهێنێ و سەرەنجام زەمینە ساز دەکات بۆ وەرزێکی نوێی ئاشتی و بەیەکەوە ژیانی برایانە و ڕەوینەوەی هەستی بێبەشی و سەرکوتکراوی لای بەشێکی کۆمەڵگا. بەوەش بەشەکەی تری کۆمەڵگاش ڕۆحیەتێکی تازەی بۆ دروست دەبێت، میهرەبانی و هاوخەمی و برایەتی و بەیەکەوە کارکردن لە پێناو خێروخۆشی هەمواندا جێگای ڕق و کینەو بەچاوی کەم سەیرکردنی بەرامبەر و غرورێکی ناسیونالیستانەی توندڕەو دەگرێتەوە . ئەم ئەرکەش لە ئێستای تورکیادا گەڕانەوەیەکی دەوێت بۆ جەوهەری عەلمانیەت، کە ئەویش بە گوێرەی تازەترین خوێندنەوە و پێناسە خۆرئاواییەکان پیرۆزی داڕنینە لە دەسەڵاتی دەسەڵاتداران و هەموو ئەو شتانەی بۆ ئەو مەبەستە بە پیرۆزی دەکەن لە وێنەی ئایدۆلۆژیاو دامەزراوە و دەقەکانی دەستور، چونکە بە پیرۆزکردنی تێزو تەرحە مێژووی یەکان،

کە مێژوو دەری خستوە نەیانتوانیوە وەڵامێکی عەقڵانی بە کێشەکان بدەنەوە، شوناس و بەرژەوەندی و دیدگا جیاوازەکان لە خۆ بگرن، پانتایی گوێڕایەڵیان ئەوەندە گەورە کردووە، بوارێکی وا بۆ حیوارو بە خۆداچوونەوە بهێڵنەوە، ڕێگرێکی ڕاستەقینەن لەبەردەم گەشە کردن و هێنانە کایەی بارودۆخێکی بابەتی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و خۆ گونجاندن لەگەڵ واقیع و ئەرک و شانسە نوێکان، سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی وەکو یەکێتی سۆڤیەت و یوگوسلافیای جارانیش کە وڵاتی فرە نەتەوەو فرە شوناس بوون بۆ ئەمڕۆی تورکیا گرنگە، گەرچی ڕەنگە ئەم سەرنج ڕاکێشانە بۆ هەندێ ناسیونالیستی کلاسیکی لەباتی سوود وەرگرتن جێگای ڕق هەڵسان بێت، بەڵام ئەوە لە حەقیقەتی مەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە تورکیا لەگەڵ هەموو هێزو بەهێز یەکەی لەناوچەیەکدا دەژی کە پڕە لە ئاڵوگۆڕی دراماتیکی و دوژمنی خۆشی هەیە، گەرچی دوژمنی ڕاستەقینەی وڵات ئەو عەقڵیەتە کە بە سور بوون لەسەر دوگماکانی و ئامادە نەبوون بۆ بەخۆدا چوونەوە لە ڕێی چارەسەرنەکردنی کێشەکانەوە و درێژەدان بە شێوازە کۆنە بەسەرچووەکان بۆ مامەڵ لەگەڵ کردن و بەرەو ڕووبوونەوەیان، پاساوی دەستێوەردان و فشار خستنە سەر دەداتە دەست دوژمنە ئاشکراو نهێنی یەکانی تورکیا، یاخود لە حاڵەتی لە گوڕێدا نەبوونی هیچ دەستێوەردانێ، خودی مانەوەی کێشەکان وەک خۆیان دەکاتە زامێکی کراوەی سەر جەستە نەتەوەییە کەو لاوازی دەکەن و توانای بەرگریکردنی کەم دەکەنەوە، لانی کەم ڕێگای ئەوەی لێدەگرن وەک جەستەیەکی تەندروست و بێ کێشە دەربکەوێت. لێرەوەیە کە ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت تورکیا پێویستی بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ هەیە، بۆ ئەوەی بەهێزو گوڕێکی بەتینترەوە بچێتە قۆناغێکی نوێی ژیانی خۆی، مانایەکی گەشەکردوترو دیموکراسیتریش بە کۆمار بدات. دیارە ناو هێنانی (کۆمەڵایەتی ) و (سیاسیش) لێرەدا لەپاڵ یەکەوە ئاماژەیە بەو جیاکردنەوەی پۆلێ لەزانایانی بواری فکری سیاسی نوێ لە نێوان گرێبەست یاخود ڕێکەوتنی (کۆمەڵایەتی) و (سیاسی) دا کردوویانە. کە یەکەمیان بۆ شیکردنەوە و دامەزراندنی دەوڵەت و دەسەڵات بەکار هێنراوە، دووەمیشیان بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و کۆمەڵگا لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی هەیە کە دەبێت ڕەگەزە بنچینەییەکانی هەردووکیان لە دەستورێکی مەدەنی دا بەرجەستە بێت و ڕەنگبداتەوە، بیرۆکەی گرێبەست یاخوود ڕێککەوتنیش (عقد) وەک ڕوونە لە لێکدانەوە لیبراڵ و دیموکراسی یەکەیدا ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بە بناغە دانان بۆ سیستمی دیموکراسی نوێ، سنوور دانان بۆ دەسەڵاتی پادشا ڕەهاکان . لێرەشدا بۆیە وتمان لە خوێندنەوە یاخود لێکدانەوە لیبڕاڵی و دیموکراسیەکەیدا، چونکە بیرۆکەی گرێبەست لە مێژووی خۆرئاوادا بۆ تیۆریزکردنی دەسەڵاتە ڕەهاو ستەمکارەکانیش سودی لێوەرگیراوە، کە ئەویش لای (هۆبز) بەڕونی دەردەکەوێت، بەڵام پرسیار لێرەدایە داخۆ تورکیا بژار(خیار) ی لیبرالیزی سیاسی و دیموکراسی هەڵبژاردووە، یاخود مۆدێلی دەوڵەتی هۆبزی و ستەمکاری و فۆرمە نا دیموکراسیەکانی دەسەڵات ؟ دیارە بە فەرمی مۆدێلی یەکەمی هەڵبژاردووە، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵی (تحفق) دا. کە (تحفق) ەکان هەندێ جار ئەوەندە گەورە بوون پرسیاریان خستۆتە سەر ڕۆحی کۆمار و لیبڕالیزم و دیموکراسی، چونکە ڕۆحی دیموکراسی فراوانکردنی بەردەوامی پانتایی ئازادییەکان و بەشێ لە ناوەرۆکی گرێبەستە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکە لە دەستوردا بەرجەستە دەبێت، ئەگەر لە داهێنانی بیرۆکەی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیش لای فەیلەسوفە سیاسییەکانی خۆرئاوادا گەڕانەوە هەیە، بۆ دۆخی سروشتی، واتە دۆخی پێش درووستبوونی دەوڵەت و دەسەڵات و کۆمەڵگای سیاسی، پێویستییەکی تیۆری بوو بێت، ئەوا لە دۆخی ئەمڕۆی تورکیاشدا کە گەڕانەوەیەکی لەو چەشنە پێویستە، گەڕانەوەیەک بۆ دواوە لە پێناو ئایندەیەکی گەشترو بنیاتنانی دوا ڕۆژێکی هاوبەش، کە دیارە بوونی دیدگا و خواست و ئامانجی سیاسی و چوارچێوەی هاوبەش مەیسەر نابێت . هەموو ئەمەش خوێندنەوەیەکی نوێی ئەو ڕێککەوتنەی دەوێت کۆماری نوێی تورکیای لەسەر بنیات نراوە. ئێمە ئەگەر بە ناوەرۆکێکی نوێوە بگەڕێینەوە بۆ دۆخی سروشتی، دەتوانین بڵێین ئاماژەیە بەوەی مرۆڤ و گەل و نەتەوەکان مافی وەک یەکیان هەبێت و بە ئاشتی و برایەتی بژین و کەس دەست درێژی نەکاتە سەر مافی کەسی تر، هەمووان لە ژیان و ئازادی و ئاسایش و کەرامەتی خۆیان دڵنیابن. دەوڵەتیش ئامرازێکە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجانە. هەر بۆیە نابێت جێگای کۆمەڵگا بگرێتەوە، یاخود ببێ بە ئامرازی دەستی گروپێک یاخوود نەتەوەو پێکهاتە یەک دژ بە ئەوی ترو بێت بەدەوڵەتی لایەنگر، کە هەر کاتێ وای لێهات لەناوەڕۆکە ئەخلاقی و سیاسیەکەی دەوڵەتی هاوچەرخ و لیبرال بەتاڵ دەبێتەوە. لەم وێنا کردنەشدا بۆ دۆخی سروشتی هیچ کەس و گرۆپێک لە گرێبەستە کە دور ناخرێتەوە و کەسیش بریکارو وەکیلی ئەوی تر نییە .

دەوڵەت و دامەزراوەی سیاسیش کە لەسەر بناغەی ڕێککەوتنەکە دروست دەبێت، ئەرکی بەخشینی چوار چێوەیەکی یاسایی و سیاسییە بۆ ژیانێکی هاوبەشی دامەزراو لەسەر ئازادی تاک و گروپەکان و، پیرۆزکردنی ژیان و ئارامی مرۆڤەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاک و گروپەکانی کۆمەڵگایەک پێش ئەوەی لە دەسەڵاتی سیاسیدا هاوبەش بن دەبێت لە دەوڵەتدا هاوبەش بن، لەدامەزراندنیدا پرسیان پێکرا بێت و لە یاساو دروشم و پەیوەندییەکانیدا ئاماژە بەو بەشدارییە ئامادە بێت. لە دۆخی تورکیادا لەپاڵ گەڕانەوە بۆ دۆخی سروشتی گەڕانەوە بۆ دۆخی پێش کۆماریش گرنگی خۆی هەیە، چونکە دۆخی پێش کۆمار دۆخی فرە شوناسی و فرە نەتەوەیی بووە، تەنانەت دوخی دوای سەر کەوتنی بزوتنەوەی بەر هەڵستکاری نیشتمانی و پێش ساتەکانی دامەزراندنی کۆمار لەم فۆرمەی ئێستادا دۆخی بەڵێندانی دامەزرێنەری کۆمار بووە بە کورد بۆ دروستکردنی کۆمار لەسەر بناغەی شەراکەت و ڕێزگرتن

<<<

**هەر کاتێک دەوڵەت بووە ئامرازی دەستی گروپێک دژ بە ئەویتر لە ناوەڕۆکە ئەخلاقی و سیاسییەکەی دەوڵەتی هاوچەرخ و لیبراڵ بەتاڵ دەبێتەوە**

لە خەبات و چارەنووس و ئایندەی هاوبەشـــی دوو نەتەوەی تورک و کورد لە چوارچێوەی بوونی وڵات و گەلێکی سیاسی هاوبەشدا،

بەڵام ســـەرەنجام ڕەوتی ڕووداوەکان بە دورخستنەوەی پێکهاتەیەک و بەشێ لە کۆمەڵگا لە ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکە دور خرایـــەوە . ئەمەش تەنها ســـتەمێکی نەتەوەیی و سیاســـی دەرهـــەق بەو پێکهاتـــەی نەهێنایە کایـــەوە، بەڵکو وای لە کۆمار کرد هەمیشـــە گرفتی لەگەڵ بەشێ لە بەهاکانی دیموکراسی و لەوانەش لە گرنگترینی ئەو بەهایانە فرەیی دا هەبێت و ناچار بێت کۆت و بەند بەســـەر ئاراستەی گەشەکردنی سیاســـی و دیموکراسی کۆمەڵگاوە دابنێـــت، کە دواتر کاردانەوەکانی لـــە بازنەی نێوان تورک و کوردا نەوەســـتا، بەڵکو بەشـــێوازی تر ســـەری کێشا بۆ خودی ناو ماڵی تـــورک و هێز و تەوژمەکانی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـــت کە لـــە چوارچێوەی دەوڵەتێکی هاوبەشـــدا، دابەشکردنی (ئازادی) کارێکی ئاسان نیە .

گـــەر لێـــرەدا وەک ئاماژەیەکیش بێـــت بگەڕێینەوە بۆ تیۆریەکـــەی گەورە بیـــر مەندی ئەمریکـــی (ڕاوڵز) لەمەڕ دادپـــەروەری ئەویـــش هەمـــان ناوەڕۆکمـــان دەربـــارەی گرێبەســـتە کۆمەڵایەتی و سیاســـییەکە بەشێوەیەکی تر بۆ دووپات دەکاتـــەوە، (ڕاوڵز) لە پەیوەندی بە هێنانە کایەی دەســـتورێکەوە بۆ پاراســـتنی مـــاف و ئـــازادی وەکیەکی هاووڵاتیـــان باس لە شـــتێ دێنێتە کایەوە، کـــە ناوی ناوە (پەردەی نەزانی ) مەبەســـتی (ڕاولز) لە پەردەی نەزانیش ئەوەیە کـــە کاتێ تاک و گروپەکانـــی کۆمەڵگایەک بڕیاری چونە نـــاو پەیوەندی و ژیانێکی هاوبـــەش دەدەن، بۆ ئەم مەبەستەش دەســـتورێ دادەڕێژن لە دۆخێکا ئەو دەستورە دادەڕێژن کەســـیان ئاگای لە جیاوازی پێگەی خۆی لەگەڵ ئەوانـــی دی لەناو کۆمەڵگا دا نییـــە، تاکو ئەو ئاگاییە کار نەکاتە ســـەر دارشـــتنی دەســـتورەکەو نەتوانێ ئازادی و ماف وەک یەک بۆ هەموان بپارێزێ و شـــانس و دەرفەتی یەکسانیان بخاتە بەردەم. بیرۆکەی دەستور لە سایەی بیری دیموکراســـی هاوچەرخ و دادپەروەری سیاسیشدا سەرچاوە گرتوو لـــەم تیـــۆرو ئیلهـــام وەرگرتنانەیە. بـــە ناوەڕۆکە دیموکراسیەکەشـــی دەستور کاتێ دەســـتورەکە بەرهەمی ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە بێت کە ئاماژەی پێکرا، لە دۆخێکدا دابڕێژرێت (ڕواڵز) باسی کردووە. هەر ئەمەشە ڕیزی لیبراڵ و دیموکراس و دەســـتورخوازە ڕاستە قینەکان لە کەسانی تر جیا دەکاتەوە، دەستوریش لە بەڵگەنامەیەکی نوسراو و کۆمەڵێ بەندوڕێچکـــەوە، دەکات بەهێما بۆ کۆمەڵێ بەهای گەورە، لەم ڕوانگەشـــەوە هەڵگرتنـــی هەنگاوی پلە بە پلە لە دیدێکی چاکســـازیانەوە بە مەبەســـتی نزیکبوونەوە لەم ئامانجە لە دۆخی تورکیادا قابیلی تێگەیشـــتنە، بەڵام هەر هەنگاو و هەوڵ و دیدێ سەرەنجام نەگاتە دارشتنی بناغەی ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی و سیاســـی نـــوێ و گێڕانەوەی ڕەزامەندی بۆ لایەنە بەشدارەکانی ڕێککەوتنەکە، کە ئەمەش یەکســـانە بە گەشە کردنی دیموکراســـی و زیندوکردنەوەی ڕۆحی کۆماریخوازی لە کۆماردا، ناتوانرێت بە چاکسازیەکی ڕاستەقینەی سیاسی دابنرێت، لەو سۆنگەشەوە کە ئەمڕۆ لە ســـایەی ڕێژەیی بوونی چەمکەکانی سەروەری و جیهانگیری و زۆرتـــر بوونـــی ڕۆڵی دامـــەزراوە نێو دەوڵـــە تییەکان، دەستورە نیشـــتمانییەکان تا ڕادەیەک بەنێودەوڵەتی کراون و ڕەهەندێکی ئینســـانی و نێو دەوڵەتیشـــیان وەرگرتووە، پرسی بنەماو پێوەرە دەستورییەکان و ئاستی لە خۆگرتنی دەستوری وڵاتان بۆ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەمەڕ ئازادی و مافەکانـــی مـــرۆڤ و گروپەکان، لە هەنـــدێ ڕووەوە بۆتە پرسێکی نێودەوڵەتی، ئەوســـا زیاتر لە بایەخی چاکسازی یە سیاســـی و دەستوریەکان و دارشـــتنی بناغەیەکی نوێ بۆ بەیەکـــەوە ژیانی ئازادانـــە و ئابڕومەندانـــە تێدەگەین. هەروەهـــا ئەوەمان زیاتـــر بۆ ڕوون دەبێتـــەوە کە ناکرێت نەوەکانی پێشوو لەبری نەوەی ئێستاو نەوەکانی داهاتووش بڕیاریان دابێ و ناوەڕۆکێکی دیاریکراویان دابێت بە دەستور وەک بەرجســـتەکەری ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێوان هاووڵاتیـــان و پێکهاتەکانی کۆمەڵـــگا دا کە قابیلی گۆڕان و دەســـتکاری کردن نەبێت. ئەم نەوە مافی خۆیەتی گۆڕان بەســـەر مەرجەکانی ڕێککەوتنە سیاسییەکەدا بێنێ کە ئەگـــەر گۆڕانەکانیش لەم ئاســـتەدا جدی بوون لە ڕێی خۆیانەوە ناوەڕۆکـــی پەیمانە کۆمەڵایەتییە شـــێواوەکەش ڕاســـت دەبێتەوە، هەوڵدان بۆ لێسەندنەوە مافی ڕادەربڕین لەم نەوەیە لە دیاریکردنی مۆدێلی سیاســـی دڵخوازی خۆی بێ یاســـاوە و دژی ســـەرەتاکانی دیموکراســـی و بیرۆکەی دەوڵەتی نوێیـــە. لەکۆتایی ئەم وتارەشـــدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەو ڕاســـتییەش بکەین کە لە سۆنگەی ئەو ڕەهەندە نێودەوڵەتیەی دەســـتورە نیشـــتمانییەکان بـــە خۆیانەوە گرتووە، هەروەها لە ڕوانگەی پێکهاتە و جۆری دابەشبوونی وڵاتانـــی ناوچەکـــەو نەتەوەی کـــورد لەو نێوەنـــدەدا، ئەو خواســـتەی خرایەڕوو ڕەنگدانەوەی ئەرێنی گەورەی بەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردســـتان و نەتەوەی کورد لەم هەرێمە و جیهانیشـــدا دەبێـــت، دەرگایەکی هێندە فراوان و کراوە بە ڕووی ئەو پەیوەندییانە و تێکەڵبوونی بەرژەوەندی یەکاندا دەخاتە ســـەر پشت، کە ڕەنگە لە داهاتوودا هەندێ فۆرمی نوێی بەیەکەوە ژیانی سیاسی و هاوکاری ئابووری و کولتووری وا بێنێتە کایەوە کە بۆ هەندێک کەس پێشـــبینی کردنی لە ئێســـتادا کارێکی قورس بێت. ئەوەی هاندەریشە ئێســـتا لە عێراقدا بناغەی گرێبەســـتی سیاسی، گۆڕانێکی ڕادیکاڵی بەســـەر داهاتووە و بناغەی نوێی بۆ ڕێکخســـتنی پویوەندییە نیشـــتمانی و هەرێمایەتیەکان دارشـــتووە، گەر تورکیـــاش ســـەرکەوتوو بێت لـــە پەرەپێدانـــی مۆدێلێکی تورکیاییانە بۆ دارشـــتنی بناغەیەکـــی نوێی بەیەکەوە ژیان و ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی کە ڕەچاوی دادپەروەری سیاســـی و ئابوری تێـــدا کرابێت کە هەرئەوە چاوەڕوان دەکرێت، ئەوا تێکڕای ناوچەکە دەچێتە قۆناغێکی نوێوە و تورکیاش دەتوانێت ڕۆڵ و ڕێبەرایەتیەکی مێژوویی تێدا بگێـــڕێ، بەمەش بەشـــێوەیەکی ئیجابی و لەبەرگێکی هاوچەرخدا درێژە بە مێژوویی سیاسی سەدان ساڵەی خۆی لەم ڕووەوە بۆ چەندین گەلی ناوچەکە بدات.

<<<

**هاوبەشیی لە سایەی نکوڵیکردن لە فرە ناسنامەیی کۆمەڵگایەکی فرە ناسنامەدا هیچ واتای نامێنێ**

# تۆوی ژیانێکی نوێ لەنێوان کورد و تورک

٢-٢



د. عوسمان ئایتار*

**بۆ قۆناغی ناوەڕاست پێویستە:**

١- دەوڵەت هەوڵبدات لەهەلومەرجی ئازاد و دیموکرات ریفراندۆم سازبکرێت، گەلی کورد بەئیرادەی ئازادی خۆی، لەنێوان چارەسەرییە جیاوازەکان بڕیاربدات. ئەوکاتەی کورد لەبارەی دوارۆژی خۆی لەریفراندۆم هەر بڕیارێک بدات، ئەنجامەکەی هەرچۆنێک بێت، ڕێزی لێبگیرێت، لەبەرئەوەی دەچێتە خانەی خۆ پێناسەکردنەوە.

فۆرم و ناوەرۆکی شێوەی ریفراندۆم بێگومان ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر نیازی خراپ نەبێت، کوردیش بە لێپرساوێتی بجوڵێتەوە، چارەسەری دەدۆزرێتەوە. لێرەدا گەورەترین کێشە دەستنیشانکردنی سنووری کوردستانە. هەروەکو دەزانرێت پرسی سنوور لەرێگەی ریفراندۆمەوە بۆ چەندین وڵاتی دیکەش کێشەی مەزن بووە. بۆ نموونە لەباشووری کوردستان، کێشەی کەرکوک و هەندێک شوێنی دیکە بۆ ئێمەی کورد ئەزموونێکی گەورەیە بۆمان. هەروەکو ئەزموونی باشووری کوردستان، گەلێک شوێنی دیکە، وێڕای ئەم پرسانە، پێڤاژۆی بڕیاردان لەسەر دوارۆژ بەردەوام دەبێت، بەرەو پێش دەچێت. ئەگەر ئەمەیان چارسەر بوو، ئەوکات کێشەی کێ لەریفراندۆم دەنگبدات چارەسەردەبێت. هەروەکو دەزانرێت کێشەی دەنگدان کێشەیەکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی هەندێک نەتەوەی دیکە کە ساڵانێکی درێژە لەکوردستان دەژین، سەرهەڵدەدات، هەروەها ژمارەی کارمەندانی دەوڵەت کە لەکوردستان دەژین و کورد نین، هەروەها ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کوردانەی لەنێو شارە گەورەکانی تورکیا گرفتێکی دیکەیە، بەڵام لەنێو ئەم پرسانە پرسی دیاریکردنی سنوور گرنگترین و بایەخدارترین و قورسترین پرسە، لەبەرئەوەی سنووری باکووری کوردستان دیاریکراو نییە، ئەمەش بۆ چارەسەری فیدراڵی، ئۆتۆنۆمی کێشەیە، ئەمە لەکاتێکدا ئەنجامدانی ریفراندۆم لە تەیمووری ڕۆژهەڵات بۆ کوردان ئەزموونێکی بایەخدارە بەتایبەت لەبارەی دەستنیشانکردنی دەنگدەر و فۆرمی پرسیارەکان.

ریفراندۆم لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیا لێکدانەوەی هەڵەی بۆ کراوە، بەڕای من ریفراندۆم ئەوە ناگەیەنێت کورد لەتورکیا جیا دەبێتەوە، بەڵام کورد ناخوازن لەنێو سیستەمی ئێستا و بەمشێوەیەی ئێستا بژین، لەبەر ئەمەش لەریفراندۆمدا پێویستە دوو پرسیار هەبن، یەکێکیان ئەوە بێت ئایا کورد جیابوونەوە دەخوازێت یان نا. دووەم، ئەگەر وەڵامی پرسیاری یەکەم مانەوەی کورد بێت لەچوارچێوەی دەوڵەتی تورکیا ئەوا پێویستە کورد لەبارەی شێوازی فیدرالیزم، ئۆتۆنۆمی، سیستەمی مەرکەزی و...تد بڕیار لەبارەی مانەوەی خۆی لەنێو سنووری تورکیا بدات.

لە قۆناغی دووەمەودادا:

١- وەکو هەر نەتەوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ لەسەر رووی ئەم زەمینە دەسەڵاتداری نەتەوەیی کورد مافی خۆیەتی لەسەر خاکی خۆی و لەسەر بنەمای دامەزراندنی دەزگا و بەڕەوەپێشبردنی قەوارەکەی، بەرەو پێش ببات. بەبیروڕای من، بەگوێرەی دەرەنجامەکانی ریفراندۆمی قۆناغی ناوەڕاست دەتوانێت دوو ڕێگا هەڵبژێرێت. یەکەم دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئازاد و دیموکرات، دووەم لەسەر داخوازی خۆی گەلی کورد لەچوارچێوەی دەوڵەتدا بەئارەزووی خۆی بمێنێ، (ڕەنگ و شێوازی مانەوەکەی جیاوازی هەیە) دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵ لەکوردستان و تورکیا تێیدا خاوەنی دەسەڵاتی هاوبەش و یەکسان بن.

٢- پێدەچێت لیستی داخوازی و داواکارییەکان درێژ یاخود کورت بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بەڕای من، تۆوی ژیانێکی نوێ، لەسەر بنەمای یەکسانی و هاوبەشی بچێنرێت، ئەمەش دەتوانێت لەهەردوو حاڵەتدا دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یاخود سیستەمی فیدراڵی لەگەڵ تورکیادا پێویستی بەدراوسێیەتی و متمانە بەیەکتری هەیە. لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری کوردان لەنێو شارەکانی تورکیا دەژین، هەروەها ژمارەیەک تورک لەشارە کوردییەکان دەژین، بۆیە چاندنی تۆوی یەکسانی هاوکارە بۆ ژیانێکی لەمجۆرە بۆ سەقامگیری سەرتاسەری.

*سۆسیۆلۆگ لەزانکۆی ستۆکهۆڵم

# کودەتای ١٢ ئەیلوول

## سێیەم دەستێوەردانی سوپای لە دیموکراسیی ئەو وڵاتە

بەکر شوانی



هەواڵنامەی کتێب

# تورک



کودەتای ١٢ ئەیلول، یان داگیرکاریی ساڵی ١٩٨٠ لەو مێژووەدا لەسەر دەستی فەرماندەیی گشتیی ئەرکانی سوپای تورک ئەنجام درا. لە دوای کودەتای ٢٧ ئایاری ١٩٦٠ و کودەتای ١٢ ئاداری ١٩٧١، کودەتای ١٢ ئەیلوولی ١٩٨٠ سێیەم دەستێوەردانی راستەوخۆ بوو لە دیموکراسی لە مێژووی کۆماری تورکیادا. بۆیە دەڵێین راستەوخۆ، چونکە وەک بۆ هەموو جیهان ئاشکرایە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە تا ئەمڕۆ سەرجەمی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لەو وڵاتە لە ژێر کاریگەری و هەژموونی سوپادایە. لەگەڵ بەرپاکردنی کودەتای ١٢ ئەیلوولدا شەشەمین حکومەتی سلێمان دەمیرەل و ئەنجوومەنی گەورەی میللەتی تورکیا (پەرلەمان) هەڵوەشێندرانەوە، چالاکی و کاری سەندیکا و کۆمەڵەکان راگیران و رەوشی ئاوەرتە (باری نائاسایی- ئیدارەی عورفی) راگەیەندرا. دەستووری ساڵی ١٩٦١ کە دوای ساڵی ١٩٧٠ هەموار کرابوو، پێچرایەوە و خرایە سەر رەف و دیسان لە سیاسەتی تورکیادا سەردەمی سوپا دەستی پێ کرد و ئەم سەردەمە نزیکەی ٩ ساڵی خایەند. پارتە سیاسییەکان هەڵوەشێندرانەوە، سەرانی پارتەکان لە پێشدا لە بنکە سەربازییەکان دەستبەسەر کران و پاشان دادگایی کران. تورکیا خۆی لە بواری درێژەپێدانی ژیانی پارتە سیاسییەکاندا گرفتی گەورەی هەبوو، بۆیە ئەو رەوشە تەگەرەیەکی نوێی لە بەردەم پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی وڵاتدا دروست کرد و کاری سیاسی، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت، ژێر و ژوور بوو.

هەواڵنامەی کتێب

## هۆکارەکانی کودەتای ١٢ ئەیلوول

* نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی: تاوانی سیاسیی تەشەنەکردوو لە سەرانسەری تورکیا، سەرنەکەوتنی پەرلەمانی تورکیا لە هەڵبژاردنی سەرکۆمار سەرەڕای چەندین خولی دەنگدان و کۆبوونەوەی جەماوەریی «قودس» کە رۆژی ٦ ئەیلول بە پێشەنگیی نەجمەدین ئەربەکان لە قونیا بەسترا و سەرانی کودەتا جۆری هەوڵێکی پشتبەستوو بە شەریعەت لێکیان دایەوە، وەک هۆکارە سیاسییەکانی کودەتای ١٢ ئەیلول خرانە روو.

* نەبوونی دەسەڵاتی ئابووری: لە سەردەمی حکومەتی سلێمان دەمیرەلی دوایین سەرۆکوەزیرانی پێش کودەتای ١٢ ئەیلوولدا کەلێنێکی گەورە کەوتە بازرگانیی دەرەکی، تەگژەی نەبوونی دراوی سەخت سەری هەڵدا و دیاردەی کەمبوونەوەی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانی رۆژانە و بێکاری پەرەی سەند.

* رووداوەکانی توندوتیژیی سیاسی و کۆمەڵایەتی: ناکۆکیی نێوان هەردوو بەرەی راست و چەپ تاوانیی سیاسیی تاکە کەسی و بە کۆمەڵی لێ کەوتەوە. هێزەکانی دەزگاکانی ئاسایش بەسەر دوو بەرەی جیاوازدا دابەش بووبوون. زۆر کەسی ناسراو و لە پێشی ناو بزووتنەوەکانی راست و چەپ لەسەر دەستی میلیتانەکانی سەر بە گرووپەکانی راست و چەپ تیرۆر کران. لە ماوەی پێش کودەتای ١٢ ئەیلوولدا، لە تورکیا رۆژانە نزیکەی ٣٠ تاوانی سیاسی ئەنجام دەدرا.

* کاریگەریی سیاسەتی دەرەوە: وڵاتانی رۆژئاوا، بە تایبەتیش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نزیکەوە چاودێریی کەموکورتیی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی تورکیای گرینگترین ئەندامی باڵی باشووری پەیمانی



ژەنەراڵ کەنعان ئەفرەن

باکوری ئەتلانتیک — ناتـۆی دەکرد. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران شۆڕشی ئیسلامی هەڵگیرسا و لە هەمان ساڵدا هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران چوونە ئەفغانستانەوە و دەستیان بەسەر ئەو وڵاتەدا گرت، سەقامگیربوونی ڕەوشی تورکیا بۆ سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بایەخی زیاتری پەیدا کرد.

**ڕووداوەکانی پێش کودەتای ١٢ ئەیلول**

١ شوباتی ١٩٧٩ عەبدی ئیپەکچی لە بەشەشاری تەشویقییەی ئەستەنبوڵ، ١٠ ئەیلول جەیهون جانی سەرۆکی لقی ئەدەنەی پارتی کرێکاری تورکیا لە نووسینگەی خۆی، فیکرەت ئونساڵی جێگری سەرۆکی زانکۆی چوکورئۆڤا لە بەردەم ماڵی خۆی، ٢٨ ئەیلول جەواد یورداکولی بەڕێوەبەری ئاسایشی ئەدەنە، ١٩ تشرینی دووەم ئیلهان دارەندەلیئۆغلوی پەرلەمانتاری پێشووی پارتی عەدالەت لە بایەزیدی ئەستەنبوڵ، ١١ نیسانی ١٩٨٠ ئومێد قەفتانچیئۆغلوی یەکێک لە بەرهەمهێنەرانی




ڕادیۆی تی ئار تی، ٢٧ ئایار گوین سازاکی جێگری سەرۆکی گشتیی پارتی بزووتنەوەی میللی لە ئەنقەرە، ١٩ تەمووز سەرۆکوەزیرانی پێشووتر نیهاد ئەریم و دەیان کەسی تری سیاسی و ئەکادیمی و ڕاگەیاندنکار لە ئەنجامی پەلاماری چەکداریدا کوژران.

**کۆمەڵکوژیی ماراش**

کۆمەڵکوژیی ماراش لە نێوان ١٩ — ٢٦ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨ ڕووی دا و وەک یەکێک لە کۆمەڵکوژییە گەورەکانی مێژووی کۆماری تورکیا ئاماژەی بۆ دەکرێت. ڕووداوەکان لە نێوان هاوڵاتیانی عەلەوی و سونەدا سەریان هەڵدا و بەشێک لە ناوەندە سیاسی و مەدەنی و ڕۆژنامەگەرییەکانی تورکیا وای بۆ دەچن کۆمەڵکوژیی ماراش یەکێک بووە لە هۆکارەکانی کودەتای ١٢ ئەیلول، یان یەکێک بووە لە ڕووداوەکانی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو کودەتایە. هۆکاری ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە بۆ قوڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوان سونە و عەلەوییەکان لەو سەردەمەدا بەهۆی بیر و بۆچوونی سیاسییانەوە. ڕۆژی ١٩ کانوونی یەکەم لە سینەمای چیچەک لە ماراش فیلمی «کەی خۆر هەڵدێت» نمایش دەکرا کە بە یەکێک لە فیلمە کەم وێنەکانی نەتەوەپەرستیی ئەو سەردەمە دادەنرێت. کاتژمێر ٢١ی ئەو شەوە تۆکەش کەنگەری ئیدیالیست (ئولکوجوی) لە کاتی نمایشکردنی فیلمی باسکراودا نارنجۆکێکی هاویشتە ناو سینەماکەوە. بەم جۆرە کۆڕ و کۆمەڵەکانی سەر بە سونە و عەلەوییەکان بەدرێژایی ٨ ڕۆژ هێرش و هێرشی بەرامبەریان لە دژی یەکتر ئەنجام دا و خوێنێکی زۆر لە هەردوو لا ڕژا.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، لە هێرشەکاندا ١٠٥ کەس کوژراون، ١٧٦ کەس بریندار بوون، ٢١٠ ماڵ و ٧٠ شوێن و کۆگەی کار وێران کراون. بەپێی ئامارە نافەرمییەکانیش ژمارەی کوژراوان لە سنووری ٥٠٠ کەسدایە.

**حکومەتەکانی پێش کودەتای ١٢ ئەیلول**

سێ ساڵی پێش کودەتای ١٢ ئەیلولی ١٩٨٠ چەند حکومەتێکی تەمەن کورت دەسەڵاتیان گرتە دەست. یەکێک لەوانە حکومەتی چلەمینی تورکیا بوو بە سەرۆکایەتیی بولەند ئەجەوید. ئەم حکومەتە لە مێژووی سیاسیی تورکیادا بە حکومەتی چانکایا ناسراوە و ماوەی مانگێک، واتا لە ٢١ حوزەیران تا ٢١ تەمووزی ١٩٧٧ وڵاتی بەڕێوە

برد. پاشان حکوومەتی چل و یەکەمینی تورکیا کە بە حکوومەتی دووەمی بەرەی نەتەوەپەرستان ناسراوە، بە سەرۆکایەتیی سلێمان دەمیرەل هاتە دامەزراندن و لە ٢١ تەممووزی ١٩٧٧ تا ٥ کانوونی دووەمی ١٩٧٨ دەسەڵاتی وڵاتی بەدەستەوە گرت.
بولەند ئەجەوید ڕۆژی ٢٢ کانوونی یەکەمی ١٩٧٧ لە مۆتێلی گوینەش لە بەشەشاری فلۆریای ئەستەنبوڵ لەگەڵ ١١ پەرلەمانتاری سەربەخۆدا کۆ بووەوە کە لە پارتی عەدالەت جیا بووبوونەوە و دواتر بە دەستەی ١١ کەسی ناسران. حکوومەتی دووەمی بەرەی نەتەوەپەرستان بە سەرۆکایەتیی سلێمان دەمیرەل لە ٣١ کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا لێخرا و لە ٥ کانوونی دووەمی ١٩٧٨ حکوومەتی سێیەمی بولەند ئەجەوید هاتە دامەزراندن. ١٠ پەرلەمانتار لە کۆی ١١ پەرلەمانتارە جیاوەبووەکەی پارتی عەدالەت لە پەرلەماندا دەنگیان دا بە حکوومەتی ئەجەوید و هەر دەیان بوون بە وەزیر. پارتی عەدالەتیش ڕەخنەی لەو حکوومەتە گرت، وەک «دەنگ بەرامبەر بە پۆستی وەزارەت» وەسپی کرد و ناوی «حکوومەتی مۆتێل»ی لێ نا، چونکە وەک لە پێشەوە باس کرا، ئەجەوید لە مۆتێلی گوینەش لەگەڵ پەرلەمانتارانی جیاوەبووی پارتی عەدالەتدا کۆ بووبووە و وردەکارییەکانی دامەزراندنی حکوومەتی لەگەڵیاندا تاوتوێ کردبوو. حکوومەتی سێیەمی ئەجەوید ١٠ مانگ و هەفتەیەک، واتا تا ١٢ تشرینی دووەمی ١٩٧٩ ژیا.
پاش ئەوەی حکوومەتی سێیەمی ئەجەوید دەستی لە کار کێشایەوە، پارتی بزووتنەوەی میللی ڕازی نەبوو پارتی سەلامەتی میللی لە حکوومەتدا بەشدار بکرێت، بۆیە بەرەی سێیەمی نەتەوەپەرستان پێک نەهات و ڕۆژی ١٢ تشرینی دووەمی ١٩٧٩ حکوومەتێکی کەمینە بە سەرۆکایەتیی سلێمان دەمیرەل هاتە دامەزراندن. دەمیرەل «نەخشەی سەد ڕۆژ»ی ڕاگەیاند و بانگەشەی ئەوەی کرد کە هەردوو کێشەی بنەڕەتیی توندوتیژی و هەڵاوسانی ئابووری لە ماوەی سەد ڕۆژدا چارەسەر دەکات. بەڵام ئەم نەخشەیە بە مردوویی لە دایک بوو و پاش ئەوەی ماوەیەک گفتوگۆی لەسەر کرا، لە بیر چووەوە.

### سوپا، سیاسەتمەداران هۆشیار دەکاتەوە

فەرماندەی گشتیی ئەو سەردەمەی ئەرکانی سوپا جەنەراڵ کەنعان ئەڤرەن و هەریەک لە فەرماندەی هێزەکانی زەوینی و دەریایی و ئاسمانی و جەندرمە نامەیەکی هۆشیارکردنەوەیان سەبارەت بە پەشێویی بارودۆخی ناوخۆی وڵات نارد بۆ سەرکۆماری سەردەم فەخری کۆروتورک. ئەڤرەن و فەرماندەی باڵەکانی سوپای تورک ڕۆژی ١ کانوونی دووەمی ١٩٨٠ لە کۆشکی چانکایا لەگەڵ کۆروتورکدا کۆ بوونەوە و ناوەڕۆکی نامەکەی خۆیان بۆی ڕوون کردەوە: «هێزە چەکدارەکانی تورک بە پێداگرتنەوە داوا دەکات پارتە سیاسییەکانمان بە زووترین کات لە بەرامبەر کێشە ژیارییەکانی ئەمڕۆی وڵاتمان بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بخەنە پێش هەموو شتێکی تر و لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی دەستوورماندا و لە سۆنگەی بۆچوونی ئەتاتورکچییانەوە کۆ ببنەوە و هەموویان پێکەوە و بە هاوبەشی ڕێوشوێنی پێویست وەربگرن لە دژی هەر بزووتنەوەیەکی وەک توندوتیژی، تیرۆر و جوداخوازی کە هەرەس پێهێنانی وڵاتمان دەکات بە ئامانج و داوا دەکەین بەهەمان شێوە هاوکاری ڕێکخراوە دەستوورییەکانی تریش بکەن.»



هەواڵنامەی کتێب

## تەنگژەی هەڵبژاردنی سەرکۆمار

ئەگەرچی وادەی سەرۆکایەتیی فەخری کۆروتورک بەسەرچووبوو، کەچی سلێمان دەمیرەل و بولەند ئەجەویدی سەرۆکی دوو گەورەترین پارتی ناو پەرلەمان هێشتا پاڵێوراویان بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار دەستنیشان نەکردبوو. لە دوایین ساتدا پاڵێوراو دەستنیشان کرا، بەڵام هیچ یەکێک لە پاڵێوراوەکان لە کاتی دەنگداندا زۆرینەی پێویستی بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار بەدەست نەهێنا. پەرلەمان دەیان جار هەڵبژاردنی دووبارە کردەوە، بەڵام چەندی کرد نەیتوانی سەرۆکێک بۆ کۆمار هەڵبژێرێت. جەنەراڵی خانەنشین و فەرماندەی پێشووتری هێزی ئاسمانی موحسین باتوور پاڵێوراوی پارتی گەلی کۆماری (CHP) بوو. جەنەراڵی خانەنشین و فەرماندەی پێشووتری قۆڵی یەکەمی سوپا فایەق تویروین پاڵێوراوی پارتەکانی بەرەی نەتەوەپەرستان (پارتی عەدالەت، پارتی بزووتنەوەی میللی و پارتی سەلامەتی میللی) بوو. موحسین باتووری پاڵێوراوی (CHP) ئەگەرچی زۆربەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیتوانی زۆرینەی ڕەها بەدەست بخات، نەهاتە هەڵبژاردن بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار. ئەم بارودۆخە زیاتر پاڵی بە تورکیاوە نا بەرەو ڕۆژگارێکی سەخت و خراپ.


سلێمان دەمیرێل

## بزووتنەوەی ئاڵا - کودەتا

فەرماندەی گشتیی ئەرکانی سوپا جەنەراڵ کەنعان ئەڤرەن ڕۆژی ١٧ حوزەیران فەرماندەی باڵەکانی سوپا و جێگری سەرۆکی گشتیی ئەرکان نەجدەت ئوێزتۆرون بانگ دەکات بۆ کۆبوونەوە و داوایان لێ دەکات ڕۆژی ١١ تەمووزی ١٩٨٠ کودەتایەک بەرپا بکەن و ناوی لێ بنێن بزووتنەوەی ئاڵا: «بۆ سەرجەم فەرماندەکانی سوپا؛ کاتی دەستپێکردنی پلانی ئاڵا سەعات چواری بەیانیی ڕۆژی ١١ تەموززە.»
بەڵام حکوومەتی سلێمان دەمیرەل ڕۆژی ٢ تەمووز متمانەی پەرلەمانی بەدەست هێنا و ئەمەش بووە هۆی دواخستنی ئەنجامدانی پلانی ئاڵا. پاشان لە ماوەی ٢٨-٣١ ئابدا بە پەیکبەری تایبەتدا فەرمانەکانی «بزووتنەوەی ئاڵا» بۆ فەرماندەکانی باڵەکانی سوپا بەڕێ کرا و تیایدا داوایان لێ کرا لە ٥ ئەیلولەوە هەموو ساتێک ساز و ئامادە بن.
بەیانی ژمارە ١ی ئەنجوومەنی ئاسایشی میللی کە لە فەرماندەی گشتیی ئەرکانی سوپا کەنعان ئەڤرەن و فەرماندەکانی باڵەکانی سوپا پێک هاتبوو، لە ڕادیۆدا خوێندرایەوە و تیایدا ڕاگەیەندرا کە سوپا بە پشتبەستن بە یاسای خزمەتی ناوخۆ و بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوندییەکانی میللەت دەستی بەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی وڵاتدا گرتووە. لە بەیانی ژمارە ٢دا کە ڕۆژی ١٢ ئەیلوول بڵاو کرایەوە، ڕاگەیەندرا فەرماندەییی سوپا ١٣ جەنەراڵی وەک فەرماندەی ١٣ هەرێمی ڕەوشی ئاوەرتە دەستنیشان کردووە. بە بەیانی ژمارە ٧یش پارتە سیاسییەکان قەدەخە کران و جگە لە هێڵی ئاسمانیی تورک و دامەزراوەی داڵدەدانی منداڵان و مانگی سوور، چالاکیی سەرجەم کۆمەڵە و سەندیکاکانی تر قەدەخە کرا. هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس خرانە ژێر فەرمانی فەرماندەییی گشتیی جەندرمەوە. گەورە لێپرسراوانی ئاسایش و دەزگای هەواڵگریی میللی (میت) لە یەکەم ڕۆژی کودەتادا بانگ کران بۆ بارەگای فەرماندەییی گشتیی سوپا و هەمان ڕۆژ لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی تورک تی ئارتی و بەڕێوەبەری گشتیی پۆست و گەیاندندا لە پۆستەکانیان دوور خرانەوە.
کەنعان ئەڤرەن ڕۆژی ٢٠ ئەیلوول پۆستی سەرۆکوەزیرانی بەخشی بە جەنەراڵی خانەنشین و فەرماندەی پێشووتری هێزی دەریایی بولەند ئولوسوی. ڕۆژی دواتریش لیستی وەزیرەکانی خستە بەردەستی لێپرسراوانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و دەنگی لەسەر درا. خۆیشی وەک سەرۆکی دەوڵەت دامەزراند.

## ڕۆڵی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا

نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی تورک مەمەد عەلی بیراند لە کتێبی «١٢ ئەیلوول، سەعات ٠٤,٠٠»دا دەنووسێت لێپرسراوی دۆسیەی تورکیا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی ئەمریکا پاول هەنز هەواڵی کودەتاکە دەگەیەنێت بە سەرۆک جیمی کارتەر و پێی دەڵێت «کوڕەکانت کارەکەیان ئەنجام دا.» دزەکردنی ئەم هەواڵە لەو سەردەمەدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گفتوگۆی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا سەبارەت بە ڕۆڵی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا لە کودەتای ١٢ ئەیلوولدا. وەک پێشتریش ئاماژەی پێ درا، وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە تایبەتیش وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا لە نێزیکەوە چاودێریی کەموکورتیی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی تورکیای گرینگترین ئەندامی باڵی باشووری پەیمانی باکوری ئەتلانتیک — ناتۆی دەکرد. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران شۆڕشی ئیسلامی هەڵگیرسا و لە هەمان

ساڵدا هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران چوونە ئەفغانستانەوە و دەستیان بەسەر ئەو وڵاتەدا گرت، سەقامگیربوونی ڕەوشی تورکیا بۆ سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بایەخی زیاتری پەیدا کرد. گشت ئەم هۆکارانە بەشێکی زۆر لە چاودێرانی سیاسیی و ڕۆژنامەنووسان و نووسەران دەهێننە سەر ئەو باوەڕەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەبووبێت لە هەڵگیرساندنی کودەتای ١٢ ئەیلوولدا لە تورکیا.

## کورد و کودەتای ١٢ ئەیلوول

لە سەروبەندی کودەتای ١٢ ئەیلوول و دواتریش لە سەردەمی حکوومەتی سەربازیدا گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا کەوتە بەر شاڵاوی گرتن و کوشتن و تۆقاندن و بەسەدان سیاسەتوان و ڕۆژنامەنووس و چالاکی کورد دەستگیر کران و لە گرتووخانەکان قایم کران. گرتووخانەی دیاربەکر کە پار بە یەکجاری داخرا، سەرزەمینێک بوو بۆ پیادەکردنی سیاسەتی توندوتیژی سەرانی کودەتای سەربازی لە دژی کەسانی چالاکی کورد و نەتەوەکانی تری تورکیا. لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا بە سەدان کتێب و فیلم و شانۆنامە سەبارەت بە سیاسەتی توندوتیژی سەرانی کودەتای ١٢ ئەیلوول و ژیانی ناو گرتووخانەکان، بەتایبەتیش گرتووخانەی دیاربەکر، بەرهەم هێندراوە.

لە سەردەمی کودەتای ١٢ ئەیلوولدا ڕاگەیەندرا کوردەکان تورکی شاخن. لە «کتێبی سپی»دا کە فەرماندەییی گشتیی سوپا لەو ڕۆژگارەدا چاپ و بڵاوی کردەوە، هاتووە: «لە بەشە بەرزەکانی سەر شاخەکان و لووتکەکان بەفرێک هەبوو بە هاوین و زستان نەدەتوایەوە. کاتێک خۆر هەڵدەهات، توێژی سەرەوەی بە شەختەبوو و بریقەدار سەر بەفرەکانی دادەپۆشی. سەرەوەی ڕەق و ژێرەوەی نەرم دەبوو. کاتێک مرۆڤ بەسەر ئەو بەفرەدا دەڕۆیشت، ئەو شوێنەی پێی پێدا دەنا ڕوودەنیشت و دەنگی 'کرت-کورد'ی دەردەکرد. لەم سۆنگەیەوەیە تورکمەنەکانی ڕۆژهەڵات بە کورد ناو دەبرێن. ئەوانەی کە جوداخوازان بە کورد ناویان دەبەن، لە ڕاستیدا ناوی ئەو دەنگەیە کە لە کاتی ڕۆیشتنی تورکە نیشتەجێکانی کوێستانە بەرزەکان و هەرێمە بەفراوییەکاندا لە ژێر پێیان دەردەچێت.»

## ئامارەکانی کودەتای ١٢ ئەیلوول

کودەتای سەربازیی ساڵی ١٩٨٠ زیانی گیانی و ماڵی و دەروونی زۆری بەدواوە بوو، برینێکی گەورەی کردە جەستە و ڕۆحی مرۆگەلی ئەو وڵاتە بە گشت نەتەوە و ئاین و چین و توێژەکانییەوە و ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتی بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەدا برد و هەوڵەکانی دیموکراتیزەکردنی وڵاتی لەبار برد. ئاماری کودەتای ١٢ ئەیلوول بەکورتی بەم جۆرەیە: «دەستگیرکرنی ٦٥٠ هەزار کەس. کردنەوەی دۆسیە بۆ ملیۆنێک و ٦٨٣ هەزار کەس. داواکردنی سزای لە داردان بۆ ٧ هەزار کەس. جێبەجێکردنی سزای لە داردان بەسەر ٥١٧ کەسدا. ٧١ هەزار کەس بەپێی ماددەکانی ١٤١، ١٤٢ و ١٦٣ لە یاسای سزای تورک دادگایی کران. ٩٨ هەزار و ٤٠٤ کەس بەتۆمەتی ئەندامەتی لە ڕێکخراودا دادگایی کران. ٣٨٨ هەزار کەس وەرگرتنی دەربازنامە (پاسپۆرت)یان لێ قەدەخە کرا. ٣٠ هەزار کەس بەهۆی ئەوەی گومانیان لێ دەکرا، لە کار دەکران. ٣٠٠ کەس لە هەلومەرجی تەمومژاویدا کوژران. بە بەڵگەوە سەلمێندرا کە ١٧١ کەس لە ژێر ئەشکەنجەدا مردوون. ٩٣٧ فیلم بەهۆی ئەوەی جێی گومان بوون، قەدەخە کران. چالاکیی ٢٣ هەزار و ٦٧٧ کۆمەڵەی ڕێکخراوی مەدەنی ڕاگیرا. ٣ هەزار و ٨٥٤ مامۆستا و ١٢٠ مامۆستای زانکۆ و ٤٧ دادوەر لە کار دەرکران. بەسەریەکەوە داوای ٤ هەزار ساڵ سزای زیندانیکردن کرا بۆ ٤٠٠ ڕۆژنامەنووس و لە ئاکامدا سزای ٣ هەزار و ٣١٥ ساڵ زیندانیکردن بۆ ڕۆژنامەنووسان بڕدرایەوە. ٣١ ڕۆژنامەنووس خرانە گرتووخانە، ٣٠٠ ڕۆژنامەنووس کەوتنە بەر هێرش و ٣ ڕۆژنامەنووس لە هێرشی چەکداریدا کوژران. ڕۆژنامەکان ٣٠٠ ڕۆژ لە دەرچوون ڕاوەستان. ٣٩ تۆن ڕۆژنامە و گۆڤار لە ناو بران. سەرجەم ٢٩٩ کەس لە زیندانەکاندا مردن. ١٤٤ کەس لەوانە لە هەلومەرجی گوماناویدا و ١٤ کەسیان لە مانگرتندا مردن و ١٦ کەسیان لە کاتی "ڕاکردن" لێیان درا و کوژران. ٩٥ کەس لە شەڕ و پێکادانەکاندا کوژران و هتد...»



بوڵەند ئەجەوید

**سەرچاوەکان:**

1. Mehmet Ali Birand، 12 Eylül Saat: 04:00 Karacan Yayınları،Temmuz 1985، 12.Baskı
2. Kenan Evren>in Anıları>، Milliyet gaze-tesi، 11 Kasım 1990
3. 12 EYLÜL DÖNEMİ SIKIYÖNETİM.. www.bilgnet.com
4. CUMHURİYET GAZETESİ - 12 EYLÜL 2000... www.bilgenet.com
5. CHP ve Kurultaylar tarihi.. (**1951**-1979)... www.bilgenet.com

# فەلسەفەی بنەڕەتیی دەستوورەکان لە تورکیا



بالاخانەی نوێی دادگای باڵای دەستووری کۆماری تورکیا

تاریق زیا ئیکینجی

**«لەم ماوەیەدا لە تورکیا زۆر بەچڕی باس لە گۆڕینی هەندێک لە ماددەکانی دەستووری وڵات دەکرێت. چاودێران پێیان وایە حکوومەتی پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان خوازیارە بەنیازی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپا بەسەر سیاسەتەوە و ڕێخۆشکردن بۆ زیاتر نێزیکبوونەوە لە ئەندامەتیی یەکیەتیی ئەورووپا و دواجار دۆزینەوەی جۆرێک لە چارەسەر بۆ پرسی درێژخایەنی کورد لە تورکیا، بڕێک گۆڕانکاری لە دەستووردا ئەنجام بدات. ئاشکرایە پارتەکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن دژ بەم هەنگاوەی حکوومەت وەستاونەتەوە و لە دژی دەستکاریکردنی دەستوورن. حکوومەتیش سوورە لەسەر ئەوەی ئەگەر پێویست بکات، ئەوا بابەتی گۆڕینی دەستوور دەخاتە ریفراندۆمەوە. ئەم وتارەی نووسەر و سیاسەتوانی کورد تاریق زیا ئیکینجی تیشک دەخاتە سەر مێژووی دەستوورەکانی تورکیا و ناوەڕۆکەکانیان هەڵدەسەنگێنێت.. وەرگێڕ.»**

### فەلسەفەی بنەڕەتیی دەستوورەکان لە تورکیا

جیاکردنەوەی بابەتە پێکهێنەرەکانی ناوەڕۆکی دەستوورێک لە فەلسەفەی ئەو دەستوورە، کارێکی بێ ئەندازە دژوارە. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەم بۆچوونەکانی خۆم سەبارەت بە فەلسەفەی دەستوور بخەمە ڕوو.

### دەستوورەکانی کۆماری تورکیا لە ژێر کاریگەریی پاشماوەی مێژووییدان

کاتێک فەلسەفەی دەستوور ورد دەکەینەوە، پێویستە چاو بە فەلسەفەی بنەڕەتیی ئەو دەستوورانەدا بگێڕینەوە کە لە ساڵی ١٩٢٤ بەدواوە لە تورکیا خراونەتە بواری کار پێکردنەوە. ئەو دەستوورانەی لە سەردەمی دامەزراندنی کۆمارەوە داڕێژراون و ئەو یاسایانەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەستوورانەدا دەرکراون،



زۆر بە ئاشکرا دەری دەخەن کە سیستەمی حوکمڕانی لە تورکیا «کۆماری مەشروتە»یە. بۆ نموونە، لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە تا ساڵی ١٩٦٠، واتا تا کودەتای ٢٧ ئایار/مایس لە تورکیا کار بە «بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان» نەکراوە. لە وڵاتدا تاکە دەسەڵاتێک هەبوو «دەوڵەت»ی پێ دەگوترا و لەو دەوڵەتەشدا کە هەموو شتێکی خستبووە ژێر دەستی خۆی، باس لە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان نەدەکرا. دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادگە و جێبەجێکردن تێکەڵ بوون. دامەزراوەیەک هەبوو سەرجەم ئەو دەسەڵاتانەی لە هەمان کاتدا بەکار دەهێنا و ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی سەرکۆمار (وەزیری دەوڵەت)دا بوو. مستەفا کەمال ئەتاتورکی یەکەم سەرکۆمار (وەزیری دەوڵەت)ی دامەزرێنەر، دەوڵەتی بە ناوونیشانی «ئەبەدی شێف – سەرۆکی هەتاهەتایی» بەڕێوە برد. دوای مردنی ئەتاتورکیش، سەرکۆمار عیسمەت پاشای هاوخەباتی ئەتاتورک بە ناوونیشانی (میللی شێف – سەرۆکی میللی) و بەهەمان شێوازی ئەتاتورک وڵاتی بەڕێوە برد. ساڵانی ١٩٥٠ لەگەڵ دەستپێکردنی سەردەمی فرە پارتایەتیدا، ئەگەرچی جۆرێک گۆڕانی بەرچاویش بەدی کرا، کەچی «بنەمای یەکیەتیی دەسەڵاتەکان» درێژەی هەبوو. سەرەڕای ئەوەی پارتێکی ئۆپۆزسیۆن گەیشتە پەرلەمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەری پێکەوە مانەوە و جیا نەکرانەوە. وەلێ پاش دەستووری ساڵی ١٩٦١ کە لە دوای کودەتای ٢٧ ئایاری ساڵی ١٩٦٠ پەسەند کرا، بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان خرایە بواری جێبەجێکردنەوە و بەو جۆرە سیستەمی سەربەخۆی دادوەری توانی بۆ یەکەم جار مایەی متمانەی ڕژێم بێت. بەڵام لە پاڵ ئەوەدا هەمیشە پارێزگاری لە چەمکی «دەوڵەتی پیرۆز»ی ڕەنگرێژی ڕژێم و دامەزراوەی باڵا کرا و بێ گۆڕان مایەوە.

### دەوڵەتی پیرۆزی ناو دەستوور دامەزراندنی پادشایەتییە

لە ساڵی ١٩٢٤وە تا ئەمڕۆ لە سەرجەم دەستوورەکاندا باس لە «دەوڵەتێکی پیرۆز» دەکرێت کە کتومت وەک «پادشا» توانای هەموو شتێکی هەیە و فەرمانڕەوای گشت شتێکە و هەموو ئەرک و لێپرسراویی بەڕێوەبردنی وڵات بە ویستی ئەو دەوڵەتە پیرۆزەوە گرێ دراوە. دەستووری ساڵی ١٩٨٢ کە لەو ساڵەوە تا ئێستا لە بواری کارپێکردندایە، بە باشترین شێوە باڵادەستی و دەست بۆ نەبراویی «دەوڵەتی پیرۆز» تیایدا ڕەنگی داوەتەوە. ماددەی ١٤ لەو دەستوورە بەم جۆرە گوزارە لە باڵادەستی و دەست بۆ نەبراویی دەوڵەت دەکات: «مۆڵەت نادرێت هیچ یەکێک لەو ماف و ئازادییانەی کە لە دەستووردا هاتوون، لە شێوەی چالاکیەکدا بەکار بهێندرێن کە بە ئامانجی تێکدانی یەکیەتیی لە تێکدان نەهاتووی وڵات و گەلی دەوڵەت ئەنجام بدرێت.» بەپێی ئەم گێڕانەوەیە، لە تورکیا دەوڵەتێک هەیە و ئەو دەوڵەتەش وڵاتێک و گەلێکی هەیە. واتا دەوڵەت خاوەنی وڵات و گەلە. لێرەدا دەوڵەت کتومت وەک پادشا جۆری قەوارەیەکی خاوەن وڵات و گەل پێناسە دەکرێت. بەشی زۆری دادوەران کاتێک ئەرکەکانی دادوەری ڕادەپەڕێنن، لە کاتی بڕیارداندا بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت ڕەچاو دەکەن، نەک ماف و مافناسی. ئەمە بە مەرجێک لە وڵاتانی هاوچەرخدا لە پێشدا گەل و وڵات هەیە، گەل خاوەنی وڵاتە و لە کاتی پێویستیشدا دەوڵەت دادەمەزرێنێت. دەوڵەت لەو کۆمەڵگانەدا ڕێکخراوێکی خزمەتگوزارییە. لە تورکیاش ئەگەر نەزمێکی دەستووری نەیاتە دامەزراندن کە دەوڵەت وەک ڕێکخراوێکی خزمەتگوزاری ببینێت، ئەوا هاوچەرخبوون و هەنگاو هاویشتن بەرەو دیموکراسی و چەسپاندنی دیموکراسی لە وڵاتدا کاری لە کردن نەهاتووە.

### نەتەوەپەرستیی دەوڵەت لە دەستوورەکاندا

یەکێک لە پایە گرینگەکانی پێکهێنەری فەلسەفەی دەستوورەکانی ئێمە «نەتەوەپەرستیی دەوڵەت» و پایەیەکی تریش «ئایدۆلۆجیای دەوڵەت»ە. نەتەوەپەرستیی دەوڵەت و ئایدۆلۆجیای دەوڵەتی ناو دەستوورەکان لە پایە گرینگەکانی «کۆماری مەشروتە»ن کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە. نەتەوەپەرستیی دەوڵەت چییە؟ پیاوی دووەمی دەوڵەت سەرۆکوەزیران عیسمەت ئینونو لە ساڵی ١٩٢٥دا باشترین وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە و «نەتەوەپەرستیی دەوڵەت» بەم جۆرە پێناسە دەکات: «نەتەوە تاکانە ئامرازی پێکەوە گرێدانمانە. ڕەگەزەکانی

> لە سەرجەم دەستوورەکانی سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە تا ئەمڕۆ تورکبوون مەرجی یەکەمی هاوڵاتیبوونە

تر لە بەرامبەر زۆرینەی تورکدا بێ کاریگەرین. ئەرکمان ئەوەیە ئەوانەی لە ناو وڵاتی تورکاندان، بە هەموو جۆرێک بیانکەین بە تورک. ئەو ڕەگەزانەی تورک و تورکایەتی ڕەت دەکەنەوە، دەیانبڕینەوە و فڕێیان دەدەین. ئەو خەسڵەتەی لە خزمەتکردنی وڵاتدا جیامان دەکاتەوە ئەوەیە پێویستە ئەو کەسە بەر لە هەموو شتێک تورک و تورکپەروەر بێت.»
واتە مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت ببێت بە هاوڵاتیی ئەم وڵاتە، پێویستە بەر لە هەموو شتێک تورک و تورکپەروەر بێت. پایەی نەتەوەپەرستی لە فەلسەفەی بنەڕەتیی گشت ئەو دەستوورانەدا کە لە دوای دامەزراندنی کۆمارەوە کاریان پێ کراوە، لەسەر ئەو چەمکە داڕێژراون. ئەگەر پرسی نەتەوەپەرستی لە دەقی دەستوورەکاندا بەو گوتانەش گوزارەیان لێ نەکرابێت، ئەوا کارکردن بە دەستوورەکان لەو چوارچێوەیەدا بووە.




## ئایدۆلۆجیای دەوڵەت لە دەستوورەکاندا

بابەتێکی تر لەوانەی کە دەستوورەکانی ئێمە لە ڕووی فەلسەفەی بنەڕەتییەوە پشتیان پێ بەستووە و پێویست دەکات لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، بابەتی ئایدۆلۆجیای دەوڵەتە: «ئایا پێویستە دەستوورەکان ئایدۆلۆجیان هەبێت، یان نەبێت؟» بێگومان لە هەموو دەستوورێکدا ئایدۆلۆجیایەکی ناسێنەری ڕێژیم هەیە. بۆ نموونە، دەستەواژەی «کۆماری تورکیا (...) دەوڵەتی قانوونی دیموکرات، لاییست و کۆمەڵایەتییە» لە ماددەی دووەم لە دەستووری ساڵی ١٩٨٢دا ئایدۆلۆجیایەکە ڕێژیم دەناسێنێت. بەڵام ئەمە بەڕووی ئایدۆلۆجیاکانی تردا داخراو نییە. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەم ئایدۆلۆجیایە ئەوانی تر ڕەت دەکاتەوە، خۆسەپێنەرە و مرۆڤ ناچار دەکات پابەندی یەک ئایدۆلۆجیا بێت. ئەم ئایدۆلۆجیایە زۆر جاران خۆی لە فۆرمی جیاوازدا دەخاتە ڕوو و کاریگەریی قەدەغەکاریشی هەرە زیاد لە جێبەجێکردنیدا بەدی دەکرێت.
ئەو ئایدۆلۆجیا خۆسەپێن و قۆرخکەرەی دەوڵەت لە گشت ئەو دەستوورانەی کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا ئەمڕۆ لە تورکیا نووسراون، هەیە. ئەو ئایدۆلۆجیایە یەکێکە لە پایە پێکهێنەرەکانی فەلسەفەی بنەڕەتیی دەستوورەکان. هەرکەسێک لە تورکیا هەڵگری ئایدۆلۆجیایەکی تری دەرەوەی ئەو ئایدۆلۆجیا بڕیاردەرە بێت، حسێبی «ناپاکی نیشتمان»ی بۆ دەکرێت. فەرماندەی گشتیی ئەرکانی سوپا بەڕێز جەنەراڵ یەشار بیوکئانیت (ئەم فەرماندەیە ئێستا خانەنشینە و جەنراڵ ئیلکەر باشبوغ لەم کاتەدا فەرماندەی گشتیی ئەرکانی سوپای تورکە.. وەرگێڕ) بە ڕوونترین شێوە گوزارە لەم ئایدۆلۆجیایەی دەوڵەت دەکات و بەم جۆرە دەیناسێنێت: «تاکە بنەمایەکی هاوبەش کە لە تورکیا مایەی پەسەندکردن بێت، سیستەمی هزری ئەتاتورکییە. هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی لەگەڵ ئەو بنەمایەدا یەک نەگرێتەوە، پێویستە لێی ڕوون بێت کە دوژمنی نەتەوە و نیشتمانە.» واتای ئەم بۆچوونە بەم جۆرەیە: «هەموو کەسێک لە تورکیا ناچارە هزری ئەتاتورکی پەسەند بکات و لەو چوارچێوەیەدا کاری سیاسی بکات. هەڵبژاردنی ئایدۆلۆجیایەکی دژبەری سیستەمی هزری ئەتاتورکی و هەوڵدان بۆ پەیڕەوکردنی کاری سیاسی لە چوارچێوەی ئەو ئایدۆلۆجیایەدا بریتییە لە ناپاکیکردن لە نیشتمان.» بە واتایەکی تر، ئەوانەی هەڵگری ئایدۆلۆجیای جیاوازن، ناپاکی نیشتمانن و لەم وڵاتەدا جێگە و مافیان نییە.

>>>
**«تاکە بنەمایەکی هاوبەش کە لە تورکیا مایەی پەسەندکردن بێت، سیستەمی هزری ئەتاتورکییە. هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی لەگەڵ ئەو بنەمایەدا یەک نەگرێتەوە، پێویستە لێی ڕوون بێت کە دوژمنی نەتەوە و نیشتمانە.»**

## لە دەستوورەکاندا هاوڵاتیبوون پشت بە ئەتنیکی تورک دەبەستێت

یەکێک لەو پایانەی تر کە لە ساڵی ١٩٢٤وە تا ئێستا فەلسەفەی بنەڕەتیی دەستوورەکانی ئێمە پێک دەهێنێت، پێناسەی هاوڵاتیبوونە. ئەم پێناسەیە کە لە کرۆکی دەستوورەکانی تورکیادا ڕاکشاوە، بابەتێکی بێ ئەندازە هەستیارە، چونکە لە کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگی وەک تورکیادا پێناسەی هاوڵاتیبوون لەسەر بنەمای ڕەگەز داڕێژراوە. ئەمە بە مەرجێک لە کۆمەڵگە فرەڕەنگە هاوچەرخەکاندا پێناسەی هاوڵاتیبوون بە شێوەیەک داناڕێژرێت کە ئاماژە بۆ ڕەگەزێکی دەستنیشانکراو بکات. بە واتایەکی تر، ئەوە ڕەفتارێکی نایاساییە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگدا چەمکی پێناسەی هاوڵاتیبوون هەمووان ناچار بکات لە یەک ڕەگەز و سەر بەیەک کولتوور بن. ماددەی ١/٨٨ی دەستووری ساڵی ١٩٢٤ بەم جۆرە پێناسەی هاوڵاتیبوون دەکات: «خەڵکی تورکیا بێ جیاوازیی ئاین و ڕەگەز وەک هاوڵاتی بە (تورک) ناو دەبرێن.» بەپێی ئەم پێناسەیە، هەموو هاوڵاتییەکی کۆماری تورکیا ناچارە تورک بێت. بە واتایەکی تر، کەسێک بۆ ئەوەی بتوانێت ببێت بە هاوڵاتیی کۆماری تورکیا، پێویستە لە ڕەگەز و نەتەوەی خۆی هەڵبگەڕێتەوە و ببوون بە تورک قەبوڵ بکات. ئەم چەمکی هاوڵاتیبوونە کە پێوەندیی بە ڕەگەزی تورکەوە دەهێنێتەوە بیری مرۆڤ، لە دەستوورە نووسراوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٨٢دا لە ڕادەبەدەر تۆخ و دووبارە کراوەتەوە. بۆ نموونە، لە ماددەی ١/٦٦ی دەستووری ساڵی ١٩٨٢دا پێناسەی «هەرکەسێک بە پێوەندیی هاوڵاتیبوونەوە بە دەوڵەتی تورکەوە بەسترابێتەوە، تورکە» بەکار دەهێنێت و بە شێوەیەکی ڕادیکاڵانەتر پێداگری لەسەر ڕەگەز دەکات. وەک دەبینن پێناسەی هاوڵاتیبوون لە سەرجەم دەستوورەکاندا لەسەر بنەمای ئەتنیکی تورک داڕێژراوە. بەڵام لە دەستووری ساڵی ١٩٢٤دا دەستەواژەیەکی زیاتر کشۆک بەکار هێندراوە، بۆیە بە بەراورد لەگەڵ ئەم پێناسەیەی ئێرەدا نەرمتر دەنوێنێت. دواجار لە سەرجەم دەستوورەکانی سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە تا ئەمڕۆ تورکبوون مەرجی یەکەمی هاوڵاتیبوونە. بانگەشەی ئەوەی گوایە ئەمە ناوێکە لە ڕێڕەوی مێژوودا قەوارەی گرتووە و ڕێز لە تایبەتمەندیی ئەتنیکە جیاوازەکانی تر دەگیرێت، شتێکی دوورە لە ڕاستی. ئەمە ڕاستییەکە هەموو ئەوانەی ئاسیملاسیۆن ڕەت دەکەنەوە و داوای ناسینی گرووپە ئەتنیکییەکانی خۆیان دەکەن و وەک هاوڵاتیی یەکسان ڕەفتاریان لەگەڵدا ناکرێت، لە بواری جێبەجێکردندا پەی پێ دەبەن و پێی دەزانن. لە تورکیا تاکە مەرج بۆ سوودوەرگرتن لە مافەکانی هاوڵاتیبوون بریتییە لە تورکبوون. بە واتایەکی تر، بریتییە لەوەی قەبوڵ بکەیت تورکیت، یان ببیت بە تورک. بە بۆچوونی من، پێناسەی هاوڵاتیبوونیش پەیوەندیی بە فەلسەفەی بنەڕەتیی دەستوورەوە هەیە.

### دەستوورەکان چەمکی جووت دەوڵەتیان تێدا ڕەچاو کراوە

پێکهاتەی «جووت دەوڵەت» لە تورکیا تایبەتمەندییەکی فەلسەفیی تری دەستوورەکانی تورکیایە. ئەم تایبەتمەندییە لە شێوەی ماددەدا لە دەستوورەکاندا تۆمار نەکراوە، بەڵام ئاوێتەی ڕۆحیان کراوە. کاروباری جووت دەوڵەت کە وەک کرۆک لە هەموو دەستوورەکاندا جێگیر کراوە، لەو دەستوورانەدا کە لە ساڵی ١٩٦١ بەدواوە داڕێژراون و کاریان پێ کراوە، زەقتر کراوەتەوە و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بواری جێبەجێکردندا کاری پێ کراوە. ئەمڕۆ ئیدی هەموو کەسێک دان بە هەبوونی پێکهاتەی جووت دەوڵەتیدا دەنێت و خاوەن بیر و بۆچوونە جیاوازەکان بە شتێکی ئاساییی دەزانن. لەلایەک «دەوڵەتێکی هەڵبژێردراو» هەیە بە هەڵبژاردن هاتووە و دەنگی گەل شێوە و قەوارەی داوەتێ. هاوشانی ئەویش «دەوڵەتێکی دەمەزرێندراو» هەیە کە دامەزرێنەران پێکیان هێناوە. زۆربەی جاران «دەوڵەتی دامەزرێندراو» لە جێبەجێکردندا پێش «دەوڵەتی هەڵبژێردراو» دەکەوێتەوە. دامەزرێنەران کە لە لێپرسراوانی دەزگاکانی وەک سوپا و دادوەری و دەستەی باڵای خوێندن و فێرکردن و هتد.. پێک دێن، دەوڵەتی دامەزرێندراو وەک دەوڵەتی ڕاستەقینەی خۆیان دەبینن و هەوڵ دەدەن دەوڵەتی هەڵبژێردراو بەلاڕێدا ببەن و بیشێوێنن. سوپا ڕابەرایەتی دەوڵەتی دامەزرێندراو دەکات و ئەم دەوڵەتە هێزی خۆی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و لە یاسای خزمەتی ناوەخۆ وەردەگرێت. ئەگەر پێویست بکات، دەوڵەتی هەڵبژێردراو بەکۆتا دەهێنێت، دەستوورێکی نوێ بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت و دەتوانێت لە ژێر ڕکێفی خۆیدا دەوڵەتێکی هەڵبژێدراو دابمەزرێنێت. جیاوازیی بیر و بۆچوون سەبارەت بە کێشە و پرسە گەورەکان لە نێوان دەوڵەتی هەڵبژێردراو ئەو دامەزرێنەرانەی کە دەڵێن «دەوڵەت ئێمەین»، بەردەوام هەیە. زۆربەی جاران ئەم ناکۆکییانەی ڕێخۆشکەر بۆ تەنگژەی سیاسی بە مل کەچکردنی «دەوڵەتی هەڵبژێردراو» بۆ «دەوڵەتی دامەزرێندراو» کۆتاییان پێ دێت و دەبڕێنەوە. جووت دەوڵەت لە تورکیا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا لە بەهێزترین شێوازیدا درێژەی هەیە. هۆکاری سەرەکیی قوڵبوونەوە و هەوکردنی برینی پرسی کورد، ژیانی باکوری قوبرس لە ژێر گەمارۆی نێودەوڵەتیدا، جێبەجێ نەکردنی چاکسازییەکانی پێویست لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بە ئەمدامبوونی یەکێتیی ئەوروپادا و بە هەڵواسراوی هێشتنەوەی کێشە ژیارییەکان لە ناکۆکیی نێوان دەوڵەتی دامەزرێندراو و دەوڵەتی هەڵبژێردراوەوە سەرچاوە دەگرێت. دامەزرێنەران بە بیانووی ئەوەی «بەرژوەندییەکانی دەوڵەت» دەپارێزن، دژبەری ئەوەن ئەو کێشە و پرسە باسکراوانە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی چارەسەر بکرێن و بەردەوامن لەسەر گرتنەبەری ڕێگەی چارەسەر نەکردن و ئەمەش تورکیای بەرەو گۆشەگیری بردووە. تا ئەم پێکهاتە جووتە لە ناو نەبرێت، چەسپاندنی دیموکراسی لە تورکیا و گەشەپێدانی دەوڵەت و نۆژەنکردنەوەی مەحاڵە. بە دەبڕینێکی ئاشکراتر، تا سوپا نەگەیەندرێتە ئاستی ستاندار و پێوەرەکانی یەکیەتیی ئەوروپا، ڕزگاربوونی تورکیا لە قەوارەی جووت دەوڵەتی و بە هاوچەرخکردنی کاری لە کردن نەهاتووە.

### تاریق زیا ئیکینجی کێیە؟

ساڵی ١٩٢٥ لە قەزای لجێی سەر بە پارێزگای دیاربەکر لە دایک بووە. وەک هەموو هاوڕێکانی سەردەمی منداڵیی خۆی، لە تاکە قوتابخانەی ئەو قەزایە فێری زمانی تورکی دەبێت. خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە دیاربەکر تەواو دەکات. ساڵی ١٩٤٩ کۆلێجی پزیشکیی زانکۆی ئەستەنبوڵ تەواو دەکات. بەمەبەستی بەدەستهێنانی تایبەتمەندی لە بواری پزیشکیدا ماوەیەک لە پاریس بەسەر دەبات. ساڵی ١٩٥٧ وەک پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناوی مرۆڤ لە دیاربەکر دەگیرسێتەوە.

سێ سەردەم سەرۆکایەتیی ژووری پزیشکانی دیاربەکر-ماردین-سێرتی کردووە. لە ١٩٥٨-١٩٨٠ لە کۆنگرەکانی یەکیەتیی پزیشکانی تورکیادا نوێنەرایەتیی پزیشکەکانی کوردستانی تورکیای کردووە و بەرگری لە مافەکانیان کردووە. سەردەمانێکیش ئەندامی دەستەی باڵای دیسیپلینی ئەنجوومەنی یەکیەتیی پزیشکانی تورکیا بووە.

ئیکینجی لە پاڵ کاری نۆشداریدا ڕووی لە کاری سیاسیش کردووە و لە ١٩٥٧-١٩٦٠ لە ڕیزەکانی پارتی گەلی کۆماری (CHP) و دوای کودەتای ساڵی ١٩٦٠یش لە ڕیزەکانی پارتی کرێکاری تورکیا (TIP)دا کاری سیاسی کردووە و گرانی هەوڵەکانی خۆی خستووەتە سەر چەسپاندنی دیموکراسی و بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ. ساڵی ١٩٦٥ لەسەر لیستی (TIP) هەڵبژێردرا و بوو بە نوێنەری دیاربەکر لە پەرلەمانی تورکیا و لەوێ بەرگری زۆری لە ناسنامە و مافە کولتوورییەکانی گەلی کورد کرد. لە پاش کودەتای ١٢ ئادار/مارسی ١٩٧١ بە تۆمەتی پڕوپاگەندەکردن بۆ کوردایەتی بەپێی یاسای سزای تورک دەستگیر کرا و دوو ساڵی لە گرتووخانە بەسەر برد. دوای کودەتای ١٢ ئەیلوول/سێپتەمبەری ١٩٨٠ پێنج جار دەستگیر کرا. ساڵی ١٩٨٢ هەلی بە دەست هێنا و خۆی گەیاندە پاریس. تا ساڵی ١٩٨٩ لەوێ مایەوە و وەک پزیشک کاری کرد.

تاریق زیا ئیکینجی لە ساڵی ١٩٨٩وە لە ئەستەنبوڵ دەژی و سەرقاڵی نووسین و کتێب دانانە و تا ئێستا ئەم کتێبانەی بە چاپ گەیاندووە: «تراجیدیای ڕۆژهەڵات — ١٩٦٦، دەوڵەت و من — ١٩٩٥، تاوانێکی بکەری نادیار — ١٩٩٥، پرسی کورد لە ڕووی هاوڵاتیبوونەوە و پێشنیازێک بۆ چارەسەرکردن — ١٩٩٧، دیموکراسی، فرەکولتووری و بەسەرهاتی دادگاییکردنێک — ١٩٩٩، پاراستنی کەمینە نەتەوەکان لە یەکیەتیی ئەوروپا و تورکیا و کورد — ٢٠٠١، کێشەکانی سیاسەتی چەپ و پارتی کرێکاری تورکیا و بەرچاو ڕۆشنکردنەوەی کورد — ٢٠٠٤، دەوڵەت و کێشەکانی دەستوور — ٢٠٠٤، کێشەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە تورکیا — ٢٠٠٤، هەڵوێستی ڕەخنە ئامێز لە سیاسەتی تورکیا لە بەرامبەر کورد — ٢٠٠٤، هاوچەرخکردنی تورکیا و کوردەکان — ٢٠٠٦، بەسەرهاتی ژیانی ڕووناکبیرێکی کورد لە لجێوە تا پاریس — ٢٠٠٦.»

**وەرگێڕانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی**

**سەرچاوە:**

www.diyarbekir.net

**هۆکاری سەرەکیی قوڵبوونەوە و هەوکردنی برینی پرسی کورد لە ناکۆکیی نێوان دەوڵەتی دامەزرێندراو و دەوڵەتی هەڵبژێردراوەوە سەرچاوە دەگرێت. دامەزرێنەران بە بیانووی ئەوەی «بەرژوەندییەکانی دەوڵەت»**


مەولانا


مەلای جزیری


فزولی

# ئەدەبیات.. جیهانێکی

ئازاد زەردەشتی-دیاربەکر

ئەدەبیات وەکو میوەی بەهەشت وایە، کاکلەکەی گەردوونییە، دیوی دەرەوەی نەتەوەییە

ئەدەبیات گۆڕەپانێکی بێسنوورە، هیچ چوارچێوەو سنوورێک ناناسێت. جیهانی ئەدەب جیهانێکی رەنگین و بێسنوورە. لەبەرئەمەش ئەدەب بەچەندین تایبەتمەندیی خۆیەوە گەردوونییە. هەرچەندە لەلایەن زمان و کولتوورەوە خۆی بەماکیاژی نەتەوەیی نمایشدەکات بەڵام لەرەگوریشە و رۆحدا گەردوونییە.

ئەدەبیات دوو دیوی هەیە، دیوێکی نەتەوەیی، دیوێکی گەردوونیی، یاخود مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ئەدەبیات وەکو میوەی بەهەشت وایە، کاکلەکەی گەردوونییە، دیوی دەرەوەی نەتەوەییە. ناوەخنەکەی بەرۆحی گەردوونی رازاوەتەوە، وەکو هەر شتێک لەو سروشتەدا دیالیکتێکی بەهێزی هەیە، دیوی دەرەوەی زۆر رەنگینە و هەموو تامەکانی لەسەری کۆبۆتەوە و بەمشێوەیەش خۆی رازاندۆتەوە.

ئەو کاتەی مرۆڤ سەرنج دەداتە جیهانی ئەدەبیاتی هاوچەرخ، داهێنراوێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە، هەرچەندە هەریەکەیان بەزمانێکی جیاوازەوە نووسرابێت، هەرچەندە داڕشتنی زمان جیاوازی هەبێت، بەڵام مژارەکان، ناوەڕۆکەکەی بابەتی هاوبەشیان لەخۆگرتووە، ئازار و خۆشی مرۆڤایەتی باسدەکەن، ئەمەش وایکردووە جیهانی ئەدەبیات ببێتە جیهانێکی هاوبەش، هاوڵاتیانی ئەو جیهانە ئاگاداری یەکترن، دڵسۆزی و ئەویینداری بۆ یەکتری نیشاندەدەن، هەموویان رێبواری کاروانی بەرەوپێشچوونن.

سنی لەکەی سومەرییەکان، هۆمیرۆسی یۆنانی، بەیدابایێ هیندی، فیردەوسی ئێرانی، جزیری، خانی، فەقێی کوردستان و...تد هاوڵاتیانی ئەو جیهانە و داهێنەری ئەدەبیاتن.

بەلزاکی فەرەنسی، دۆستۆڤسکی و تۆلستۆی رووسی، مارکێزی ئەمریکای لاتینی، ئۆرهان پاموک و یەشار کەمالی تورک، نەجیب مەحفوزی میسری، جگەرخوێن، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، شێرکۆ بێکەس، ئارژەن ئاری، بەختیار عەلی، محەمەد ئۆزونی کورد و چەندانی دیکە هاوڵاتیانی ئەو جیهانەن و بەهەمان رۆح گۆش کراون.

ئەو کاتەی مرۆڤ ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکان دەداتە بەرچاو، چەندین لایەنی هاوبەش لەنێوانیان دەدۆزێتەوە. گەل و نەتەوە لەرێگەی پەیوەندی و دانوستاندنەوە کاریگەریان بەسەر یەکەوە کردووە، ئەم بیردۆزە بۆ ئەدەبیاتیش هەمان راستی لەخۆ دەگرێت.

کاریگەری ئەدەبیات زیاتر لەنێو ئەو نەتەوەو گەلانە روو دەدات کەدراوسێی یەکترن، ئەو کاتەی مرۆڤ دەڕوانێتە ئەدەبیاتی گەلی کورد زۆر بەڕوونی ئەو راستیەی بۆ روونده‌بێتەوە کە کاریگەری کردۆتە سەر ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێ و کاریگەری ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێی بەسەرەوە هەیە.

مێژووی دراوسێتی کورد و تورکان بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، لەبواری کولتووری و زمان و ئەدەبیاتدا دانوستانێکی درێژخایەن لەنێوانیاندا هەیە. بۆ نموونە، مرۆڤ دەتوانێت بەرهەمی چەند وێژەڤانێکی کورد و تورک بەراورد بکات و ئەو پەیوەندییە زەلال بکات.

فەقێ تەیران بەزمانی کوردی ئێش و ئازار و مەینەتی و ئاواتەکانی گەلی کوردی باسکردووە، بۆیە تا ئێستاش شیعر و بەرهەمەکانی لەدڵ و دەروونی گەلی کورد ماونەتەوە، هەروەها کەراجا ئۆغلۆ هەمان شتی بەزمانی تورکی کردووە و بەرهەمەکانی لەدڵ و دەروونی گەلانی ئەناتۆڵیا هەر زیندوون.

**فەقێ تەیران دەڵێت:**

بزانە کو من یار تویی
دل بریندار تویی
ئەز کوشتم یەکجار تویی
چ بکەم کو یار من یار تویی
بێ دەست و هەم پا تویی
پر لەمن کویار تویی
ئێ ب غەزەب خواندی ئەزم
د قەید و بەندێ ئەزم
زنجیر ب زەندێ ئەزم
مشتاقی رندێ ئەزم
ئاشقی جندێ ئەزم
پەروازی فندێ ئەزم

**لەبەرامبەردا کارا ئۆغلو دەڵێت:**

Deli gönül gezer gezer gelirsin
Arı gibi her çicekten alırsın
Nerde güzel görsen orda kalırsın
Ben senin derdini çekemem gönül
..........
Karac>oğlan der ki okuyam yazam
Keleş değilim ki kervanlar bozam





>>> ئەحمەدی خانی



>>> مەلای جزیری

# بێسنوور و هاوبەش

Giyinem kuşanam bir hosça gezem
Ben senin derdini çekemem gönül

ئەو کاتەی مرۆڤ سـەرنجەداتە رەنگەکانی ئەدەبیاتی میللی هەمان هەسـت و رامان بەدیدەکات، یەکێـک بەزمانی کوردیە ئـەوەی دیکە بەزمانـی تورکیە، یەکێک لەدڵـی گەلی کوردە ئەوەی دیکە لەدڵی گەلی تورک زیندووە.

لەجیهانـی ئەدەبیاتـی کلاسـیکدا مرۆڤ دەتوانێـت لەنێوان ئەحمـەدی خانی و فەیزوڵڵا بەراوردێک بکات. ئەحمەدی خانی لە شـاکاری مەم و زیندا لەلایەنی تەسەوفەوە لەئاستێکی زۆر بەرزدا داهێنانێکی زۆر گەورەی خوڵقاندووە، هەروەها فەیزوڵڵا لە شـاکاری لەیلا و مەجنون هەمان داهێنانـی بەدیدەکرێت، هـەروەک مـرۆڤ دەتوانێت لەنێوان مەلای جزیـری و مەولانا جەلالەدینـی روومی بەراوردێک بـکات، مەلای جزیری لەبواری فەلسەفە و تەسەوفدا زۆر وورد و قاڵبۆتەوە، ئەو کاتەی مرۆڤ بەرهەمەکانـی دەخوێنێتەوە دەکەوێتـە نێو جیهانێکی ئارام و رۆحی ئارام دەبێتەوە، بەهەمانشێوە مەولانا جەلالەدین هەمان چێژ دەبەخشێتە مرۆڤ.

لەسـەدەی بیستەمدا چەندین هەڵبەستڤانی گەورە هەیە مرۆڤ دەتونێت بەراورد لەنێوان باشـترینیان بـکات، جەگەرخوینی کوردی، نازم حیکمەتی تورک هەردووکیان لەجیهانی ئەدەبیاتی گەلەکەیان شـەپۆلی تازەیان داوەتە تێکۆشـان و بەرخودان، هەردووکیان لەنێو گەلدا بیردۆزی بندەستی گەلیان پاراستووە، بۆ ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەیان تێکۆشاون.

جگەرخوێـن لەچەندیـن وڵات گـەڕاوە و دەسـتبەرداری ئەو تێکۆشـانە نەبووە بەتایبەت ئەوکاتەی پەنابەر بووە لەشام و ئەورووپا و تا ئەو کاتـەی کۆچی دوایی کرد، نازم حیکمەتیش هەمان شـتی کـردووە، ئەویش کۆچبەر بـووە رووی کردۆتە مۆسکۆ لەوێدا کۆچی کردووە.

زمانی هەڵبەستی جگەرخوێن ١٠٠٪ زمانێکی دروست و خۆشە، زمانی نازم حیکمەتیش بەهەمان شێوەیە.

**جگەرخوێن دەڵێت:**

ئەز ژ خەو رابووم گول فرۆشەک بینی
پر گەلەک شا بووم  گول ب دل ددا
گول ب دل ددا
هەبوو مە یەک دل  تەڤ ژان و کول بوو
نە بوو مە باوەر  گول ب دل ددا
گول ب دل ددا
بازار مە کر گۆ  سەر ب سەر نادەم
ئێ گول پەرستی  ب جان و دل ددا
ب جان و دل ددا
من گۆکی ددا  جان و دل ب گول
گۆ ئەڤ بازارە  دل ب کول ددا
دل ب کول ددا
من جان و دل دان  دل کرییە گریان
جان گۆت جگەرخوین دل ب گول ددەی
دل ب کول ددەی

**لەبەرامبەردا نازم حیکمەت دەڵێت:**

Karlı kayın ormanında
.yürüyorum geceleyin
،Efkârlıyım، efkârlıyım
?elini ver، nerde elin
............
،Memleket mi، yıldızlar mı
?gençliğim mi daha uzak
Kayınların arasında
.bir pencere، sarı sıcak

:Ben ordan geçerken biri
<.Amca، dese، gir içeri>
Girip yerden selâmlasam
.hane içindekileri
.........
،Memleket mi، daha uzak
?gençliğim mi، yıldızlar mı
،Bayramoğlu، Bayramoğlu
?ölümden öte köy var mı

بەشێوەیەکی گشتی لەسـەر بنچینەی ئەم هەقیقەتانە، مرۆڤ دەتوانـێ بڵێت، کە دنیـای ئەدەبیات دنیایەکی بێسـنوور و رەنگینە، بەرهەمە ئەدەبییەکانیش لەو دنیا پان و بێسنوورەدا هاوبەشـن. ئەمە بۆ ئەدەبیاتی هەموو وڵاتانی دنیا وەک یەکە. پتریش بۆ ئەدەبیاتی کوردی و ئەدەبیاتی دەر و دراوسـێکانی کورد.

>>>

**ئەو کاتەی مرۆڤ ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکان دەداتە بەرچاو، چەندین لایەنی هاوبەش لەنێوانیان دەدۆزێتەوە. گەل و نەتەوە لەرێگەی پەیوەندی و دانوستاندنەوە کاریگەریان بەسەر یەکەوە کردووە**



مێژووی سیستمی نوێی پەروەردە لەتورکیا بۆ دەرکەوتنی (ئەتاتورک) دەگەڕێتەوە

# سیستمی پەروەردە لەوڵاتانی ئیسلامی..
# تورکیا بەنموونە

## «خوێندن لەتورکیا سیستمێکی عەلمانی، لاسایکردنەوەی ڕۆژئاوایە، تورکەکان زۆر پشت بە میتۆدی پەروەردەی فەڕەنسی دەبەستن»

تورکیا بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و مێژوویێکی دوورو درێژ لەباڵادەستی سیاسی، هەروەها جۆراو جۆری و تێکەڵی زمان و کولتوورەوە، زۆر جیاواز و تایبەتمەندە لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەتی، بگرە ئەو جیاوازییە لەئاستی نێونەتەوەیشدا ڕەنگیداوەتەوە.

ئەو بارودۆخە تایبەتەی تورکیا وایکردووە وڵاتەکە لەزۆر ڕووەوە، لەڕووی سیستمی پەروەردە و فێرکردن، لەڕووی سیستمی ئابووری و شێوەی ژیان و هەتا جۆری خواردن پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان جیاواز بێت.

تورکیا لەو وڵاتە ئیسلامیانەیە هەژمار دەکرێت کە نەک لەسەر ئاستی ناوچەکە بەڵکو لەئاستی نێودەوڵەتیشدا خودان سیستمێکی پێشکەوتوو و مۆدێرنی خوێندن و فێرکردنە، خوێندن و فێرکردن لەتورکیا بە نموونەیەکی جوان و پێشەنگ بۆ وڵاتانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوین دادەنرێت، پسپۆرانی نێودەوڵەتی واری پەروەردەو فێرکردن پێیانوایە شێوازی پەروەردەو فێرکردنی تورکیا شێوازێکی مۆدێرنە دوورە لەتەقلید، دەتوانێت سوودێکی گەورە ببەخشێت بەهۆی بەکارهێنانی میکانیزمی سادەوە.

بێگومان سەرکەتنی پەروەردە و فێرکردن لەتورکیا هەروا لەخۆڕایی و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نەهاتۆتەدی بەڵکە لەڕێگەی دانانی پلان و پەیڕەوکردنی میکانیزمێکی شیاوە کە بەر لەخوێندنی سەرەتاییەوە دەستپێدەکات.

### کورتەیەک دەربارەی مێژووی خوێندن و فێرکردن لەتورکیا

لەسەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی خوێندن لەتورکیا خوێندنی ئاینی بووە، پەروەردەیەک بووە پەیوەست بەمزگەوت و حوجرەکان، هەروەها بەخۆڕایی بێ بەرامبەر بووە، بەڵام دواتر شێوەی پەروەردەی مەدەنی وەرگرت.

عوسمانییەکان لەسەردەمی حوکمڕانییاندا بەتایبەت لەناوچە تورکنشینەکان بایەخێکی زۆریان بەخوێندن دەدا بەردەوام لەهەوڵی نوێکاری و گۆڕان بوون لەسیستمی پەروەردە، گەیشتنی سوپای عوسمانی بۆ خاکی ئەوروپا و تێکەڵبوونی تورکەکان بەکولتوور و عادات و شێوە ژیانی ئەوروپییەکان کاریگەری لەرادەبەدەری لەسەر هزر و بیرکردنەوەی تورکەکان هەبووە، سوڵتانە عوسمانییەکان پێیانوابوو گەر ئیمپراتۆریای عوسمانی بیەوێت بەردەوامی بەباڵادەستی سەربازی خۆی بدات پێویستە بەردەوام لە هەوڵی چاکسازی و نوێکاریدا بێت.

دامەزاندنی یەکەمین قوتابخانەی مەدەنی لەمێژووی

تورکیادا بۆ ساڵی 1766ز سەردەمی حوکمڕانی سوڵتان سەلیمی سێیەم دەگەڕێتەوە، کاتێک قوتابخانەیەکی تایبەتی بەخوێندنی (زانستی ئەندازە) دامەزراند، دواتریش سەرەتاکانی ریفۆرم لەخوێندن لەساڵی 1766ز دەستیپێکرد.

عوسمانییەکان لەسەرەتای بەمەدەنیکردنی خوێندن لەتورکیا ئەولەویەتیان بەخوێندنی سەربازیدا و هەیکەلی سوپای عوسمانییان گۆڕی، هەوڵیاندا سوپایەکی نوێ لەسەر ئەساسی زانستی دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە چەندین نێردراوی بۆ ئەوروپا بەتایبەت بۆ فەرەنسا نارد.

دەکرێت بڵێین، بەمەدەنییکردنی خوێندن لەتورکیا یەکەمجار لەپێداویستی سەربازییەوە واتە لەپێناو دامەزراندنی سوپایەکی نوێ سەرچاوەی گرتووە، بەڵام دواتر رەهەندێکی زانستی و ئەکادیمی وەرگرت و بوارەکانی ئەدەب و پزیشکی و هونەری وەرگرت.

## یاسای خوێندنی بەزۆرەملێ

وەکو لەسەرەتا ئاماژەمان پێدا تێکەڵبوونی عوسمانییەکان لەگەڵ ئەوروپیەکان و فراوانبوونی دەسەڵاتی حوکمرانیان، زەرورەتی بایەخدانی بەسیستمی پەروەردە و فێرکردنی هێنایە پێشەوە، سوڵتان (مەحموودی دووەم) لەساڵی 1834 یەکەم یاسایی خوێندنی زۆرە ملێی دەرکرد بەڵام بەهۆی سەرقاڵی ئیمپراتۆرەکە بەشەڕی فارس و ئەوروپییەکان نەیتوانی بودجەی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی دابینبکات، پاشان لەساڵی 1851 دەستییکرد بەدامەزراندنی قوتابخانەی هاوچەرخ لەسەر ستایلی خوێندنی مۆدێرنی ئەوروپا، واتە قۆناخەکانی خوێندن پۆلینکرا، ناوی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەییان لێنرا.

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتایی سەدەی بیستدا دامەزراندنی قوتابخانەی عەلمانی سەریهەڵدا لەو قوتابخانانەدا بوارە جیاوازەکانی زانست دوور لەزانستی ئایینی دەخوێندران، بۆ ئەم مەبەستە چەند قوتابخانەیەکی ئامادەیی هونەر و مۆسیقا و فێربوونی زمانی بێگانە و کیمیا و ئەندازە کرانەوە، ئینجا نیزامی خوێندنی ئیلزامی لەقوتابخانە سەرەتاییەکان جێبەجێکرا، لەڕاستیدا جێبەجێکردنی ئەو نیزامە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەخاڵی وەچەرخان لەمێژووی پەروردەو و خوێندنی تورکیا دادەنرێت، ئەو نیزامە دەرگای لەبەردەم خوێندنی عەلمانی و چەسپاندنی سیستمی مەدەنی لەکەرتی پەروەردە واڵا کرد.

لەساڵی 1900ز یەکەمین زانکۆی غەیرە ئیسلامی واتە پەیوەندیدار بەزانستە مەدەنییەکان یاخود زانکۆی عەلمانی (سێکولاریستی) دامەزراو هەروەها سەدان قوتابی نێردرانە وڵاتانی نەمساو ئیسپانیاو فەرەنساو ئەمریکا، هاوکات لەگەڵ لاواز بوونی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئاوابوونی خۆر، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خوێندنی عەلمانی بەهێزتر بوو، دەوڵەت خوێندنی ئیسلامی فەرامۆش کردوو ئەولەویەتی لەدامەزراندنی فەرمانبەر لەدامودەزگاکانی دەوڵەت بۆ ئەو قوتابیانە بوو کە خوێندنی عەلمانیان تەواو دەکرد.

شکستهێنانی عوسمانیەکان لەجەنگی جیهانی یەکەم و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتەکەیان و دەرکەوتنی مستەفا کەمال ئەتاتورک سەردەمێکی نوێی گۆڕانکاری نەک لەسەر ئاستی پەروەردەیدا بەڵکو لەتەواوی بوارەکانی بۆ تورکیاو ناوچەکانی هێناکایەوە.

## خوێندنی هاوچەرخ لە تورکیا

کاتێک باسمان لەکاریگەری باڵادەستی سیاسی کرد لەسەر جیاوازی و تایبەتمەندبوونی تورکەکان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە، مەبەستمان بوو تورکیا بەهۆی باکگراوندی کولتووری و سیاسی عوسمانیەکانەوە لەڕووی پەروەردە و خوێندن و شێوەی ژیان و پەیوەندییەوە خاوەن تایبەتمەندییە، لەکاتی باسکردنی مێژووی پەروەردەو فێرکردنی تورکی و سیستم پەروەردەی هاوچەرخی ئەو وڵاتە ناکرێ قۆناخی سەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانی لەبیربکەین، چونکە خوێندن و سیستمی فێرکردنی ئەو کاتە هەرچۆنێک بووبێ بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەری لەسەر ئەمڕۆی پەروەردەی تورکیا هەرماوەو لەڕووی ئەزموونیشەوە تەجروبەیەکی دەوڵەمەندی پەروەردەیی بە تورکەکان بەخشیووە، بێگومان تەنها پسپۆڕانی پەروەردەو فێرکردن دەتوانن کاریگەری و جیاوازییەکانی نێوان سیستەمێکی پەروەردەیی خاوەن مێژوو و باکگراوند لەگەڵ سیستمێکی پەروەردەیی ئاسا، بزانن.

مێژووی سیستمی نوێی پەروەردە لەتورکیا بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی (کەمال ئەتاتورک) دەگەڕێتەوە، ئەتاتورک دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و گرتنە دەستی حوکمڕانی بەدیسکۆرس و پەیامێکی نوێ هەوڵی گۆڕینی ڕابردوویدا، بەشێوەیەکی تەواو جیاواز لەجاران کۆڵەگەکانی دەوڵەتی نوێی تورکیای لەسەر بنەمای عەلمانی دامەزراند، ڕەفزی ئایین و مۆرکی ئیسلامی کرد. پتر جەختی لەسەر تێکەڵبوون بە ژیان و کولتووری ئەوروپا کرد. ئەتاتورک پێیوابوو دەروازەو نەخشەڕێگە بۆ گەیشتن بەدەوڵەتێکی عەلمانی هاوچەرخ، خوێندن و پەروەردەیە، واتە سیستمی پەروەردەو فێرکردن کە بەهۆیەوە دەتوانرێ گۆڕانکاری لەسیستمی گشتی ژیان بکرێت، پسپۆرانی پەروەردەو سیاسەت لەسەر ئەوە کۆکن نهێنی سەرکەوتنی ئەتاتورک لەدامەزراندنی ئەو شێوە دەوڵەتەی کە دەیویست، دەستپێکردنی بوو لەسیستمی پەروەردەو فێرکردن، ئێستا کۆماری تورکیا دەرهاوێشتەی سیستمە پەروەردەیەکەی ئەتاتورکە، تورکیای هاوچەرخ بەهەموو ئەو هێزو کاریگەریەوە لەهەردوو ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی قەرزاری ئەو پرۆگرامە پەروەردەیەیە کە (ئەتاتورک) بنەچەکەی دارشت.

ئەتاتوک دوای دیراسەکردنی حاڵی ئەو کاتەی کۆمەڵگای تورکیا بۆی دەرکەوت کە 90%ی خەڵکی وڵاتەکەی

<<<
**لەسەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی خوێندن لەتورکیا خوێندنی ئاینی بووە، پەروەردەیەک بووە پەیوەست بەمزگەوت و حوجرەکان، هەروەها بەخۆڕایی بێ بەرامبەر بووە، بەڵام دواتر شێوەی پەروەردەی مەدەنی وەرگرت**



نەخوێنــدەوارن هەروەها یەک لەســەر ســێ (1/3)ی دانیشتوانیش لەخوار تەمەنی (9) ساڵیدان، ئەو واقیعە کارەکەی ئەتاتورکی ئاســانکرد، چونکــە ئەمە هەلێکی زێڕیــن بوو لەبەردەم دەســەڵاتی علیمانیدا بۆ چاندن و بڵاوکردنەوەی ئەو ئایدیاو شــێوە ژیانەی کە دەیویست هاونیشــتمانیان لەســەر ڕابهێنێ، بۆیــە دریغی نەکرد، بودجەیەکی بێشوماری بۆ کەرتەکانی پەروەردەو خوێندن تەرخانکرد و یاسای خوێندنی ئیلزامی گشتاند.

ئەتاتورک پلانە پەروەردەیەکەی لەســەر (6) کۆڵەگەی ســەرەکی دامەزراند، کە ئەمرۆشی لەگەڵدا بێ سیستەمی پەروەردەی تورکیا پابەندە پێوەی، دەکرێ ئەو کۆڵەگانە لەمانەی خوارەوە کۆبکەینەوە:

– دوو جومگەیی سیســتەمی پــەروەردەی ئیلغا کرد کە پێشــتر بایەخی بەخوێندنی دینی و عەلمانی دەدا، تەنها خوێندنی علیمانی مەدەنی هێشتەوەو هەموو قوتابخانەکانی خستەژێر سێبەری یاسای وەزارەتی پەروەردە.

– ئیقرارکردنــی عەلمانییــەت لەپرۆگــرام و شــێوەی فێرکردندا.

– حەرامکردنــی خوێندنی ئایینی هەتا لەخوێندنگا ئاینی و تەبشیرییەکاندا.

– داخســتنی هەر قوتابخانەو نێوەندێک کە پەیرەوی ئەو یاسایە ناکەن.

– بانگهێشــتکردنی گــەورە ناودارانی بــواری پەروەردە لەوڵاتانــی ئەڵمانیــاو بەلجیــکاو ئەمریکا لەســەرووی هەموویانــەوە پەروەردەناســی بەناوبانگ (جۆن دیۆی) بەمەبەستی دیراســەکردنی واقیعی پەروەردە لەتورکیاو هۆیەکانی چاککردن و پێشخستنی.

– بایەخدانی فراوان بەخوێندنی کچان لەڕێگەی هاندانیان و کارئاســانیکردن بۆیان لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیستەمی تێکەڵاوی لەخوێندندا.

شــتی ســەرنجراکێش ئەوەیە، کاتێک لەساڵی 1961 کودەتــای ســەربازی ڕوویــدا، عەســکەرەکان بایەخی زیاتریــان بــە پــەروەردە دا، بەتایبەت بە نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری و کردنــەوەی قوتابخانــە لەگوندەکان، بەهۆی کەمی مامۆســتای ســەرەتایی دەستەی ئەرکانی سوپای تورکیا ئەفســەرەکانی لەناوچە گوندنشینەکانی ناچارکرد لەهەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەشداربن و وانە بە قوتابیان بڵێنەوە!.

ئــەو سیاســەتە پەروەردەیەی عەســکەرەکان ڕۆڵێکی باشــی بینــی لەبەرەو پێشــبردنی کەرتی پــەروەردە، ڕێژەی نەخوێندەواری بەرچاو دابەزی، ژمارەی قوتابیانی ســەرەتایی و ئامادەیــی ڕووی لەزیادیکــرد، لەســاڵی 1973 دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن، حکومەت هەوڵیدا پرۆگرامێکی نوێی تر بچەسپێنێ، ئەولەویەتی کارکەرانی بریتیبــوو لەبایەخــدان بەکەرتــی پەروەردە، ســاڵانی خوێندنی نەهێشــتنی نەخوێندەواری لە (6) ســاڵەوە کردە (8) ســاڵ، هەروەها تەمەنی چوونە قوتابخانە لە (7) ســاڵەوە بۆ (6) ساڵ کەم کردەوە، بەڵام لەڕووی بایەخدان بەخوێندن لەناوچە گوندنشینەکان سەرکەوتوو نەبوو، هۆکاری ســەرەکیش کەمی مامۆســتاو کادیرانی پەروەردەیی بوو.

بەڵام دەبێ بگوترێ، کە کۆماری تورکیا ساڵانە بەسەدان ملیــۆن دۆلار لەکەرتی پــەروەردە خەرجــدەکات، هەر پارێزگایــەک لەبودجەی خۆی جگە لەبودجەی گشــتی یارمەتی تەرخانکراوی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە.

### سیستەمی پەروەردەو قۆناخەکانی خوێندن

قۆناخەکانی خوێندن لەسیســتەمی پــەروەردەی تورکیا بەســەر ســێ قۆناخ دابەشــدەکرێت، کە لەپێشــیاندا قۆناخێکــی دیکە هەیە پێی دەگوترێ "پەروەردەی پێش سەرەتایی"

### قۆناخی پێش سەرەتایی

ئەو قۆناخە بایەخ و ئەهەمیەتێکی تایبەتی هەیە، سیستەمی پەروەردەی تورکیا بایەخێکی زۆری پێدەدات بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا پەروەردەیەکــی ئارەزوومەندانەیــەو دەوڵەت هاوڵاتیان بۆ ئەو خوێندنــە ناچارناکات، دەزگاکانی ئەم قۆناخە خۆی لەدایانگەی منداڵان و باخچەکانی ســاوایان دەبینێتەوە، هەمــوو ئەو دەزگایانــەش کەرتی تایبەت بەڕێوەی دەبات، دەوڵەت جگە لەچاودێریکردن و سیستم

>>>
**پسپۆڕانی پەروەردەو سیاسەت لەسەر ئەوە کۆکن نهێنی سەرکەوتنی ئەتاتورک لەدامەزراندنی ئەو شێوە دەوڵەتەی کە دەیویست، دەستپێکردنی بوو لەسیستمی پەروەردەو فێرکردن، ئێستا کۆماری تورکیا دەرهاوێشتەی سیستمە پەروەردەیەکەی ئەتاتورکە**



دانان، یارمەتی دارایی پێشکەش ناکات.

قۆناخی سەرەتایی

ئەو قۆناخە، قۆناخێکی ئیلزامیە بۆ کچان و کوڕان هەروەها بەخۆڕایشەوە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیری دارایی دەکرێت، تەمەنی ئەوانەی لەو قۆناخە دەخوێنن لەنێوان-6 14 ساڵیدایە، هەروەها قۆناخی سەرەتایی بەسەر دوو بەشدا دابەشدەکرێت، ئەوانیش:

خوێندنی سەرەتایی، ماوەکەی (5) ساڵە.

خوێندنی ناوەندی، ماوەکەی (3) ساڵە.

**قۆناخی ناوەندی**

ئەمەیان دوای قۆناخی سەرەتایی دێت، هەموو قوتابییەکان مافی وەرگرتنیان لەقوتابخانە ناوەندییەکان هەیە، بەڵام کێشەیەکی سەرەکی دابڕانی قوتابیانە لەقۆناخی ناوەندی یان تەواونەکردنیەتی.

**قۆناخی ئامادەیی**

ئەم قۆناخە، دوای قۆناخی ناوەندی دێت، خوێندن تێیدا (3) ساڵە، ساڵی یەکەم پڕۆگرامەکەی گشتییە بەڵام دواتر دەبێتە دووبەش زانستی و وێژەیی، هەروەها ئەو قۆناخە ئامادەییە پیشەسازی و بازرگانی و تەکنەلۆژیاش لەخۆدەگرێت، لەم قۆناخەدا قوتابیان بۆ قۆناخی خوێندنی باڵا بۆ پەیمانگا و زانکۆکان ئامادە دەکرێت.

**خوێندنی گەوران**

ئەو سیستەمە بۆ ئەوانە داندراوە کە لەبەر هەرهۆیەک بێ لەقۆناخی سەرەتایی یان ناوەندی دابڕاون، داهێنانی ئەو سیستمە لەپێناو کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواریە، وەزارەتەکانی ناوخۆ، بەرگری، وەرزش و لاوان، کشتوکاڵ، تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی خوێندنی گەوران لەوەزارەتی پەروەردە بەو کارە هەڵدەستێ.

**پڕۆگرامی خوێندن**

وەک گوتمان خوێندن لەتورکیا سیستمێکی عەلمانی هەیە، لاسایکردنەوەی ڕۆژئاوایە، سیستمی پەروەردەی تورکیا زۆر سوودی لەپڕۆگرامەکانی خوێندنی فەڕەنسا وەرگرتووە، تورکەکان زۆر پشت بە مەنهەجی پەروەردەی فەڕەنسی دەبەستن، لایەنی بەپرس لەدانانی پڕۆگرام وەزارەتی پەروەردەیە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو پڕۆگرامە جەخت لەسەر قوڵکرنەوەی پرەنسیبی عەلمانیەت و فێرکردنی زمانی تورکی و بەخشینی زانیاری گشتی و ڕۆشنبیرکردن و هۆشیاری دەبەستێت لەگەڵ بایەخدان بەزانستە تایبەتمەندییەکان وەک هونەر و بیرکاری و کیمیا و فیزیا و زیندەوەرزانی.

لەکۆتاییدا ماوە بڵێین، کۆماری تورکیا سەرەڕای ئەوەی بایەخێکی زۆر بە سیستمی پەروەردە و فێرکردن دەدات و کەرتی پەروەردەی ئەو وڵاتە هەنگاوی گەورەی ناوە و دەکرێ ئێمە لەهەرێمی کوردستانیش سوود لەلایەن ئیجابییەکانی سیستمی ئەوان وەربگرین، بەڵام دەبێ ئەو هەقیقەتەش بخەینەڕوو، کە لەماوەی رابردوودا بەهۆی جیاوازی پێکهاتەی نەتەوەیی ئەو وڵاتە، نابەرابەرییەکی زۆر لەناوچە کوردنشینەکانیشدا بەدیدی دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی تورکیا. بەشێوەیەک ڕێگەنەدان بەخوێندن و مومارەسەکردنی زمانی کوردی کە ئەمڕۆ نزیکەی 20 ملیۆن هاوڵاتی کوری لەمافی خوێندن بەزمانی دایک بێبەشکراون، بەخاڵێکی سلبی دادەنرێت و دەچێتە خانەی سیاسەتی ئاسمیلەکردنی کوردانەوە. هەرچەندە کە لەم دواییانەدا حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان هەندێ هەنگاوی هەڵگرت بەئاراستەی باشترکردنی دۆخەکە، وەک کردنەوەی بەشی کوردۆلۆژی لەهەندێ لەزانکۆکانی تورکیا و دانانی کەناڵێکی تایبەت بۆ پەخشی کوردی، بەڵام ئەم هەنگاوانە بەشی ئەو نەهامەتی و زوڵمە گەورەیە ناکات، قوتابیانی کورد هەموو بەیانییەک لەبەردەم مامۆستاکەیدا سرودی "زۆر بەختەوەرم کە تورکم" بڵێتەوە و بەکوتەکی زۆرداری فێری پەروەردەی تورکی و مێژوو و کولتووری تورکی بکرێت تا لەبۆتەی نەتەوەیی تورکدا بتوێتەوە. ئەڵبەتە ئەوەی سەیری فیلمی "دوو زمان و یەک جانتا"ی کردبێت ئەوا بەشێکی زۆر لەو ڕاستیانەی بۆ ڕووندەبێتەوە، کە تورکیا ئەمڕۆ لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستی بەوە هەیە سیستمی پەروەردە و خوێندنی خۆی بکاتە سیستمێکی فرە زمانی، بەشێوەیەک هەموو نەتەوەکانی ئەو وڵاتە ئازاد بن لەمومارەسەکردنی زمانی زگماکی خۆیان.

>>>

**تورکیا ساڵانە بەسەدان ملیۆن دۆلار لەکەرتی پەروەردە خەرجدەکات، هەر پارێزگایەک لەبودجەی خۆی جگە لەبودجەی گشتی یارمەتی تەرخانکراوی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە**

# سینەمای تورکی بە بابەتی کوردیەوە




**نیکۆلاس چێڤیرۆن**

فیلمی شۆڕشگێڕی ڕێچکە نیشانی کەس نادات، بەڵکو وا لە مرۆڤ دەکات بیر بکاتەوە. بێگومان ئەو فیلمانەی من وا لە مرۆڤ دەکەن بیر بکەنەوە، لە دواڕۆژدا هەندێ شت دروستدەکەن. بەڕای من ئەمانە خاڵە سەرەکییەکانی سینەمای شۆڕشگێڕی. بێئەوەی مرۆڤ بیر بکاتەوە ناتوانێ هیچ شتێک بکات. من دەمەوێ مرۆڤ بیر بکاتەوە.

یڵماز گونای

فیلمی نەفەس: بژی نیشتمان «Breath: Long live the Motherland» لە ماوەی دوو مانگدا نزیکەی دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار بینەری هەبوو و لە بۆکس ئۆفیسی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٩ دا پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.

ئەو فیلمە باسی پرسێکی سۆزداری دەکات لە تورکیا دەربارەی ئەوەی چ هەڵەیەک روویداوە و چۆن ئەو خوێنەی لە شەقامەکان دەرژێت دەوەستێنرێت.

ئەتیلا دۆرسەی رەخنەگری بواری فیلم دەڵێت «نەفەس یەکەمین فیلمی دژە جەنگە لە سینەمای تورکیدا».

دۆرسەی لە درێژەی قسەکانیدا وتی «ئەو خەڵکەی بۆ بینینی فیلمەکە چوون، بۆ ئەوە چوون تاوەکو بزانن و ببینن منداڵ و ئامۆزا و دایک و باوکیان کاتێک لە سوپادا بوون چییان چەشتووە و چییان بەسەردا هاتووە. فیلمەکە راستەوخۆ کاری تێکردن».

ئەو فیلمە کە لەلایەن لەڤەنت سەمەرجی کاری دەرهێنانی بۆ کراوە و بۆ یەکەمجاریشە کاری دەرهێنان دەکات، باسی ئەو ژیانە ناخۆش و کولەمەرگیە دەکات لە یەکێک لە سەنگەرەکانی شەڕ لە چیاکاندا لە ساڵانی ١٩٩٠، ئەو کاتەی ناکۆکی و شەڕ لەنێوان سوپا و جیاخوازە کوردەکاندا لەوپەڕی لوتکەدا بوو.

ئەو ناکۆکیە لە ساڵی ١٩٨٤ وە بووەتە هۆی گیان لەدەستدانی نزیکەی ٤٥،٠٠٠ هەزار کەس، ئەمەش وایکردووە پێشێلکاریەکی ئێجگار زۆر لە هەردوولاوە بکرێت و کاریگەریەکی خراپ لەسەر ئابووریەکە لاوازەکەی ناوچەی باشووری رۆژهەڵات دروستبکات و زیانێکی گەورەی لێداوە.

لە وڵاتێکدا کە هەمیشە رای گشتی زۆر بە توندی جەمسەرگیر کراوە، ئەو فیلمە لەلایەن سوپا و ئاشتیخوازەکان چەپڵەی بۆ لێدرا و پەسەند کرا.

لەبەرئەوەی فیلمەکە جەخت لەسەر سەختیی خزمەتکردن لە سوپادا دەکاتەوە، ئیلکەر باشبوغ سەرۆک ئەرکانی سوپا لە وتەیەکیدا گوتی «ئەو فیلمە یەکێک لە هەرە باشترین ئەو فیلمانەیە کە لەسەر شەڕی دژە تیرۆر کرابێت. لەکاتێک رۆژنامەی تەرەفی دژە سوپا فیلمەکەی بە شاکارێک ناوبرد کە «جوانی ژیان لە دژی سوپا پێناسە دەکات.»

لە یەکێک لە چرتە هەرە گرنگەکانی فیلمەکەدا، سەربازێک خەون بە کچە خۆشەویستەکەی دەبینێت و بە دەم خەوەوە دەڵێت «تۆی نیشتمانی من».

بەرهەمێکی تر کە زۆر پیایدا هەڵدەدرێت بریتیە لە فیلمی دوو زمان یەک جانتا (Two Languages، One Suitcase) کە لە ماوەی هەشت هەفتەدا ٧٨،٠٠٠ هەزار بینەری هەبووە.




هەردوو دەرهێنەری فیلمەکە بەشوێن ژیانی ئیمرە دەکەون کە مامۆستایەکی گەنجی تورکە، ئەمەش بۆ ساڵێک لە ماوەی یەکەم دامەزراندنی لە گوندێکی کوردیدا دەخایەنێت، ئەو گوندەی هیچ لە قوتابیەکان بە زمانی تورکی قسەناکەن و هەوڵەکانی مامۆستاکە بۆ فێرکردنی زمانی تورکی بە قوتابیەکان بێ بەرهەم دەبێت.

یەکێک لە دەرهێنەرەکان ئۆزگور دۆغان دەربارەی کەسایەتی ناو فیلمەکە وتی «دوای دوو مانگ ئیمرە گەڕایەوە ماڵەوە و خۆی لە گوندەکە و تەواوی جیهان پەراوێز کرد...ئێمە هەستمان پێکرد کە خەریکە زیاتر بەرەو نەتەوەپەرستی دەچێت».

هەروەها وتی «ئاریشەیەک لەناو پۆلەکەدا هەبوو و منداڵەکان و مامۆستاکە پێکەوە بوون بە قوربانی. پێمانوایە کێشەی کورد لەو پۆلەوە دەستپێدەکات.»




سێیەم فیلمیش کە باسی چیرۆکی خێزانێکی کورد دەکات بەهۆی ئەو کێشەیەوە لێک دەترازێن لەم دواییە وەک تاکە فیلمی تورکی هەڵبژێردرا بچێتە پێشبرکێی خەڵاتی ئەکادیمی (Academy Awards) بۆ باشترین فیلمی بیانی.

هەروەها فیلمی رۆژم بینی (I Saw the Sun) هەوڵێکی تری سۆزداریە دژی جیاکاری و شۆفینیزم کە لەلایەن گۆرانی بێژ و دەرهێنەری کوردی بەناوبانگ مەحسون قرمزی گول بەرهەم هێنراوە. ئەو فیلمە بە دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار بینەرەوە لە مانگی ئادارەوە تا ئێستا بە پلەی دووەم دێت لە بۆکس ئۆفیسی تورکیادا.




هەموو ئەو فیلمانە لەکاتێکدا هاتنە سەر شاشە کە حکومەت خەریکی فراوانکردنی ئازادیەکانی کورد و کەمکردنەوەی هەستی جیاخوازی و باشترکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کورد و کۆتایی هێنانە بە خوێنرشتن.

بەڵام کاتێک عەبدوڵا ئۆجەلان رایگەیاند کە بارودۆخی ئەو لە بەندیخانەدا بەرەو خراپی چووە و دادگاش پارتێکی سەرەکی کوردیی قەدەغە کرد، لە مانگی رابردووەوە توندوتیژیەکانی شەقام دووبارە دەستی پێکردەوە. لەبەرامبەریشدا چەکدارە کوردەکان بە دانانی بۆسەیەک و کوشتنی حەوت سەربازی تورک وەڵامی بارودۆخەکەیان دایەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دۆغان بڕوای وایە بۆچوونێکی دڵسۆزانە لەسەر کێشەکە بێ سوود و بێ بەرهەم نابێت.

هەرجارەی فیلمێک

سیروان ڕەحیم




# فریشتەی سپی

## فیلمێک ویژدان دەدوێنێت و هەناو دەبزوێنێت

**دەرهێنەر بەرهەمەکە:**

ماحسون کرمزیگویل* هونەرمەندێکە زۆرتر وەکو گۆرانیبێژ و موزیکڤانێکی سەرکەوتوو ناسرا بوو. ئەو زۆر زوو وەکو هونەرمەندێک لە ترکیا و لە ئەورووپا بە موزیکی دڵکێش ناسرا. کێ ئەوەی بە خەیاڵدا دەهات ئەم مرۆڤە سینەماکارێکی ئەوەندە بە توانا لە هەناویدا خۆی حەشار دابێت؟

بە بەرهەمهێنانی فیلمی فریشتەی سپی، دەرکەوت ماحسون کرمزیگویل مرۆڤێکی بەهرەدارە. کەسێکە سیناریست، دەرهێنەر و ئەکتەریشە. دەرکەوت ئەو سینەماکارێکە بینەر پەلکێشی نێو وێنە و دیمەنی پڕ ئەفسون دەکات. دیمەنگەلێک بینەر پاش بینین ناتوانێ هەرگیز لە بیریان بکات. لە فریشتەی سپیدا کۆمەڵێ دیمەن، کۆمەڵێ کاراکتەر و چەپکێک چیرۆک بە یەکدا چوون کە پێکەوە کەشێکی سینەمایی لە ئاستێکی باڵادا دەخوڵقێنن. فریشتەی سپی فیلمێکە وا لە بینەر دەکات دوای بینینی، بە هەستێکی ئارام و خەیاڵی ئاسودەوە هۆڵی سینەما بە جێبهێڵێت.

ماحسون کرمزیگویل لەم کارەدا دەست بۆ بابەتێکی زۆر ناسک و هاوکات بابەتی ڕۆژ دەبات. ئەو باس لە دارمان و لە ناوچوونی خێزان دەکات لە دنیای نوژەندا. دنیایەکی خاڵی لە رووبەرێک بۆ گەشەی خێزان و خاڵی لە پێکەوە ژیان و ئاڵوگۆڕی هەست و خۆشەویستی. فریشەی سپی باس لە کەسگەلێک دەکات فڕێ دەدرێنە دەرەوەی ژیان و دەرەوەی چالاکی و هەموو بزاڤێکەوە. دەوروبەر بێ رەحمانە ئەوان فڕێ دەدەنە دەرەوەی بازنەی ژیانەوە، کەچی ئەوان سەرباری بەساڵاچوون و پیرێتی هەستی ناسک، خۆشەویستی قوڵ بۆ ژیان و مرۆڤدۆستی خۆیان دەپارێزن. مرۆڤگەلێک لە لایەن نزیکترین کەسەکانیانەوە رەت دەکرێنەوە، ماڵبەدەر دەکرێن و لە رەگەوە دەیانبڕنەوە، بەڵام ئەوان لە خەونی جوان دانابڕێن و لە یاری و گەمە لە تەک ژیاندا بێزار نابن.

ماحسون کرمزیگویل مرۆڤگەلێک پێشکەش دەکات کە لە لایەن کچ و کوڕ و نەوەکانی خۆیانەوە وەکو کەرەستەیەکی بێ کەڵک و لە کار کەوتوو فڕێدەدرێنە خانەی پیران، بەڵام ئەو پیرانە دەروونیان پڕە لە هەستی تەڕ و دڵیان تژەیە لە ئەڤین و وزەی ژیان. ئەمە فیلمێکە بە جۆرێک ویژدان دەدوێنێت، بە چەشنێک هەناوی مرۆڤ دەهەژێنێت، کە ئیتر ناتوانین لە شتەکان و لە نرخەکانی ژیان، لە دەوروبەر و لە پێکهاتە و سروشتی خێزان و هەموو ئەو شتانە رانەمێنین. لە خانەی پیران، کە هەموو ئەندامەکانی لە لایەن کەسانی نزیکی خۆیانەوە لە بیرکراون، بینەر دنیایەکی دی دەبینێت. ئەو پیرێژن و پیرەمێردانە دەبینین کە هەندێ کەس وای بۆ دەچن ئیدی ئەوان چاوگی هەست و جوانیان وشکی کردووە، پێیانوایە ئیتر ئەوان کەرەستەیەکی بێ کەڵکن، بەڵام ئێمە لە چاوی کامێرا و لە دیمەنەکانی ماحسونەوە دەبینین چۆن پڕن لە جوانی و لێوانلێون لە خەیاڵ و خۆشەویستی. فریشتەی سپی ئەوەمان پێشان دەدات کە هەست،خۆشەویستی و ژیاندۆستی ناچێتە ژێر باری تەمەنەوە. وزەی ژیان و حەزکردن لە کن ئەوانیش وەکو منداڵان و وەکو لاوان وزەیەکی بە هێزە. بەڵام کێن ئەوانەی ئەم هەناوە دەخوێننەوە لێی حاڵی دەبن، کەمن. کەچی ماحسون کرمزیگویل دێت و هەستی ئەو پیرێژن و پیرەمێردانە بەرجەستە دەکات، بە جۆرێک خەملاّنویەتی کە لەو پەڕی روونی و زەلالیدا دەیخاتە بەر دیدەی ئێمە.

دەرهێنەر تەنانەت دڵداری ئەو پیرێژن و پیرەمێردان پێشان دەدا کە لە خانەی پیران دڵ دەدەن بە یەک. دیارە بەسەرهاتەکە زۆر سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئەکتەرەکانی لەو تەمەنەدا ئەوەندە لە بار رۆڵی خۆیان یاری دەکەن، لە دیمەنی دڵداری و لە ساتەکانی شەرم و نازدا، تەنانەت بە روونی دەبینین چۆن هەستی تەڕ و تازەی ئەڤین بەسەر جەستەیاندا مێرولە دەکات. ئەو ئێمەی بردۆتە شوێنێک خانەی پیرانە، بەڵام پڕی کردووە لە هەستی هونەری و مرۆڤانەی ناسک. دەرهێنەر بە جۆرێک خانەی پیرانی خەملاندووە من وەکو بینەر حەز دەکەم زۆرتر لەوێ بمێنمەوە و چێژ لە شتەکان وەربگرم.

بێگومان فریشتەی سپی بەرهەمێکە پڕ هەستی ناسک. بەرهەمێک لە هەناوی خۆشەویستی ئەو مرۆڤگەلەوە سەرچاوەی گرتووە کە واتەی تەواوی خۆشەویستی تێدەگەن. بەرهەمێک دەبێت بە بەڵگەی زیندوو بۆ دەسەڵاتی هونەریی دەرهێنەر لەپای بەرجەستەکردنی بابەتە ناسک و ئاڵۆزەکاندا. بابەتێک قسە لەگەڵ ناخی هەموومانـدا دەکات و هەموومان لەگەڵ خۆمان دەخاتە دواندن تا قوڵتر بیر لە ژیان و لە پێشکەوتنەکان بکەینەوە. فریشتەی سپی زەنگێکیشە ترسناک، زەنگێکە لە پوچی و بێ مانایی پێشکەوتن و مۆدێرنێتی ئاگادارمان دەکاتەوە، کاتێک پێشکەوتن لەسەر حیسابی خۆشەویستی و لەسەر حیسابی کوشتنی نرخە جوانەکانی نێوانمان بێت. زەنگێکە ترسناک دەبێ بە هەند وەریبگرین.

بێگومان لە سەرکەوتنی بەرهەمەکەی ماحسون کرمزیگویلدا ئەکتەرەکان هۆکارێکی گەورەن بۆ

**ناوی فیلم:**
فریشتەی سپی
**ناوی ئۆرگینال:**
Beyaz Melek
**سیناریۆ:**
ماحسون کرمزیگویل
**دەرهێنەر:**
ماحسون کرمزیگویل
**بەرهەمهێنەر:**
Boyut Film
**شوێنی وێنەگرتن:**
کوردستان، تورکیا
2007
**ساڵی پێشاندان:**
2007
**موزیک:**
ماحسون کرمزیگویل، یلدرای گویرگەن
**مۆنتاژ:**
ئەنگین ئۆیزتورک
120 خولەک، 35 ملم، رەنگاوڕەنگ
**جۆری فیلم:**
دراما
**زمان:**
تورکی، کوردی (زاراوەی زازاکی)
**بودجە:**
3 ملیۆن و 250 هەزار دۆلاری ئەمەریکی
**دەستکەوت:**
9،759،677 دۆلاری ئەمەریکی



سەرکەوتن و دڵکێشکردنی کارەکە. دەرهێنەر کۆمەڵێ ئەکتەری هەڵبـــژاردووە کە بەو پـــەڕی کارابوونەوە ئەرکی خۆیان بە جێهێناوە، ئەوان تێکرا ڕۆڵی خۆیان بە جۆرێک یـــاری دەکەن ئێمەی بینـــەر ڕووبەڕووی توانای هونەری گـــەورە دەکەنەوە. ئەو ئەکتەرانە بە جۆرێک ئێمە دەبەنە دنیای کاراکتەرەکانەوە کە ئیتر مەحاڵە تا کۆتایی لێیان داببڕێین.

**ناوەڕۆک:**

شوێن ئەستەنبوڵە، ئەحمەد لە غافڵبوونی کوڕەکانیدا نەخۆشخانەی ئیتاڵیی بە جێدەهێڵێت و بەرەو نادیار هەڵدێـت. کوڕەکانـــی ئەویان لـــە گوندێکی نزیکی دیاربەکرەوە هێناوەتە ئەستەنبوڵ. ئەو بە شێوەیەکی سەخت نەخۆش کەوتووە. ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنی دەژی. لە ســـۆنگەی ئەوەدا لە نەخۆشخانەی ئیتاڵی دەیخەنە نێو ئامێرێکی تەنور ئاســـاوە، ئەو فرسەت دەبینێت و هەڵدێ. پاشان لە کۆتایی فیلمەکەدا لەوە حاڵی دەبین ئەحمەد لە ترســـی ئەو ئامێرە ســـەیرە هەڵهاتـــووە. ئەحمەد هەڵدێت و پرزە لێبڕاوانە لەبەر دەرگای خانەی پیراندا دەگیرسێتەوە. ئەو بێ ئاگایە لە دنیای ئیســـتەنبوڵ، بێ ئاگایـــە لە خانەی پیران و هەمـــوو ئەو شـــتانەی لەو ڕۆژەدا بەســـەری دێن. ئەحمەد کە لە شـــوێنی خۆی پیاوێکی بە دەسەڵات و دەوڵەمەنـــدە، لەســـەر پلەکانـــی خانـــەی پیران هەناســـەبڕکێیەتی کاتێک خاتوونی ســـپی پۆشی خانەی پیران دەگاتە ســـەری. خاتوونی سپی پۆش ڕوو دەکاتە ئەحمەد و دەڵێ:

کەواتە تۆیشیان لێرە بە جێ هێشت؟ لە پرسیارەکەی خاتوونی ســـپی پۆشـــدا زۆر خەم، زۆر تاسە و زۆر برینی قوڵ هەیە. ئەو پرســـیارە شایەتی هەڵوەرینی ڕۆژانەی خێزانـــەکان، دارمانی پێکهاتەی بنەماڵەکانە کە یەک لە دووی یەک هەرەس دێنن.

کوڕەکانی ئەحمەد لەو دنیا نامۆیەدا دەگەنەوە باوک لە خانەی پیـــران و دەیدۆزنەوە، بـــەڵام ئەوان هیچ بیرۆکەیەکیان ســـەبارەت بە خانـــەی پیران نییە. بە پێچەوانەی فەرزەندەکانی ترەوە، ئەو کوڕانە شـــەوێ لە باخچەی خانەی پیران بەســـەر دەبەن، بۆ؟ ئەوان نایانەوێـــت باوکیان لـــەوێ بمێنێتـــەوە و لەوێ ژیان بەســـەر بەرێت. بەڵام بۆ ئەوان هێشتا بابەتەکە زۆر ڕوون نییە.

کاتێک ژنە سپی پۆشەکە لە کوڕەکان دەپرسێت:

ئێوە لێرە ڕۆژتان کردووە؟

دەڵێن: بەڵێ.

دەڵێ بۆ باشـــە ئێوە باوکتان نەهێنا بۆ ئێرە؟ ئێوە ناتانەوێ باوکتان لێرە بژی؟

کوڕەکان دەڵێن: شـــتی وەها دەبـــێ؟ چۆن خەڵک

>>>
دەرهێنەر تەنانەت دڵداری ئەو پیرێژن و پیرەمێردان پێشان دەدا کە لە خانەی پیران دڵ دەدەن بە یەک



دەست لە باوکی خۆی بەردەدا و دەهێڵێ لێرە بژی؟
ژنە سپی پۆشەکە دەڵێ: کەوابێ ڕۆڵەی وەک ئێوەیش هەیە.

لەوێوە و بە گەیشتنی ئەوان چیرۆکەکە دەست پێدەکات و بینەریش دەچێتە خانەی پیرانەوە. ماڵێک پڕاوپڕ لە بەسەرهاتی سەرنجڕاکێش و مرۆڤی نوقم بوو لە بیرکردنەوە و رامان. بیرکردنەوە و رامان لە دنیا و لە ئەگەرەکانی ژیان.

دنیای ئەحمەد و کوڕەکانی دنیایەکی ترە. دنیایەکە تەواو جودا لە دنیای ئەم مرۆڤگەلەی خانەی پیران. ئەمان فڕێدراونەتە ئێرە و ئەویش منداڵەکانی دوای کەوتوون و دەستی ماچ دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە کە مۆڵەتی ئەوەیان پێبدات خزمەتی بکەن. پاش ئەوەی چەند رۆژێک لەوێ بەسەر دەبن، پاش ئەوەی ئەحمەد و کوڕەکانی زۆر شتی جودا دەژین و دەبینن، گەشتێک بۆ هەموو ئەندامانی خانەی پیران رێکدەخەن، گەشتێک بەرەو کوردستان. گەشتێک مەبەست لێی پێشاندانی دنیایەکی جودایە لە دنیاکەی ئیستەنبوڵ.

ئەوان پێکەوە دەچنە کوردستان. دەچنە گوندێکی نزیکی ئامەد. هەر زوو راگەیاندنی ترکیا باسیان لەم خاڵەی فیلمەکە کرد کە دەرهێنەر دەیەوێ بڵێ "دنیای ئێمەی کورد هێشتا پڕ لە خۆشەویستییە".

دەرهێنەر لەو گوندە دنیایەک پێشانی بینەر دەدات کە هێشتا پیرێژن و پیرەمێردان هەتا مردن رێز لێگیراون و هێشتا خۆشەویستی لەو دنیایەدا نەمردووە. بینەر دەبینێت لەوێ پەیوەندی گەرمی ماڵباتی هەیە، پەیوەندی پڕ وزەی جڤاکی هەیە و مرۆڤەکان بە یەکتر دانەبڕاون. ئەوانەی لەو گەشتەدا بەشدارن و بۆ یەکەمجار ئەو سەرزەمینە دەبینن سەرسام دەبن. ئەو پیرێژن و پیرەمێردانە خانەی پیران دەبینن چۆن لە تەنیشتیانەوە دنیایەکی دی هەیە کە تێیدا رەت ناکرێنەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو خزمەت دەکرێن و رێزلێگیراون.

دەرهێنەر هەموو ئەو شتانەی مەبەستییەتی لە رێگەی کارەکەیەوە بێ ئەوەی زۆر لە خۆی و لە کەس بکات دەیگەیەنێت. چنینی بەسەرهات و رستەکان کاریگەرن، بە جۆرێک کاریگەرن لە لامان دەمێننەوە. دیمەنەکان لە ئاستێکی ئەوەندە جواندان تا سنووری تێر بوون بینەر پڕ دەکەن لە چێژ.

فریشتەی سپی فیلمێکە پاش بینینی هەرگیز لە بیر ناکرێت.

**<<<**

**لەسەرکەوتنی بەرهەمەکەی ماحسون کرمزیگولدا ئەکتەرەکان هۆکارێکی گەورەن بۆ سەرکەوتن و دڵکێشکردنی کارەکە**

*** ساڵی 1969 لە شاری ئامەد "دیاربەکر" لە دایک بووە. زمانی زگماکی دملی-یە "زازاکی"، بەڵام زاراوەی کرمانجی سەروویش بە باشی دەزانێت. ئەو بەر لە کاری سینەما وەکو سترانبێژ و موزیکڤان لە بواری پۆپدا ناوبانگی رۆیشتبوو.**



# له یادی دەنگێکی دڵکێش دا
# بۆ ئایشه شان

سیروان رەحیم

ئیمشەو درەنگ، لە شاشەی یەکێک لە تەلەفزیۆنە کوردیەکانەوە تەماشـــای دیمەنـــی وڵاتـــم دەکرد کـــە دەنگی تۆی لـــە ژێردا دانرابوو. کۆمەڵێ یادی ڕەنگاوڕەنگ هەژاندمیان و جارێکی تریش دەستەوەســـتانیی مرۆڤـــم بە قوڵی بە ناخـــدا تێپەڕی، مرۆڤ، ئەم بوونـــەوەرەی مەرگ نەبێت بە هیچ شـــتێک زەوت ناکرێ. مەرگ، دەبێ کەی لە نهێنی گەورەی مەرگ تێبگەین؟ مەرگ ئەو کردەیەی نەک ئێمەی مرۆڤ، بەڵکو هەموو گیانلەبەرانی دی لە بەردەمی دا دەستەوەستانن و کەی ئەو گەرەکی بێت دەبێ خۆ بەدەستەوە بدەن.

خانمی هێژا، دوێنی شەو هەموو بوونم گوێیان بۆ دەنگی دڵبزوێنی تۆ رادێرابوو، دەمویســـت تا بەری بەیان لەگـــەڵ بۆنوبەرامەی دەنگت دا ســـەما بکەم و تا کازیـــوە لە ناو خوڕەی ئاوازەکانت دا مەلەی شـــادمانی بە گیانم بکەم. ئەی دەنگە نەمرەکە بۆ وا زوو ماڵئاواییت لێمان کرد. ئەی گوڵەباغی هەمیشـــە گەشی ناو باغەکانی ســـتران و ئاوازی کوردی، ئێســـتا من هەر گوهداری دەنگت ناکەم، بەڵکو شـــتێک وەکو بڵێی تارماییەکی فریشـــتە ئاسای تۆیە بە دیار سەرمەوە لە فڕینی بەردەوامدایە، دانابەزێ و پێم زەوت ناکرێ تا بیکەمە ئامێزی میهر و وەفا. باوەشـــم بە پەریی ستران و لاوکەکانت دا کردووە، باوەشێک حەز و ویستێک بوو، تۆ دەتویســـت رۆژێک لە رۆژان ئەو حەز و ویســـتە بژیت، بەڵام مەخابن وەکو زۆر حەز و ویستی ترت، ئەم ئارەزووەیشت بردە بن گڵەوە.

عایشـــە شـــانی خاتوونی گۆرانی و ســـترانی ئێمە، لە خەباتی پیـــرۆزی خۆیدا لە چەندین داو و لە چەندین رێبەند یاخی ببوو. بۆ ئەوی ژن، بۆ ئەوی شـــاجوان، گۆرانی گوتن هەڵگەرانەوە و ســـەرپێچی سەخت بوو لە کۆمەڵێ یاسا و لە چەندین رێسا کە دەســـت لێدانیان یاری کردن بوو بەئاگر. سەرباری ئەمەیش بۆ ئـــەو گۆرانی گوتن بە کوردی دژوار بـــوو، لە دەوڵەتێک دا کە قەدەغەکردن و تواندنەوەی زمانی کوردی (کردبوو) کردووە بە یەکێک لە بنەماکانی ئاسایشـــی نەتەوەیی خۆی و بە ئاوایەکی سیســـتەماتیک هەوڵی تواندنەوەی ئەو زمانە دەدات، فرە دژوار بوو بۆ ئەو هونەرمەندە. جگە لەمانەیش ســـەرهەڵگرتن و دابڕان لە کەسوکار و رووکردنە شـــارێکی جەنجاڵی وەکو ئیستەنبوڵ، تاکـــو بۆ ویســـت و ئامانجێکی گەورە کار بکات، تاکو ســـتران بچڕێت، لە پای ســـتران چڕن دا ئەم بڕینی ئەم هەموو کۆســـپە سەختانە!

ئایـــا دەبێ گۆرانی گوتن ئەو تاوانـــە بێت کە ژنێک هەموو ئەم باجە قورس و زۆرانەی بۆ بدات؟

گەلـــۆ دەبێ رۆژێک لە رۆژان هونەرمەندانی ترک و ســـەندیکای هونەرمەندانـــی ترک زۆر لـــە دەوڵەتەکەیان بکەن داوا لە گیانی خاتوو شان و دەیانی وەکو ئەو بکەن تا بیانبەخشن، لێیانببورن و گەردەنیان ئازا بکەن؟

بە بڕوای خۆم ئەمە خەیاڵێکی شـــاعیرانەیە، یان ئەگەر بشبێت ئەوا سەدان ساڵی تر دەخوازێت تاکو هزراندنی سیاسەتمەدارانی ترک بگۆڕدرێت، تاکو نەک هەر گەلی کورد، بەڵکو بە شێوازێکی شـــایان رێز لە گەلانی دەوروبەری خۆیان بگرن. خاتوو شـــان دەیتوانـــی خۆ لە ئاقاری هەموو ئەم مەترســـیانە نەدات و هەر بەگۆرانی وەکو «شـــابانوویەک» لە ترکیا بژی. ئەو دەیتوانی و هەلێکـــی «زێڕین»ی بۆ هەڵکەوتبوو، بەڵام نەیکرد. ئەو خانمە

دەنگخـــۆش و نەشـــمیلە تەنها زمانی ترکـــی بکردایە بە زمانی هونەر و چڕین، مینا شـــازادەیەک دەژیا. بەڵام ئەو نەیکرد، بەم کارەی بەڕووی ئەو هەوڵانە دا وەســـتایەوە کە ساڵانێک بوو بۆ تواندنەوەی زمانی کـــوردی چالاکانە لە کاردا بوون. ئەو دەنگ و ســـەدای خەبات و یاخیبوون بوو لەدژی ئەو نەژادپەرستانەی زمـــان و چاندی کوردیان لە ناو دەبرد. بەڵام ئەفســـووس تاکو ئێستا گەلەکەی ئاوڕی ڕێز و وەفایان لێنەداوەتەوە.

ئەو بـــە دەنگی دەیتوانی ســـەختترین دڵ و ئاڵۆزترین دەروون داگیـــر بکات و بهەژێنێـــت. ئەو لە ماڵەکەی خـــۆی دا گۆرانی دەگـــوت و من لـــە دڵەوە گوهداریم دەکـــرد. (نەورۆزی ١٩٩٤) لـــە ماڵەکەی خۆی لە شـــاری ئزمیر گۆرانـــی دەگوت، بێ هیچ کۆمەکێکی تەکنیکی، تەنها بە سازێکەوە، بەڵام چونکە دەنگێکی دڵکێشی بەلاوە بوو، بێ هیچ کۆمەکی تەکنیکی ئەو ماڵەی تژە کردبوو لە بۆنی سەرمەســـتەکەی ئـــاواز. زێدەگۆیی نییە، ئەو شەوە خاتوو شـــان ئەو رووبەرەی کردبوو بە تاڤگەیەک نۆتەی ڕەنگین. ئەو خاوەنی دەنگێکی دڵکێشـــی وەها بوو، بەرابنەری بویتایە و دەســـتی بە ستران بکردایە، هەموو هەستەکانی بەرەو ئاســـمانی دەنگی بە کێش دەکرد. بەو دەنگە دڵکێشـــە مرۆڤی دەلاوانـــدەوە. بەڵام ئەو دەنگە کۆچی کـــردوو و ئێمەیش وەکو پێویســـت درکمان بە دڵکێشی و پەیمان بە نرخی نەبردبوو. جا ئێمەی کەی وەکو پێویست درک بە شت دەکەین!

**سۆزێکی هێمن لە دژی فرە ژنی:**

جگە لە بابەتگەلێک لە بواری ئەڤین و هەســـتی ناســـک دا دێن و دەچن، ئایشـــە شـــان ســـترانی زۆرن کە پڕن لە هەڵوێستی جوانی نیشـــتمانی و یەکســـانی لە نێوان مرۆڤەکان دا. یەکێک لەو سترانانەی وێ* کە بۆخۆی دەقەکەی نووسیوە و ئاوازیشی بـــۆ دانـــاوە، «وەلا تە ناگـــرم»ە. ئەم ســـترانە یادگارییەکی سەرنجڕاکێشـــی خاتوو شـــانە لەگەڵ یەکێک لـــە دەوڵەمەندە کوردەکانی دانیشتووی ئیستەنبوڵ دا. خاتوو شان دەیگوت:
ئـــەو پیـــاوە خێزاندار بـــوو، ژنێکی هەبوو خاتـــوون. پێم وایە دۆستییشی هەبوو (بە بزەیەکی شیرینەوە)، سەرباری خێزانداری زۆر راشـــکاو قســـەی لەگەڵ من کرد و پێی دەگوتم: «دەمەوێ ببین بە هاوســـەر». کاتێک منیش راشکاوانە رەتم کردەوە، ئەو پاشـــگەز نەبۆوە، بەڵکو ســـورتر بوو لەسەر داخوازییەکەی. لە بەردەوامی گێڕانەوەی بەسەرهات دا خاتوو شان گوتی:
وازی نەهێنا لێم تاکو بەم ســـترانە هەڵوێســـتی خۆمم بۆ ئەو و هەموو ئەو پیاوانە ئاشکرا کرد کە مەیلی فرە ژنیان هەس.

وەلا تە ناگرم، باڤۆ تە ناگرم
دەردێ هەوییێ وەلا ئەز ناکشینم

ژنێن وی دودویە
چاڤێ وی برچیە
وەلا تە ناگرم، باڤۆ تە ناگرم
دەردێ هەوییێ وەلا ئەز ناکشینم

ژنێن وی چارن
ب دۆست و یارن
وەلا تە ناگرم، باڤۆ تە ناگرم
دەردێ هەوییێ وەلا ئەز ناکشینم

**ڕیپۆرتاژێک تانوپۆی هێشتا لە یادەوەریمدا ماوەتەوە.**

لەگەڵ خاتوو شان دا بەدوورودرێژی قسەمان لەبارەی گەلێ شتەوە کرد و ڕیپۆرتاژێکی فراوانم لەگەڵ دا ساز کرد، گەلێ وێنەی جوانمان گرت. ئەوە دروســـت نەورۆزی ســـاڵی ١٩٩٤ بوو، لە شاری ئزمیر (ترکیا). بەڵام بەداخەوە وێنەکان لە پۆســـت دا کاتێک لە ترکیاوە بەرەو کەرکوک ناردمنەوە ونبوون و ڕیپۆرتاژەکەیش هەر پاراستبوو، بەڵام لە هێرشی پۆلیسی بەلژیک دا بۆ سەر ناوەندی مەد تیڤی لە ١٩٩٦/٩/١٨ دا سەری تیا چوو و هەرگیز نەمبینیەوە.

لەو ڕیپۆرتاژەدا باســـی زۆر لایەنی جۆراوجۆری ژیان و بەسەرهاتی هونەری شـــان کرابوو، من لە زمانی خۆیـــەوە گوهداریم کردبوو و نوســـیبوومنەوە. بەڵام مەخابن فەوتا و دەستکەوتنەوەی مەحاڵە. هەرچەندم کرد و کۆشا و هەرچەندێ بە خانەنوستوەکانی یادەوەریم دا گـــەڕام زۆر شـــتی ئەو ڕیپۆرتـــاژەی تێدا نەمابـــوو، دیارە زۆر نابەجێیشـــە ئەگەر لە خۆمەوە چیرۆکێک دروســـت بکەم و بەناوی ڕیپۆرتاژەوە بڵاوی بکەمەوە. بۆیە ئەم چەند پەیڤ و هەڤۆکانەی لە حەزکردن و ڕێزێکی بێ ئەندازەوە بۆ شان سەرچاوە دەگرن کردمن بە تانوپۆی یادی لە نزیکەوە ناسینی ئەو دەنگ و ڕەنگە ئاسمانیەی ســـتران و هونەری کوردی. ئەو دایکـــەی زۆر جاران بە لاوک و بە سترانەکانی هەست و گیانی زۆرێک لە ئێمەی لاواندۆتەوە.

لەو دیدارەدا چەند شـــتێک مایەی نووسین بێت و هێڵەگشتیەکانیم بە بیردا بێت ئەمانەن:

تەماشای دەکەم، بەوردییش گوێم بۆ هەڵخستووە، ئاخ هەڵدەکێشێت و دەڵێ:

«سیروان تۆ بڕوانە ترک لە تەلەفزیۆنەکانیانەوە هەموو گۆرانیەک، بە هەمـــوو زمانێک بڵاودەکەنەوە، بەڵام بـــە زمانەکەی ئێمە نەک گۆرانی گوتن، بەڵکو هەموو شتێک قەدەغەیە».

خانمی شان هەروەها دەیگوت:

«کتێبێکم بەم ناونیشـــانە (بەســـتە و ئاوازەکانی عایشە شان) بۆ چاپ ئامادە کردووە کە سەرجەم بەرهەمەکانی منی لە خۆگرتووە. کتێبەکە دەبێ ئێســـتا لە کن یاسەمینی کچی بێت، بەڵام نازانم بۆ تاکو ئێستا چاپ نەکراوە.

دوا پەیوەندیم لەگەڵ خاتوو عایشـــە شان دا، پاییزی ساڵی ١٩٩٥ بوو، پەیوەندیەکی تەلەفۆنی بوو، کاتێک بە دڵی خۆشەوە تەلەفۆنم بۆ ماڵەکەی کرد لە شـــاری ئزمیر و بە نیازی گوهداری ئەو دەنگە بووم، بەڵام یاسەمینی کچی ئەو هەواڵە ناخۆشەی کە دامێ دایکی لە نەخۆشخانە کەوتووە. یاسەمین گوتی:

«دایکـــم گوتویە ژمارەی تەلەفۆنی نەخۆشـــخانەم بە هەموو کەس مـــەدە، بەڵام ئـــەو خۆی پێی گوتـــوم ئەگەر تـــۆ تەلەفۆنت کرد ژمارەکەت بدەمێ». تەلەفۆنم بۆکرد بۆ نەخۆشـــخانە، بەمەبەستی ئەوەی بێتە برۆکســـل و لە تەلەفزیۆنـــی مەد چەند بەرهەمێکی بۆ تۆمار بکرێت، بەڵام بە داخەوە نەهات، نەخۆشی ئەو و خەمساردی بەڕێوەبەرانی مەد تێڤی هۆکاری نەهاتنی وێ بوون. ئەوە دوا هەوڵ و دوا پەیوەندیم بـــوو، پەیوەندی و هەوڵێکـــە ئاوێتە بە خەم و حەســـرەتی جێبەجێ نەکردنی کارێکی پێویســـت. کە هەموو جار لەگەڵ خوڕەی ئەو دەنگەی بەســـۆزەی شـــاندا بـــوون و دەروونم دەهەژێنن.

*** وێ: لـــە زاراوەی کرمانجی ســـەروو دا نێـــر و مێ هەیە. وێ کەسی سێیەمی تاکە بۆ ژن. وی یان ئەو.**

## پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی

# ئایدن ئۆراک.. باڵیۆزی شانۆی کـــ



# شانۆیی تورکیا

## ـوردی لە تورکیا

ئەکتەر و دەرهێنەری کورد ئایدن ئۆراک لەم ڕۆژانەدا لە چەندین کاری هونەریدا لە بەرامبەر بینەرانە، ئێستاش شانۆگەری هێنرتیک ئیسپین (نوریێ ڕووناکی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، وەکو ئەکتەریش ڕۆڵ دەگێڕێت، بۆ پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکەی لەمانگی ئادار لەباکووری کوردستان دەست بەگەشتێک دەکات. شانۆگەری (ڕووناکی) بۆ یەکەمجار بەشداری لە میهرەجانی شانۆیی ئیستانبوڵدا دەکات، هەر ئەو شانۆگەرییە لەوەرزی پایزدا دەچێتە ئیسپانیا و نەرویج. ئایدن هاوکات دوو شانۆگەری دیکەش پێشکەشی ئامادەبووان دەکات. ئاراف «لەنێو دوو دەوڵەتان» کە باس لەژیانی زانای کورد موسا عەنتەر دەکات، لە دەرهێنان و نواندنی ئایدن ئۆراکە. ئەو شانۆگەرییە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێت لەسەر تەختی شانۆی کوردی پێشکەش دەکرێت، وێڕای نمایشکردنی لەتورکیا و کوردستان، بەشداری میهرەجانی نێونەتەوەیی ئەورووپای کردووە، هەروەها ئۆراک پاڵێوراوە بۆ ئەوەی خەڵاتی شانۆیی تورکیا بەدەست بهێنێت.

دووەم شانۆگەری ئایدن ئۆراک کە ئەرکی دەرهێنان و نواندنی لە ئەستۆ گرتووە، بریتیە لە (مردنی زمانێک)، ئەو شانۆگەرییە هاوشێوەی دەقی ڕۆمانی (مردنی قارەمانێک)ی ڕۆماننووس محەمەد ئۆزنە، کە ڕۆمانی (زمانی چیا)ی ڕۆماننووس هارۆڵد پینتەرە و خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێناوە. ئەو ڕۆمانەی ئایدن ئۆراک کاری موزیکی لەلایەن هونەرمەندی ناودار جوان حاجۆ بۆ کراوە، چاوەڕێ دەکرێت کارێکی زۆر سەرکەوتوو بێت.

### ئایدن ئۆراک و شانۆی کوردی

ئایدن ئۆراک لەساڵی ١٩٨٢ لەنوسەیبینی سەر بەشاری ماردین لە دایکبووە، قۆناخی سەرەتایی و ناوەندی لەنووسەیبین تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٩٧ دسەتی بەکاری شانۆ کردووە، لەساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ ناوەندی کولتووری میزوپۆتامیا کاریکردووە، لەشانۆگەرییەکانی» پرۆمیتۆس، زنجیرکراو، کار و بێکار، دوورگەی ساڵی تازە و هەندێک خوێ، تۆ گارا نیت»، بەشداری کردووە، هەروەها بەشداری لەم بەرهەمانە دەکات کە ئێستاش « ئاراف، ساڵنامەی شێتێک، مردنی زمانێک، ڕووناکی» پێشکەشدەکرێن.

لە ڕۆژنامەکانی «ئازادیا وەلات، ئۆزگور پۆلەتیکا،



ئەسمەر، لۆندرا ئۆلای، رادیکال» وتارو بابەتی هونەری بڵاوکردۆتـــەوە، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە شانۆوە هەیە. چەند بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی هەیە وەکو «ســاڵنامەی شێتێک» و «تەنەکە»ی یەشار کەمال، «هینریک ئیســپەن»، لەگەڵ پەرتووکێکی هەڵبەست بەناوی (شتی شاراوە)، کە لەساڵی ٢٠٠٥ بەچاپی گەیاندووە. ئایدن ئۆراک هەروەها بەشداری چەندین فیلــم و زنجیرە فیلمی کردووە، هەروەها لە چەند زنجیرە فیلمی تورکی رۆڵی ســەرەکی بینیوە. ســێ کلیپی شــیعر و خوێندنەوەی تۆمار کردووە، لەهەمــوو تەلەڤزیۆنە کوردییەکان نمایشــدەکرێت. ئۆراک وێڕای کاری شــانۆ ئەکتەرێکی سەرکەوتووی بواری سینەمایە، بەشــەکانی دەرهێنان و نواندن و نواندنی شانۆی ســەر بە ناوەندی پەروەردەی گەل تەواو کردووە.

نورا بۆتە نوور

قەرەبەکر رایگەیاند شــانۆگەری نورا لەلایەن ئایدن ئۆراکــەوە وەکو (نــورێ) وەرگێــڕدراوە بۆ زمانی کوردی تا بەمشــێوەیە پێشکەش بکرێت، مەبەستی سەرەکیمان ئەوەیە بەزمانی زگماکی، ژنانی ناوچەکە بە یەکتری بگــەن، چیرۆکی شــانۆگەرییەکە باش دەزانن. چیرۆکی گۆرانیبێژ «نورا» نزیکی چیرۆکی «نورە»یــە، ئێمــە بــاش دەزانین ئەمە شــتێکی رێککەوت نییە، لەبەر ئەمەش چیرۆکی ساڵحۆ و نورا، چیرۆکی تورڤالدا و نورا زۆر لە یەکتری نزیکن، ئێمە دەقەکەمان زۆر بە راســتگۆیی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. لەلایەکی دیکەوە ئێمە شــانۆگەرییە کلاســیکەکان تاقیدەکەینەوە، تێدا رێژەی تێڕوانینی نوژەن دەپارێزین. بێگومان بــەردەوام تێڕوانینێکی فێمینیســتیمان هەیە، بەراســتیش ئێمــە لە نێوان تەوژمی کلاسیک و مۆدێرن، رۆژهەڵات و رۆژئاوا دێین و دەچین. ئەم هاتووچۆیەی ئێمە تەنیا لەرووخساردا بەدیدەکرێــت، بەڵام لەناوەرۆکدا راســتییەک هەیە، زۆر دەستی پیاوســالاری بەسەر کۆمەڵگا، بەگشتی و بەتایبەت بەسەر ژنانەوە بەدیدەکرێت. بێگومان بۆ شانۆکارانی کورد کە ساڵانێکی زۆرە خزمەت بەبواری شانۆگەری کوردی دەکەن، زۆر گرنگە لەیەک پرۆژەدا بەشداری بکەین.

ئەو تیپە ســەردانی فیستیڤاڵی شانۆی ئیستانبوڵی کردووە، هەوڵــدەدات بۆ ئەوەی ئەو شــانۆگەرییە لەسەرجەم شــارەکانی کوردستان و هەندێک شاری گەورەی تورکیا پێشــکەش بکرێــت، هەروەها ئەو



شانۆگەرییە لەسەنتەری نەرویجی- ئیسپانی پێشکەش دەکرێت. دەرهێنەری شانۆگەرییەکە (ژاڵە قەرە بەکر)ە و جێبەجێکردنی لەلایەن فەریدە ئەولایە. لەو شانۆگەرییەدا هەریەک لە ئایدن ئۆراک و شەنگوڵ ئۆزدەمیر، رەمزی پاموک، بێریڤان ئەیاز و ئیسماعیل یلدز وەکو ئەکتەر رۆڵ دەگێڕن.

زانای کورد لە نێوان تورکیا و کوردستاندا

مژاری شانۆگەرییەکە لەبارەی ژیانی زانای کورد موسا عەنتەر لەلایەن ئایدن ئۆراک ئامادەکراوە، باس لەژیانی موسا عەنتەر لەسەردەمی «منداڵی، نووسەری، زیندانی، مردنی» دەکات، ئەو شانۆگەرییە لە ساڵیادی تیرۆرکردنی موسا عەنتەر لەنوسەیبین بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری بینەران پێشکەشکراوە. ئەو شانۆگەرییە بەپشتگیری کۆنسوڵخانەی سوید لەئیستانبوڵ و شارەوانی نووسەیبین رێکخراوە. شانۆگەرییەکە لەچوارچێوەی (١٣)مین فیستیڤاڵی شانۆی نەرویج کە لەئەنقەرە بەڕێوەچوو، پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. هەروەها لەسویدیش کەوتەبەر دیدی بینەران، هەروەها لەشاری ئیزمیر پێشکەشکردنی قەدەخەکرا، تورگای تانلکو راوێژکاری پرۆژەکە بوو، دەرهێنەری سینەمایی حوسێن کەرەبای، یاریدەرانی دەرهێنەران بریتیین لە بیلال بلوت، ئارام دڵدار، کاری موزیک ئەفکان شەشەن، رووناکی ئەحمەد چای، ئیفێکت ئۆزگون یەزار.

وەرگری خەڵاتی نۆبل هارۆلد پینتەر لەبارەی کوردان شانۆگەرییەکە بەناوی «زمانی چیا» نووسیوە، هەروەها هەڵبەستی محەمەد ئۆزون بەناوی «مردنی قارەمانێک» لەنێو ئەو شانۆگەرییەدا گەیشتوونەتە یەک. ئەو شانۆگەرییە لەدەرهێنانی ئایدن ئۆراکە، هەریەک لە بلال بلوت، شەنگول ئۆزدەمیر، پەریهان ئاداکش، ئایدن ئۆراک بەشێوەیەکی پرۆفیشیۆنال رۆڵیان تێدا بینیوە، رووناکی و شانۆگەرییەکە لەلایەن ئەحمەد چای، سەزگین ئایدن، مکیاج سونەر، جەنا کاری تێداکردووە. موزیکی ئەو بەرهەمە لەلایەن هونەرمەندی بەتوانا جوان حاجۆوە ئامادەکراوە. ئایدن ئۆراک لەهەموو شانۆگەرییدا ئەکتەرەکانی بە شێوازێکی زۆر جیاواز و سەرنجڕاکێش پێشکەشی ئامادەبووان کرد. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە هەردوو نووسەر بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچیانکردووە، ئێستاش بەرهەمی هەردووکیان لەسەر تەختەی شانۆ یەکدەگرێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب



# تـــورکیـــا و



# بینـــــاســـــازی

## ئێستا خیتابی بیناسازی لەتورکیا سەرقاڵی چییە؟ لەخەمی چیدان؟



د. خالد ئەلسولڵتانی*

> جوڵانەوەی تازەگەری و هەنگاونان رووەو رۆژئاوا لەلایەک، لەبەرچاوگرتنی نەریت و باڵادەستی خۆجێی لەلایەکی دیکەوە، رووداوی هەرە بەرچاوە لەخەسڵەتەکانی گوتاری بیناسازی هاوچەرخە لەتورکیا

بانگەشەکردن نییە ئەگەر خۆم بەیەکێک لەلایەنگرانی (بگـــرە پەرەپێدەرانی) ناســـینی ئەویتـــر دابنێم، لەم هەوڵەشـــدا (واتە ناســـینی ئەویتر) نەریتێکی کولتـــووری و ئەبســـتمولۆژی دەبینـــم، بەداخەوە دەیڵێم کە کولتووری ناســـینی ئەویتر و رێزگرتن و فێربون لێی هێشـــتا لای ئێمە گەشـــەی نەکردووە، بگرە هەندێ کەس بەشتێکی خراپی دادەنێن، وەکو ئەوەی ناســـینی ئەویتر و فێربوون لێی سیفەتێکی خراپ بێ، پێویســـتە خۆمان لێی بـــەدوور بگرین.

ئەوەی ئێســـتا دەیبینین باڵادەستی کاری سیاسیە بەسەر تەواوی لایەنەکانی دیکەدا، ئەوەش وادەکات سەرکەوتنی کولتووری پەردەپۆش بکات و دانی پێ دانەنێت، پێنج ســـاڵ لەمەوبـــەر لەوتارێکدا ئاماژەم بەو خاڵە کردو گوتم: ئەوەی لەهەندێ بانگەشـــەدا بەدیدەکەین لەراستیدا باڵادەستکردنی «بەش»ێکە بەســـەر «گشـــت»دا، باڵادەســـتی «سیاسەت»ە بەســـەر «کولتوور»دا، لەراستیدا ئێمە لەقەیرانێکی شارستانی راســـتەقینەداین، هۆکارەکەشی بۆ تێزی (طراح) رەتکردنەوەو خۆدانان لەسەنتەری خەیاڵیدا دەگەڕێتەوە، دەربازبوون لەم حاڵەتە بەوە دەبێ کە کاری سیاســـی پشتئەستور بەخەیاڵ و هەڵبەستنی درۆ جێگـــە بۆ دەســـەڵاتی مەعریفی چـــۆڵ بکات، مەعریفیەک کە ناسنامەی ئەویتر پەسند دەکات.

ئەگەر جیاوازیشی لەگەڵدا هەبێت، هەروەها بەڕووی گەلاندا کراوەبێ نەک داخراوبێت.

دانانی شاری ئەســـتەنبوڵی تورکی وەک پایتەختی کولتـــووری ئەوروپـــا (٢٠١٠) و ئـــەو نووســـین و لێکۆڵینەوەی کە تایبەت بە ئەستەنبوڵ و کولتووری تورکیا دەنووسرێن، دەرفەتێکی باشە کە قسە لەسەر «ئەویتر» بکەین جەخت لەسەر گرنگی ئەو چەمکە بکەینـــەوە، بەلایەنی کەم بۆ زانینی نرخی خۆمان و رادەی ئەو دەستکەوتانەی بەدەستمانهێناوە، چونکە هەبوونی «ئەویتر» وەکو دەزانرێت مەرجێکی گرنگە بۆ ناسینی «خود».

تورکیـــا کـــە لـــەرووی جوگرافـــی دراوســـێمانە، لـــەرووی مێژوویی و کولتـــووری نزیکە لێمان زۆری لەبـــارەوە نازانین، بەتایبەتیش لەبواری بیناســـازی هاوچەرخـــدا، هەروەکو چۆن دەربارەی بیناســـازی هاوچەرخ لەئێران، یان هیند یان پاکســـتان شتێکی ئەوتـــۆ نازانین کەپێویســـتە بیزانین، لەبەرئەوەی لێکچوونی واقیعـــی کۆمەڵایەتی رۆشـــنبیری، لێک نزیکی بارودۆخی کەشـــوهەوا و مێژوو وا دەکات کە ناســـین و لێکۆڵینەوەی بواری بیناســـازی تورکی و غەیـــرە تورکی کارێکی زۆر گرینگـــە بۆ دیزاینەر و بیناســـازەکانی خۆشمان تا وەکو دوور بن لە هەڵەو کەموکوڕی، یـــان ئەو دەوڵەمەندیەی تورکیا بکرێتە خاڵی هەنگاونان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی سەرکەوتوو لەناوچەکەمان.

ئێستا خیتابی بیناسازی لەتورکیا سەرقاڵی چییە؟ لەخەمی چیدان؟

ئەو وڵاتە مێژوویەکی پڕ شکۆی لەبواری بیناسازیدا هەیـــە کـــە دەســـتکەوتی گرنگی بەدەســـتهێناوە، بێگومان سروشتی ســـەرقاڵی و بایەخپێدانی گرنگ و چێژ بەخشە، بەتایبەتیش بە پێگە جوگرافیەکەی کە لەئەوروپـــا نزیکە، بواری بیناســـازی لەئەوروپا بەردەوام لەنوێبوونەوەو گۆڕاندایە، بۆیە ســـەرقاڵی بیناســـازانی تورکیا بایەخی تایبەتی هەیە. تورکیا تەنها لە دەروازەی کیشـــوەری ئەوروپا نزیک نییە، بەڵکـــو ســـنوورەکانی بەچەند دەوڵـــەت و گەلانی تری هەمەرەنگەوە دەورە دراوە، تورکیا دراوســـێی هەریەک لەســـوریا، عێـــراق، ئێـــران، ئازەربایجان، ئەرمەنســـتان، گورجســـتان، یۆنـــان، بولگاریایە، ئەمەش وادەکات کە بەرهەمی نەخشەکێشـــانی کەم وێنـــە بێت، جگە لەمانەش چەندین ئەتنیکی جیاواز لەســـەر خاکی تورکیـــا دەژین. وەک کـــوردەکان، چەرکەس، بۆسنییەکان، ئەلبانەکان، گورجییەکان، عەرەبـــەکان، جولەکـــەکان و یۆنانییەکان، هەریەک لەم ئەتنیکانەش نەریتی بیناسازی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەوەش دەبێتـــە زەخیرەیەکی دەوڵەمەند بۆ بیناسازانی تورکیا تاوەکو بیرۆکەی نوێ بۆ دیزاینی نوێ دابنێن.

جوڵانـــەوەی تازەگەری و هەنگاونـــان رووەو رۆژئاوا لەلایـــەک، لەبەرچاوگرتنـــی نەریت و باڵادەســـتی خۆجێی لەلایەکـــی دیکەوە، رووداوی هەرە بەرچاوە لەخەســـڵەتەکانی گوتـــاری بیناســـازی هاوچەرخ لەتورکیـــا. لێـــرەوە ئیشـــکالیەتی «ناســـنامە»ی بیناســـازی لای نەخشەکێشـــانی تـــورک وایکردووە بەردەوام بەدوای شرۆڤەی باوەڕپێکراو و چارەسەری گونجاودا بگەڕێن، بێگومان ئەم بابەتە ئەوەندە سادە و ئاســـان نەبووە. نموونەکانی نەریتی بیناسازی کە پیشەگەرییەکی کەم وێنەیان پێوە دیارە، وایکردووە ســـەرنجەکان بـــەلای خۆیدا ڕابکێشـــێ کە خاوەنی زمانێکی دیزاین و نەخشەکێشانی تایبەتە، ئەم زمانە بەدرێژایـــی چەندین ســـەدە ئامادەییەکی بەرچاوی هەبووەو رەوایەتی بۆ خۆی وەرگرتوە.

پێویســـتییەکانی ژیانی هاوچەرخ و شـــەپۆڵەکانی تازەگـــەری کە تورکیـــای نوێ پێوەی ســـەرقاڵە، بەریەککەوتنی بـــەردەوام و رۆژانە لەگەڵ تازەگەری



رۆژئاوا و بەها بیناسازیەکان، وایکردوە تورکیاش چاوی لەنموونەی دیزانێک بێ کە لەگەڵ سەردەمدا بگونجێ و هاوتەریب بێ لەگەڵ بیناسازی هاوچەرخ، ئەم بابەتە لەگۆڤارێکی بەریتانی بەناوی دیزاینی بیناسازی (Architectural Design) لەژمارەکانی هەردوو مانگی کانونی دووەم و شوباتی ٢٠١٠ گرنگی تایبەتی پێدراوە و تایبەتە بە بیناسازی تورکی و بەبۆنەی دانانی ئەستەنبوڵ بەپایتەختی کولتووری ئەورووپا لەساڵی ٢٠١٠ دەرچووە. (شایەنی باسە هەمان گۆڤار لەساڵی ٢٠٠٧ ژمارەیەکی تایبەتی بەبیناسازی هیندی تەرخانکرد). گۆڤارەکە سەرەتای بابەتەکانی تایبەت بەبیناسازی و نەخشەکێشان بەهۆنراوەی شاعیرێکی سەردەمی عوسمانی، نەجاتی شاعیر دەست پێدەکات کە دەڵێ «جوانیەکان بەهەرزان دەژمێردرێن بەڵام نە فرۆشران، نە بینران»

وادیارە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە زیرەکانە ئەم هۆنراوەیان کردۆتە سەردێری بابەتەکانی ئەو ژمارەیە، ئەگەر گۆڤارەکە چەندین بابەتی تایبەت بەبیناسازی لەخۆ گرتوە، بەڵام باشتر و جوانتر لەو چارەسەریانە هێشتا ((نەفرۆشرا، نەبینرا)). بۆیە دەبینین کە نەخشەکێش و دیزانەرانی تورک لەداهاتوودا بەردەوام هەوڵی سازدانی پرۆژەی پیشەگەری جوان و قەشەنگ دەدەن.

گۆڤارەکە زیاتر رۆشنایی دەخاتە سەر شاری ئەستنبۆڵ و باس لەبواری نەخسەکێشان و بیناسازی ئەو شارە دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا باس لەسەرقاڵی بیناسازەکانی تورک بە بابەتی «ناسنامە» دەکات و تیشکدەخاتە سەر سەرەتاکانی تازەگەری، دەیان نموونەی نەخشەی هاوچەرخی لەسەر لاپەرەکانی بڵاو کردۆتەوە. هەروەها گۆڤارەکە کارەکانی ٨ نووسینگەی ڕاوێژکاری ناسراوی تورکیای بڵاو کردۆتەوە، جگە لەوەش ئاماژە بە کاری بیناسازانی بیانیش کراوە.

بەگشتی بابەتەکانی ئەم ژمارەی تایبەت بە بیناسازی تورکیا و ئەو نەخشە و دیزاینانەی بڵاو کراونەتەوە شایەنی بایەخ پێدانی بیناسازانە، بەتایبەتیش بیناسازانی ئێمە کەلەو بابەتەدا وەڵامی جۆرەها پرسیار دەدۆزنەوە، کە چەندینجار لەکایەی کاری بیناسازیماندا خراونەتەڕوو.

*** ئەکادیمییەکی عێراقییەو مامۆستای بیناسازییە لەئەکادیمای پادشایەتی هونەری لەدانیمارک.**

# مێژووی ئەستەنبوڵ و هـــــ





# ـــونەری بیناسازیی تورکی

ئەوەی ئێستا پێی دەگوترێت بەشە ئاسیاویەکەی ئەستەنبوڵ ڕەنگە ٣٠٠٠ هەزار ساڵ پێش زایینی خەڵکی تێدا ژیابێت. دواتر لە سەدەی حەفتەمدا داگیرکارە یۆنانیەکان بە سەرۆکایەتی پاشا بیزاس کۆڵۆنیای بیزانتیۆم (Byzantium) یان دامەزراند، کە ناوێکی یۆنانیە بۆ شارێک لەسەر ڕووباری بۆسفۆروس (Bosphorus). بیزاس دوای ڕاوێژکردن بڕیاری دا ئەو ناوچە گرنگە بکات بە شارێک و ناوی نا بیزانتیۆم.

لەسەدەکانی پێش زاییندا بیزانتیۆم بوو بە بەشێک لە ئیمپراتۆری ڕۆمانی و لە ساڵی ٣٠٦ ی زاییندا ئیمپراتۆر کۆنستانتینی مەزن کردی بە پایەتەختی تەواوی ئیمپراتۆری ڕۆمانی. لەو کاتەوە شارەکە بە کۆنستانتیپۆل ناسرا.

لە ناوەڕاستی ساڵانی ٤٠٠ ی زاییندا ڕاپەڕین و شۆڕشێکی زۆر لەناو ئیمپراتۆری ڕۆمانیدا سەری هەڵدا. بەربەریەکان ڕۆژئاوای ئیمپراتۆری ڕۆمانیان داگیرکرد و ڕۆژهەڵاتەکەشی کە پێشی دەوترا ئیمپراتۆری بیزەنتین کۆنستانتیپۆڵی وەک پایەتەختی خۆی هێشتەوە. لەساڵی ٥٣٢ لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی جوستینیانی یەکەم فیتنە و ئاشووب شارەکەی وێرانکرد. بەڵام دووبارە بە شێوەیەکی هونەریانە دروستکرایەوە و جۆرەها کەنیسە و پەرستگا و کۆشکی گەورە بە دیزاینی نوێ و سەرنجڕاکێشی ئەو سەردەمە بنیادنران و کەنیسەی هاجیە سۆفیا (Hagia Sophia) (لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانیدا کرا بە مزگەوت و ئێستا مۆزەخانەیە) یەکێک لەو بەڵگانەیە نیشانی دەدات کولتور و هونەری بیناسازیی بیزانتین لەو کاتەدا گەیشتۆتە چ لوتکەیەک.

ئەوەی ئەو شارەی زۆر سەرنجڕاکێش کردبوو شوێنە بێ هاوتاکەی بوو بۆ بازرگانی و گواستنەوە لەنێوان سێ کیشوەری جیهاندا. هەر لەبەرئەوەش بووە کە لە سەدەکانی داهاتوودا فارس و عەرەب و خەڵکی کۆچەر بەردەوام هێرشیان کردۆتە سەر کۆنستانتیپۆڵ.

لەکۆتاییدا دوای چەندان شەڕی بەردەوام و نەبڕاوە، عوسمانیەکان بە سەرۆکایەتی سوڵتان محەمەدی دووەم لە ساڵی ١٤٥٣ دەستیان بەسەر کۆنستانتینیپۆڵ داگرت. ناوەکەیان گۆڕی بۆ ئەستەنبوڵ و بوو بە سێیەم و دوایین پایەتەختی ئیمپراتۆری عوسمانی. ئەستەنبوڵ سەنتەری ئەو هێرشە سەربازیانە بوو کە بۆ فراوانکردنی سنوری ئیمپراتۆری عوسمانی دەکران. لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٥٠٠ ی زایینی ڕێژەی دانیشتوانی ئەو شارە گەیشتە نیو ملیۆن کەس و بووە سەنتەرێکی سەرەکی و گرنگی سیاسی و کولتوری و بازرگانی لە جیهاندا. بەم شێوەیە حوکمی ئیمپراتۆری عوسمانی بەردەوامبوو تا لە جەنگی جیهانی یەکەم شکستی خوارد و ئەستەنبوڵ لەلایەن هاوپەیمانانەوە داگیرکرا.

دوای جەنگی سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٢٣ کۆماری تورکیا دامەزرا و پایەتەخت بۆ شاری ئەنقەرە گواسترایەوە. بەڵام ئەستەنبوڵ لە گەشەسەندن و پێشکەوتن نەوەستا و ئەمڕۆ دانیشتوانەکەی دەگاتە نزیکەی ١٣ ملیۆن کەس و ساڵانە ٧٠٠,٠٠٠ هەزار کۆچبەریش لە ناوچەکانی ترەوە دێنە ناو شارەکەوە.

چەندین مۆزەخانە و قەڵا و کۆشک و مزگەوت و کەنیسە و گەرماوی کۆنی بەناوبانگ لەو شارەدا هەیە. بەڵام لە هەموان گرنگتر ئەوەیە ئەو شارە هەمیشە جێگای گرنگیی هونەرسازان و بیناسازان بووە، بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر پایەتەختی ئیمپراتۆری عوسمانی بووە — کە جگەلەوەی لە ڕووی هێزی سەربازی و فراوانیی سنوورەوە بێ هاوتا بووە — هەمیشە زانایان و هونەرسازان و بیناسازان ڕوویان تێکردووە و هونەری بیناسازی تورکی لەوێوە دەستی پێکردووە و گەشەی کردووە. بنچینەی تیۆری هونەری بیناسازیی تورکی و پراکتیزەی ئەو هونەرە لە تەلار و کۆشک و منارە و خانووە کۆنەکانی ئەو شارە ڕەنگ دەداتەوە. ئەو قەڵا و کۆشکە مەزنانەی هەر لە سەردەمە کۆنەکان و کاتی ئیمپراتۆری عوسمانی بنیادنراون ئێستا دیمەنی شارەکەیان نموونەیی کردووە و هەر ئەوەش وای کردووە ببێتە یەکێک لەو شارانەی زۆرترین گەشتیار ڕووی تێدەکەن. هەر بۆیە ئێستا هونەرێکی جیاواز لە هونەرەکانی بیناسازی لە جیهاندا هەیە و پێی دەوترێت هونەری بیناسازی تورکی.

### هونەری بیناسازی تورکی

خەڵکی تورک لە نیشتمانە بنەڕەتی یەکەیاندا، لە ناوەڕاستی ئاسیا، لە نێو ڕەشماڵی شێوە گومەتدا دەژیان کە گونجاو بوو لەگەڵ دەوروبەرە سروشتییەکەیاندا. دواتر ئەم ڕەشماڵانە کاریگەریان هەبوو لەسەر سەرهەڵدانی هونەری بیناسازیی تورکی و هونەری جوانکاری.

بۆ یەکەم جار کە سەلجوقیە تورکەکان هاتن بۆ ئێران ڕووبەڕووی هونەرێکی بیناسازی بوونەوە کە لەسەر بنەمای کولتوری کۆن بنیادنرابوو، بە تێکەڵکردنی ئەم کولتورە تازە ئاشنایە بە کولتوری خۆیان، سەلجوقیەکان توانیان شێوازێکی نوێ بنیادبنێن لە هونەری بیناسازیدا و لە گرنگترین ئەو شێوازانەش دروستکردنی مەدرەسە (قوتابخانە ئایینیەکان) بوو. یەکەم مەدرەسە لە سەدەی یانزەدا لەلایەن (نیزامول مولک)ی وەزیر لە سەردەمی (ئەلپارسلان و مەلیک شاە) دا دروستکرا. گرنگترین لەم مەدرەسانە: سێ مەدرەسەی حوکمی بوو لە شارەکانی نیسابوور، توس، بەغداد و مەدرەسەی هارگێرد لە خوراسان.

ســـەلجوقیەکان توانیـــان لـــە لایەنێکی تـــری هونەری بیناسازیدا بەشـــداربن ئەویش دروستکردنی مۆنۆمێنتی مەزارگـــەکان بوو، کە ئەمیش دەتوانرێت دابەش بکرێت بەسەر دوو بەشەوە:گۆڕە شێوە تاقیەکان و گۆڕە شێوە گومەزئاساکان.

ڕیباتی شـــەریف و ڕیباتی ئەناسیروان لە نموونەی ئەو کاروان سەرایانەی ســـەدەی دوازدەن کە سەلجوقیەکان دروستیانکردوون و کاروانچی و گەشتیارەکان لە شەودا تێیدا پشـــویان دەدا. لـــەو بینایانەی ســـەلجوقیەکان دروســـتیاندەکرد بەشـــێوەیەکی گشـــتی خشتی سور بەکاردەهێنـــرا بـــەڵام دیوی دەرەوە و نـــاوەوە کرداری جوانکاری بۆ دەکرا بە بەکارهێنانی کەرەستەیەک کە لە تێکەڵەی مەڕمەڕ و قسل و گەچ پێکهاتبوو.

لە گرنگترین کەرەســـتەکانی بیناســـازی لە خانوویەکی سادەی ســـەلجوقیەکانی ئەنادۆڵدا بریتی بوو لە دار کە بەشێوەی ئاسۆیی دادەنران لەسەر دەرگا و پەنجەرەکان، ستونەکانیش زیاتر کرداری جوانکاریان بۆ دەکرا.

هونەری بیناســـازیی تورکی لەســـەردەمی عوســـمانی یەکاندا گەیشـــتە ترۆپک. ئەو هونـــەرە لە کاتێکدا کە کاریگەریی هونەری ســـەلجوقی و بیزەنتینی و عەرەبی لەسەر بوو، گەشەی سەند و ستایەڵێکی تایبەت بەخۆی هێناکایەوە.

ئەو هونەری بیناســـازەیەی کە لەســـەر فۆرمی کلاسیکی بوو لە دوای داگیرکردنی ئەســـتەنبوڵ، لە شـــارەکانی بورسە و ئیدیرنە سەری هەڵدا. مزگەوتی مەزن (Ulu Cami) لە بورســـە یەکەم مزگەوتی سەلجوقی بوو کە بۆ مزگەوتێکی گومەزدار گۆڕدرا. شاری ئیدیرنە دوایین پایتەختی عوســـمانیەکان بوو بەر لە ئیستەنبۆڵ، هەر لەوێش دەبینین دوایین قۆناغەکانی گەشەسەندنی هونەری بیناسازی لە بنیادنانی مزگەوتە مەزن و بەناوبانگەکانی ئەســـتەنبوڵ بوو گەیشـــتە لوتکە. ئەو باڵەخانانەی کە دروست کراون لە ماوەی نێوان ڕزگارکردنی ئەستەنبوڵ و دروســـت کردنی مزگەوتی سوڵتان بایەزید هەموویان بەکار و بەرهەمی قۆناغی سەرەتای هونەرەکە دادەنرێت. نموونەی ئەمانەش بریتین لە مزگەوتی فاتیح (١٤٧٠)، مزگەوتی محمود پاشا و کۆشکی تۆپ کاپی.

لەســـەردەمی قۆناغی کلاســـیکیدا پلانی دروستکردنی مزگەوت بەشـــێوەیەک گۆڕا کە ناو و دەرەوەی حەرەمی مزگەوتیشـــی گرتەوە، لەبەرئـــەوەی حەرەمی ناوەوە و مزگەوتەکە لەگەڵ یەکتر جیانەدەکرانەوە . ســـینان، کە ئەندازیارێکی بیناسازی قۆناغی کلاسیکی یە و لە ساڵی ١٤٩٢ لە قەیســـەری لەدایک بووە و لە ساڵی ١٥٨٨ لە ئەســـتەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە، قۆناغێکی نوێی لە هونەری بیناسازیدا دەست پێکرد، ئەمەش بە بنیادنانی ٣٣٤ باڵەخانە لە چەندین شـــاردا. ئەو ســـتایەڵەی ئەو گرتیە بەر کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر سەردەمەکانی داهاتوودا هەبوو. یەکەمین کاری گرنگی ئەندازیار سینان دروســـت کردنی مزگەوتی شـــەهزادە بوو کە لە ساڵی ١٥٤٨ تەواو بوو. دووەم کاری هەرە گرنگی بریتی بوو لە مزگەوتی ســـولەیمانیە و کۆمەڵگەکەی دەورووبەری کە بۆ سوڵتان سولەیمانی قانوونی دروست کرد. مزگەوتی ســـەلیمیە لە شـــاری ئیدیرنە لەماوەی ساڵانی ١٥٦٨-٧٤ دروســـت کرد، کاتێک ســـینان لەکاتە سەراتاکانی پیشەی ئەندازیاری دا بوو. مزگەوتەکانی ڕوستەم پاشا، ســـوڵتان میهریماە، ئیبراهیم پاشا و مزگەوتی سینان و



مەزارگەکانی شـــەهزادەو سوڵتان سولەیمانی قانوونی و سوڵتان هورەم و سەلیم ی دووەم لە کارە هەرە نوێ و سەردەمیەکانی ئەندازیار سینان بوو.

نموونەی هونەری بیناسازیی قۆناغی کلاسیکی عوسمانی هەر لە شارەکانی ئەستەنبوڵ و ئیدیرنە نابینرێن بەڵکو لە میسر و تونس و جەزائیر و هەنگاریاش دەبینرێن کە چەنـدان مزگەوت و پرد و نافوورە و مەدرەســەیان لێ دروست کراوە.

لە ماوەی ســاڵانی ١٧٢٠ — ١٨٩٠ هونەری بیناســازیی عوســمانی لە پرەنسیپەکانی سەردەمی کلاسیکی لایدا. لە ســەدەی هەژدەدا، لــە ســەردەمی قۆناغی تولیب دا ( کــە قۆناغێکــە لە مێژووی عوســمانیدا) هونەری بیناســازیی عوســمانی کەوتە ژێر کاریگەریی دیکۆر و جوانکاریەکانــی وولاتانی رۆژئاوا. بۆ نموونە ســتایەڵی بــاروق (Baroque)، رۆکۆکــۆ (Rococo) و ئەمپایــر (Ampire) تێکەڵــی هونەری بیناســازی عوســمانی بــوون. نافــوورە بــوو بــە پێکهاتەیەکی تایبەتمەندی ئەو قۆناغە. مزگەوتی ئەکسەرایی ڤالیدە (Aksaray Valide) لە ئەستەنبوڵ نمونەیەکە لە تێکەڵەی هونەری تورکی و ستایڵی گۆتی (Gothic Style).

ســاڵانی ١٨٩٠-١٩٣٠ لە هونەری بیناسازیی تورکی بە قۆناغی نیۆکلاسیک دادەنرێت. لەم قۆناغەدا بیناسازانی تورکی ســەیری باڵەخانــە کلاســیکی و ئایینیەکانی سەردەمانی پێشوو تریان دەکرد تاوەکو لە هەوڵەکانیان بۆ بنیادنانی هونەرێکی بیناســازیی نەتەوەیی ئیلهامی لێ وەربگرن. نیشتمان پەروەری و نەتەوایەتی، هونەری بیناســازیی عوســمانیی لە ژێــر کاریگەریــی رۆژئاوا رزگارکــرد، بەمەش ســتایەڵێکی نوێ لەســەر بنەمای هونەری بیناسازیی کلاســیکی عوسمانی هاتەکایەوە. پەیمانگەی پەروەردەیی غــازی لەلایەن ئەندازیار کمال الدیــن و باڵەخانە کۆنەکانی پەرلەمان لەلایەن ئەندازیار ڤێدات هەموویان دەچنە نیۆچوارچێوەی ئەو قوتابخانە نوێیەوە.

دوای ئــەو کارە بەناوبانگانــە رێچکەیەکی تر ســەری هەڵدا کە بەرەو هونەری بیناسازیی هاوچەرخ ئاراستەی وەرگرت. پەیمانگای کچانی عیســمەت پاشا و ناوچەی سەراج ئۆغلو و شانۆی مەزن (Grand Theatre) رێگایان بۆ هاتنەکایەی هونەری بیناســازیی هاوچەرخ خۆشکرد. لەو ماوەیەدا سیدات حەقی ئێڵدەم باڵەخانەی کۆلێژی زانست و ئەدەبی لە ئەستەنبوڵ بنیادنا و ئەمین ئۆناتیش مەزارگەی ئەتاتورکی لە ئەنقەرە دروســتکرد، کــە هەردووکیان بە شــێوازێکی زۆر ســەرنجراکێش و هونەریی هاوچەرخانە دروستکراون.

دوای ساڵانی ١٩٥٠، ستایەڵی دروستکردنی باڵەخانەکان زیاتر بەند بوون لەســەر ویستی ئەندازیارەکان خۆیان و پێویســتیەکانی ئەو ســەردەمە و پابەندبوون بە پلانی شــارەکان و شیاویی کەرەســەکانی دروستکردنی بینا.

لە دوای ساڵانی ١٩٧٠ ش کار لەسەر نوێکردنەوەی ئەو باڵەخانە و کۆشکە گەورانە دەکرا کە شێوازێکی هونەری بیناســازیی بەرچاویــان هەبوو و دەکــران بە هوتێل و چێشتخانە بۆ خەڵکی. لەو ماوەیەشدا گەڕانەوەیەک بۆ ستایەڵە کلاســیکیەکانی هونەری بیناسازیی تورکی لە ئارادا هەبــوو کە لەگەڵ تەکنیکە هاوچەرخەکان تێکەڵ دەکران بۆ ئەوەی بەرهەمێکی نوێی لێ بێننەکایەوە.

هەرچەندە ئەستەنبوڵ بە شارێکی گەورە و دەوڵەمەند بە قەڵا و کۆشک و باڵەخانە و مزگەوت و کەنیسەی کۆن و مێژوویی دادەنرێت، بەڵام ســەرەڕای ئەوەش چەندین تاوەر و ســتوون و کاتژمێریی مێژوویــی تێدایە کە بە شێوازی تایبەتی هونەری بیناسازیی تورکی دروستکراون و زیاتر دیمەنی شــارەکەیان ســەرنجراکێش کردووە و خۆیان مێژوویەکن بۆ شارەکە. هەر ئەم شوێنەوارە کۆن و کولتوریانەش وای کرد ئەستەنبوڵ بکرێتە پایتەختی کولتوریی یەکێتیی ئەورووپا بۆ ســاڵی ٢٠١٠. بۆیە لێرە پێویست دەکات بە کورتی باسی مێژووی دروستکردنی هەنــدێ لەو قەڵا و تــاوەر و ســتوونانە بکەین کە لە ســەردەمە جیاجیاکانی شــارەکە بنیادنراون و تاوەکو ئێستا ماونەتەوە و شارەکەیان مێژوویی تر و بەناوبانگتر کردووە.

### قەڵای ئەنادۆڵ (Anadolu Hisari)

قەڵای ئەنادۆڵ پاشــماوەی یەکەم هەوڵدانی عوسمانی یەکانە بۆ رزگارکردنی شــاری ئیســتانبۆڵ لە سەدەی چــواردەدا. کەوتۆتە کەنارەکانی بەشــەکەی ئاســیای شاری ئیستانبۆڵ لە سەر کەناڵی رووباری بۆسفۆروس. ســوڵتان یلدرم بایزیت ئەم قەڵایەی لە ســاڵی ١٣٩٣ لەســەر پاشماوەی پەرســتگای بێزەنتین کە پێشکەش کرابوو بە خودا زیوس دروســت کردووە. ئەم قەڵایە بە بەراوورد لەگەڵ قەڵای رومێلی هیســاری بچووکترە کە کەوتۆتە بەری ئەورووپای شاری ئەستەنبوڵ. ئەمڕۆ ئەم قەڵایە کراوە بە مۆزەخانە.

### قەڵای رومێلی هیساری (Rumeli hisari)

ســوڵتان محمــد فاتح ئــەم قەڵایەی لــە هەوڵێکدا بۆ خۆئامادەکردن بۆ هێرشی کۆتایی بۆ دەستگرتن بەسەر شــاری کۆنستەنتین ( ئەستەنبوڵ ی ئێستا) لە ماوەی چوارمانگدا رێک بەرامبەر قەڵای ئەنادۆڵ لە بەری ئاسیا لە ســاڵی ١٤٥٢ دروســت کرد کە بــووە هۆی کۆتایی هێنانــی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتینی. ئەمڕۆ ئەم قەڵایە لە رێگەی ئەنجامدانی کۆنســێرتی موســیقی و پێشانگا و شانۆگەریەوە میوانداری گەشــتیاران دەکات بەتایبەتی لــە وەرزی هاوینــدا و وەکو مۆزەخانەیــەک لەبەردەم


قەڵای ئەنادۆل (Anadolu Hisari)


قەڵای ڕومێلی هیساری (Rumeli hisari)


یەدی کولە هیساری (قەڵای حەوت تاوەرەکە)(Yedikule Hisari)


تاوەری گەڵەتە (Galata Kulesi)

گەشتیاراندا کراوەیە.

### یەدی کولە هیساری (قەڵای حەوت تاوەرەکە) (Yedikule Hisari)

سولْتان فاتح محمد ئەم قەڵایەی بۆ پاراستنی ماڵ و خەزێنەی دەوڵەت دروست کرد. لە سەردەمی فەرمان ڕەوایی مورادی سێ یەم سامانی دەوڵەت گواسترایەوە بۆ کۆشکی تۆپکاپی و قەڵاکە کرا بە زیندانی کە نوێنەری چەندان وڵات و پیاوی دەوڵەتی عوسمانی تێدا زیندانی کرا و بۆ هەندێکیان بوە شوێنی لەسێدارەدانیان. بۆ دواهەمین جار کە ئەم قەڵایە وەک زیندانی بەکارهێنرا لە ساڵی ١٨٣١ دابوو. دواتر کرا بە شوێنی بەخێوکردنی شێرەکانی کۆشکی توپکابی و دواتریش وەک کارگەی دروستکردنی باروت. ئەمڕۆ ئەم قەڵایە کراوە بە مۆزەخانەو میوانداریی بەڕێوەچوونی کۆنسێرتە کراوەکان دەکات لە گۆرەپانەکەی ناوەوەدا بەتایبەتی لە مانگەکانی هاویندا.

### تاوەری گەڵەتە (Galata Kulesi)

تاوەرێکی ٥٥ مەتر بەرزە و دەڕوانێتە سەر شارە کۆنەکە، تاوەری گەڵەتە لە لایەن جەنەواییەکان (خەڵکی جەنەوا) وەکو بەشێک لە دیوارێکی بەرگریکاری بە دەوری شارۆچکەکەیان (گەڵەتە) ڕاستەوخۆ بەرامبەر (شاری کۆنستەنتین) دروستکراوە. پاش ڕزگارکردنی شاری کۆنستەنتین لە لایەن سولْتان محمدی دووەم تاوەرەکە وەک بنکەیەکی چاودێری کردنی ئاگرکەوتنەوە لە شارەکەدا بەکارهێنراوە. ئێستا تاوەرەکە خواردنگەیەک و یانەیەکی شەوانەی لەخۆگرتووە و بەرزکەرەوەیەکی تێدایە کە دەتوانیت بەهۆیەوە دیمەنی شارەکە ببینیت بەڵام تا ئێستا سێ نهۆمی ماوە کە دەبێت بە پلیکانەکاندا سەرکەویت و لە بەیانیان تاکو درەنگانی شەو کراوەیە.

### کز کولێسی (Kiz Kulesi)

تاوەرێکی بەردینی سەدەی دوانزەیە لە ناوچەیەکی بەردینی لە دەروازەی بۆسفۆروس لەلایەن ئیمپراتۆری بیزەنتینی (مانوێل کۆمنێنۆس) دروستکراوە، ئەم تاوەرەیە، کەوەکو زیندانی و منارە خزمەتی کردووە بۆتە سەرچاوەی چەندان چیرۆک و ئەفسانە لە ڕۆژانی ڕابردوودا. ئێستا وەک کافتریا و خواردنگە کراوەیە بەڕووی گەشتیاراندا و میوانداریی کۆبونەوە و کۆنسێرتەکان دەکات. هاتوچۆ بۆ ئەم تاوەرە لە نێوان هەردوو کەنارەکانی ڕووباری بۆسفۆروسدا لەڕێگەی بەلەمی تایبەتەوە دەکرێت.

### تاوەری بێیازیت (Beyazit Kulesi)

ئەم تاوەرە لە لایەن ئەندازیاری بیناساز (سەنەکەریم کەڵفا) لە خێزانی (بالیان) لەساڵی ١٨٢٨ لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سولْتان محمد ی دووەم



کز کولێسی (Kiz Kulesi)



تاوەری بیازیت (Beyazit Kulesi)



دیکیلی تاش (ستونی میسری کۆن) (Dikilitas)



ستونی بەردینی ( بەردی ئۆرمێ) (Orme Sutun)

دروســـتکراوە . تاوەرەکە ٨٥ مەتر بــەرزە و لە چوار نهۆم پێک هاتــووە، ١٨٠ پایەی ســەرکەوتنی هەیە بۆ ئەوەی بگەیتــە لوتکەکەی. ئەم تاوەرە بنیاتنراوە بۆ چاودێری کردنی شــار لە ئاگرکەوتنەوە لە ماوەی ســەدەی زێریندا کە لەکاتی ڕۆژدا نیشانەیەکی شێوە (تۆپ)یان بەکارهێناوە بــۆ ئاگادارکردنەوە و لە کاتی شەویشــدا فانۆســی گەورەی ڕەنگی سور و سەوز و ســپییان بەکارهێناوە بۆ ئاگادارکردنەوە . ئێستا ئەم تــاوەرە داخــراوە و کەوتۆتە نــاو گۆڕەپانی زانکۆی ئەستەنبوڵ .

### دیکیلی تاش (ستونی میسری کۆن) (Dikilitas)

لە بنەڕەتدا ئەم ستونە لە مسر بنیاتنراوە لە سەدەی شــازدەمینی پێش زایینی لەلایەن فیرعەونی میســر (توتمۆسیس ســێ یەم ) بۆ پیرۆزکردنی خوداوەندی خۆر (ئامون را) لە شاری (تیب) لە بەردەم پەرستگای لۆکسۆر . دواتر لەلایەن ئیمپراتۆر (تیۆدۆسیۆس )ی یەکەم لە ســالّی ٣٩٠ ی پاش زایینی هێنرایە شاری ئەســتەنبوڵ بۆ ڕازاندنەوەی شــارەکە بۆ ئامادەکاری فیســتیڤاڵەکانی پێشبرکێی ئەســپ سواری. نزیکەی بــە بــەرزی ١٩ مەتر لــە هەرچوارلاوە بە نوســینی هێرۆگلیفی ڕازێنراوەتەوە و لەسەر بنکەیەکی مەرمەڕ دانراوە کە وێنــای ئیمپراتۆر و خێزانەکەی دەکات لە ڤیستیڤاڵەکە .

### ستونی بەردینی ( بەردی ئۆرمێ) (Orme Sutun)

ئــەم تــاوەرە لەلایــەن کۆنســتەنتینی شەشــەم (پۆرفیرۆجیناتوس)ەوە لە سالّی ٩٤٤ پاش زایینی بۆ ڕازاندنەوەی ڤیستیڤاڵەکانی ڕۆمانی کۆن دروستکراوە . تاوەرەکــە بە بلۆکی بــەردی کلس دروســتکراوە و بەتەواوی بە تەختەی برۆنزی نەخشینراو بەو نوسینانە داپۆشراوە کە پێشکەشی باپیری ئیمپراتۆر باسیلیۆسی یەکەم کراوە . بەڵام ئێستا برۆنزەکان نەماوون و بەرزی ستونەکە نزیکەی ٣٢ مەتر دەبێت .

### بورمەڵی ستوون (ستوونی سوڕاو) (Burmali Sutun)

لە بنەڕەتدا ئەم ستوونە لە سالّی ٤٧٩ ی پێش زایین لەبەردەم پەرســتگای ئەپۆڵۆ لە شاری دلفی یۆنانی درووســت کراوە بۆ بیرەوەری ســەرکەوتنی دەریایی یۆنانی بەسەر فارسەکاندا و پێشاندانی ڕێز بۆ ئەپۆڵۆ بۆ بردنەوەیان لە جەنگەکە . ستونە برۆنزەکە شێوەی ســێ ماری تێک ئاڵاوی وەرگرتووە و ناوی هەر سی و یەک ووڵایەتەکەی یۆنانی لەسەر نوسراوە کە بەشداری شــەڕەکەیان کردووە . هەروەها ووتویانە کە کلاّوێکی زێڕین هەبووە لەسەر سەری یەکێک لە مارەکان. دواتر ستوونەکە گواســتراوەتەوە بۆ شاری کۆنستەنتین لە

سەدەی چواردەمی پاش زایینی لەلایەن کۆنستەنتینی یەکەم. ستوونەکە لە کۆندا ٨ مەتر بووە بەڵام ئێستا تەنهـا ٥،٣٠ ی ماوەتەوە چونکە کـەس حەزی بەم سـتونە نەدەکرد لەبەرئەوەی مار نیشانەی شەیتانی دەنووێنێت، بۆیەش هەریەکە و پارچەیەکی لێکردۆتەوە بە درێژایی مێژوو و هەر سـێ سەری مارەکانیان تێک شکاندووە، لەکاتی هەڵکۆڵین و لێکۆڵینەوەدا توانراوە تەنهـا پارچەی سـەرێک بدۆزرێتەوە کە ئیسـتا لە مۆزەخانەی شوێنەواریدا پارێزراوە.

## ستونی گۆتلار (گۆتلار ستونو) (Gotlar Sutunu)

سـتونەکە کەوتۆتە دەرەوەی کۆشـکی تۆپ کاپی لە پارکـی گولهانە و دەورەدراوە بـە درەخت. یەکێکە لە کۆنترین سـتونەکانی مێژووی ڕۆمانی کـە لەوانەیە لە سـەدەی سـێیەم یاخود چوارەمی پاش زایین دروست کرابێت. لە یەک پارچە بەرد داتاشـراوە و بە ستایەڵی کۆرینس ڕازێنراوەتەوە. لەبەر ئەو نووسینانەی سەری کە باس لە سەرکەوتن بە سەر گۆتەکان دەکات، ستونەکە ناونراوە سـتونی گۆتەکان. ستوونەکە ١٥ مەتر بەرزە و لەسەر بنکەیەکی بچووک جێگیرکراوە.

## ستونی کۆنستەنتین (Constantine Column)

ئەو ستونە بە زمانی تورکی بە جەمبەرلیتاش (ستوونی ئەڵقەیی) ناسـراوە و لەلایەن کۆنسـتەنتینی یەکەم لە پەرسـتگەی ئەپۆڵۆوە لەنێوان سـاڵانی ٣٢٥ — ٣٢٨ پاش زایین هێنراوەتە کونستانتیپۆڵ. پەیکەرێکی ئەپۆڵۆ لەسـەر لوتکەی ستونەکە هەبووە و دوایی لەسەردەمی مەسـیحی دا گۆڕیویانە بە خاچێک. هەروەها ستونەکە سیمبوڵی کۆتایی هاتنی کلتوری پاگان دەنووێنێت لەسەر خاکی بیزەنتینی. دواتر لەسەردمی عوسمانیەکان پاش رزگارکردنی کۆنستانتینپۆڵ ئەو خاچەی سەر ستوونەکە لابـراوە. سـتونەکە ٣٥ مەتر بـەرزە و بەهۆی ئاگری گـەورەو و بارودۆخی کەش و هـەوا لەناوچووە، لەبەر ئەوە سوڵتان موستەفای دووەم هەڵسا بە بەهێزکردن و بنیاتنانەوەی بەهۆی بازنەی ئاسنین.

## ستوونی مارسیانۆس (کز تاشی) (KizTasi)

ئەم ستوونە لە سـاڵی ٤٥٠ ی پاش زایین بنیات نراوە و وەکو دیاریەک پێشکەشـی ئیمپراتـۆری بێزەنتینی (مارسـیانۆس) کراوە. ئەم سـتوونە لە بەردی گرانێت بە بەرزی ١٧ مەتر دروسـتکراوە و لەسـەر بنکەیەکی مەڕمەڕی جێگیر کراووە. ستایلی کۆرنیتی بۆ جوانکاری بەکارهێنـراوە کە وێنای پـەری دەنوێنێت لەبەر ئەوە ناونراوە (کز تاشی ) (واتە بەردی کچ) بەزمانی خەڵکی ناوچەکە و ستوونەکە دەکەوێتە ناوچەی فاتیح لە شاری ئەستەنبوڵ.


بورمەلی ستوون (سـتوونی سـوڕاو) (Burmali Sutun)


ستونی گۆتلار (گۆتلار ستونو) (Gotlar Sutunu)


ستونی کۆنستەنتین (Constantine Column)


ستوونی مارسیانۆس (کز تاشی) (KizTasi)

# چێشتخانەی تورکی..



# جیهانێک لە چێژ و هەمەجۆری





گومانـــی تێـــدا نییە، کە چێشـــتخانەی فەڕەنســـی و چینی لە پێشەوەی دوو باشترین چێشتخانەی جیهانیدان، بەڵام ناکۆیەک هەیە کێ بەپلەی ســـێیەم دێت، مەراکیشییەکان بێ سێ و دوو خۆیان بە ســـێیەم دادەنێن، لوبنانیەکانیش چێشتخانەی خۆیان بۆ ئەو پلەیە دادەنێن، تورکەکانیش دەڵێن پێویســـت بە گومان ناکا کە چێشتخانەکەیان بە پلەی سێیەم دێت.

بەشێوەیەک ئێستا چێشتخانەی تورکی، یەکێکە لەبەناوبانگترین چێشتخانە جیهانییەکان، چێشـــتخانەی تورکی ژمارەیەکی زۆر خواردنی بەتـــام و هەمەجۆری تێدایە، گەلی تورکیا لە چەندین نەتـــەوە پێکهاتووە و هەر نەتەوەیەکیش چێشـــتخانەی تایبەت بەخۆی هەیە و بەروبوومی جۆراوجۆری کشتوکاڵی و جۆراوجۆری کەشـــوهەوا لەتورکیادا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لەچێشـــتخانەی تورکیا. هەروەها ســـامانی ئاژەڵیش پەرەیســـەندووە و دەکرێ هەموو جۆرەکانی گۆشـــتی بەرهەمهێنـــراو لەتورکیا ببینێتەوە. زۆرێک لەخواردنە تورکییەکان ئامادەکردنیان ســـەختە و کات و رەنج و هەوڵێکی باشی دەوێ بۆ ئامادەکردنی.

## گەشتێک بەنێو چێشتخانەی تورکی

مێژووی تورکیا بۆ پتر لەهەزار ســـاڵێک درێـــژ دەبێتەوە، ئەو مێـــژووەش بواری رەخســـاندووە بـــۆ چێشـــتخانەی تورکی تا گەشـــە بکات و کاریگەر بـــێ بەهەموو ئـــەو پێدراوانەوەی کە کاریان لێکردووە، ســـەرباری ئەوەش ئەو سروشـــتە جوگرافیە سەرســـوڕهێنەرەی کە نێوان کەشوهەوای ئاســـیا و ئەوروپا و ئەفریقیـــای کۆکردۆتەوە، هەر ئەویشـــە چێشـــتخانەی تورکی دەوڵەمەنـــد کـــردووە بە چەندین توخمـــی خۆراکی جیاجیا کە ئەســـتەمە بەرتەســـک بکرێتەوە، دیارە پێویســـت بوو لەسەر چێشـــتخانەی تورکـــی مامەڵـــەی لەتەکـــدا بـــکات و داهێنان لەگۆڕینیـــدا بکات بۆ پارچەگەلێکـــی هونەری وەها کە فرەیی و شارستانییەت و داهێنان پێچەوانە بکاتەوە، سێیەمین رەگەزیش کە کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی هەبوو لەســـەر چێشتخانەی تورکی، ئەو کەلەپوورە زەبەلاح و جیاکەرەوەیە کە چێشتخانەی سوڵتانی عوســـمانی پەیدایکرد و بەجێیهێشت، بێگومان لێرەدا پێویستە بەشێوەیەکی تایبەتی جەختی لەسەر بکرێتەوە.

## چێشتخانەی سوڵتان

سەردەمی سوڵتانە عوسمانییەکان قۆناخێکی گرنگ پێکدەهێنێ و کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی کردووەتە ســـەر چێشتخانەی تورکی. ئەو کاریگەرییە لەکاتی سەردانمان بۆ کۆشکی (توبکابی) لە ئەستانبول بەدیار دەکەوێت، رووبەرێکی فراوان تەرخان کراوە بۆ ئەو چێشـــتخانەیە، کە دابەشبووە بەســـەر چەندین تەلاری جیاجیا و لەژێر (١٠) قوبەدا بنیاتنراون، دیکۆمێنتە مێژووییەکان ئاماژە دەدەن بەوەی لەســـەدەی حەڤدەهەمدا نزیکەی (١٣٠٠) چێشـــتلێنەر لەناو کۆشکی توبکابی دا ژیاون. هەر یەکێ لەوانە پسپۆر بووە لەئامادەکردنی جۆرێکی دیاریکراو لە خۆراک وەکو لێنانی برنجی بێلاف، یان دروســـتکردنی شیرنەمەنی، یان مرەبا ســـازکردن، یان لەبواری گۆشت، یان ماســـی، یان سەوزەوات، یـــان پەنیر، یان ژەمی بەیانیان..هتد. لەو رووەوە لەســـەر ئەو چێشـــتلێنەرانە پێویســـتبوو کاربکەن بۆ رازیکردن و تێرکردنی رۆژانەی زیاتر لە (١٠) هەزار کەس لە دانیشـــتوانی ئەو کۆشکە، یان ئەو کەســـە نزیکانەی دەربار کە لە شار دەژیان و پاداشتی ســـوڵتان دەیگرتنەوە. سەندیکاکانی دروستکاران و پیشەگەران لەســـەریانبوو باشـــترین جۆری کاڵا دەستەبەر بکەن بۆ کۆشک و دانیشـــتوانەکەی، ئەوەش وایکرد قەسابەکان، ماسیگرەکان و خاوەن مـــەزرا و کێڵگەکان، شـــوانەکان و بازرگانانی بەهارات و داودەرمانی چێشـــت قۆناخێکی خۆشـــگوزەرانی بەخۆیانەوە ببینن، ئەوەش بووە هۆی پێشکەوتنیان لەکار و داهێناندا، وەکو نەریتیش بنەماڵە خانەدان و دەوڵەمەندەکانیش لەسەرتاســـەری تورکیا هەڵدەستان بە نەریتکردنەوەی چێشتخانەی ئەو کۆشکە و خوانەکانـــی. ئەمـــەش وایکرد ئەو جۆرە خـــواردن و ژەمانە لەسەرانســـەری وڵاتدا ناوبانـــگ دەربکەن. پاشـــان یەکێک لە نەریتەکانی کۆشـــک ئەوە بوو لەو سەردەمەدا بەدرێژایی مانگی رەمەزان خوانی خۆش و رازاوەی ئامادە دەکرد و هەر کەســـێک لـــەو رێگەیەوە گوزەری کردبا مافی چوونە ژوورەوەو ســـوود و چێـــژ وەرگرتنی هەبوو لەوخێروبێرە، ئـــەوە بووە هۆی ئەوەی ئەو جۆرە خوان و خۆراکانە بەناوبانگ بن و بناســـرێن. تەنانەت لای ســـادەترین خەڵکی کەمدەرامـــەت، بەتایبەتی دەوڵەمەندی

دیکۆمێنتە مێژووییەکان ئاماژە دەدەن بەوەی لەسەدەی حەڤدەهەمدا نزیکەی (١٣٠٠) چێشتلێنەر لەناو کۆشکی توبکابی دا ژیاون



سروشت و فرەیی خێروبێری کۆسپ نەبوون لەبەردەم خەڵکی سادە لەتورکیا بۆ بەدەستهێنانی هەموو جۆرەکانی خواردن لە گۆشت و میوە و سەوزەواتەکان..هتد. سەردەمی سوڵتانەکانی عوسمانی جگە لەخۆشگوزەرانی بە ڕۆمانسییەتێکی سەیریش جیا دەکرایەوە و ناو خوانەکانی سوڵتانە عوسمانییەکان ئەو ڕۆمانسییەتەیان پێچەوانە دەکردەوە، لەم ڕووەوە خوان هەیە بەناوی ئیمام بایلدی، خوانی بەهجەتی سوڵتان، بەو مەعنایە دێت کە تامی دەکەیت چێژی لێوەردەگری، هەروەها هەندێ جۆر خواردن هەن کە ناوی دیاریکراویان لێنراوە بۆ ڕازیکردنی خانمەکانی کۆشک وەکو (لێوی جوان) و (چاوەکانی خانم) و (پەنجەی خانمان).

**نەریتەکانی خواردن**

هێشتا گەلانی تورکیا پەرۆشن بۆ کۆبوونەوە لەسەر خوان بۆ خواردنی ژەمە سەرەکییەکانی ڕۆژانە، وەکو نەریت نانی بەیانی «قاوڵتی» لە نان و پەنیر و زەیتون و چای گەرم دەبێت.

هەردوو ژەمی نیوەڕۆ و ئێوارێ لەو جۆرە زەڵاتانەیە کە ناویان لێناوە «مەزە» لەپاڵ جۆرێکی سەرەکی لەگۆشت، یان مریشک، یان ماسی لەگەڵ نان و برنج، ئەندامانی خێزانەکان کۆدەبنەوە لەسەر خوانەکە و پێشوازی دەکەن لە هەر کەسێک بە ڕێککەوت سەردانیان بکات لە خزمان و دۆستان، یان ئەو دراوسێیانەی پێویستیان نییە بە داوەتی پێشوەختە بۆ بەشداریکردنیان لەو ژەمە خواردنە.

خۆ ئەگەر خاوەن ماڵ داوەتی کرد و پێشوەختە کەسانی تری بانگهێشتکرد، ئەوکات خوانێک دەڕازێنێتەوە لە قاپ و بەلەمەی پڕ بوریک (هەوری مەحشی بە گۆشت یان ماسی یان پەنیر) لەگەڵ زەڵاتەی ئامادەکراو لەرووەکە پاقلەییەکان و سەوزەوات، کە تێکەڵ دەکرێن بەزەیتی زەیتون. لەو جۆرە بۆنانەدا لە پێش هەر شتێکەوە شۆربا دادەنرێ و پاشان نۆرەی زەڵاتەکان دێت کە لەگەڵیدا گۆشتی برژاو، یان مریشک دەبێ، ئەمە جگە لەو بەلەمە خۆراکانەی کە تێیدا گۆشت، یان مریشک، یان ماسی لەگەڵ هەندێ سەوزەی گونجاو تێکەڵ دەکرێ. لەکۆتایی دەعوەتەکەشدا میوە و حەلوا دێت، پاشان نۆرەی خواردنەوەی قاوەی تورکی دێت کە ناوبانگی هەیە. ژنان لەتورکیا دیدارگەلی تایبەتیان هەیە، چونکە ژنە دراوسێ و خزم و دۆستان ناوبەناو لەسەر خوانێک خڕ دەبنەوە کە پێشوەختە ئامادەکاری بۆ کراوە، لەو خوانەدا لانی کەم دەرزەنێک لە جۆرەکانی چۆرەک دادەنرێ. هەروەها شیرنەمەنی و خۆراکی بەخوێ، ئەمە جگەلە لە بەلەمە بۆرێکی جۆراوجۆر لەگەڵ دۆڵمەی بەناوبانگ پێشکەشدەکرێ. پیاوانیش لە چایخانەکان یەکتر دەبینن کە ژنان سەردانی ناکەن. لەو گازینۆیانەدا پیاوان دەمەتەقێ دەکەن و یاری شەترەنج، یان تاوڵە دەکەن، چای و قاوەش دەخۆنەوە.

تورکان نەریتی ئامادەکردنی میوان و دەعوەتکردنی لەماڵی خۆیدا نازانن، چونکە ئەرکی دەستەبەرکردنی خواردن بۆ میوان لە ئەستۆی خاوەن دەعوەتدایە بەتەنیا. ئەم نەریتە یەک شت ناگرێتەوە ئەویش ئەو حاڵەتەیە کە چەند خێزانێکی خزم یان دۆست ڕێکدەکەون لەسەر گوزەراندنی ڕۆژێکی سەیرانکردن لە گوند یان دەشت و دەر، ئەم حاڵەتەش پێی دەوترێ (سەفا)، ئەوکات لەو حاڵەتەدا ئەرکەکان و بەرپرسیارێتییەکان لەنێوان خێزانەکان دابەشدەکرێن، ئامادەکردنی زەڵاتەکان و برنج و نان و شیرنەمەنی و خواردنەوەکان و پەنیر و میوە دەگرنە ئەستۆی خۆیان، بەڵام هەمووان هاوبەش دەکەن لە خەرجی گۆشت و مریشک و ماسییەکاندا کە لەسەر ڕەژوو لەشوێنی سەیرانەکە (سەفا) دەبرژێنرێت.

**حەمامی هەنا**

ناوی سەفا بەو گەشتە هەفتەییەش دەگوترێ، کە بۆ حەمامی گشتی تورکی ئەنجامدەدرێت، نەریت وابوو خەڵک سەرجەم کاتژمێرەکانی دانی بەیانی لەوێ بەسەر ببەن، لەبەر ئەوەش بڕێکی زۆر خۆراکیان ئامادە دەکرد بەر لە کاتی گەشتەکە بە ڕۆژێک و لەگەڵ سابوونی بۆنخۆش و جلوبەرگی خاوێن بەعەرەبانەی ئەسپی دەگوازرایەوە، سەرەڕای ئەوەی ژیانی سەردەم وای لەخەڵک کردووە لەتورکیا بەیەک ڕۆژ قایل ببن لەساڵێکدا بۆ ئەو جۆرە گەشتە گەرماویە، بەڵام پێشوەختە هەرچی لەدەستیان بێت خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن تا بەرز و شکۆدار بێت.

<<<

**سەردەمی سوڵتانەکانی عوسمانی جگە لەخۆشگوزەرانی بە ڕۆمانسییەتێکی سەیریش جیا دەکرایەوە و ناو خوانەکانی سوڵتانە عوسمانییەکان ئەو ڕۆمانسییەتەیان پێچەوانە دەکردەوە، هەندێ جۆر خواردن هەن کە ناوی دیاریکراویان لێنراوە بۆ ڕازیکردنی خانمەکانی کۆشک وەکو (لێوی جوان) و (چاوەکانی خانم) و (پەنجەی خانمان).**



عەبدولخالق سەرناس شاعیری تورک دەبێژێت: «ئەو قاپە خۆراکە وەلا مەنێ کە دەخرێتە بەردەمت لەبەرئەوەی بەلاتەوە تەنیا خواردنە و بەس، چونکە ئەو قاپە خۆراکە پیرۆزە، بەتەنیا نوێنەرایەتی شارستانییەتێکی تەواو دەکات. تۆ ئەگەر پرسیارت لەکەسێکی تورک کرد سەبارەت بە چۆنییەتی لێنانی باینجان، ئەوە حەتمەن تۆ دەخاتە سەرسوڕمان»، چونکە باینجان وەکو سەرجەم جۆرەکانی تری خورادن لەناو چێشتخانەی تورکیا دەرفەتی زیاتر لەهەزار ساڵی هەبووە، تا پەرە بسێنێت و بچێتە ناو پێکهاتەی چەندین جۆری خۆراک کە لەئەژمار نایەت. سەرەڕای دەوڵەمەندی چێشتخانەی تورکی، کەچی بە جۆرێک یان ژەمێکی دیاریکراو یان توخمێکی دیاریکراو جیا ناکرتێەوە، هەروەکو چۆن چێشتخانەی ئیتاڵی بە ماکەرۆنی و هەویرکارییەکانی جیا دەکرێتەوە، یاخود چێشتخانەی فەرەنسی بە سەلسەلەکانی ناوبانگی هەیە، بەڵام چێشتخانەی تورکی لە بنەڕەتیدا لەدەوری برنج و گەنم و سەوزەوات و گۆشتە جۆربەجۆرەکان تەوەر دەگرێ. بۆ نموونە، تورکیا یەکێکە لەو حەوت دەوڵەتەی کە لەسەر ئاستی نێودەوەتی پێیان دەگوترێ «سەبەتەی نانی جیهان» چونکە ئەوەندە بەرهەمی گەنمی زۆرە کە زیاترە لەپێداویستییە ناوخۆییەکانی خۆی و زیادەکەی هەناردە بۆ شوێنە جیاجیاکانی جیهان دەکات. فرەیی گەنم وایکردووە ئارد یەکێک بێت لەگرنگترین رەگەزە خۆراکییەکان لەناو چێشتخانەی تورکی و لەو ئاردەش جۆرەکانی نان و بەناوبانگترینیان (ئەکمەک) ئامادە دەکرێ، کە ئەمەی دوایی نانێکی سپی ئاساییە، جۆرێکیتری نان بەناوی (باید) کە نانێکی پان و بەرینە، هەروەها (سەمون) کە کۆلێرەیەکە کونجی لەسەر رشێنراوە، ئەمەو لەئارد هەویری (بۆرەک) دروستدەکرێ کە دەبێت هەر ژەمێکی ئاسایی تورکی لانی کەم پێنج جۆری جیاجیای تێدا بێت. برنجیش بە شێوازی (بیلاف) لێدەندرێ. ئەم شێوازە گەنمیشی پێ لێدەنرێ، لەم حاڵەتەدا برنجەکە یان گەنمەکە لەگەڵ پیاز و سیر و تەماتە و بیبەری سەوزە و زەیتی زەیتون لێدەنرێ و لە گەڵ گۆشت پوخت و ئاوێتە دەکرێ. خۆ ئەگەر گۆشت یان بەرهەمگەلی دەریا و سەوزە و مریشکی لەگەڵ بێت لە لێناندا ئەوسا دەگۆڕێ بۆ ژەمێکی سەرەکی تەواو. زەڵاتە تورکییەکان کە پێیان دەگوترێ (مەزە) لە ئەژمار نایەن لەبەر زۆری جۆرەکانی باینجان و کوبە و تەماتە و خەیار و زەیتون و پاقلەمەنییەکان و سپێناخ و پەنیر و کەرە لەپێکهاتەکانییەتی، سەرباری ئەوەش زەبادی و قەوقەع و ماسی ترشکراو و برژێنراو لەگەڵ گەڵامێو، ئەو جۆرە زەڵاتانە زەیتی زەیتون و سیریان تێدەکرێ کە دەبنە هۆی تازەییان بۆ پێشکەشکردن و بەگەرمی یان بەساردی یاخود بە پلەی گەرمی ژوورەکە.

**شاورمە برژاوەکان**

شاورمە لەدەوڵەتانی جیهاندا بەچەندین ناوی جیاواز دەناسرێ، بەڵام لەتورکیا پێی دەڵێن (کەباب دۆنار) کە لە بنچینەوە لەوێ پەیدابووە، وەکو نەریتی تورکان باشترین گۆشت بۆ ئەمجۆرە کەبابە هەڵدەبژێرن و پاشان بۆ چەند کاتژمێرێک تەڕی دەکەن تاکو وشک نەبێتەوە و خۆی بگرێ لەبەردەم گەرمای رەژووەکە یان برژێنەرەکە. لیستی برژاوەکانی تورکیا هەموو جۆرەکانی پرۆتینی ئاژەڵی دەگرێتەوە. لەچێشتخانەی تورکی کەباب لە قیمەی گۆشت یان مریشک یان ماسی دروستدەکرێ. وەکو

نەریت سەردینی بچوک دەخرێتە ناو گەڵامێو و ئەوجا دەبرژێنرێ و بەگەرمی دەخورێت، وەکو موقبیەلات و پێی دەڵێن (یاسار ماسی). مریشکیش تێکەڵەی زەیتی گوێز و بیبەری بابریکای بەسەردا دەکرێ و چێژێک دەداتە خواردنەکە، ناکرێ بەرگەی بگیرێ یان لە هەر چێشتخانەیەکی دیکە هەبێت و لای تۆ نەبێ. تورکان لەخواردنەکانیاندا مەیلی بەکارهێنانی بەهارات یان گیای بۆنداریان زۆر نییە تاکو تام و بۆنیان زاڵ نەبێ بەسەر بۆنی رەگەزە سەرەکییەکانی خواردنەکە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بیبەری رەش ومێخەک و تێکەڵەی بەهار (allspice) و بابریکا بەکاردەهێنن، هەروەهاش نەعنا و مەعدەنۆس و شبیت و گەلای غار و زەعتەر بەکاردەهێنن، هەرچەندە ئەگەر بەشێوەیەکی تاک و بە بڕێکی کەم بێ، زۆر کەم ڕوودەدا کە لەخواردنێکدا دوو جۆر لەوگیایانە لەیەک کاتدا بەکاربهێنرێ.

## کۆتاییە شیرینەکان

(دۆندرمە) یان بوزە و دوناتی برژاو ئەو گۆڕانکارییە تەنهایەیە کە ئەتاتورک توانی سەرکەوتنی تێدا بەدەستبێنێ کاتێک هەوڵیدا چێشتخانەی تورکی بکاتە رۆژئاوایی وەکو تەواوی شتەکانی تر، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. بۆزە بە هەموو جۆرەکانییەوە جگە لە بەشێک لەو لیستە درێژەی شیرنەمەنییەکان پتر پێکناهێنێ. کە پاقلاوەش بە جۆرەکانییەوە لەگەڵ بۆرێکی مەحشی بە قەیماغ و کاکڵەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها چەندین خواردنی رۆمانسی هەیە وەکو لەبەشی تایبەت بە چێشتخانەی سوڵتان باسمانکرد کە هەندێکیان لەهەویری (شو) پێکدێت و دەبرژێنرێ و پڕ کرێم دەکرێ، ئەوجا دەخرێتە ناو شیلەی شەکرەوە. ئەم خواردنە شیرینانە لەگەڵ قاوەی تورکی یان چای دوای ژەمەکان یان لەکاتی پێشوازیکردن لە میوان دادەنرێت. لەکۆتایی ئەم گەشتەشدا دووپاتی دەکەینەوە کە ئەم راپۆرتە ناکرێ مافی تەواو بداتە چێشتخانەی تورکی، هەموو راپۆرتێک لەبارەی ئەو چێشتخانەیە ناکام دەمێنێتەوە، مەگەر تەنیا بەهۆی ئەزموونکردنی هەر خواردنێ لەخواردن و خوانەکان و چەشتنیان. ئەوەشمان بۆ خوێنەری ئازیز بەجێهێشتووە کە هیوادارین ئەم گەشتەمان ئارەزوومەندی کردبێ بەئەزموونی شتە قەشەنگەکانی ئەو چێشتخانە خەیاڵییە بە ڕاستی.

## تامی جۆراوجۆر و هاوسەنگی خۆراک

ئەڵبەتە چێشتخانەی تورکی لەناو کۆنترین و باشترین چێشتخانەکانی جیهاندا پلەی خۆی هەیە، کە هەندێ جۆر خۆراکیان وەکو مانتی (تۆپەڵەی بچووک لەماست) بۆ سەردەمی پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە، ئەو دەمەی کە تورکە رەوەندەکان لە ئاسیای ناوین زۆرینە بوون، دوای هاتنیان بۆ ناو سنووری دەوڵەتی ئیسلامی لەبانی ئەنادۆل گیرسانەوە، هەندێ خواردنی تریان وەکو تەتماج یان (القگمر) کە هەویرکارییە بەشێوەی چین چین دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆرەکانی سەلجوقی کە لەسەدەی یانزەهەمدا لەئەنادۆڵ جێگیربوون و ئیمپراتۆریاکەی خۆیان دامەزراند، بەڵام چێشتخانەی تورکی زۆر پێشنەکەوت و نەگەیشتە ترۆپکی پەرەسەندن، مەگەر تەنیا لەسەدەی چواردەهەمدا لەگەڵ گەیشتنی عوسمانییەکاندا کە توانی گەشە بکا و دەوڵەمەند بێت بە فرەجۆری خۆراک تاکو رۆژی ئەوڕۆمان.

گەنم بەشێکی سەرەکی پێکدەهێنێ لە ژەمە خۆراکییەکانی رۆژانە لەلای تورکان، بۆیە هێشتا نانی پان (نانی باید یان لاوش) کە لەئاردی گەنم دروستدەکرێ لەسەر خوانی تورکی هەیە. هەروەها ئارد بەکاردەهێنرێ بۆ ئامادەکردنی هەویرکاری، زۆر تەنک و شەفاف کە دەکرێ چەندین جار بپێچرێتەوە بەگۆشت یان پەنیر یاخود سەوەزەوە. بۆ ئامادەکردنی بوریک کە جۆرێکی سەرسوڕهێنەرە لەخۆراکی سبەینان یاخود بەچەند جارێک دەپێچرێتەوە و پڕ دەکرێت لە شیرینی و کرێم بۆ دروستکردنی پاقلاوە. ئەوەش زاراوەیەکی گشتییە بە پەسنکردنی جۆرێک لە شیرنەمەنی. هەروەها گەنم دەکوڵێنرێ و پاشان وشک دەکرێتەوە و ئەوجا لەئاش دەکرێ بۆ دروستکردنی ساوەر، ئەویش سەرچاوەیەکی تری خۆراکییە بەکاردێت لەئامادەکردنی بیلاف، هەروەها وەکو ماددەیەکە سەوزەواتی تێدەکرێ، واتە مەحشی، یان لە زەڵاتەکاندا بەکاردێت (بڕوانە خواردنی کیسر لە چێشتخانەی پیاوان). هەروەها ساوار لەگەڵ گۆشت تێکەڵ دەکرێت بۆ دروستکردنی کفتە (ژەمی هاوشێوەی کوبەی عەرەبی) یان لەگەڵ سەوزە بۆ ئامادەکردنی ژەم و خوانی باتریک. دیارە برنج سەرچاوەیەکی خۆراکی پێشکەوتووترە، چونکە بەکاردێت لەئامادەکردنی ژەم و خوانی باتریک. دیارە برنج بەسەرچاوەیەکی خۆراکی پێشکەوتووترە چونکە بەکاردێ لە ئامادەکردنی خواردنی بیلافی نایاب یان تێکەڵ دەکرێ لەگەڵ مێوژ و گۆشت و سنۆبەر تا ببێتە حەشوەیەکی خۆش و بەتام و بۆنخۆش بۆ سەوەزەوات و میوە وەکو بەهێ (سفرجل) یان بە حەشوی بلحی دەریا، کە ئەمەی دوایی پێیدەگوترێ مدی دۆلماسی (بلحی دەریای مەحشی)، کە یەکێکە لەناودارترین خۆراکەکانی شەقامی تورکیا، هەروەها دۆ (ئایران) کە یەکێکە لەسەرچاوە خۆراکییە گرنگەکان، دەڵێن تورکە رەوەندەکان یەکەمین کەسانێک بوون کە دۆیان دۆزیوەتەوە. ئەو دەمەی کە شیریان لەناو پێستەی بزندا هەڵگرتووە و کاتێک کە لەگەڕان و هاتوچۆدا بوون لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر مەشکەکان لەرزیون و هەژاون و خەستبوونەتەوەو تامێکی ترشی خۆشیان وەرگرتووە. ئەوجا ماست لەگەڵ خەیار و سیردا تێکەڵدەکرێ و بۆ دروستکردنی مەزەکە کۆمەڵێ خۆراکی بچووکن، کە وەکو موقەبەلات پێشکەشدەکرێن و ژەمێکی تەواو پێکدەهێنن، هەروەها هەندێجار ماست دەکوڵێنرێ بۆ ئەوەی ببێتە سەلسەلە بۆ دروستکردنی مانتی یان ئامادەکردنی تەتماج.

سەوزەو میوەجات بەشێوەیەکی زۆر بوونیان لەتورکیا هەیە، هەمیشە لە ژەمە خواردنی تورکیا ئامادەن، چ ژەمی سادە بێت یان دەعوەت، لەو ڕووەوە سەوزەواتی تازە لە زەڵاتە دروستکردندا بەکاردێت، یان دەکوڵێنرێن وەکو مەرەگە یاخود دەکرێنە مەحشی بۆ دروستکردنی پۆلێکی جۆراوجۆر لەخۆراکی سەوزە کە پێی دەڵێن دۆڵماسی. هەندێجاریش میوە بەکاردێت لە لێناندا بۆ تام بەخشینیش بە خواردنەکان، یان وەکو خۆیان دەخورێن، بۆ دروستکردنی مرەباش بەکاردێن. تورکان بەشێوەیەکی کەم گۆشت بەکاردەهێنن لەناو شلە و مەرەگە، بەڵام گۆشت پلەیەکی سەرەکی هەیە لەدروستکردنی کەباب لەسەر کەنارەکان، گۆشتی پەلەوەر و ئاژەڵە راوکراوەکانیش بەشێکن لەخوانی تورکی، نەخاسمە لەگوندەکاندا. سەبارەت بە شیرنەمەنیش، بەناوبانگترین شیرنەمەنی تورکی بریتییە لەحەلوا کە لە ئاردی چەورکراو بەکەرە لەگەڵ شەرابی لۆکالی و هەندێ



<<<
**هێشتا گەلانی تورکیا پەرۆشن بۆ کۆبوونەوە لەسەر خوان بۆ خواردنی ژەمە سەرەکییەکانی رۆژانە، وەکو نەریت نانی بەیانی «قاوڵتی» لە نان و پەنیر و زەیتون و چای گەرم دەبێت**

جاریش شیرینی تێکەڵاو دەکرێ. هەروەها چەندین خواردنی تر هەیـــە وەکو زەردە (بۆ دنک الرز) کە بریتییە لە گەنمی کوڵاوی تێکەڵاوکراو لەگەڵ شەکر و میوەکان.

لەڕاســـتیدا، چێشـــتخانەی تورکی فرەجۆر و هاوسەنگە لەڕووی خۆراکەوە، چونکە ژەمە تورکییەکان شـــۆربا و گۆشـــت و برنج دەگرێتەوە یان هەویرکارییەکان و سەوزەکان و شیرنەمەنییەکان، لەگەڵ ئەوەشـــدا لەپشـــوو و بۆنە ئاینییـــە تایبەتەکاندا وەکو شـــەوانی قەندیل یان رەمەزان لەماڵانـــدا چەندین جۆر خۆراک ئامادە دەکرێ، ژمارەیان نزیکدەبێتەوە لە ٤٠ جۆر کە جیاوازن لە مەزە، پسپۆڕانی دروســـتکردنی خواردنیش چەندین جۆر لە شیرنەمەنی دروستدەکەن وەکو کۆلاج کە نانێکی تەنکی مەحشی بە مادده شەکرییەکانە.

## چەند خورادنێک لە خوانی تورکی

گۆڤاری تورکیاناسی بۆ ئەم ژمارەیە هەوڵیداوە هەندێ خواردنی زۆر گرنگی تورکی بۆ خوێنـــەران و هەوادارانی ئارەزوومەندانی خواردنی تورکی بخاتەڕوو، کە بریتین لەخواردنەکانی سەوزەوات و پاقلّەمەنییـــە لێنـــراوەکان بە زەیتی زەیتـــوون «ئەو جۆرە خواردنانە لەچێشـــتخانەکانی دەریای ســـپی ناوەڕاســـتدا هەیە کـــە دیارە ئەو دەڤەرە گەشـــاوەیە بە چاندنی زەیتون و لەوێوە لەسەرتاســـەری تورکیـــادا بڵاوبۆتەوە. ئەو جـــۆرە خواردنانە، خواردنگەلێکی سوکن و بەســـاردی دەخورێن. ژەمی ئێوارە بە گرنگتریـــن ژەمی رۆژ دادەنرێ، هۆکارەکەشـــی دەگەڕێتەوە بۆ ئـــەوەی کاتژمێرە دوورودرێژەکانی کارکـــردن دەرفەت نادات بە تاکەکانی خێزان بۆ کۆبوونەوە لەســـەر خوانی نیوەڕۆ، چونکە ئاشـــکرایە کەمترین کاتی دەوام لەکاتژمێر ٩ی بەیانی دەســـت پێـــدەکات و لـــە پێنجی ئێوارە کۆتایی دێـــت. دیارە کاتەکانی کارکردن لەکۆمپانیا ئەهلییەکانـــدا زۆر درێژترە. ژەمی خێزانی داهات مامناوەندی پێکێدت:

لە شۆربا:

هەندێ خێزان هاوین و زستان لێیدەنێن.

خواردنی سەرەکی

وەکو نەریت پێکهاتووە لە سەوزەوات بە گۆشت یان هەر جۆرێک لە گۆشت.

کاربۆهیدرات.

برنج، ساوار، ماکارۆنی یان بوریک، زەڵاتە.

خواردنی سەوزە یان پاقلەمەنییەکان بەزەیت.

ئەم خواردنە بە شـــێوازی ســـوورکردنەوەی پیـــاز لەناو زەیتی زەیتون و پاشان سەوزەکانی تێدەکرێ و لێدەنرێت تاکو پێدەگات و یەک کەوچک شـــەکری بەسەردا دەکرێ تاکو ماوەیەکی زیاتر پارێـــزگاری لێبـــکات و پاشـــان دەخرێتە ناو ســـاردکەرەوە و بەســـاردی دەخورێت، هەموو رۆژێک لێنانرێـــت و هەندێجار بە یاریدەدەرێک بۆ خواردنی سەرەکی دادەنرێت.

شیرنەمەنی دروستکراو لە ماڵەوە

ئەو شـــیرنەمەنیانەی لەماڵەوە دروستدەکرێن لەگەڵ شیر. وەکو محەلەبی، کاســـتەر و هاوشـــێوەکانی و جاران هەمووان جۆرە شـــیرینیەکیان لە ماڵەوە دروســـتدەکرد کە بە کوڵاندنی میوە لەگەڵ شەکر و ئەوجا ساردکردنەوەی.

شـــیرینییە تورکییەکان ئەوانەی کە لەدەرەوە ئامادە دەکرێت، پێکهاتـــووە لەگەڵێ جـــۆری پاقلاوە و کێک و هاوشـــێوەکانی لەهەویرکارییە شیرینەکان، بەگشـــتی خواردنەکانی سەوزەوات بەزەیتی زەیتـــون، لەبەرئەوەی زۆربەی گەلانی رۆژهەڵاتی بەبێ گۆشت بەڕێوە ناچن و ناخۆن، لەکاتێکدا وای بۆ دەچن کە ئەو خواردنانە بۆ تەندروستی باشن، زیاتریش پاقلاوە دەخەنە دوایی بۆ ئەوەی هەمووان دەمیان ئاو بکات.

## ئەسکەندەر کەباب

هەرکەسێ سەردانی تورکیای کردبێت ئەوا لەچێشتخانەکاندا تامی ئەســـکەندەر کەبابی کردووە. ئەمجۆرە خواردنە زۆر بەکاردێت لـــە ئامادەکردنی خواردنی نانی تورکی، کەمێک ئەســـتوورترە



تورکان نەریتی ئامادەکردنی میوان و دەعوەتکردنی لەماڵی خۆیدا نازانن، چونکە ئەرکی دەستەبەرکردنی خواردن بۆ میوان لە ئەستۆی خاوەن دەعوەتدایە بەتەنیا

لـــە نانی لای خۆمان و تەنکترە لەســـەمون. دوو جۆر گۆشـــت بەکاردێت بۆ ئەوەی سوودمەند بین بەو چەوریەی لەناو گۆشتە قیمەکـــراوەدا هەیە تاکو تامێکی خـــۆش و جیاکراوە وەربگرێ و دەکرێ ئەســـکەندەر کەباب ئامادەبکرێ تەنیا بەبەکارهێنانی گۆشتی فیلیە.

**پێکهاتەکانی:**

٢ پارچە گۆشـــتی فیلیە ســـتیک بە کێشـــی ٢٠٠ گرام بۆ هەر پارچەیەک، ٢٠٠ گرام گۆشتی گای قیمەکراو.
٤ دانە نانی بڕدراو بەشێوەی چوارگۆشە. خوێ و بیبەر
١ کەوچک ڕۆن

پێکهاتەکانی داپۆشین:

ماســـت، ٢ کوپ دۆشـــاوی تەماتە، خوێ و بیبەر، ١ کەوچکی بچووک بیبەری ســـووری نـــەرم، ١ کەوچکی گەورە دۆشـــاوی تەماتە، ٢ کەوچکی گەورە کەرە. چەند قاشی باریک پیاز.

شێوازی ئامادەکردن:

قیمەکە لەگەڵ خوێ و بەهارات دەکرێتە هەویر بەخڕی دادەنرێ و دەخرێتە نێوان دوو پارچە گۆشتی ستیک. ئەو پارچە گۆشتە ئامادەکراوە بە نایلۆنی لەزگەدار دادەپۆشرێ و پاشان بەدرێژایی شەو دەخرێتە فرێزەر. ڕۆژی پاشتر لە سەلاجە دەردەهێنرێ بۆ ماوەی ٤٥ خولەک تاکو نەرم ببێتەوە، پاشـــان بەبەکارهێنانی چەقۆیەکی زۆر تیژ توێ دەکرێ بۆ پارچەی زۆر تەنک و ئەوجا لەنـــاو تاوەیەکی نەگر بە ڕۆن لەســـەر ئاگرێکـــی مامناوەندی دادەنرێ و چەند جارێک بەهێواشی و لەسەرخۆ ئەمدیو و ئەودیو دەکرێ تاکو پێدەگات.

تەماتەکە ورد دەکرێ و پاشان دەخرێتە سەر ئاگر لەگەڵ کەمێک خوێ و بیبەر و دۆشاوی تەماتە و بیبەرە نەرمە سوورەکە تاکو یەکانگیر دەبێت. نانەکە لەســـەر قاپی پێشکەشکردن دادەنرێ و بە پارچە گۆشـــتەکان دادەپۆشرێ و ئینجا دۆشاوی تەماتەی بەسەردادەکرێ و چەند کەوچکێک ماستیش لە تەنیشت قاپەکە دادەنـــرێ. کەرەیەکـــە دەتاوێنرێتـــەوە لەمەنجەڵێکی بچووکدا تاکو دەگاتە پلەی کوڵان و ئەوجا دەکرێت بە ســـەر دۆشـــاوە تەماتەکەدا. دەســـتبەجێ ئەسکەندەر کەبابەکە پێشکەشدەکرێ لەگەڵ پیازی قاشـــکراو کاهو (خەس) و تور بە مەعدەنووســـی وردکـــراو دەڕازێنێتەوە. دەکرێ گۆشـــتە ســـتیکەکە و قیمەکە بگۆڕدرێ بە سنگی پارچەپارچەکراوی مریشک.

بەتەندروستی و نۆشی گیان.

مریشکی مەحشی لەچێشتخانەی تورکییەوە

**پێکهاتەکان:**

١ کۆپ برنجی میســـر، نیو کۆپ زەیتـــی ڕووەگر، ٢ کوپ ئاوی کـــوڵاو، ١ دانە پیاز، ٢ کەوچک ســـنۆبەر، ٢ کەوچک مێوژ، ١ کەوچـــک چای نەعنای وشـــککراوە. ١ کەوچک دارچین. خوێ+ بیبەری ڕەش.

**شێوازی ئامادەکردن:**

مریشـــکەکە بە جوانی ناوەوە و دەرەوەی دەشۆرێتەوە و پاشان بە ئاوی لیمۆ و خوێ و بیبەری ڕەش دادەپۆشرێ.

زەیت دەخرێتە ســـەر ئاگـــر و پیازی وردکـــراوی تێدەکرێ بە کەوچـــک هەڵاوگێر دەکرێ تاســـوور دەبێتـــەوە و ئەوجا دوای شـــۆردنەوەی برنجەکەی تێدەکرێ و پاشان بەهاراتی بەسەردا دەکـــرێ و ئەو تێکەڵەیـــە بە کەوچک هەڵاوێر دەکرێ لەســـەر ئاگرێکی مامناوەندی و پاشـــان ئاوی کوڵاوی بەسەردا دەکرێ و دەهێڵرێتەوە تاکو پێدەگات.

ئەوجا مرشەکە ئامادە بکە و برنجەکەی تێبکە، دەمەکەی بەداری دان پاککردنەوە قەپات بکە، پاشـــان بیخە ناو کێشی فڕنەوە و لەناو فڕنەکەی دابنێ کە پلەی گەرمای ١٦٠ پلەی سەدی بێت و تاکو یەک کاتژمێر بیهێڵەرەوە تاکو تەواو پێدەگات.

دواتر مریشـــکەکە لە فڕنەکە دەربهێنە و کیســـەکەی لێبکەوە، ئەوجا بیخە ســـەر قاپی پێشکەشکردن لەگەڵ پەتاتەی کوڵاو و سەوزەی کوڵێنراو.



>>>

**تورکیا یەکێکە لەو حەوت دەوڵەتەی کە لەسەر ئاستی نێودەوتی پێیان دەگوترێ «سەبەتەی نانی جیهان» چونکە ئەوەندە بەرهەمی گەنمی زۆرە کە زیاترە لەپێداویستییە ناوخۆییەکانی خۆی و زیادەکەی هەناردە دەکات**



ئا: تورکیاناسی

# بڵاوبوونەوەی چێشتخانەی تورکی لە هەرێمی کوردستان

خواردنە تورکییەکان ڕۆڵیان کەمتر نییە لەڕۆڵی دراما تورکییەکان لەڕووی بڵاوبوونەوە و دڵکێشـــان. بەشێوەیەک سەرنجدەدەین کاڵاکان، میوزیـــک، ناولێنانـــەکان، زانکـــۆکان، بانکـــەکان، کۆمپانیاگەل، درامـــاکان، مۆدێلی جلوبەرگ، چێشـــتخانەکان و شـــتی تری زۆر هاڕمۆنـــی و هاوئاهەنگ بـــوو لەگەڵ هاتنی لێشـــاوی گەورەی تورکی بۆ هەرێمی کوردستان. ئەو هەرێمەی کە لەسەر ئاســـتی عێراقدا لەنێو ســـەقامگیری و ئاسایشێکی باشدایە و زۆرترین هەلی کار و بازرگانی و وەبەرهێنانی تێدایە. لەم نێوانەشـــدا شتێکی سروشتی و بەڵگە نەویستەکە کە دەبێ چێشتخانەکان لەزۆرترین ئەو شتە هاتووانە بن بۆ هەرێم بەروون و ئاشـــکرا، بۆیە ئێســـتا دەبینین لەهەموو شارەکانی هەرێمی کوردســـتان ژمارەیەکی بەرچاو لەچێشـــتخانەگەلی تورکی تێدا بڵاوبۆتەوە بە ڕەنگ و سیما ڕۆژهەڵاتییەکەیەوەو بە هاوسەنگی خۆراک و تایبەتمەندیی و جیاوازییەکانیەوە.

جگە لەهەرێمی کوردستان، ئەگەر سەردانی هەر شارێک بکەین لەوڵاتانی ئەورووپا، ڕووسیا، ئەمریکا، قەفقاسیا، وڵاتانی ئاسیای ناوین، وڵاتانی عەرەبی ناکرێ خۆت نەبان بکەی لە بڵاوبوونەوەی زۆری چێشـــتخانەگەلی تورکـــی، کە بەناوبانگـــە بە خۆراکی ڕۆژهەڵاتی ڕەســـەن. هەرچی هەرێمی کوردستانە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ و کرانەوەی هەرێم بەڕووی وڵاتانی دەرەوە. لێشاوی هاتنی چێشتخانەی تورکی زۆر بە چڕی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق پەلی هاویشـــت ئەویش لەبەر هاوبەنـــدی مێژوویی و کولتووری کە گەلانی ناوچەکە کۆدەکاتەوە. لەمبارەیەوە مامۆســـتایەکی زانکۆ دەڵێت: «زۆرینەی هاووڵاتیانی تورکیا کاتێک ســـەردانی هەرێمی کوردســـتان دەکەن بۆ بەدەستهێنانی کار بەهۆی ئەو پەیوەندییە مێژوویی و کولتوورییەی کە لەنێوان هەرێم و تورکیا هەیە، ئەمە لەگەڵ خۆیدا پێویســـتی چێشتخانەگەلی تورکیش دەهێنێتە ئاراوە».

نایف خاوەنی چێشـــتخانەی باتماز لەگەڕەکی عەنکاوەی شاری هەولێر، باس لەوە دەکات ئەمڕۆ لەتەک چێشـــتخانەی تورکی، وردە وردە دەبینین نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دنیاش چێشتخانەی خۆیـــان لەهەرێمی کوردســـتان دەکەنەوە، «من هەســـتم کرد لەهەرێمی کوردستانیش مەیلێکی زۆر بۆ خواردنی تورکی هەیە، هاوکات ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیانی تورکیا لەسەر ئاستی هەموو توێژە جیاوازەکان ســـەردانی هەرێم دەکەن، لەبەرئەوە بڕیارمدا چێشتخانەی تورکی لێرە بکەمەوە تاکو خواردنەکانمان بناسرێن. خواردنەکانمان خۆش و هەمەجۆرن، ژەمی جۆراوجۆر پێشکەشدەکەین، واتە ئەو خواردنانە نزیکن لەخواردنی کوردی بەتایبەتی، کە کوردستانیان خواردنەکانی ئێمەیان لەلا خۆشە و لەسەری ڕاهاتوون».

بۆ ناســـینی خواردنـــە تورکییەکان و ژەمـــە خواردنەکانی کە بەشـــێک لە خوانەکانی هەرێمـــی کوردســـتانی داگیرکردووە، پێویســـتبوو بۆ نانی نیـــوەڕۆ لەگەڵ هەڵوەســـتەیەک بکەین لەیەکێک لە چێشتخانە تورکییەکان لەهەولێری پایتەخت.

عومەر، کە خاوەنی چێشتخانەیەکی تورکییە بۆ گۆڤارەکەمانی ڕوونکردەوە، کە ئەوان خواردنی جۆراوجۆر پێشـــکەش دەکەن، لەمبارەیـــەوە دەڵێت: «کوردســـتان زیاتر لەهـــەر ناوچەیەکی دیکە بۆ ئێمە گونجاوترە بەهۆی ئەوەی ڕەگوڕیشـــەی مێژوویی و کولتووریمـــان هاوبەشـــە و هەروەهـــا لـــەڕووی زمانەوانیش گرفتێکمـــان نییـــە، لەبەرئـــەوەی ژمارەیەکـــی زۆر لەخاوەنی چێشتخانە و گارســـۆنەکان کوردن، بۆیە چەندان چێشتخانەی تورکی لێرە بڵاوبۆتەوە و ئێمەش لێرەدا جگە لەگۆشتی حەلال و لەبەرچاوگرتنی داخوازی میوانەکانمان هیچی تر پێشـــکەش ناکەین».

چێشـــتلێنەرێکی تورک دەڵێت: «بۆ ئامادەکردنی شاورمە یان دۆنەر بەر لە ڕۆژێک هەڵدەســـتین بە ئامادەکردنی گۆشـــت و وردکردنی بەشـــێوازێکی تایبەت و ئەوجا هەندێ داو و دەرمان و بەهاراتـــی تایبەتـــی بەســـەردا دەکەین، پاشـــان دەیخەینە ســـەر ئاگر وەکو بینیتان و دواتر پێـــدەگات و ئامادە دەبێت، ئەمجـــۆرە خواردنانەش —وەک ئەدەنە کەباب و ئیســـکەندەر- لەخۆشـــترین و بەتامتریـــن خواردنە تورکییەکانـــەو هەروەک لەبەناوبانگترینشـــیانە». جگە لە ئیسکەندەر کەباب و کفتەی تورکـــی لەخۆراکماندا وەجبەیەکی بیدیمـــان هەڵبژاردووە، کە لەهەویر و گۆشت و پەنیر دروستدەکرێ، هاوشێوەی پیتزایە.

هۆشەنگ خالید، لەلای خۆیەوە خوانی تورکی بە تایبەتمەندیی و جیاوازی خواردنەکانی جیا دەکاتەوە، کە فرەجۆری کولتوور و شارســـتانییەتەکان لەو ناوچەیە ژیاون، پێچەوانە دەکاتەوە. لەکاتی قسەکردن لەســـەر خواردن لەهەرێمی کوردستان دەبێ ئامـــاژە بکرێ بە شـــاری هەولێر، کە هەندێ پێیانخۆشـــە بە گەدەی کوردستان ناوی ببەن، چونکە لەهەمبێزیدا هونەرەکانی ســـازکردنی کەبـــاب و لێنانـــی دۆڵمـــە و کفتـــە و خواردنە جۆراوجۆرەکانی کۆکردۆتەوە.



# گەرماوە تورکییەکان

**جۆناسان هید/** هەموو ساڵێک نزیکەی حەوت هەزار گەشتیار بەمەبەستی سەردانی گەرماوەکان روو لەتورکیا دەکەن، گەرماوە تورکییەکان لای گەشتیارە بیانییەکان چێژێکی تایبەتیان هەیە.

عوسمانییەکان زۆر دابونەریتی رۆمانیان بۆ ماوەتەوە، نزیکەی ١٥٠ گەرماوی گشتییان لەنێوان سەدەی شازدەهەم و هەژدەهەم لە شارە گرنگەکان دروستکرد.

خۆشووشتن لەگەرماوە تورکییەکان بەشێک بوو لەژیانی رۆژانەی ئافرەتە تورکە سەرمایەدارەکان کە چەند کاتژمێرک بەیاوەری خزمەتکار و کارەکەرەکانی خۆیان تێیدا دەمانەوە، بەڵام لەسەدەی پێشوو بەکارهێنان و سەردانەکان بۆ ئەو گەرماوانە رووی لە کەمی کرد، خاوەن گەرماوەکان زۆربەیان روویان لەکاری بازرگانی تر کرد، زۆریش لەو گەرماوانە روخێنران، زۆریشیان کران بەکۆگا، یان لەشوێنیان بازاڕگا و باڕ دروستکران.

لەنێوان ٤٨ گەرماوکە لەسەردەستی ئەندازیاری شارەزا (سینان) دروستکرابوون، تەنیا چەند دانەیەکیان ماوە، هەندێکیان نیمچە رووخاون. ئەو گەرماوانەی کە ماون و تاکو ئێستا کار دەکەن هەردوو گەرماوی (جمبرلیتاس) کە دەکەوێتە نزیک چێشتخانەکان و بازاڕەکانی خواردەمەنی، هەروەها (جاغلۆ ئۆغلۆ) کە دەکەوێتە نزیکی مزگەوتی شینی بەناوبانگ. گەرماوی (گمبرلیتاس)ی لەسەر داوای شاژنی سوڵتان لەساڵی ١٥٨٤ دروستکراوە، لەساڵی ١٧٤١ گەرماوی (جاغلۆ ئۆغلۆ)ی لەسەر شێوازی بارۆک دروستکراوە.

کاتێ ئەستەنبوڵ لەسەدەی هەژدەهەمدا رووبەڕووی کەم ئاوی بووە، سوڵتان فەرمان گرتنی دروستکردنی گەرماوەکانی دەرکرد. ئافرەتی لێکۆڵەرەوەی تورکی مێژووناس (نینا ئارجین) باس لەوە دەکات و دەڵێت: «زۆربەی گەرماوە تورکییەکان دروستکراون لەپێناو بەدیهێنانی دەستکەوت بۆ پرۆژە خێرخوازییەکان، گەرماوەکان بەکرێ دەدران و بە پارەکانیان مزگەوت و نەخۆشخانە و





# زیندوو دەکرێنەوە

تەکیە دروستدەکران».

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەم ئەو جۆرە گەرماوانە داهاتیان بۆ کاری خێرخوازی رووی لەکەمبوونەوە کرد، بەکرێ دران بۆ ماوەی درێژخایەن لەنێوان ٢٠٠ تا ٣٠٠ ساڵ و دواتریش ئەو گەرماوانە کەوتنە دەستی کەسانی تر.

**زیندووکردنەوەی گەرماوەکان**

تورکیا لەم دواییانەدا گرنگی زۆری بە کەلەپووری عوسمانی دا، بەتاییەیت لەلایەن دانیشتووانی شاری ئەستەنبوڵ هەوڵ و تەقەلّلای زۆر لەئارادایە بۆ زیندووکردنەوە یان ژیاندنەوەی ئەم گەرماوانە بۆ ئەوەی وەک پێشتر بکەونەکار.

ساڵی ١٩٨٠ گەرماوی (گمبرلیتاس) نۆژەنکرایەوە، لەکاتێکدا گەرماوی جاغلۆ ئۆغلۆ بە ١٦ ملیۆن دۆلار خرایە مەزادەوە بۆ فرۆشتن، ئێستاش وەبەرهێنەران و سەرمایەدارە تورکەکان لەناو بازاڕ و شوێنە بازرگانییەکان و ناو هۆتێلەکان خەریکی دروستکردنی هەندێ گەرماوی تازەن. تەنانەت هەندێ لەگەرماوەکانیش بۆ فرۆشتن بەو کەسانەی کە ئارەزووی بەکارخستنەوە و چاککرنەوەیان هەیە ئامادەکراوە. مێژووناس نینا ئارجین باس لەوە دەکات لەگەڵ یەکێ لە دەلالّی کڕین و فرۆشتنی مولک و خانووبەرە سەردانی یەکێ لە گەرماوەکانی گەڕەکی (باب ئایە)ی تۆنی لە ئەستەنبول کردووە و ئێستا کراوەتە کۆگای دار، رەنگە ئەگەر وەبەرهێنەرێک بە (٣) ملیۆن دۆلار بیکڕێتەوە و دەبێتە فرسەتێک بۆ گردکردنەوەی داهات و گەڕانەوەی نرخەکەی لەنێوان (١٠-١٥) ساڵ، بەڵام سیستمی نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە دێرینەکان کارێکی پڕ لەیاسا و رێسای دەوێت، چونکە هەموو بینایەکی شوێنەوار گەر دووبارە بنیات یان نۆژەن بکرێتەوە دەکەوێتە ژێر چاودێری دەوڵەت و لێرەدا زۆر بەزەحمەت وەبەرهێنەرێک دەدۆزیتەوە ئەم ئەرکە بخاتە ئەستۆی خۆی و پارەی تێدا خەرج بکات.

لە بی بی سی- ییەوە





# کتێبە قەدەخەکان لە تورکیا

بەکر شوانی

بەپێی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی وەشانگەرانی تورکیا، ساڵی ڕابردوو لەو وڵاتە ٣١ هەزار و ٤١٤ کتێب (ناوونیشان) چاپ کراوە، ٣٥٣ ملیۆن و ٥٩٩ هەزار و ٤٥٧ کتێب بەرهەم هێندراوە و ١٧٠ ملیۆن و ٣٣١ هەزار و ٥٥٧ دانە لەو کتێبانە فرۆشراون. ئەم ئامارە بە شێوەیەکی ئاشکرا گەشەسەندنی بازاڕی کتێب و زیادبوونی ژمارەی خوێنەران لەم چەند ساڵەی دواییدا لە تورکیا دەخاتە ڕوو. بەڵام لەوانەیە لای هەندێک کەسی ناشارەزا لە باروودۆی تورکیا شتێکی سەرسوڕهێنەر بێت کە هێشتا لەو وڵاتە لیستی کتێبی قەدەخە هەیە. ئەگەرچی تورکیا چەند ساڵێکە لە هەوڵی بە ئەندامبوونی یەکیەتیی ئەورووپادایە و لەو پێناوەدا کۆمەڵێک چاکسازیی ئەنجام داوە و چاوەڕێی لێ دەکرێت هەندێکی تریش ئەنجام بدات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەو وڵاتە وەک هەندێک لە وڵاتانی تری جیهان قەدەخەی سەر هەندێک کتێب درێژەی هەیە. لە ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٥ لە تورکیا دادگاکان بڕیاری کۆکردنەوەی ٢٨٤ کتێبیان داوە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا قەدەخەی سەر ٢٣٧ کتێب هەڵگیرا، بەڵام قەدەخەی سەر ٣٧ کتێب هێشتا بەردەوامە. هەندێک لە کتێبە قەدەخەکراوەکان لە مێژووی کۆماری تورکیادا بەم جۆرەن:

**شیعرەکانی نازم حیکمەت:**

پێنج دیوانی شیعری نازم حیکمەت (١٩٠٢-١٩٦٣) بە ناوەکانی «٨٣٥ دێڕ – ١٩٢٩»، «جۆکۆند و سیاو – ١٩٢٩»، «قاران ٣ – ١٩٣٠»، «١+١=١ – ١٩٣٠» و «ئەو شارەی دەنگی خۆی ون کردووە – ١٩٣١» بەتۆمەتی هاندانی خەڵک بۆ تاوانکاری بەمەبەستی باڵادەستبوونی توێژێک بەسەر توێژێکی تردا، ڕۆژی ٣١ ئایاری ١٩٣١ درانە دادگە. نازم حیکمەت خۆیشی لە تورکیا قەدەخە بوو. سەرەتای دامەزراندنی کۆمار هاوکاریی دامەزرێنەری کۆمار مستەفا کەمال ئەتاتورکی کرد، بەڵام دواتر لە کۆمار هەڵگەڕایەوە و کەوتە بەر هەڕەشە و ئازاردان و ڕەگەزنامەی تورکیای لێ سەندرایەوە. هەتا ساڵی ١٩٥٠ چەندین ساڵی لە گرتووخانەکانی تورکیادا بەسەر برد. شاعیری کۆمۆنیست دواتر هەڵهات بۆ کۆماری سۆڤیەتیی پێشوو و ساڵی ١٩٦٣ لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کرد. پاش ماوەیەکی درێژ لە قەدەخەکردنی نازم حیکمەت و بەرهەمەکانی لە تورکیا، حکوومەتی ئەو وڵاتە ساڵی ٢٠٠٩ ناسنامەی تورکیا و ڕێزی بۆی گەڕاندەوە.

**کتێبی «سنف»ی ڕەفعەت ئیلگاز**

کاتێک نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی تورک ڕەفعەت ئیلگاز (١٩١١-١٩٩٣) لە نیوەی یەکەمی ساڵانی چلی سەدەی ڕابردوودا ناوی «سنف-چین»ی بۆ دیوانێکی خۆی هەڵبژارد، ناچار بوو دواتر بچێتە بەردەم دادوەر. کاتێکیش لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٤ کتێبەکەی چاپ کرد و بەرگێکی سووری بۆی هەڵبژارد، ئەمجار «سنف» لە قەدەخەکردن ڕزگاری نەبوو. نووسەریش ٦ مانگ لە گرتووخانە قایم کرا.

**کتێبی «کۆشکی شووشە»ی سەباحەدین عەلی**

بەسەرهاتی کتێبی «کۆشکی شووشە»ی نووسەر و شاعیری تورک سەباحەدین عەلی (١٩٠٧-١٩٤٨) کە دوایین چیرۆکی نووسەرە و ساڵی ١٩٤٧ چاپ کراوە، بە چیرۆکی ئەڤینێک دەست پێ دەکات، بەڵام لەبەرەوە توند دەبێت و بەرگێکی ئایدۆلۆجی دەپۆشێت و وەردەگەڕێتە سەر ڕاپەڕین. بەتۆمەتی ئەوەی ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکە باس لە ڕاپەڕین لە دژی دەوڵەت دەکات، هەر لەو ساڵەدا کتێبەکە لە بازاڕ کۆ کرایەوە و قەدەخە کرا.

**کتێبی «مۆتۆری مەداری مەعیشەت»ی سەعید فایەق ئەباسیانک**

ڕۆمانی «مۆتۆری مەداری مەعیشەت»ی نووسەری تورک سەعید فایەق ئەباسیانک (١٩٠٦-١٩٥٤) باسی چیرۆکی «نەڤین» دەکات کە کچی خێزانێکی دەوڵەمەندە. بەڵام هەموو هەوڵەکانی ئەم کچە بۆ کامەران بوون بێ ئەنجام دەمێننەوە. قەدەخەکردنی ئەم ڕۆمانەی ئەباسیانک لە ساڵی ١٩٤٤دا بە یەکێک لە قەدەخەکردنە هەرە سەیر و سەمەرەکان لە قەڵەم دەدرێت. بیانووی قەدەخەکردنی ئەم کتێبە ئەوەیە کە یەکێک لە قارەمانەکانی ڕۆمانەکە پاڵتۆیەکی کۆنی سەربازی لە بەردایە. لەو سەردەمەشدا حکوومەتی باری نائاسایی «ڕەوشی ئاوەرتە» بڕیاری دابوو کە نابێت هیچ سەربازێک پاڵتۆی کۆنی سەربازی لە بەر بکات.

**کتێبی «گوندەکەمان»ی مەحموود ماکال**

ساڵی ١٩٤٨ بڕیاری کۆکردنەوە و قەدەخەکردنی کتێبی «گوندەکەمان»ی شاعیر و نووسەری تورک محموود ماکال (١٩٣٠-) درا. ساڵی ١٩٤٩یش بەتۆمەتی ئەوەی لەو ڕۆمانەدا ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گوندەکانی ئەنادۆڵی بە خراپی خستووەتە ڕوو و بانگەشەی بۆ کۆمۆنیزم کردووە، دەستگیر کرا. بەڵام ماکال ساڵی ١٩٦٧ لەلایەن ڕێکخراوی پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیریی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیسکۆ)وە وەک مرۆڤی نموونە بۆ گەنجانی جیهان هاتە هەڵبژاردن.

**کتێبی «کچەکانی خوا»ی نەدیم گویرسەل**

ڕۆمانی «کچەکانی خوا» لە نووسینی نووسەری تورک نەدیم گویرسەل (١٩٥١-) مانگی ئاداری ٢٠٠٨ چاپ کرا. بەڵام لە ئەنجامی چەندین سکاڵادا بەتۆمەتی ئەوەی لە ڕووی توێژی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، مەزهەب و ناوچەگەرییەوە بەشی خاوەن تایبەتمەندیی جیاوازی کۆمەڵ دەکات بەگژ بەشێکی تری کۆمەڵدا و قین و دوژمنایەتی لە نێوانیاندا دروست دەکات، کتێبەکە لە مانگی تەمووزی هەمان ساڵدا خرایە بەر لێکۆڵینەوە.



**هەندێکی تر لەو کتێبانەی کە تا ئێستا لە تورکیا قەدەخەن:**

بەتەنیشت یەکەوە — مەلیح جەودەت ئانجای، شوێنپەنجەی ناو ئاو — ئەحمەد ئالتان، ڕووی شاردراوەی تورکیا — نەشە دویزەل، گەریلای شار — کارلۆس ماریگێلا، شەڕی پارتیزانی — ماوسی تۆنگ و گیفارا، کێشەکانی گۆڕان و ژێرخان لە ڕۆژهەڵات — ئیسماعیل بێشکچی، دەوڵەت و داگیرکاری — ڤلادیمیر لینین، چی بکرێت؟- ڤلادیمیر لینین، سەرمایە — کارل مارکس، شا لیر — ولیام شکسپیر، دایە کارەنینا — تۆلیستۆی.

**سەرچاوەکان:**

www.sabitfikir.com

Radikal، ١٨ Mayıs ٢٠٠٥

Özgün Duruş، ٢ Şubat ٢٠١٠